# چاكسازیی ئایینی

سارا فلۆوەرز

# چاکسازیی ئایینی

وەرگێڕانی

هەژار رەحیمی

پێداچوونەوە و سەرپەرشتی

زنار تەها تەحسین تەها

له: اصلاحات سالا فلاورز
ترجمه: رضا یاسایی – انتشارات ققنوس
چاپ: سوم پاییز ١٣٨٤ وەرگێڕدراوە

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **چاکسازیی ئایینی**
- نووسینی: سارا فلۆوەرز
- وەرگێڕ لە فارسییەوە بۆ کوردی: هەژار رەحیمی
- زنجیرەی مێژووی جیهان
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: مراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: ٢٦٧٥
- نرخ: ٢٥٠٠ دینار
- چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٧٩)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com



## ناوەڕۆك

| | |
|---|---|
| ڕووداوە گرینگەکان لە مێژووی چاکسازیی ئایینیدا | ١ |
| پێشەکی | ٥ |
| ١- ئەورووپا لە کاتی چاکسازیی ئایینیدا | ٩ |
| ٢- مارتین لۆسەر: "ناتوانم کارێکی دیکە بکەم" | ٢٣ |
| ٣- (کێشەی گەورە)ی پاشا: چاکسازی لە بەریتانیا | ٤٣ |
| ٤- چاکسازی خوازەکان دەبنە پرۆتستان | ٦١ |
| ٥- ئەورووپا لە حاڵی گۆڕاندا: کۆمەڵگا لە سەردەمی چاکسازیدا | ٧٥ |
| ٦- شەڕە مەزهەبییەکان و ئەشکەنجە | ٩١ |
| ٧- وەڵامی کاتۆلیکەکان: دژایەتی لەگەڵ چاکسازی | ١٠٧ |
| ٨- چاکسازی پەرە دەستێنێ | ١٢٥ |
| ٩- کۆتایی: سیمای نوێی ئەورووپا و جیهان | ١٣٧ |
| پەراوێز | ١٤٤ |
| زاروەکان | ١٤٨ |
| سەرچاوەی زیاتر بۆ خوێندنەوە | ١٥٠ |
| بەرهەمە سوود لێوەرگیراوەکان | ١٥٢ |

**سەرنج:**

ئەم کتێبە بۆ خۆی ناوی (چاکسازی)یە، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە تایبەتە بە چاکسازی لەسەردەمی گۆڕانکارییە ئایینیەکان، بۆیە ناوی (چاکسازیی ئایینی)م بۆ هەڵبژارد.

وەرگێڕی کوردی

## رووداوە گرینگەکان لە مێژووی چاکسازیی ئایینیدا

**١٣٧٨ ـ ١٤١٧:**

جیایی پاپاکان: دوو پاپا هاوکات لە رۆما (ئیتاڵیا) و ئاڤینیۆن (فەرەنسا) بە دەسەڵات دەگەن.

**١٤١٤ ـ ١٤١٧:**

ئەنجومەنی وەفاداری کۆتایی بە جیایی پاپاکان دێنێ و جۆن ویکلیف و یان هاس بە سووتاندن مەحکوم دەکات.

**١٤٨٣:**

مارتین لۆسەر لە دەی تشرینی دووەمدا لە دایك دەبێ.

**١٤٨٤:**

ئۆلریش تسوینگلی لە یەکی کانوونی دووەم دا لە دایك دەبێت.

**١٥٠٩:**

جۆن کالڤین لە دایك دەبێت. هێنری هەشتەم دەبێتە پاشای بەریتانیا.

**١٥١٧:**

مارتین لۆسەر بە بڵاوکردنەوەی نامیلکە نەوەد و پێنج مەسەلەییەکەی، دژایەتیی خۆی لە فرۆشتنی پسوولەی لێبوردن دا رادەگەیەنێت.

**١٥١٨:**

لۆسەر لە بەرامبەر کاتیانۆس لە ئاوسبۆرگدا، ئامادە دەبێ.

**١٥١٩ ـ ١٥٥٨:**

بوونە پاشای شارلی پێنجەم، وەك ئیمپراتۆری رۆمای پیرۆز.

**١٥٢٠:**

لۆسەر تەکفیر دەکرێ. بزووتنەوەی ئاباتیستەکان دەست پێدەکات.

**١٥٢١:**

ئەنجومەنی وۆرمس، هێنری هەشتەم بە هۆی نووسینی پێداگریکردن لەسەر حەوت رێوشوێنی پیرۆز، بە دژی مارتین لۆسەر لەلایەن پاپا لوویی دەیەمەوە، وەك داکۆکیکاری باوەڕ دەناسرێت.



**١٥٢٤:**

بزووتنەوەی وەرزێرەکان لە ئەڵمانیا.

**١١٢٥:**

گرووپی کاپوسن دادەمەزرێ، تسوینگلی رێگری دەکات لە ئەنجامدانی رێورەسمی (عشاء ربانی) لە زوریخ-دا و جۆرێکی نوێ و سادە لە رێوڕەسمی خوداپەرستی، لەسەر بنەمای ئامۆژگاری و وتاردان دادەمەزرێنێ.

**١٥٢٧:**

هێنری هەشتەم پەیوەندیی هاوسەرێتی لەگەڵ کاترین ئاراگۆنی هەڵدەوەشێنێتەوە.

**١٥٢٩:**

ئەنجومەنی ئیسپیر، میرە لۆسەرییەکان، ناڕەزایەتییەکان لە ئاستی سەرەوەدا پەرە پێدەدەن (سەرچاوەی وشەی پرۆتستانەکان ـ ناڕازییەکان.)

**١٥٣٠:**

فیلیپ ملانکتۆن، دان پیانانی ئاوگسبۆرگ بڵاو دەکاتەوە.

**١٥٣١:**

یەکێتیی شمالکالدۆنی بەدی دێت، تسوینلگی لە شەڕی کاپێل_دا دەکوژرێ.

**١٥٣٣:**

هێنری لەگەڵ ئێن بۆلین_دا، پەیمانی هاوسەری دەبەستێ و تەکفیر دەکرێ.

**١٥٣٤:**

یاسای رزگاری و سەرکەوتن لە بەریتانیا پەسەند دەکرێ. ئیگناتیوس لیولایی، ئەنجومەنی هاوڕێیان دادەمەزرێنێ.

**١٥٣٥:**

تۆماس مۆر و جۆن فیشەری ئۆسقۆف لە بەریتانیا لە سێدارە دەدرێن، گروپێکی مەزهەبی لە لایەن "ئۆرسلین"ەوە، لە ئیتاڵیا دادەمەزرێت.

**١٥٣٦:**

پەرستگەکان هەڵدەوەشێنرێنەوە، زەوییەکان دەکەونە دەستی حکومەت، یەکەمین چاپی کتێبی (بنەماکانی ئایینی مەسیحی) بڵاو دەبێتەوە.

**١٥٤١:**

کاتۆلیك و پرۆتستانەکان هەوڵ دەدەن بۆ جێگیرکردنی ئاشتی لە راتیسبۆن-دا.

**١٥٤٢:**

پاپا پاولۆسی سێیەم، دادگای پشکنینی بیروباوەڕ لە رۆمادا بنیات دەنێ.

**١٥٤٥- ١٥٦٣:**

ئەنجومەنی تێرانت

**١٥٤٦:**

لۆسەر کۆچی دوایی دەکات، جۆن ناکی لە سکۆتلەندا بەناوبانگ دەبێ.

**١٥٤٧:**

ژووری ئاگر لە فەرەنسا بۆ سزادانی لادەران لە ئایین دادەمەزرێ. هێنریی هەشتەم کۆچی دوایی دەکات.

**١٥٤٧ـ ١٥٥٣:**

پاشایەتی ئیدواردی شەشەم لە بەریتانیا.

**١٥٤٨:**

"راهێنانە روحییەکان"ی بەرهەمی لۆیۆلا (نووسراو لە ساڵی ١٥٢١) بڵاو دەبێتەوە.

**١٥٥٤:**

مافی مەدەنیی کاتۆلیکەکان لە بەریتانیا، لەژێر چاودێری شاژنە ماری-دا، سەرلەنوێ دادەنرێتەوە.

**١٥٥٥:**

ئاشتی ئاوگسبۆگ بواری ئازادیی خواپەرستی بۆ لۆسەرییەکان لە هەندێك لە ناوچەکانی ئەڵمانیا و بۆ کاتۆلیکەکانیش لە ناوچەکانی تردا، دەڕەخسێنێ.

**١٥٥٦:**

لۆیۆلا کۆچی دوایی دەکات.

**١٥٥٨:**

پرۆتستانیزم لە ژێر فەرمانڕەوایی شاژنە ئێلیزابێتی یەکەمدا، سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە.

**١٥٥٨ـ ١٩٠٣:**

حکومەتی ئێلیزابێتی یەکەم لە بەریتانیا.



**١٥٥٩:**

جۆن ناکس دوای دوورخرانەوە لە بەریتانیا و سویسراوە، دەگەڕێتەوە بۆ سکۆتلەندا.

**١٥٦٠:**

پەیماننامەی ئەدنبۆرگ و دانپیانانی باوەڕی ناکس، دەبنە هۆی پێکهاتنی کەنیسەی سکۆتلەندا. ملانکتۆن کۆچی دوایی دەکات.

**١٥٦٣:**

پیوریتانەکان لە بەریتانیا سەر هەڵدەدەن.

**١٥٦٤:**

کالڤین کۆچی دوایی دەکات.

**١٥٧٢:**

رۆژی سان بارتلمی، کوشتاری پرۆتستانەکان لە فەرەنسا.

**١٥٨٢:**

قەشە ئاڤیلایی، عارفی ئیسپانی (لەدایکبووی ١٥٠٥) کۆچی دوایی دەکات.

**١٥٩٣:**

هێنری چوارەم لە فەرەنسا رادەگەیەنێت کە:"پاریس پیرۆزییەك دەهێنێ" و بۆ بەدەستهێنانی تاج و تەخت دەبێتە کاتۆلیك.

**١٥٩٨:**

فرمانی نانت، ئازادیی خواپەرستی لە فەرەنسا رادەگەیەنێت.

**١٦٢٠:**

زیارەتکەرەکان (جیاییخوازە بەریتانییەکان)، ئەوروپا بەرەو ئەمریکا بەجێ دەهێڵن.

# پێشەکی

## لە سەدەکانی نێوەڕاستەوە تا سەردەمی نوێ

ئەوروپا لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی شانزەمدا، شاهیدی ئاڵوگۆڕگەلێکی مەزن بوو. گەشتەکانی تایبەت بە دۆزینەوە، بە درێژایی پەنجا ساڵ بەر لەم سەردەمە، سەرزەوییەکانی ئەفریقیا، ڕۆژهەڵاتی دوور و ئەمریکایان بۆ بازرگانیی ئەوروپییەکان، کردبوونەوە. ئامێری چاپ داهێنرابوو و چاپکردنی کتێب ببووە باو. هونەرمەند و هزرمەندەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، دەروازەکانی دنیای نوێی جوانی و زانستیان کردبوونەوە.



**کلێشەیەکی دارینی سەدەکانی نێوەڕاست، ئەشکەنجەی جوولەکەکان دەنوێنێ. ئایینی جوولەکە و ئایینانی دیکە بە درێژایی سەدەکانی نێوەڕاست زۆر ئازاریان چەشت. لە گەڵ ئەمەشدا، کەچی زۆرینەی ئەوروپا لە پێوەندی لەگەڵ بنەماکانی کەنیسە، بە پابەندی مانەوە.**

ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی ناو پێکهاتەکانی کەنیسەی ڕۆژئاوا، کە لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەمەوە دەستیان پێکردبوو، ئاڵوگۆڕگەلێکی مەزنتر و بەرچاوتریان لە شارستانییەتی ئەوروپیدا، بەدی هێنان. ئەوکات نزیکەی هەموو ئەوروپییەکان، مەسیحی و هەروەها هەمانکاتدا کاتۆلیک بوون. کەنیسەی کاتۆلیک بە ناوەندی ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، لە هەژارترین وەرزێرەکانەوە بگرە تا پاشا و دەربارییەکانی دادەنرا. تێپەڕینی ساڵ لەسەر بنەمای ڕۆژە پیرۆزەکان (جێژنە ئایینییەکان یا پشوودانەکان) دیاری دەکرا. کەنیسە هەقدەستی دەدایە هونەرمەند و میعمارەکان، تا بیناکانی وەبیرهێنانەوەی شکۆمەندیی خوا، دروست بکەن. دۆزەرەوە و دەریاوانەکانی سەردەمی دۆزینەوەکان بۆ گەیشتن بە ئاڵتوون، ناوبانگ دەرکردن و ڕەزامەندی خوا، ڕێگای دەریایان دەگرتە بەر.





**لەو کاتەوەی کە ئەوروپا لە کەنیسەی کاتۆلیکدا دەستی دایە چاکسازی ـ کە تووشی خراپ کەڵك وەرگرتنە مەعنەوی و دینییەکان ببووـ سەدەی شانزەم دەستەوداوێنی ئاڵۆزی مەزهەبی و سیاسی بوو. کلێشەیەکی دارین، بە ناونیشانی " کەنیسەیەکی تووشبوو لە ناو دەریایەکی ناڕەزایەتیدا"، ئاماژە بۆ ئاڵۆزییەك دەکات کە تایبەتمەندی چاکسازی بوو.**

لە ڕاستیدا کەنیسە بە کردەوە، لە هەموو کاروبارە گرنگەکاندا دەستێوەردانی هەبوو و بڕیاری کۆتایی ڕادەگەیاند. تەنانەت پاشاکانیش دەبوو گوێڕایەڵی فرمانەکانی کەنیسە و پاپا بوایەن، کە باڵاترین تاکی کەنیسە بوو. یەکێك لە توندترین سزاکان تەکفیر بوو؛ کەسەکان دوای تەکفیر لەئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینی و هەبوونی مافی قەزایی کەنیسە، مەحروم دەکران. جودابوونەوە لە کەنیسە بەمانای جوودابوونەوە بوو لە تەواوی کۆمەڵگا. بەم جۆرە تەکفیر، بە هەڕەشەیەکی زۆر جددی دادەنرا.

ئەڵبەت، تەنانەت بەدرێژایی سەدەکانی نێوەڕاست، تەواوی ئەوروپییەکان مەسیحی نەبوون. ئایینی جوولەکە و ئیسلام، سەرەڕای کاریگەریی پشکنینی بیروباوەڕ لە ئیسپانیا و جەنگ

سەلیبییەکان، هیچ کاتێك لە ئەوروپا بە شێوەیەکی تەواو لەنێو نەچوون. بەڵام لەبەر کەم بوونی ژمارەی پێڕەوەکانی جوولەکە و ئیسلام، بە بەراورد لەگەڵ مەسیحییەکان، هەر ئەوروپاییەکی چینی ناوەڕاستی سەدەی پازدەم، تەنیا روانگەیەکی رووکەشیانە و بێ بنەما و لەوانەیە بە لارێدا براویشی، سەبارەت بە بیروباوەڕی ئایینانە هەبوو.

لەساڵی ١٤٩٢دا فیردیناند (Ferdinand) و وئیزابێلای (Isabella) ئیسپانی دەستیان دایە هەوڵێکی جددی تا جوولەکە بە رەگەز ئیسپانییەکان لە وڵات دەربکەن یان بیانبەنە سەر ئایینی مەسیحییەت. هەروەها کۆمەڵێکی بەرچاو لە موسوڵمانەکان لە ئیسپانیا و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا دەژیان، کە لە روانگەی مەسیحییەکانەوە، بوونیان تەحەمول نەدەکرا. لەڕاستیدا یەکێك لە هۆکارەکانی یەکگرتنی مەسیحییە ئەوروپاییەکان، بەبێ سەرنجدان بە نەتەوەکەیان، پێشگیری لە فراوان بوون و پەرەسەندنی ئیسلام بوو بۆ ناوچەکانی دیکەی ئەوروپا. بە هەزاران ژن و پیاو و منداڵ لە شەڕە سەلیبییەکاندا کە لە سەدەی یازدەمەوە تا سێزدەمی زایینی بەردەوام بوون، بەشدارییان کرد، تا جیهان لە چنگی موسوڵمانەکان رزگار بکەن).

چاکسازی، ناوێکە کە بە سەردەمی پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگای مەسیحییەت دەگوترێ. لەم سەردەمەدا، ئەگەرچی کەنیسەی کاتولێك درێژەی بە ئامادەیی خۆی دا، بەڵام کەسە ناسراو بە پرۆستانەکان، کە خوازیاری چاککردنی پێکهاتەی کەنیسە بوون، رێگاگەلێکی جیاوازیان گرتەبەر. ئەوان چەند جۆرێکی جیاوازیان لە ئایینی مەسیحی لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز و ژیان و رێنماییەکانی عیسای مەسیح دامەزراندن کە لەگەڵ کەنسیەی کاتۆلیك و لەگەڵ یەکتردا، لەڕووی باوەڕ و کردەی ئایینییەوە، جیاوازییان هەبوو.

ئەورۆ هەندێ جار تێگەیشتنی ئەم کارە زۆر قورسە، کە ئەو بابەتانەی چاکسازییان بەرەو پێشەوە برد، زۆر خراپکەر بوون. ئەمرۆ جۆراوجۆریی ئایینەکان بۆ زۆربەی کەسەکان شیاوی تەحەمول کردنە. لە زۆربەی شوێنەکانی دنیا خەڵك لەبەر ئەو بۆچوونانەی کە لە کاتی چاکسازیدا جێ باس و گفتوگۆ بوون، شەڕ ناکەن. تیۆری رزگاری، ژمارەی ئەرکە ئایینییەکان، راڤەی بەشێك لە کتێبی پیرۆز، یا ئەوەی کە چ کتێبگەلێك بەشێکن لە کتێبی پیرۆز، ئەورۆکە وەك هۆیەك بۆ گفتوگۆ نایەنە ئەژمار. دنیای ئەورۆ لەگەڵ دنیای سەدەی شانزەمدا زۆرجیاوازە. لەو سەردەمەدا هەندێك لە خەڵك، لەوانە ژمارەیەك لە پاشا و شازادەکان، حەزیان لە تیۆرە نوێیەکانی پرۆتستانەکان بوو، چونکە لەم تیۆرانەدا لەباتی گوێڕایەڵی لە پاپا، دەسەڵاتی



ناوچەیی پەرەی پێدەدرا. پرۆتستانەکان پێداگریان لەسەر تاکگەرایی و کاری سەخت دەکرد. هەروەها ئەوانی تر وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەندیدار بە رزگاری و ژیانی نەمریان، لە پەیڕەویکردن لە پرۆتستانەکاندا، دۆزیەوە. وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە بە باوەڕی ئەوان، کاتۆلیکەکان لە توانایان نەبوو وەڵامیان بدەنەوە.

هاوکات، ئەوەی کە وەك بزووتنەوەیەکی مەزهەبی دەستی پێکردبوو، کۆمەڵێك کاریگەریی بەرچاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵدابوو. چاکسازی، ئەوروپای کە لەبەر تیشکی راڤەیەك لەمەسیحییەتدا، گەیشتبووە یەکێتی، گۆڕی بۆ کیشوەرێکی پێکهاتوو لە نەتەوەی جۆراوجۆر، کە هەریەکەیان خاوەنی مەزهەب و دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان بوون. کەنیسەی کاتۆلیك کە بەرێوەبەرییە ناوەندییەکەی، لە رۆما بوو، ئیدی تەنیا شێوەی پەسندی مەسیحیەت نەبوو لە ئەوروپا لەلایەکی ترەوە ئەوروپاش لە کۆمەڵگایەکی دەرەبەگایەتییەوە دەگۆڕدرا بۆ گۆمەڵگایەکی بازرگانی. ئابووریی ئەوروپا کە پێشتر پشت بەستوو بوو بەکاری سەختی گوندیی و جووتیارەکانەوە ئیدی بەرەبەرە پەیوەست دەبوو بەو پارە و کاڵایانەوە کە لە بازرگانی لەگەڵ شوێنەکانی تری دنیاوە، دەست دەکەوت. بەم جۆرە، چاکسازی بەشێکی جیانەکراوە لە ئاڵوگۆڕگەلێکی بەرفراوانتر بوو، کە نیشاندەری جوولانەوەی شارستانییەتی ئەوروپا بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمی هاوچەرخ.

# (١)

## ئەوروپا لە کاتی چاکسازیی ئایینیدا

لە سەرەتای سەدەی شانزەمدا، زۆربەی ئەوروپییەکان بۆ ماوەی نزیکەی دوازدە سەدە، بە ئاشکرایی پەیڕەوییان لە ئایینی مەسیحی دەکرد. بەر لەم سەردەمە، بە درێژایی سێ سەدە، مەسیحییەکان لە ترسی سزاکانی دەوڵەتی رۆما، بە نهێنی رێکارە ئایینییەکانی خۆیانیان جێبەجێ دەکردن. لە ساڵی ٣١٣ی زاینیدا، ئیمپراتۆر کۆنستانتین، کە ساڵێك پێشتر هاتبۆوەسەر ئایینی مەسیحی، پەیڕەویکردن لەم ئایینەی کرد بە یاسایی. ئایینی مەسیحیەت بە درێژایی سەدەکانی نێوەڕاست (نزیکەی ٥٠٠ تا ١٥٠٠ی زایینی) بەخێرایی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەوروپا بڵاو بووەوە، مێژووی ئەوروپا تا رادەیەکی زۆر مێژووی کەنیسەی کاتۆلیکە.



ئیمپراتۆر کۆنستانتین بە بەیاسایی راگەیاندنی ئایینی مەسیحی لە سەدەی چوارەمدا، بوو بە هۆی پەرەسەندنی.

### کەنیسە و دەوڵەت

لەکۆتاییەکانی سەدەکانی نێوەڕاستدا هیچ وڵاتێك، بە مانا ئەوڕۆییەکەی، بوونی نەبوو. لە هەر پارچەیەك لە ئەوروپا کۆمەڵە گروپێك لە خەڵك کە زمانێکی یەکگرتوویان هەبوو، لە ناوچە نەریتییەکاندا دەژیان کە سنوورەکانیان بە هۆی هاوسەرگیرییە پاشایەتییەکان و جەنگ و هێرشی بێگانەکانەوە، دیاری دەکران. بۆ نموونە ئەڵمانیا، نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێك ویلایەت بوو کە بە سەر هەر یەکێکیاندا، پاشا، شازادە، دوك یا ئەشرافگەلێکی تر، فەرمانڕەواییان دەکرد.






تەواوی سەرزەوییەکانی ئەڵمانیا، سەرەڕای چەند بەشێك لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا و دواتر ئیسپانیا، {وێنەی ژمارە ٣} بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆما. ئیمپراتۆرییەکە بە یەکێتییەکی ناجێگیری سەرزەوییە مەسیحییەکان، دەهاتە ئەژمار. وشەی "رۆم" نیشاندەری پێوەندی مێژوویی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی رۆمی قەیسەرەکان بوو.

هەندێك لە ویلایەتەکانی ئیمپراتۆرییەتی پیرۆزی رۆما، لەوانی تر بەهێزتر بوون. فەرمانڕەوایانی ئەم ویلایەتانە، بە هەڵبژێراو دادەنران، چونکە ئەوان ئیمپراتۆری نوێیان هەڵدەبژارد. گەورەترین رکابەری ئیمپراتۆرییەت، حکومەتی فەرەنسابوو- حکومەتێك کە لەگەڵ دەسەڵاتی لە حاڵی پەرەسەندنی بەریتانیادا، رکابەری دەکرد.



دادگای پاپا، لە کلێشەیەکی دارینی سەدەی سێزدەمی زایین. لە ئەوروپای ئەم سەردەمەدا، پاپا لە کێشە نامەعنەوییەکاندا، دەسەڵاتێکی زۆری بەکاردەهێنا. لە راستیدا کەنیسە ناوەندی ژیان و کۆمەڵگا بوو.

**کەنیسە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا**

*ویل دۆرانت لە کتێبی " مێژووی شارستانییەت"دا (بەرگی شەشەم، چاکسازی ئایینی)، هەڵکەوتی کەنیسە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، وەسف دەکات.*

*کەنیسە کە جێی بەتاڵی حکومەتی ئیمپراتۆریی ڕۆمای دەگرتەوە و دەبووە سەرچاوەی ڕێکخستن و ئاشتی دنیای مەسیحیەت لە سەدە تاریکەکاندا ( نزیکەی ٥٢٤ـ١٠٧٩ ز)، لەوپەڕی کەماڵی ئەخلاقی و پێشکەوتنی خۆیدا بوو. ئەوروپا لە مەسەلەی هەستانەوەی شارستانییەت لە ڕۆژئاوادا، پاش هێرشی بەربەرەکان بۆ ئیتاڵیا، فەرەنسا، بەریتانیا و ئیسپانیا، زیاد لە هەر ڕێکخراو و دامەزراوێك، قەرزاری کەنیسەیە. ڕاهیبەکان زەوییە بێکەڵکەکانیان ئاوەدان دەکردەوە. پەرستگەکان خۆراکیان دەدا بە بێ کەسەکان و منداڵەکانیان پەروەردە دەکردن و گەشتیار و زیارەتکەرەکانیشیان بۆ حەسانەوە لە خۆدەگرتن. نەخۆشخانەکانی پەیوەست بە کەنیسە، تیمارگای هەژار و بێدەرەتانەکان بوون. ڕاهیبەخانەکان ژنانی بێ یار و هاوسەریان لەخۆ دەگرت و حەز و سۆزە دایکانەکانیان بەرەو کارە کۆمەڵایەتییەکان هان دەدان. ڕاهیبەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە مامۆستا و ڕاهێنەری کچان بوون. ئەگەر زمانەکانی یۆنانی و لاتین لە بەرامبەر لافاوی نەزانی و تاریکیدا لە نێو نەچوون، لە بەرئەوە بوو کە ڕاهیبەکان، لە هەمان کاتدا کە هۆی لە نێوچوونی زۆرێك لە کتێبەکانی میللەتە خوانەپەرستەکان بوون، دەستنووسگەلێکی بێ ئەژماریشیان بە نووسینەوەیان، لە ترسی لە ناوچوون ڕزگارکردن و بەهۆی نووسین و خوێندنەوەی یۆنانی و لاتینی، ئەم دوو زمانەیان بە زیندوویی هێشتنەوە... بۆ ماوەی هەزار ساڵ. تەواوی زانا و مامۆستا و دادوەر و دیپلۆمات و وەزیرەکانی ناوچەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، پەروەردەی دەستی مەکتەبی کەنیسە بوون. لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، دەوڵەت پشتی بە کەنیسە بەستبوو. کاتێ کە ئەم سەدانە کۆتاییان پێهات، کەنیسە دەستی دایە دامەزراندنی زانکۆ و کەنیسە گەورەکان بە شێوازی گۆتیك و بەم جۆرە هەم پیاوانی زانست و هەم پیاوانی خوایان لە ژێر باڵی خۆیاندا جێ کردنەوە... بە درێژایی نۆ سەدە، نزیکەی تەواوی بەشە هونەرییەکانی ئەوروپا، ئیلهامیان لە کەنیسە وەردەگرت و خاوەنی پشتیوانی دارایی ئەوان بوون.*

*سەرەڕای هەمووی ئەمانە، کەنیسە، لەوپەڕی دەسەڵاتدا یاسایەکی ئەخلاقی و حکومەتێکی نێونەتەوەیی بەخشیە وڵاتە ئەورپییەکان. هەر بەو جۆرەی کە زمانی لاتینی کە بە هۆی کەنیسەوە لە قوتابخانەکاندا دەگوترایەوە، هۆی یەکگرتوویش بوو بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و زانست و فەلسەفەی میللەتە جۆراوجۆرەکان و هەر بەو شێوەش کە ئایینی کاتۆلیك و ڕێورەسمەکانی، یەکێتییەکی دینییان دەدا بەو ئەوروپایەی کە هێشتا دابەش نەببووە سەر حکومەتە نەتەوەییە بچووکەکان، هەر بەو جۆرە کەنیسەی ڕۆماش.... خۆی بە دادگایەکی نێونەتەوەیی دادەنا کە هەموو دەسەڵاتدار و دەوڵەتەکان دەبوو لە بەرامبەریدا خۆیان لە رووی ئەخلاقییەوە بە بەرپرس بزانن.*





**قەشەکان( لای چەپ) و ئۆسقۆفەکان (لای راست) نەك تەنیا ڕێنوێنی مەعنەوییان دەدا، بەڵکو بە زۆری چاودێرییان لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش هەبوو. بۆ نموونە: ئۆسقۆفەکان بە زۆری ناکۆکییە یاساییەکانیان چارەسەر دەکردن.**

لەوەها چوارچێوەیەکی سیاسیدا، ئیمتیازی کەنیسە ئەوە بوو کە بۆ هیچ سەرزەوییەك بەرتەسك نەدەکرایەوە و تایبەت بە هیچ وڵاتێك نەبوو. پاپا کە لە سەرەوەی کەنیسە بوو، لە ڕۆما دەژیا، بەڵام کەنیسە لە هەموو شوێنێکدا هەبوو. قەشە و بانگەشەکەرەکان، کە نیاز و پێویستییەکانی خەڵکیان لە هەر ناوچەیەکدا بەرهەڤ دەکردن، ڕاپۆرتیان دەدایە ئۆسقۆفەکان و ئۆسقۆفەکانیش ڕاپۆرتی خۆیان بۆ پاپا دەنارد. سیستەمێکی سادە، بەڵام کاریگەر. لەوێوە کە قەشە و بەتایبەت ئۆسقۆفەکان خوێندەوارترین کەس لە هەر ناوچەیەکدا بوون، خەڵك جگە لە ڕێنوێنییە مەعنەوییەکان، بۆ کێشە نامەعنەوییەکانیش، ڕوویان تێدەکردن. بۆ نموونە، ئۆسقۆفەکان زۆربەی کێشە یاساییەکانیان چارەسەر دەکردن. وەها حەزێك بۆ تەسلیم بوون بە خاوەنڕاکانی کەنیسە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەگەڵ شێوازی کاری کەنیسە لەبارەی دانی پلەی ئۆسقۆفی بە ئەشرافە دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان، بەهێز دەبوو. ئەم پێوەندییە لەگەڵ گروپی نەجیبزادەکان بۆ کەنیسەش باش بوو، چونکە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بە زۆری بەشێك لە موڵکی خۆیان بۆ دانانیان پلەی ئۆسقۆفی دەدایە کەنیسە. ئەم کردەیە، کڕین و فرۆشتنی پلەکان لە کەنیسە، بۆخۆی یەکێك بوو لە شێوە گەندەڵییە ئیدارییەکان، کە پرۆتستانەکان بڕیاری لەناوبردنیان دا. لە دەوروبەری ساڵی ٣٠٠ی

زایینیدا، کەنیسە گەورەترین خاوەنداری ئەوروپا بوو و بۆ داهات و خەرجییەکانی، سیستەمێکی ئاڵۆز و کاریگەری دارایی دانابوو. لەڕاستیدا کەنیسە، دەوڵەتێکی گەورە بوو کە هەژموونی و سایەی خۆی بەسەر گشت دەوڵەتە ناوچەییە بچووکەکاندا سەپاندبوو. کەنیسە قوتابخانە و زانکۆکانی بەڕێوە دەبردن و زۆربەی هونەرەکانی لە ژێر دەستدابوون. سەرەڕای ئەمەش، کەنیسە، بە وتەی یەکێك لە مێژوونووسەکان، خۆی وەکو دادگایەکی نێونەتەوەیی ناساندبوو کە تەواوی فەرمانڕەوا و دەوڵەتەکان، دەبوو ئەخلاقییەن، لەبەرامبەریدا وەڵامدەر بن.

## رزگاری

لە سەدەکانی نێوەڕاستدا ژیانی زۆربەی ئەوروپییەکان، بە دەوری تەوەری کەنیسەدا دەسووڕایەوە. لەسەردەمێکدا، کە خەڵك بە هۆی رووداو، خواردنی خراپ، نەبوونی زانستی پزیشکیی و نەخۆشیگەلێکی وەك تاعوون، تەمەنێکی کورتیان هەبوو، ناوەڕۆکی رزگاری زۆر جێی سەرنج و گرنگی پێدان بوو. ئایا لە دوای ئەم ژیانە کورتە- یا لەوانەیە دژوار- مرۆڤ رزگار دەبوو و خوا بۆ ژیانی نەمر لە بەهەشتدا هەڵیدەبژارد؟ ئەمە بەڵێنی مەسیحیەت بوو، بەڵام هەمیشە کۆمەڵێك پرسیار دەمانەوە: چۆن دەتوانین دڵنیا بین؟ بۆ گەیشتن بە رزگاری دەبێ چ بکەین؟

کەنیسە وەڵامگەلێکی جۆراوجۆری دەدانەوە، بەڵام هەموویان بە یەك ئەنجام کۆتاییان دەهات: گوێڕایەڵی یاساکان بکەن.

ئەم یاسایانە لەخۆگری دە فرمان و دەستوور و سنوور و بەرتەسکییەکانی تری ئینجیل یان لەخۆدەگرتن؛ ئەڵبەتە کەنیسە لە کاتی گونجاودا، یاسا و پاساوگەلی نوێیی، دەخستەڕوو. قەشەکان ئەرکیان لە سەرشان بوو کە یاساکان بۆ خەڵکی دەربڕن و فێری چۆنیەتیی جێبەجێکردنی یاساکان و ژیانی مەسیح ئاسا و گەیشتن بە رزگاری، بکەن. سەرنجدانی ئەم خاڵە، زۆرگرنگە، کە لە ساڵی ١٥٠٠ی زاییندا، خەڵکی ئەوروپا خوێندەوارییان نەبوو لە وانەیە دوو لە سێیان نەخوێندەوار بووبن. پیشەسازیی چاپ پەنجا ساڵ بەر لەوە بەدی هاتبوو، بەڵام کتێبەکان هێشتا دەگمەن و زۆر گران بوون. بەم پێیە زۆربەی ئەو شتانەی کە خەڵك لەبارەی خوا و ئایینەوە دەیانزانی، لە رێگەی گوێڕادێران بۆ قسەی قەشەکان، فێری ببوون. هەر بەو جۆرەی کە فیلیپ هوگێز ( Philip Hughes)ی مێژوونووس دەڵێ: "ئامۆژگاری و وتاردان بوون کە خەڵکیان هێنایە سەر ئایینی نوێ و سەلامەتی روانینی مەسیحیەت، لە بنەڕەتدا، پەیوەست بوو بە ئامۆژگارییەوە."[٢]



## فراوانبوونی جیهان



بەدەسپێکی سەدەکانی پانزەم و شانزەم، گروپێك لە موغامرکار و دۆزەرەوەکان دەستیان دایە گەڕان لە ناو جیهاندا. لێرەدا، کریستۆف کۆلۆمبۆس، پێ دەخاتە ناو دنیای نوێوە ئەمە رووداوێکی بنەڕەتی بوو و بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕگەلێکی مەزن.

لەگەڵ دەستپێکی سەدەی شانزەیەمدا، مێتۆدە کلاسیکییەکان رووەو نەمان، چوون. لە هەموو ئەوروپادا، ئاڵوگۆڕگەلێکی مەزن، لە گۆڕێدابوون. ئاڵوگۆڕگەلێك کە لە سەر کەنیسە و تەواوی لایەنەکانی تری ژیان، کاریگەرییان دادەنا. ئەوروپییەکان تا ئەم کاتە دنیایان بە شوێنێکی بەرتەسك، بە ناوەندێتی دەریای ناوەڕاست، وێنا دەکرد. بەڵام لەم سەردەمەدا، دۆزەرەوە و موغامرەکانی فراوانکردنی سنورەکانی دنیایان دەست پێکردبوو. هارۆڵد. جەی. گیم (Hrold. J Grimm) ی مێژووناس لەم بارەوە گوتوویەتی:

لە ماوەی تەمەنی کەسێدا، وەك مارتین لۆسەر (١٤٨٣- ١٥٤٦- Martin Luther) دەریاوانە ئەوروپییەکان بە کەشتی بەدەوری ئەفریقیادا سووڕانەوە و گەیشتنە هیند و رۆژهەڵاتی دوور. دوو کیشوەری گەورەی ئەمریکای باکوور و باشووریان دۆزینەوە و لە گەرووی "ماجێلان"ەوە تا ((لابرادۆر)) لە رۆژهەڵات و تا کلکەی میندۆ چینۆ (Cape Mendocino) لە رۆژئاوا، شارەزای کەنارەکان بوون. بە دەوری زەویدا سووڕانەوە و سەلماندیان کە زەوی خڕە و رێگایەکی راستەوخۆیان بۆ بازرگانی لەگەڵ خەڵکانی رۆژهەڵاتی دوور و دنیای نوێ دا، دۆزیەوە.[٣]

فراوانبوونی جیهان کاریگەریی زۆری هەبوون. خەڵك جارێکی تر هەڵکەوتی خۆیان لە جیهاندا و دواجار پێوەندیی خۆیان لەگەڵ خوادا، هەڵسەنگاند. هەروەها زیادبوونی داواکاری بۆ بازرگانیی کەلوپەلی بیانی، کۆمەکی بە پێکهاتنی رێکخراوێکی دارایی و بانکداری لە هەموو ئەوروپا کرد و ئەمەش گەشەی شارەکان و پێکهاتنی چینی نوێی بازرگانەکانی لێکەوتەوە.

ئەم پێشکەوتنە نوێیانە تیۆری سەدەکانی نێوەڕاستی تێکەوەپێچا؛ بە پێی ئەم تیۆرە، کۆمەڵگا وەك پەیکەرێك وەبەرچاو دەگیرا. {وێنەی ژمارە ٧} لەم پەیکەرەدا، روحانییەکان: سەر (دەسەڵاتی ئەخلاقی و عەقڵانی)، ئەشراف و نەجیبزادەکان: باسك (دەسەڵاتی مەدەنی) و وەرزێرەکان پێیەکان (هێزی کار)یان پێکدەهێنا. بەڵام گرووپەکانی تری کۆمەڵگا ــ بازرگان و پیشەگەرەکان ــ لە کوێدا دەبوون؟ ئەوان نەجیبزادە نەبوون، بەڵام هەندێکیان بە کەڵك وەرگرتنی دروست لە سەروەتە تازە بە دەست هێنراوەکەیان، خێرا دەبوونە خاوەنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەم هاووڵاتییانە کە بە دوای پلەوپێگەی خۆیان لەگۆمەڵگادا دەگەڕان ، لە یەکەمین و پتەوترین پەیڕەوەکانی کەنیسەکانی چاکسازی، دێنە ئەژمار.



**پەرەسەندنی مامەڵە بوو بە هۆی پێشکەوتنی بازرگانی و بانکداری و لە ئەنجامدا بوو بە هۆی گەشەکردنی شارەکان.**

## مرۆڤگەرایی رێنیسانس

هەروەها لەم کاتەدا، بزووتنەوەیەکی نوێی عەقڵانی، سەرەتا لە ئیتاڵیا و دواتر لە سەرتاسەری ئەورووپا پێکهات. لە گەرمەی رێنیسانسدا، کەسانی سەرسەخت و خۆراگر و داهێنەر لە هەر بەشێکدا، سنووری ئەوانەیان کە تا ئێستا ناسرابوون و پەسند کرابوون، بەرفراوان کردن. زانایان بە تاوتوێکردنی سەرچاوە کۆنە یۆنانی و لاتینییەکان، باوەڕ و تیۆرگەلێکی نوێیان خستە بەرچاو، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە بوو، نەناسرابوون. ئەوان لە سەر بنەمای هزر و باوەڕەکانی پێشوو، تیۆرگەلێکی نوێیان دارشتن تا پێگەیان لە دنیای نوێ و لەحاڵی پەرەدا، دەربڕن. هەندێك لە زاناکان، کە بە ناوی مرۆڤگەرا مەسیحییەکان ناسرابوون، باوەڕیان وابوو کە مەسیحیەت لە رەگ و ریشە دروستەکانی خۆی جیا بووەتەوە. ئەوان دەستیان دایە گەڕان بەدوای دەقە رەسەنەکانی ئینجیل بە زمانەکانی عیبری و یۆنانی و



هەروەها ئەو بەرهەمانەش کە پەیوەست بوون بە سەرەتاکانی مەسیحییەتەوە. بەو هیوایەی کە لەسەر بنەمای ئەم سەرچاوە رەسەنانە، چالاکییەکانی مایەی نارەزایی کەنیسە وەك سیمۆنی (Simony -فرۆشتنی نووسینگەکانی کەنیسە) و پلورالیزم (Pluralism- هەبوونی پسوولەگەلی جۆراوجۆر لە لایەن ئۆسقۆفەکانەوە) و تەحەمولی قەشە بەرتیلخۆر و نەخوێندەوارەکان، چاك بکەن. هەر وەك مێژوونووسێك لە بارەی مرۆڤگەراکانەوە دەڵێت:" تایبەتمەندی ئەوان، زیاد لە هەمووان، لە باوەڕ بە هێزی عەقڵانییەتی مرۆڤدایە بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتنە بنەڕەتی و ئەخلاقییەکان.[٤]

یەکێك لە دیارترین مرۆڤگەراکانی رێنیسانس، جیۆڤانی پیکۆ دێلا میراندۆلا (Giovanni Pico della mirandola) ی ئیتاڵی، ئەم تیۆرەی دەربڕی کە مێتۆدی فێربوون و دەرکی راستەقینە، خوێندن و پرسیارکردنە، نەك ئەوەی کە خۆمان بەرتەسك بکەینەوە بە فەلسەفەیەکی تایبەت.

ئەوانەی خۆیان بە یەکێك لە رێبازە فەلسەفییەکان بەستۆتەوە... لە حاڵەتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسیارگەلێکی پەنجەئەژمێر، زانیارییەکانیان دەخەنە مەترسییەوە. بەڵام من بڕیارم داوە کە سوێند بە قسەی کەس نەخۆم، هزرم لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی تەواوی فەیلەسووفەکان دامەزرێنم، تەواوی نووسراوەکان هەڵسەنگێنم و تاوتوێ بکەم هەموو رێبازە فکرییەکان فێر بم ولێیان تێبگەم... هیچ کەسێك ناتوانێ رێگای فێربوونی خۆی بە شێوەیەکی راست هەڵبژێرێ، مەگەر ئەوەی کە لە سەرەتادا، لەگەڵ گشت زانیارییەکاندا ئاشنا بووبێ.[٥]

ئەم سەربەخۆییە فکرییە هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕینی شێوەی هەڵسەنگاندنی روحانییەکان. پەیوەندیی توندتۆڵی نێوان گروپی ئەشرافەکان و حاکمیەتی کەنیسە، گەندەڵی و بەرتیلخۆری هێنابوو لەگەڵ خۆیدا. چونکە بنەماڵە ئەشرافەکان کە خەرجی ئوسقۆفەکانیان دەدا، چاوەڕوانی ئیمتیازی تایبەتییان هەبوو لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەمدا، کاردینالێك لە بارەی سەرنج نەدانی کاربەدەستانی باڵای کەنیسە سەبارەت بە پەیڕەوەکانیان وەهای گوتووە: "ئەم رۆژانە، هەموو ئۆسقۆفەکان، بێجگە لە هەندێکی کەمیان، رانەکانیان بەرەو لەوەڕگاکان رێنوێنی دەکەن. مەسەلەی جێی سەرنج ئەوەیە کە هەموویان تەنیا لە بیری برینەوەی خوریی مەڕەکانیاندان."[٦]

## جیایی پاپاکان

تەنانەت پاپا، کە باڵاترین پۆستی کەنیسە بوو تووشی رەخنە و قەیران بوو. پاپاکانی سەدەکانی نێوەڕاست و رێنیسانس بە زۆری بە هاوکاریی نفووزی ئەشرافە بەهێزەکان و حاکمەکانەوە، بەم پۆستە دەگەیشتن. بۆ نمونە فیلیپی چوارەم لە ساڵی ١٣٠٧ی زاییندا، بەستێنی هەڵبژاردنی پاپایەکی فەرەنسی بەرهەڤ کرد. پاشا دواتر پاپای نوێی رازی کرد کە بارەگای حکومەتی خۆی لە رۆماوە بگوازێتەوە بۆ ئاڤینیۆن (Avignon) ی فەرەنسا. حەفتا ساڵ دواتر کە ئەم هەنگاوە بە دیلی بابلی ناوبانگی دەکرد، پاپاکان لە ئاڤینیۆندا وەك بووکەشووشەی بنەماڵەی فەرمانڕەوای فەڕەنسا، دەژیان.

دواجار لە ساڵی ١٣٧٧ی زاییندا، گریگۆریۆسی یازدەم، گەڕایەوە بۆ بارەگای پاپاکان لە رۆما بەڵام کەمێك دوای ئەوە کۆچی دوایی کرد. جێگرەکەی، ئۆربانۆسی شەشەم " وەها بە توندخویی و پێداگری لەسەر ئەو چاکسازییانەی کە بۆ رۆحانییەکان ناخۆش بوون، بەناوبانگ بوو" کە کاردیناڵەکان سەرلەنوێ هەڵبژاردنیان کردەوە و هەڵبژاردنەکەی ئەویان هەڵوەشاندەوە.[٧] لەم کاتەدا، ئەوان فەڕەنسییەکیان هەڵبژارد کە سەرلەنوێ شوێنی کارەکەی گواستەوە بۆ ئاڤینیۆن؛ بەڵام ئۆربانۆس کە ئیتاڵیایی بوو، وەك پاپای رۆم درێژەی بە رۆڵی خۆی دا. لەساڵی ١٣٧٨ـ ەوە تا ١٤١٧ی زایین دوو پاپا خۆیان بە خاوەنی دەسەڵات دەزانی؛ هەر ناوچەیەکی ئەورووپا دەبوو لەبارەی ئەوەی کە کام یەك لەم دوو پاپایە، راستەقینەیە، بڕیاری دابا. ئەم بڕیارە زۆرتر لەسەر بنەمای گروپبەندییە سیاسییەکان بوو، تا باوەڕە مەزهەبییەکان. هەر لایەنێك بانگەشەی دەکرد کە گروپەکەی تر نەك تەنیا لە هەڵەدایە بەڵکو لادەریشە و داهێنانی لە ئاییندا کردووە (دژی کەنیسەی راستەقینەیە). هەر گروپێك بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە قەشەکانی گروپەکەی تر توانای ئەنجامدانی رێوڕەسمە ئایینییەکانی نییە. ئەم بانگەشەیە سەرەڕای کێشەگەلێکی تر، هەڵگری ئەو مانایەش بوو کە هەر گروپێك رێوڕەسمی تەعمید و زەماوەندە ئەنجامدراوەکانی لایەنەکەی تری لا پەسەند نییە.

دەوروبەری ساڵ ١٣٩٠ ی زایینی، هەموو خەڵك لە جیایی پاپاکان بە تەنگەوە هاتبوون. تەنانەت دەستەیەك لە کاردیناڵە پێشڕەوەکان، کەوتبوونە هزری پێگەی خۆیان. دواجار گروپێکیان، هەموویان بانگێشت کردن بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی گشتی. ئەم نەریتی کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی کەنیسە کە بە ئەنجوومەنەکان ناسرابوو، لە کۆنەوە هەبوو و بنەماکەی ئەو تیۆرە بوو کە ئەنجوومەن "کۆی هەست و عەقڵی گشت کۆمەڵگای



مەسیحیەت"ە [٨]. لەساڵی ١٤٠٩دا، ئەنجوومەنێك لە شاری ئیتاڵیایی پیزادا پێکهات، کە هەر دوو پاپاکەی ( هیچ کامیان سەرەڕای ئەوەی ئاگادار کرابوونەوە، نەهاتبوون) لەسەرکار لادان و پاپایەکی نوێی هەڵبژارد. بە داخەوە نە پاپای ئاڤینیۆن و نە پاپای رۆما، ئەنجوومەنەکەیان بە فەرمی نەناسی و ئێستا ئیدی سێ پاپا هەبوون.

کەنیسە بۆ ماوەی چەند ساڵ تووشی سەر لێشێواوی بوو تا ئەوەی کە لە ساڵی ١٤١٥دا ئەنجوومەنێکی تر لە کۆنستانتین، لە سنووری ئەڵمانیا و سویسرادا ـ پێکهات. ئەم ئەنجوومەنە نفووزێکی زۆرتری هەبوو، یا رەنگە پاپا و کاردیناڵەکان، ئیدی لە شەڕو پێکهەڵپژان بێزار ببوون. بە هەرحاڵ ئەنجوومەن، هەر سێ پاپاکەی لەسەرکار لادان و کەسێکی تری بەناوی مارتینی پێنجەم (مارتینۆس) هەڵبژارد. لەساڵی ١٤١٧دا، هەموان ئەم پاڵێوراوەیان کە بەهۆی ئاشتی کردنەوە بوو پەسەند کردبوو و جیایی کۆتایی پێهاتبوو. ئەگەرچی ئەم کارانە ئیعتباری کەنیسەیان بە شێوەیەکی گشتی و هەروەها متمانەی پاپاکانی بە جۆرێکی تایبەت لەکەدار کردبوو. لە کاتێکدا کە تەنانەت پاپاکان هەڵسوکەوتی کورتبینانەی وەك چاوچنۆکی و حەزکردن لە دەسەڵات و خۆپەرستییان کردبووە پیشە، ئیدی چۆن دەبوو چاوەڕوانی هەڵسوکەوتی مەسیح ئاسا لە خەڵکی تر بکرێ؟

## پارە و لێبوردن

پاپا و ئۆسقۆفەکان هەمیشە پێویستیان بە پارە هەبوو. بەڕێوەبردنی رێکخراوێکی چەند نەتەوەیی گەورەی وەك کەنیسە، هەر لە سەرەتا پڕخەرجی بوو و لە کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاست و رێنیسانسدا، ئەم خەرجییانە چوونە سەرێ. هەروەها لەم سەردەمەدا زۆربەی وێنەکێش، پەیکەرتاش و بیناساز و میعمارەکانی مێژوو، باشترین کارەکانی خۆیانیان دەخولقاندن و کەنیسە خەرجیی زۆرێك لەم شاکارانەی دەدا. سەرەڕای ئەوە، لە قەڵەمڕەوی پاپادا، هەمیشە لەشکرێکی ئامادە هەبوو. پاراستنی رۆما لە هێرشی بێگانەکان و هێرشبەرانی تر، زۆر پڕخەرجی بوو.

پاپاکان بۆ فەراهەمکردن و پاراستنی مەزنی و شکۆی دەربارەکەیان، پشتیان بەو پارەیە دەبەست کە لە ئۆسقۆفەکان و خەڵکەوە، وەریاندەگرت. ئەوان بۆ ئۆسقۆفەکان، کە لە هەر هەڵکەوتێکدا، لە پاشا و شازادەکانی سنووری خۆیان، پارەیان وەردەگرت،ماڵیات گەلێکی جیاوازیان دیاری کردبوو. لە لایەکی ترەوە، ئۆسقۆفە دەوڵەمەندەکان، بۆ لەبەردەستدابوونی

چەند پۆستێکی کەنیسە، لەسەر خواستی خۆیان، پارەیەکی زۆریان دەدا. ئەم وەبەرهێنانە، سوودهێنەر بوو، لەبەرئەوەی هەرچەند ژمارەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئۆسقۆفەکان پەرەی دەسەند، داهاتی ماڵیاتیش دەچووە سەرێ. کەنیسە بۆ بەدەستهێنانی پارە لە خەڵکی ئاسایی، کەڵکی لە میتۆد گەلێکی تریش وەردەگرت. میتۆدێك، وەرگرتنی دیارییەکانی خەڵك بوو، بۆلێبوردن. ئەم کارە بوو بە هۆی جیاوازیی بیروڕا، کە دواجار بوو بە هۆی دەست پێکردنی چاکسازی ئایینی.



**نوێنەرێکی پاپا لە حاڵی گۆڕینەوەی پسوولەی ((لێبووردن))، لە بازاڕێکی ئەڵمانیا. لە بارەی فرۆشتنی ((لێبووردنەوە)) جیاوازی بیروڕا هەبوو: زۆربەی خەڵك ئەم کردەیەیان بە هەنگاوی کەنیسەی ماددی پەرست دادەنا بۆ پڕکردنەوەی سندووقەکانی خۆی، بۆیە ڕەتیان دەکردەوە.**

دانی لێبوردن لە کەنیسەدا، شتێکی نوێ نەبوو و بۆ یەکەمین جار، بە درێژایی جەنگە سەلیبییەکانی سەدەی دوازدەمی زایینی درابوو، تا جەنگاوەران لە ڕێگا دژوارەکەیاندا، بۆ ئازادی سەرزەویی پیرۆز لە دەستی موسوڵمانەکان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسی مەرگدا، هان بدرێن. هەر کەسێك کە لە جەنگە سەلیبییەکاندا بە شداری دەکرد، لە ئەنجامدانی هەر



جۆرە ڕێوڕەسمێکی تۆبە، بۆ لێبوردنی گوناهەکانی ڕابردووی بێبەری دەکرا. ئەم لێبوردن یا بەخشینە فەرمییە لە ئەنجامدانی تۆبە، بە زوویی تەنانەت لە بارەی دابینکردنی خەرجی جەنگەکانیشەوە، فراوان بوو؛ کەسانێك کە بۆ شەڕەکان خەرجی زۆریان کەوتبووە سەر، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خۆیان چووبوونە شەڕ، بوونە خاوەنی بەرژەوەندییەکی یەکسان.

لێبوردن بۆ بەخشینی گوناهەکان یا ئیزن دان بە ئەنجامدانی گوناه، نەدەدرا. بەڵکو هەمیشە لەگەڵ ئەو وێناکردنە پێشوەختە هاوڕێ بوو، کە گوناهی ئەم کەسانە، پێشتر بەخشراون و ئەمان ئیدی دەستیان لە گوناه هەڵگرتووە و سوورن لە سەر ژیانێکی نوێ.[٩] بەهەر حاڵ وەها مێتۆدێکی شیاوی خراپ کەڵك لێوەرگرتن، دواجار لە کۆنترۆڵ دەرچوو. زۆربەی خەڵك هیچ کاتێك لێبوردنیان بە ئامانجی کەنیسە نەدەزانی. لێبوردنی گوناهەکان لە ڕوانگەی زۆربەی خەڵکەوە، ئیزنی چوونی ئاسان بوو، بۆ بەهەشت. کەنیسەش تێگەیشتبوو کە لێبوردن دەتوانێ لەم ڕێگایەوە، پارەیەکی زۆر بە دەست بێنێ.

## یەکەمین چاکسازیخوازەکان

دوو کەس لە چاکسازیخوازەکانی بەر لە سەردەمی چاکسازی، شیاوی وەبیرهێنانەوەن. یەکەمینیان کەسێکی بەریتانییە بە ناوی جۆن ویکلیف (John Wycliffe)، مامۆستا و گوتاربێژی زانکۆی باوەڕپێکراوی ئۆکسفۆرد. ئەو نەکەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەو ڕوحانیانەی (قەشە و ئۆسقۆفەکان) کە لە وڵاتەکەیدا کاریان دەکرد و باوەڕی وابوو کە ئەوان تەنیا لە بیری کۆکردنەوەی دارایی و هەروەها ژیانی خۆشگوزەرانن. ئەو هەروەها وای بیر دەکردەوە کە جیایی پاپاکان ڕیسوایی بوو و خەڵك تەنیا دەبوو تا کاتێك باوەڕیان بە پاپاکان هەبێ، کە پەیڕەوی لە مەسیح بکەن. ئەو ئازایانە زۆربەی قەشە و ئۆسقۆفەکانی بە "دز، ڕێویی فێڵزان، گورگی دڵڕفێن، مرۆڤی زۆرخۆر، شەیتان و مەیمون"[١٠]، بانگ دەکردن.

ویکلیف باوەڕی وابوو، کە کەنیسە پێویستی بە ڕزگاربوونێکی تەواوە لە گشت دارایی و دەسەڵاتەکانی خۆی. تا ئەم قۆناغە، ویکلیف تەنیا گەڕانەوە بۆ ئایدیاڵەکانی مەسیح و هاوەڵەکانی، پەرە پێدەدا. بەڵام ئەو لەمەش زۆرتر ڕۆیی و بۆچوونگەلێکی لە پێوەندی لەگەڵ ڕێوڕەسمە دینییەکان خستنە بەرچاو، کە بە تەواوی لە بەرامبەر باوەڕەکانی کەنیسەدا بوون. بۆ نموونە، ئەو کردەی بە دەنگی بەرز دانپێدانانی لە بەرامبەر قەشەدا ڕەت کردەوە و لە بەرامبەردا، داوای دان پێدانانی ئاشکرای کرد لە بەرامبەر خەڵکدا، لەسەر خواستی مرۆڤەکە خۆی. لەوەش گرنگتر ئەو لەگەڵ ڕێنماییەکانی کەنیسە، سەبارەت ڕێوڕەسمە ئایینییە بە کۆمەڵەکان، دژایەتی

کرد. به پێی ڕێنماییەکانی کەنیسە لە کاتی مەراسیمی (عشاء ربانی) دا، قەشـە نـان و شـەراب دەگۆڕێت بۆ لاشە و خوێنی مەسیح. ویکلیف باوەڕی وابوو کە مەسیح بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان (ئەو نەیدەزانی بە چ شێوەیەك) لە نان و شەرابدا هەیە، سـەرەڕای ئـەوەش، دەرکـەوتنی گـۆڕانی لاشەیی لە رەگەزە پەیوەندیدارەکان بە (عشاء ربانی)یەوە، بە شتێکی مومکین نەدەزانی.

ویکلیف هەروەها باوەڕی وابوو کەخەڵك لە بەر کردەکانیـان بـە درێـژایی ژیـان رزگـار نـابن، بـەڵکو رزگارییـان پێـشتر لـە لایـەن خـواوە، نووسـراوە. ئـەو دەیگـوت کـە ئینجیـل دەبێـت وەربگێڕدرێتەوە سەر زمانی خەڵکی و لە بەردەستدا بێت: ئەگەر خەڵك راستەوخۆ دەستیان بگات بە رێنوێنییەکانی ئاین، کەمتر بـە کەنیـسە، دەبەسـترێنەوە. هـەروەها ئـەو بـاوەڕی وابـوو کـە دەوڵەتەکان نابێت گوێڕایەڵی کەنیسە بن. ئەگەرچی لە دەوروبـەری سـاڵەکانی ١٣٠٠ی زایینـدا، بۆچوونەکانی ویکلیف تەنیا کاریگەرییەکی کەمیان دانا، بەڵام گرنگییـان، زیـاتر لـە ١٥٠ سـاڵ دواتر، لەسەردەمی چاکسازی ئایینیدا، دەرکەوت.

***دەربڕینەکانی ویکلیف***



**لە ساڵی ١٣٠٠دا، چاکسازیخوازی ئـایینی، جـۆن ویکلیفـی بـەریتانی، بۆچـوونگەلێکی دژ بـە کەنیسەی راگەیاند باوەڕەکانی ئەو دواتر لە کـاتی چاکسازیدا، گرنگییەکی زۆرتریان پەیدا کرد.**

*هەندێك لە دەربڕینەکانی ویکلیف کە لە ساڵی ١٣٨٢دا، لە لایەن کەنیسەوە مـەحکوم کـرا، لـە کتـێبی (بەڵگـەکانی کەنیـسەی مەسـیحی)ی نووسـینی (هێنـری بێتـێن سـۆن (Henry Bettenson)ەوە وەرگیراون.*

*"٣ـ مەسیح لە بنچینەوە و بەڕاستی لـە رێـوڕەسمی پیرۆزی (عشاء ربانی) لە بوونی جەستەییدا، ئامادەیی نییە.*

*٤ـ لە ئینجیلدا رانەگەیەنراوە، کە مەسـیح فـەرمانی رێورەسمی (عشاء ربانی) دەرکردووە.*

*٧ـ ئەگەر کەسێك لە کاتی خۆیدا تۆبـە بکـات، هـەر جۆرە دان پێدانانێکی رواڵەتی، زیادە و بێ خاسیەتە.*

*١٤ــ هـەر خزمـەتکارێکی کەنیـسە یـا قەشـەیەك دەتوانێ لەبارەی خواوە وەعز بدات، بە بێ ئەوەی پێویـستی بە ئیزنی نوێنەری پاپا، یا ئۆسقۆفی کاتۆلیك هەبێت.*

*١٧ـ خەڵك، بۆ خۆیان دەتوانن هیدایـەتی فـەرمانڕەوا گوناهکارەکان بکەن.*

*٤٥ـ کەنیسەی رۆما کەنیسەی شەیتانە و پاپا جێگری مەسیح و هاوەڵەکانی نییە."*



لە پێشڕەوانی تری چاکسازیخوازی، یان هۆس (Jan Hus) بوو، کە لە پراگ دا ــ شوێنێك کە بۆماوەیەکی زۆر ناوەندی کەلتوور و بازرگانیی ئەوروپای سەدەکانی نێوەڕاست بووــ وەعزی دەدا. ئەو هەندێك لە وەعز و نامەکانی ویکلیفی خوێندبوونەوە و لەگەڵ زۆربـەی باوەڕەکـانی ئەم چاکسازیخوازە بەریتانییەدا هاوڕا بوو. هۆس، وەکو نـەیارانی تـری هـەبوونی چـەند پاپـا، لەبارەی چاکسازی لە کەنیسەدا، باسی دەکـرد و بـاوەڕی وابـوو:" یـاخی بـوون لـە پاپایـەکی خەتاکار، وەك گوێڕایەڵی کردنی مەسیح وایە."[١١]

لە ساڵی ١٤١٥دا ئەنجوومەنی وەفاداری (ئەو ئەنجوومەنەی کە کۆتایی بە چەند پاپایی هێنـا) کارەکـانی ویکلیـف و هۆسـی مـەحکوم کـردن. بـێ شـك ئـەم ئەنجوومەنـە بـە بڵاوکردنـەوەی راگەیەنراوێکی بەهێز، لە هەوڵی تێ هێنانەوەی ئاڵۆزی حاکم بە سەر کەنیسەدا بوو، لە سـەردەمی چەند پاپاییدا. سەرەڕای ئەوەی کە ویکلیف لەساڵی ١٣٨٤دا کۆچی دوایی کردبوو، بەڵام هۆس لـە ژیاندا بوو. ئەنجوومەن، (یان هۆس) یان کە بەزەمانەتی ئاسایشی بانگێشت کرابوو، دەسـتگیراکرد، نووسراوەکانی سووتاند، دایانە دەستی کاربەدەستە بەرپرسەکان. (یان هۆس) بە تاوانی هەڵگەڕانەوە و لادان لە ئایین، مەحکوم کرا و بە زیندوویی سووتێنرا.




**یان هۆس، لە ژێر کاریگەریی ویکلیف دا، پشتیوانێکی وەفاداری چاکسازی بوو لە کەنیسە. ئەو بە تاوانی هەبوونی بۆچوونی لادەرانە، سووتێنرا**

ویکلیف و هۆس ئەو پیاوانە بوون کە وە پێش سـەردەمەکەیان کـەوتبوون سـەدەیەك دوای ئەوەی کە هۆس سووتێنرا، ئەوانی تر بە ئاشکرایی بۆچـوونگەلێکی هاوشـێوەیان دەربـڕی کـە تەواوی ئەوروپایان گرتەوە.

## (٢)

## مارتین لۆسەر: "ناتوانم کارێکی دیکە بکەم"

مارتین لۆسەر کە بەرلە پایزی ١٥١٧، لەدەرەوەی چوارچێوەی زانکۆکەی لە ویتێنبێرگ، ـ شارێکی بچووك لە ناوچەی دووركەوتووی ساکسۆنی ــ نەناسرابوو، لە ماوەی چەند مانگێکدا، لە سەرتاسەری ئەڵمانیا ناسرا و لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵدا، ناوی لەگەڵ بزوتنەوەیەکی دینی و کۆمەڵایەتی گرێدار کە مێژووی جیهانی گۆڕی.



هاواری مارتین لۆسەر بۆ چاککردنی کەنیسە، بوو بە هۆی جیاوازی بیر و بۆچوون و دواجار بە چاکسازی کۆتایی هات.

مارتین لۆسەر لە دەی تشرینی دووەمی ١٤٨٣ی زایینیدا ــ کە دواتر بە رۆژی سان مارتین ناودێر کرا، لە دایك بوو. باوك و دایکی توانای ناردنی ئەویان بۆ قوتابخانەی باش هەبوو، بۆیە لە زانکۆی ئێرفۆرتدا دەستی دایە خوێندنی ماف، بەڵام لە ساڵی ١٥٠٥دا، خوێندنی بە جێ هێشت تا بچێتە ریزی رەبەنانی ئاگۆستینۆسییەوە. ئەو فرمانەکانی رەهبانی زۆر بە جدی وەرگرتن و زۆر بە باشی کاری لە سەر کردن. بە جۆرێك کە جارێك گوتی:

من راهیبێکی وەفادار بووم و بە جۆرێك گوێڕایەڵی یاساکانم دەکرد... کە ئەگەر بڕیار بێت راهیبێك بچێتە بەهەشت ئەوا دەبێ ئەو کەسە من بم... ئەگەر ئەم رەوتە زۆرتر درێژەی کێشابا، ئەوا من خۆم بە بینین، دوعا،خوێندنەوە و کارەکانی ترەوە تا ئاستی مردن ئەشکەنجە کردبوو.[١٢]



لۆسەر بە خێرایی پێش کەوت، پلەی قەشەیی بەدەستهێنا و بەزوویی وەك مامۆستای کتێبی پیرۆز لە پۆلەکانی زانکۆی ویتێنبێرگ دا، دیاری کرا. بە وتەی خوێندکارێك :"مامۆستا لۆسەر گوتاربێژێکی باش بوو و وشەکانی بە باشی دەرك دەکران. ئەو نە خێرا و نە هێواش قسەی دەکرد، بەڵکو بە خێراییەکی نەگۆڕ و یەك ئاواز، بە بێ تێڕامان و زۆر رۆشن و بە وەها گونجانێکەوە بابەتەکەی دەردەبڕی، کە هەر بەشێك بە شێوەیەکی سروشتی لە درێژەی بەشی پێشوودا، دەهات."[١٣]

## رزگاریی باوەڕدار

لۆسەر، وەك زۆرێك لە خەڵکانی سەردەمەکەی، نیگەرانی رزگار بوونی خۆی بوو. بەڵام رەنگە زۆرتر لە زۆربەی خەڵك هەستی بە بێبەهابوون دەکرد. وا هەستی دەکرد کە هیچ کەس خۆشی ناوێ و هەرکارێکیش کە ئەنجامی بدات، ناکەوێتە بەر لێبووردنەوە. تەنانەت بوونە راهیبیش نەیتوانی کۆمەکێکی پێ بکات:

کاتێك کە راهیب بووم، هەر کاتێك بوونی نەفسی ئەمارەی جەستەیی وەك جوولانێکی شەیتانی، کە بە ئامادەبوونی یەکێك لە برا ئاینییەکان(راهیبەکانی تر) بە شێوەی کینە، تووڕەیی، نەفرەت یا بەغیلی و شتی تری لەم بابەتە دەردەکەوت، دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئیدی، رزگاربوون مومکین نییە. شێوازگەلێکی جیاوازی رزگاربوونم تاقی دەکردنەوە؛ هەموو رۆژێ بۆ دان پیانان دەچووم بەڵام هیچ هاوکارییەکی نەکرد. لەبەرئەوەی... من هیچ کاتێك نەگەیشتمە ئارامی، بەڵکو هەمیشە ئازارم دەچێشت.[١٤]

لۆسەر لە بەر ئەم هەستی بێ بەهاییە، بۆ دڵنیابوون سەبارەت بە رزگاری بە دوای مێتۆدگەلێکدا گەڕا، بەڵام هیچ کاتێك لە میتۆدەکانی پێشووتری کەنیسە رازی نەبوو. هەر وەك یەکێك لە مێژوونووسان گوتویەتی:" کەنیسەی کاتۆلیك لە داوەریی خۆیدا سەبارەت بە گەورەیی و پیرۆزی خوا کورتبین و لە بارەی بەها و تواناکانی مرۆڤەوە، دووربینە."[١٥] لۆسەر باوەڕی وابوو، کە خودا باڵاتر و پیرۆزترە لەوەی کە لە بەردەستی مرۆڤگەلێکی کورتبین و گوناهکاری وەك خودی خۆیدا ــ بە چاوپۆشین لەو کارە چاکانەی کە ئەنجامیان داون ـ بێت.

لۆسەر لە ئەنجامدا، ئەو هیدایەت و رێنوێنییەی کە بە دوایەوە بوو، لە کتێبی پیرۆزدا دۆزیەوە.

لە یەکێك لە کتێبەکانی سەردەمی نوێدا، روو لە رۆمییەکان خوێندبیەوە:" تەنیا کەسێك رزگار دەبێت، کە باوەڕی بە خوا هەبێت."[١٦] ئەمە بۆ لۆسەر بە مانای ئەوە بوو، کە هیچ کارێکی باش ناتوانێ مرۆڤ بگەیەنێ بە رزگاری و تەنیا باوەڕ، توانای ئەم کارەی هەیە. خوا،



پاپا لیئۆی دەیەم، بۆ دابینکردنی خەرجی نۆژنکردنەوەی بینای سان پیترۆ، ئیزنی فرۆشتنی پسوولەی لێبووردنی دەرکرد. ئەم ڕووداوە رۆڵێکی بنەڕەتی هەبوو لە جیاکردنەوەی لۆسەر لە کەنیسەی کاتۆلیك.

خۆی بە خۆڕایی عەشق و رەحمەتی خۆی (فەیزی ئیلاهی) لە بەردەستی خەڵك دادەنێ.

بۆ لۆسەر گەیشتن بەو باوەڕە کە رەحمەتی خوا قابیلی و بەدەستهێنان نییە،ئارام بەخش بوو. ئەو ئیدی بۆ گوناهەکانی نیگەرانی تۆبە کردن نەبوو — تەنیا پێویستی بە باوەڕ هەبوو. ئەم مانایەی رزگاری، لە دەستەواژەی "رزگاری بە ئیمان"ەوە، ئاشکرا دەبێت.

لۆسەر بە درێژەدان بە خوێندنەوە و ڕامانەکانی، گەیشت بە باوەڕگەلێك کە دواتر کێشەی زۆریان لە بەرامبەر کەنیسەی کاتۆلیکدا، بۆ بەدی هێنا. لەوکاتەدا ئەو خۆی بە کاتۆلیکێکی باش دەزانی — و لە راستیشدا هەر وا بوو. ئەو یەکەمین هەنگاوەکانی بۆ مشتومڕ و جیایی لە کەنیسە، لە تشرینی دووەمی ١٥١٧دا، هەڵێنان. کاتێك کە پاپا لیئۆی دەیەم فەرمانی لێبووردنی لە سەرزەوی دراوسێی (ماینس) دا، پەسند کرد.

## پسوولەی لێبووردنی پاپا لیئۆ

پاپا لیئۆ بۆ سەر لە نوێ بنیاتنانەوەی بینا مێژووییەکانی کەنیسە لە رۆمادا، پێویستی بە پارە هەبوو. ئالبرێشت براندنبورگ، نەجیبزادەیەکی لاوی ئەڵمانی کە خاوەنی بیناگەلێکی زۆر بوو، بۆ نیشتەجێبوونی ئۆسقۆفەکان، لە دانی باج بە پاپا، بە شێوەیەکی بەر چاو وەدوا کەوتبوو. بەم جۆرە پاپا پێشنیاری مامەڵەیەکی کرد: ئەو بۆ ماوەی هەشت ساڵ مۆڵەتی فرۆشتنی پسوولەی لێبووردنی لە ماینس دا، بە ئالبرێشت دەدا و لە بەرامبەردا ئالبرێشتیش، نیوەی پارەی وەدەستهاتووی بۆ ئەو دەنارد. ئالبرێشت بە خێرایی پەسندی کرد.





یۆهان تێتزل، بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ لێبووردن، وتاربێژێکی چالاك بوو. خەڵك لە هەموو لایەکەوە، بۆ دانی پارە لە بەرامبەر لێبووردن، سەردانیان دەکرد.

مێتۆدێکی باو بۆ دانی لێبووردن"ئامۆژگاری و وەعز" بوو. ئەمە بەو مانایە بوو کە وتاربێژێکی بەناوبانگ و زمان ڕەوان، لە ولاتدا سەفەری دەکرد و کۆبوونەوەی گشتی پێکدەهێنان؛ راست وەك کۆبوونەوەکانی بووژانەوە، یا کۆبوونەوەکانی بانگەشە کردن، کە لە کەنیسە ناوچەییەکاندا پێکدەهاتن. ئەم پرۆگرامانە، پێشتر رادەگەیەنران و خەڵك لە تەواوی شوێنەکانەوە دەهاتن تا گوێ بۆ قسەکانی واعیزەکە رادێرن و پارەکەی خۆیان لەگەڵ پسوولەی لێبووردندا، بگۆڕنەوە. ئالبرێشت یەکێك لە بەناوبانگترین و خۆشەویستترین واعیزە ناوچەییەکانی بە ناوی یۆهان تێتزل (Johann Tetzel) بۆ ئەم کارە هەڵبژارد وەعزدانی ساڵی ١٥١٧ بۆ فرۆشتنی پسوولەی لێبوردن، رێك بخات. تێتزل کە سەر بە راهیبەکانی دۆمینیکی پیرۆز بوو، وەك واعیزێکی بەهرەمەند و بەتوانا ناسرابوو.

به وتەی راهیبی پەرستگەی فرانسیس کە شاهیدی هەندێك لە پڕوپاگەندەکانی تێتزل بوو:

ڕێوڕەسمی لێبوردن زۆر جێی رێز بوو. کاتی پێشوازی لە نوێنەری پاپا (واعیز)، فەرمانی فەرمیی پاپا (نامەیەك لە پاپاوە کە تێیدا ئیزنی دانی پسوولەی لێبووردن درابوو) لەسەر پارچەیەکی مەخمەلیٚ یا زێڕچندا،

> هەڵدەگیرا. تەواوی قەشە، راهیب، ئەندامانی ئەنجوومەنی شار، مامۆستا، قوتابی، پیاو، ژن، خزمەتکار و منداڵان لە حاڵێکدا کە گۆرانییان دەگوت و لە دەستەکانیاندا ئاڵا و مۆم هەبوون، بە بەهێمنی و لەسەرخۆ لە کاروانێکدا بەرەو پیری دەچوون. زەنگەکان لێدران و کاتێك کە گەیشتە ناو کەنیسە، ئۆرگ دەستی بە ژەنین کرد. لە ناوەڕاستی کەنیسە دا، خاچێکی سووریان دانابوو کە ئاڵای پاپایان پێوە لکاندبوو. بە کورتی، پێشوازییەکی ئاوا بۆ خوداش نەکرابوو. [١٧]

تیتزل کاتێك کە چووە ناو شار رایگەیاند کە پسوولەی لێبووردن لە بەر دەستی تەواوی ئەو کەسانەدایە، کە دان بە گوناهەکانیاندا بنێن و بە پێی توانا هاوکاری سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی سان پیترۆ بکەن. ئەو بە خەڵکی گوت کە گوناهەکانیان بەخشراون و ئیدی " تەواوی ئەو سزایانەی کە لە دۆزەخدا، دەبوو بیانچێژن، لە چاوەڕوانیاندا نابن. بۆیە کاتێك کە لە دنیا دەڕۆن و دەمرن، دەروازەکانی سزادان دادەخرێن و دەروازەکانی بەهەشتی شادومانی دەکرێنەوە."[١٨]

ئەڵبەت ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە خەڵك حەزیان لێبوو بیبیستن. ئەوان بەدان پێدانان بە گوناهەکانیان و دانی پارە، راستەوخۆ بەرەو بەهەشت رێنوێنی دەکران. ئیدی هیچ پێویستییەك نەبوو بۆ نیگەرانی لە دۆزەخ یا بەرزەخ (ژووری چاوەڕوانی روحانی، کە تێیدا لە سەر بنەمای رێنوێنییەکانی کاتۆلیك، گیانی مردووەکان بەر لە ئیزن وەرگرتن بۆ چوونە ناو بەهەشت بەرگەی رەنجێکی زۆرتریان دەگرت). راپۆرتگەلێکی زۆر هەن کە نیشان دەدەن تێتزل لە دەروەستییەکانی خۆی زۆرتر هەنگاوی ناوەو ئیزنی بەخەڵك داوە کە بۆ ئەو رۆحانەش کە پێشتر لە بەرزەخدا بوون، پسوولەی لێبوردن بکڕن.

بانگەشەکانی تێتزل قەناعەتی بە هەمووان نەهێنابوو: بە دڵنیاییەوە، وەها شیعرێك کە بەردەوام دەخوێندرایەوە، بەرهەمی کەسێکی رەشبین بووە:" کاتێك پارەکان لەناو سندوقەکاندا دەزرینگێنەوە، روحەکان لە بەرزەخەوە هەڵدەفڕن"، رەخنەگرێکی تر وەها دەڵێ:

> ئەوەی کە ئەم راهیبە نەزانە گوتی و بانگەشەی بۆ کرد، سەرسووڕهێنەرە. ئەو نامەگەلێکی سەر بەستراوی دانە دەست کە بەپێی ئەوانە، تەنانەت ئەو گوناهانەی کە تاك مەبەستی ئەنجام دانیانی هەبووە دەبەخشرێن. ئەو گوتی کە دەسەڵاتی پاپا، تەنانەت لە هاوەڵان، هەموو فریشتەکان، قەدیسەکان و تەنانەت لە مریەمیش زیاترە. لەبەر ئەوەی هەموویان لە ژێر دەسەڵاتی عیسای مەسیحدا بوون، بەڵام پاپا هاوئاستی مەسیحە.[١٩]

ئەوەی کە بە راستی تێتزل وەها بانگەشەگەلێکی دەربڕیبێ، رێی تێناچێ. یەکێك لە مێژوو نووسەکان دەڵێ:" تیتزل سەوداگەر و فرۆشیارێکی لێهاتوو بوو، بەڵام نەك کەسێك کە ویژدانی خۆی بەتەواوی بخاتە ژێر پێ."[٢٠] تێتزل لەوانەیە، دەربڕینەکانی وەها ساویلکانە بووبن و زێدەڕۆییان تێدا بووبێ کە زۆر کەس لە خەڵکی ئاسایی باوەڕیان بە بانگەشەکانی کردبێ.



فرێدریك، نوێنەری سەکسۆنی، لە ناوچەی سەکسۆنیدا ئیزنی بە تێتزل نەدا بۆ وتاردان و ئامۆژگاری کردن سەبارەت بە لێبووردن. ئەو بە باشتری زانی کە پارەی ناوچە ژێردەستەکانی، لە خاکی خۆیدا بمێنێتەوە و بۆ خەرجی ناوخۆیی بەکار بهێنرێ بەڵام تێتزل لە ماوەی کۆبوونەوەکانی پڕوپاگەندەی خۆیدا لە مانتس، ئەوەندە لە سەرزەوییەکانی فرێدریك نزیك ببووەوە کە زۆرێك لە سەکسۆنییەکان بە تێپەڕین لە سنوور، گوێیان دا بە ئامۆژگارییەکانی و پارەکەیان پێشکەش کرد.

دان پێدانەرەکان لە بەرامبەر دیارییەکانیاندا پسوولەنامەیەکی لێبوردنیان وەردەگرت کە بنەماکانی لێبووردنی گوناهەکانی تێدا نوسرابوون. زۆرێك لە هاوشاریانی ویتێنبێرگ بە پسوولەکانیانەوە گەڕانەوە و نیشانی مامۆستا لۆسەریان دان و داوایان لێکرد کە راستیی ئەم بانگەشانە پشتڕاست بکاتەوە. ویژدانی لۆسەر ئیزنی وەها کارێکی نەدەدا. کاتێك کە تێتزل بەم دژایەتییەی لۆسەری زانی، دەستی دایە رەخنەگرتن لێی.

## نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەی لۆسەر

تیتزل لەوانەیە، وای هەست دەکرد کە لۆسەر دوای رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رەخنەکانی وتاربێژێکی بەناوبانگ و خۆشەویستی وەك ئەو، دەست هەڵگرێت؛ بەڵام ئەو لۆسەری نەدەناسی. لۆسەر تا ئەو شوێنە چووە پێشێ کە ٩٥ مەسەلەی یا بەڵگەکاری بە زمانی لاتینی تۆمار کرد و تێیاندا هەوڵی دا، کە مەسەلەی لێبوردن لە روانگەی خواناسییەوە روون بکاتەوە. ئەو، ئەم ناوەی لەم بەڵگەیە نا:" جیاوازی بیروڕا بۆ روونکردنەوەی هێزی لێبوردن". ئەم بەڵگە بەناوبانگە لەو کاتەوە بە ناوی (نووسراوی ٩٥ مەسەلەی) دەناسرێ.

لۆسەر بە پێی نەریت، نووسخەیەکی دەستنووسی لەو نووسراوە ٩٥ مەسەلەییە، لە دوای نیوەڕۆی رۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٥١٧دا، نارد بۆ کەنیسەی ویتێنبێرگ. وا بڕیار بوو کە رۆژی دواتر جەماوەرێکی زۆر، بە هۆی جێژنەوە لە کەنیسەی هەموو قەدیسەکان کۆببنەوە. دەرگای ئەم کەنیسەیە وەك تابلۆیەکی ئاگاداری گشتی دەناسرا. سەرەڕای ئەمە، بەسەرهاتی بەناوبانگی هەڵواسینی نووسراوەکان لە لایەن لۆسەرەوە ــ لە سەر دەرگا دارینە گەورەکانی کەنیسە ــ ئەگەرچی دیمەنێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەم رووداوە لەوانەیە قەت لەلایەن ئەوەوە رووی نەدابێ. لۆسەر لە بارەی کار و ژیان و مەسەلەکانی، بابەتگەلێکی زۆری نووسیون بەڵام قەت لەبارەی ناردنی مەسەلەکانی بۆ خەڵکی ئاسایی، قسەیەکی نەکردووە.

ئەو تەنیا دەنووسێت:

***لۆسەر نووسراوەکەی بۆ ئالبرێشت براندنبوورگی دەنێرێ***

*لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٥١٧ لۆسەر نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەی خۆی، بۆ ویتێنبێرگ نارد. هەر لەو رۆژەدا، ئەو نووسخەیەکی دەستنووسی لێ نارد بۆ ئالبرێشت براندبوورگی. ئەم کەڵك وەرگرتنە لە نامەی هاوپێچدا، ئەم بەشە لە نامەکە، لە بەرگی ٤٨ی نووسراوەکانی لۆسەردا هەیە.*

*"لێم ببوورن کە من، سووکترین و بچووکترین مرۆڤ، بێشەرمیی پێویستم هەیە بۆ ناردنی نامە، بۆ خزمەتتان. پسوولەکانی لێبوردنی پاپا لە ژێر ناوی بەرجەستەی ئێوە بۆ نوێکردنەوەی سان پیترۆ لە ئاستی وڵاتدا دەفرۆشرێن. ئێستا لەم کاتەدا، نامهەوێ شکات لە زمانبازیی واعیزەکان (وتاربێژەکان) بکەم، کە هیچیشم لێ نەبیستوون من بەتەواوی خەمبارم لەو خراپ تێگەیشتنەی کە ئەوان لە نێو خەڵکدا بەدییان هێناوە و لە نێو خەڵکی ئاساییدا بڵاو بووەتەوە. بە ئاشکرایی، خەڵکی هەژار، لەو باوەڕەدان کە بە کڕینی پسوولەی لیێبووردن، بە دڵنیاییەوە رزگاریان دەبێت. هەروەها ئەوان باوەڕ دێنن بەوەی کە لەگەڵ خستنە ناوی پارە بۆ ناوسندووقەکە، روحەکان لە بەرزەخدا رزگاریان دەبێت...*

*ئاه، خوای گەورە! ئەی باوکی مەزن، ئەو گیانانەی کە لە ژێر چاودێریی تۆدان، بەم جۆرە هەنگاو بەرەو مەرگ دەنێن. تۆ سەبارەت بە تەواوی ئەم گیانانە، بەرپرسیارەتییەکی قورس و رووە و زیادبوونت هەیە. بەم پێیە من ناتوانم سەبارەت بەم بابەتە بێدەنگ بم... سەرەڕای ئەمانەش، پسوولەی لێبووردن، هیچ رۆڵێکی لە رزگاری و پیرۆزکردنی گیانەکاندا نییە و تەنیا مێتۆدێکی ترە بۆ ئازاردانی جەستەیی کە سەردەمانێك - لە سەر بنەمای یاسای کەنیسەیی ـ جێبەجێ دەکرا.*

*من تەنیا دەتوانم لێت بپاڕێمەوە، ئەی باوکی شیاوی رێزگرتن، تا بە هۆی عیسای مەسیحەوە، ئەو زەحمەتە بگریە ئەستۆ و باوکانە ئەو بابەتە بدەیە بەر سەرنج و فەرمان بدەن بە بانگەشەکارەکانی پسوولەی لێبووردن کە لە رێگەیەکی ترەوە دەست بدەنە بانگەشە کردن...*

*ئەی باوکی بەڕێز، ئەگەر راتان لە سەر بێت، دەتوانن نووسراوە رەخنەییەکەی من هەڵسەنگێنن، رەنگە هەست بەوە بکەن کە باوەڕ بە پسوولەی لێبووردن چەندە سست و بێ بنەمایە و ئەم بانگەشەکارانە بە جۆرێك بڵاوی دەکەنەوە کە دەڵێی مسۆگەرترین مەسەلەی دنیایە."*

ئەو کات نامەیەکم، هاوڕێ لەگەڵ مەسەلە بۆ ئۆسقۆف ماگدێبورگ نارد و داوام لێکرد کە رێ لە تێتزل بگرێت لە بارەی ئەم مەسەلە دەبەنگانەوە... وای لێهات کە نووسراوەکەم بە دژی نووسراوەکانی تێتزل، کە ئێستا چاپ کراوە، بڵاو بووەوە و لە ماوەی دوو حەوتوودا تەواوی ئەڵمانیای گرتەوە.[٢١]

بەسەرهاتی دەرگای کەنیسە لەوانەیە ساڵەها دوای مردنی لۆسەر لەلایەن یەکێك لە شوێنکەوتووەکانیەوە ئەنجام درابێ و لەوێوە کە مێتۆدێکی پەسند و جێ حەزی خەڵك بوو، لەلایەن خەڵکەوە پەسەند کرا.



٩٥ مەسەلە، ئەو قسانەن کە راڤەکانی لۆسەر بۆ رێنماییەکانی کەنیسە لە بارەی پسوولەی لێبووردن، تیایدا هاتوون. سەرەڕای بابەتگەلێکی تر، لۆسەر دەڵێت کە پاپا ناتوانێت لە هیچ سزایەك لە ئەماندا بێت، بێجگە لەوانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بەکار دەبرێن و ئەوەیش کە هەر کەس بە هۆی هەبوونی پسوولەی لێبووردن دڵنیا بێت لە رزگاریی خۆی، تووشی لەعنەتی هەتاهەتایی دەبێت. لە یەکێکی تر لە مەسەلەکانیدا دەڵێت:" مەسیحییەکان دەبێ فێر بن، کەسێك کە هاوکاری هەژارەکان دەکات و قەرزیان دەداتێ، چاکەکارترە لەو کەسەی کە پسوولەی لێبووردن دەکڕێت."[٢٢]

بە پێوانە ئەوڕۆییەکان، ئەم بابەتانە بە زێدەڕۆیی لە قەڵەم نادرێن. بەڵام لەو سەردەمەدا، ناڕەزایەتییەکانی لۆسەر لە بارەی شێوەی پڕوپاگەندە و کەڵك وەرگرتن لە پسوولەی لێبوردن، زۆرێك لە کاتۆلیکە ناڕازییەکانی وروژاندن. لە تەواوی ئەوروپاداخەڵك لە بارەی ئەم ٩٥ مەسەلەوە قسەیان کرد و شتیان لەبارەوە نووسی. بەم جۆرە شەڕێکی کەلامی دەستی پێکرد کە لۆسەری خستەسەر رێگایەکی بێ گەڕانەوە.

## لۆسەر لە دژی پاپا

لۆسەر لە وەڵامی رەخنەگرەکانیدا، بە نووسینی وتارگەلی زۆرتر، رەخنەگەلێکی تایبەتتر و توندتری خستنە بەرچاو. ئەو تا ساڵی ١٥١٨ نەك تەنیا پسوولەی لێبوردنی بانگەشەکراوی تێتزل، بەڵکو تەواوی کردەکانی ئەو دواییانەی پاپای لە فرۆشتنی پسوولەی لێبوردندا، رەت کردبوونەوە. سەرەڕای ئەمە، ئەو رایگەیاند کە ئەنجوومەنی ئۆسقۆفەکان خاوەنی دەسەڵاتێکی بالاترە لە چاو پاپادا. پاپا لیئۆی دەیەم کە هێشتا دەستەوداوێنی دابینکردنی خەرجیی دروستکردنی سان پیترۆ و چالاکییە هونەری و عەسکەرییەکان بوو، لە لۆسەر توورە بوو و ئەم راهیبە هەراسانکەرەی بانگێشت کرد بۆ رۆما.

لۆسەر هیچ ئارەزووی گوێڕایەڵی نەبوو و لەوە دەترسا کە پاپا دووری بخاتەوە بۆ دێرێکی دوورکەوتوو یا بە شێواز تر بێدەنگی بکات. لۆسەر لە رێگەی هاوڕێکەیەوە (گیۆرگ شپالاتین (George Spalatin) کە رۆحانیی ژێردەستی فرێدریك بوو لە سەکسۆنی، ناڕەزایی بەرامبەر بەم بانگهێشتەی پاپا دەربڕی. پاپا لیئۆ قبوڵی کرد کە لۆسەر لە باتی رۆما، لە ئاوگسبورگ (Augsburg)ی ئەڵمانیا دا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ. جێگایەك کەوا بڕیار بوو لەوێدا بەو زووانە ئەنجوومەنی ئیمپراتۆری کۆبوونەوە پێك بێنێ. وا بڕیار بوو نوێنەری پاپا لەوێدا، (کاردینال تۆماسۆ دی ڤیۆ)ی ناسراو بە کاتیانۆس بێت.

**نووسراوی ٩٥ مەسەلەیی**

لەبارەی نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەی لۆسەرەوە، بە جۆرێکی فەرمی ئاڵوگۆڕی بیروڕا ئەنجام نەدرابوو. سەرەڕای ئەمە، بابەتەکانی هەم بە شێوەی زارەکی و هەم بە شێوەی دەستنووسگەلێکی چاپی بڵاو کرانەوە و خەڵك بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەستیان دایە باسکردن لە بارەیەوە. ئەم پێرستە ناتەواوە، لە بەرگی ٣١ی بەرهەمەکانی لۆسەرەوە هەڵبژێردراوە:

لەبەر حەز و ئارەزوو و جۆش و خۆشەویستی بۆحەقیقەت و پێویستیی روون بوونەوەی، ئەم نووسراوەیەی خوارەوە لە ژێر سەرپەرشتی باوکی بەڕێز، مارتین لۆسەر مامۆستای هونەر و خواناسی و وتاربێژی هەمیشەیی ئەم زانستانە لە ویتێنبێرگ، بۆ هەموو خەڵکی شیاوی خوێندنەوە و باسکردنن. ئەو داواتان لێدەکات کەسانێك کە ناتوانن ئامادە بن و بە شێوەیەکی زارەکی گفتوگۆ بکەن، بە نووسراوە و نامە گۆڕینەوە ئەم کارە بکەن.

١- کاتێك کە خوا و عیسای مەسیحی مامۆستامان وتی: "تۆبە بکەن" ئەو هیوادار بوو کە تۆبە بە درێژایی ژیانی باوەڕداران فەرمانڕەوا بێت.

٢- مەبەست لەمە، ئاماژە بۆ ڕێوشوێنی تۆبە واتە دان پێدانان و خۆشحاڵی نییە، بەوجۆرەی کە لە لایەن ڕۆحانیەکانەوە، جێبەجێ دەکرێت.

٣- لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بە تەنیایی بە مانای تۆبەی دەروونی نییە؛ وەها تۆبەیەك هیچ بەهایەکی نییە، مەگەر ئەوەی کە کاریگەریی دەرەکی وەك مەشق و وەرزشە جەستەییەکانی لەگەڵ بێت.

٥- پاپا نە حەزی هەیە و نە لە تواناشیدایە کە لە هیچ سزایەك خۆش بێت، بێجگە لەوانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو یا شەرعدا (یاساکانی کەنیسە) دانراون.

٣٢- کەسانێك کە پێیان وایە بە هۆی هەبوونی پسوولەی لێبووردن، بە دڵنیایی دەگەن بە رزگاری، هاوڕێ لەگەڵ مامۆستاکانیان تووشی لەعنەتی هەتاهەتایی دەبن.

٣٧- هەر مەسیحییەکی ڕاستەقینە، زیندوو یا مردوو، دەبێتە خاوەنی دوعای خێری مەسیح و کەنیسە تەنانەت ئەگەر پسوولەی لێبوردنیشی نەبێت.

٤١- پسوولەکانی لێبووردنی پاپا، دەبێ بە پارێزەوە بانگەشەیان بۆ بکرێت، بە پێچەوانەوە خەڵك بە هەڵە دەکەونە ئەو فکرەوە کە ئەوان لە پێش کردەوە چاکەکانی ترەوەن.

٤٣- مەسیحییەکان دەبێ فێربن کەسێك کە یارمەتی هەژارەکان دەدا و قەرزیان دەداتێ، لەو کەسە چاکەکارترە کە پسوولەی لێبوردن دەکرێت.

٤٨- مەسیحییەکان دەبێ فێر بن کە پاپا بە دانی لێبووردن، زیاد لەوەی کە پێویستی بە پارەکەی ئەوان بێت، پێویستی بە دوعای سۆفییانەی ئەوانە.



لە تشرینی یەکەمی ١٥١٨دا کەمتر لەیەك ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکە، لۆسەر لە بەرامبەر کاتیانۆس دا، ئامادە بوو. ئەو هیوادار بوو کە هەلێك بە دەست بێنێ تا بیرو بۆچوونەکانی بۆ کەسێکی خاوەن دەسەڵات و نفووز لە کەنیسەدا، روون بکاتەوە. بەڵام کاتیانۆس پێداگری کردەوە لە سەر هەڵوێستی فەرمانڕەوایەتی: نابێ ئیزنی رەخنە گرتنی ئاشکرا بدرێت بە راهیبێك کە دەروەست بووە بە گوێڕایەڵی لە کەسێکی سەرتری خۆی. ئەم چاوپێکەوتنە هیچ لایەنێکی رازی نەکرد و لۆسەر توورەتر لە هەمیشە، گەڕایەوە بۆ ویتێنبێرگ.



**لەم وێنە خەیاڵییەدا، نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەی لۆسەر بە دەرگای کەنیسەی هەموو قەدیسەکان لە ویتێنبێرگ هەڵواسراوە. تیۆرە بەهێزەکان و پێشنیارەکانی، میتۆدی کەنیسەیان لە دانی پسوولەی لێبوردندا خستە ژێر پرسیارەوە.**

## ململانێ پەرە دەستێنێ

لۆسەر، دوای چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کاتیانۆس، پاپای بە دژی مەسیح دانا و پێداگری کرد لە سەر ئەنجامدانی چاکسازی گشتی، هەم لە بابەتگەلی رۆحانی و هەم لە بابەتی ماددی دا.[٢٣]

ئەو لە ژوئەنی ١٥٢٠ دا، بۆ شپالاتین وەها نووسی:

من ئامادەی مردنم... من تا ئەبەر، مل کەچ ناکەم بۆ کەنیسەی رۆما... بهێڵە با مەحکومم کەن و هەرچیم هەیە بیسووتێنن لەبەرامبەر دا منیش بە هەمان ئەو رادەیە وەڵام دەدەمەوە... ئێستا، من هیچ ترسێکم نییە و نووسینی کتێبێکم لەبارەی چاکسازی مەسیحیەت و دژی پاپا بە زمانی ئەڵمانی لە بەردەستدایە. ئەم کتێبە بە زمانێکی ئەوەندە توند نووسراوە کە دەڵێی رووی لە دژبەرانی مەسیحە.[٢٤]

تا ئەو کات هەموو نووسراوەکانی لۆسەر بە زمانی لاتینی نووسرابوون و لە بنەڕەتدا روویان لە زاناکان بوو. ئێستا ئیدی ئەو نووسینی نامیلکەگەلێکی بە زمانی ئەڵمانی دەست پێکردبوو کە بە هاوکاری پیشەسازی چاپ لە تەواوی سەرزەوییەکانی ئەڵمانی زماندا بڵاو بوونەوە. ئەو سێ نامیلکەیەی کە لە ساڵی ١٥٢٠دا نووسران ـــ نامەی سەرکراوە بۆ ئەشرافە مەسیحییەکانی میللەتی ئەڵمانیا، لە دیلیەتی بابێلی کەنیسە و لە ئازادی مەسیحیدا ـــ نەك تەنیا نموونەگەلێك بوون لە چاکسازییە مەزهەبییەکان، بەڵکو مەزنی و ڕێزی نەتەوەییشیان لەگەڵدا بوو.

لە (نامەی سەرکراوە بۆ ئەشرافە مەسیحییەکانی میللەتی ئەڵمانیا) دا، لۆسەر دەڵێت:" ئێستا کە رۆمییەکان شیلەی ئیتاڵیایان مژیوە، بڕیاری ئەوەیان داوە کە بێنە ناو ئەڵمانیاشەوە... ئێمە ئەڵمانییەکان چۆن دەتوانین مل بۆ دزینی ماڵ و موڵکەکەمان لەلایەن پاپاوە بدەین؟"(٢٥) لۆسەر لەم نامیلکەیەدا سەرەڕای ئەوەی کە بە هۆی کێشەی ئابووری، ئەڵمانییەکانی بانگهێشت کرد بۆ راپەڕین بە دژی کەنیسە، بانگەشەی کرد کە تەواوی مەسیحیەکان ئەندامی بنەماڵەی قەشەکانن و ئەو تیۆرە کە قەشە دیاریکراوەکان، گرووپێکی جیا پێك دەهێنن، ناڕاستە. ئەم نامیلکەیە لە چاپی یەکەمدا کە چوار هەزار دانە بوو، لە کەمتر لە سێ هەفتەدا، فرۆشرا.

لۆسەر لە نامیلکەی (لەدیلیەتی بابێلی کەنیسە)دا، دیلیەتی کەنیسەی لەلایەن رۆماوە، لەگەڵ دوو هەزار ساڵ بەرلەوە، کاتێك کە جوولەکەکان بە زۆر لە ئیسرائیل دەرکران تا لە بابلدا بە دیل بگیرێن، بەراورد کرد. ئەو بانگەشەی کرد کە پاپاکان لە ڕێگای هەڵخەڵەتاندنی خەڵکەوە، لە بارەی مانا و ئامانجی ڕێوڕەسمە پیرۆزەکان ـ بەباوەڕی مەسیحییەکان ئەم ڕێوڕەسمانە لەلایەن جوولەکەکانەوە دەست پێکرابوون ـ کەنیسەیان لە چەنگی خۆیاندا هێشتۆتەوە. لۆسەر دەنووسێ: "یەکەم، دەبێ بوونی حەوت جۆر ڕێوڕەسمی مەزهەبی وە درۆ بخەمەوە و بڵێم کە لە حاڵی حازردا تەنیا سێ جۆرە ڕێوڕەسمی ئایینی هەن: تەعمید، تۆبە و نان(عشاء ربانی)."(٢٦)

چەندین ساڵ دواتر، ئەو تەنیا دوو دانەیانی باوەڕ پێ هەبوون: تۆبە و (عشاء ربانی). بەهەرحاڵ ڕەتکردنەوەی ڕێوڕەسمە مەزهەبییەکانی تر: سەلماندن ( ڕێوڕەسمی پەسندکردنی ئەندامەتی لە کەنیسەـ و. فارسی)، هاوسەرگیری، فەرمانە پیرۆزەکان، چەورکردنی نەخۆشان، لادان بوو سەبارەت بە بنەماکانی کەنیسەی کاتۆلیك.

لە نامیلکەی سێیەم (ئازادیی مەسیحی) دا، لۆسەر دەڵێت:" مەسیحی ئاغا ئازادەکەی هەر شتێکە و پەیڕەوی هیچ کەسێك نییە؛ بەم پێیە ئەو پێویستی بە ئەنجامدانی کارێکی تایبەت نییە تا رزگاری بکات، لە بەر ئەوەی باوەڕ بە تەنیایی هەموو ئەم شتانەی لە گەڵدان."(٢٧) ئەوەی کە ئایا کارە چاکەکان دەبنە هۆی ڕزگاری یا باوەڕ بە تەنیایی لە توانایدایە، بۆ ماوەی ساڵەها بوونە جێی باسی چاکسازیخوازەکان.



## تەکفیرکردنی لۆسەر

لە حوزەیرانی ١٥٢٠دا پاپا لیئۆ فرمانێکی دەرکرد کە هەندێك لە وتەکانی لۆسەری تێدا بە شێوەیەکی روون، لەبەر چاو خرابوون. لیئۆ بەم قسەیە دەستی پێکرد کە تیۆرە شەیتانی و هەڵە کێشەسازەکان لە بنەماکاندا، ئێستا ئیدی هەندێ لە ناوچەکانی ئەڵمانیایان گرتۆتەوە. ئەو درێژەی پێدا:

> سەرەڕای ئەوە، لەوێوە کە ئەم هەڵە ناوبراوانە و زۆر لە هەڵەکانی تر، لە نووسینەکانی مارتین لۆسەردا هەن... ئێمە (پاپا، بە زمانی فەرمی)بەم جۆرە تەواوی نووسینەکانی مەحکووم دەکەین... و تەواوی باوەڕدارانی مەسیح ئاگادار دەکەینەوە کە خۆیان بە دوور بگرن لە خوێندنەوەی نووسینەکانی و ستایشکردن و چاپکردنی و بڵاوکردنەوە و بەرگری لێکردنیان.(٢٨)

ئەو پاشان شەست رۆژ مۆڵەتی دا بە لۆسەر، کە قسەکانی وەربگرێتەوە و بێتە رۆما و ئەگەر وەها نەکات، تەکفیر و مەحروم دەکرێت لە بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکانی کەنیسەدا.

بەهەرحاڵ، لۆسەر لەوکاتەدا دەروەست بوو بۆ چاکسازی. زۆرێك لە زاناکان و توێژەکانی تر، پشتیوانییان لە قسەکانی کرد و لۆسەر ئەمەی وەها لێکدایەوە کە خوا، لێی دەخوازێت درێژە بە ململانێکەی بدات: لە هەلومەرجی ئێستادا، کەنیسە بووەتە" پیسترین مەکۆی دزان، شەرم هێنەرترین سۆزانیخانە و قەڵەمڕەوی گوناه و مردن و جەهەننەم."(٢٩) کاتێك کە لۆسەر زانی نوێنەرەکانی پاپا دەستیان داوەتە سووتاندنی نووسراوەکانی، بە توندی وەڵامی دایەوە. لە کۆتایی مۆڵەتە شەست رۆژییەکەدا، گروپێك لە خوێندکار و مامۆستاکانی زانکۆی بۆ ئاگربازییەکی گەورە کۆکردنەوە و چەند نوسخەیەکی لە یاسا و کتێبەکانی کەنیسە کە حکومەتی پاپایان پەرە پێدەدا، سووتاندن. لۆسەر لە دواییدا، نوسخەیەك لە ئیمزای پاپاشی ئاگر تێبەردا. رۆژی دواتر رایگەیاند کە رزگاری تەنیا بۆ کەسانێك بەرهەڤ دەبێت کە سەرپێچی لە حکومەتی پاپا بکەن. بەم جۆرە هەروەك ویل دۆرانتی مێژوونووس دەڵێت:"راهیبی ئەڵمانی پاپای تەکفیر کردبوو."(٣٠)



**لۆسەر، لە کردەیەکی توندا بە دژی حکومەتی پاپا، ئیمزای پاپا دەسووتێنێ کە بەتەکفیرکردن هەڕەشەی لێ کردبوو.**

سەرەڕای دژایەتی لۆسەر لەگەڵ پاپا لەوەها ئاستێکدا، ململانێکانی لەگەڵ دەسەڵاتی دنیاییدا هێشتا دەستیان پێنەکردبوو. لۆسەر هیوادار بوو کە ئیمپراتۆرییەتی پیرۆزی نوێی رۆما، شارلی پێنجەم، هاوکاری پرۆسەی چاکسازی کەنیسە بکات. شارل ئەگەرچی دژ بە بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی پاپا لە سنووری خۆیدا نەبوو، بەڵام بە سوێندەکەی خۆی وەفادار مایەوە سەبارەت بە پشتوانیکردنی کەنیسە. ئەو نەیدەتوانی ئەو هاتوهاوارە وەپێش چاو نەگرێ کە چاکسازیخوازەکان لە سەرزەوی ئەڵمانیادا بەدییان هێنابوو. زۆربەی خەڵك، لەوانە هەندێك لە هەڵبژێرەران، کاتێك کە لۆسەر باسی دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەری پاپای کرد سەبارەت بە وان، بە توندی هەستیان کرد کە ئەو راست دەکات. لەم نێوەدا هەڵبژێرەر فرێدریکی ئاقڵ، یەکێك لە بەرگریکارە بەهێزەکانی لۆسەر بوو. شارل بڕیاری دا کە قسەکانی لۆسەر ببیستێ و بۆ ڕێوڕەسمێکی شاهانە بانگهێشتی کرد، کە وا بڕیار بوو لە شاری (وۆرمس)دا لە نیسانی ١٥٢١دا پێك بێت.



لۆسەر ئەم بانگهێشتەی بە دڵ فراوانی و خۆشحاڵییەوە پەسەند کرد، لەبەرئەوەی پێشوازی لە هەر هەلێك دەکرد بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی. لۆسەر لە هەر شوێنێکدا کە قسەی دەکرد کۆمەڵێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆدەکردنەوە و هەر وتارێك دڵنیایی ئەوی لەبارەی راستیی ئەوشتەوە کە وەپێشی گرتبوو، زیاتر دەکرد. جەماوەر تا شاری وۆرمس وەدوای داشقەکەی کەوتن. کاتێك کە ئاگاداریان کردەوە لەوانەیە مەترسیگەلێك لە پێشدابن، بە (شپالاتین)ی هاوڕێی گوت: "ئەگەرچی بە ئەندازەی خشتی سەربانی ماڵەکان دێو لە شاری وۆرمسدا هەن، بەڵام هەر ئامادە دەبم". (٣١)

## ئەنجوومەنی شاری وۆرمس

لۆسەر لە ئەنجوومەنی شاری وۆرمس لە بەرامبەر ئیمپراتۆردا ئامادە بوو. لێیان پرسی:"ئایا هەموو ئەم کتێبانە خۆت نووسیوتن و بەرگری لە هەموویان دەکەی؟" لۆسەر پشتڕاستی کردەوە کە بەدڵنیاییەوە هەموو کتێبەکان هی ئەون مەگەر ئەوەی کە لە کاتی چاپ و بڵاو کردنەوەدا گۆڕدرابن. پاشان داوای لە ئەنجوومەن کرد سەرنجی ئەو مەسەلەیە بدەن کە" کتێبەکانم هەموو یەك جۆر نین. لە هەندێکیاندا لە بارەی باوەڕی مەزهەبی و ئەخلاقیاتەوە بە روونی باسم کردووە... و هەر لە بەر ئەوەشە تەنانەت دوژمنەکانم دان بەوەدادەنێن کە بۆ مەسیحییەکان بەکەڵك و بێ زیانن و بۆ ئەوە دەبن بخوێنرێنەوە." ئەو هەروەها درێژەی پێدا:

هەندێکی تر لە کتێبەکانم هێرش دەکەنە سەر سیستەمی حکومەتی پاپا و کردەی لایەنگرەکانی؛ کەسانێك کە بە هۆی بنەما و نەریتە ناپاکەکانیان دنیای مەسیحیەتیان تووشی بەڵایەك کردووە کە کار دەکاتە سەر جەستە و روح... هەروەها موڵك و داراییەکان، بە تایبەت موڵکی میللەتی گەورەی ئەڵمانیا، لەلایەن حکومەتێکەوە بە تاڵان براوە کە بە شێوەیەکی ناباوەڕانە و ستەمکارە... بەم پێیە ئەگەر بێت و من نووسراوەکانم وەربگرمەوە، کارێکم نەکردووە، بێجگە لەوەی کە دەسەڵاتی ئەم حکومەتە ستەمکارە پەرە پێبدەم. بەم کارە من نەك تەنیا پەنجەرەکان، بەڵکو دەرگاکانیش بەرەو وەهابێ خوداییەك دەکەمەوە."(٣٢)

لۆسەر هەروەها گوتی لەوەی کە ئیمپراتۆر یا هەر کەسێکی تر رەخنەگەلێکی سەبارەت بە رێنماییەکانی لێ بگرێت خۆشحاڵ دەبێت، بەڵام "ئەو لە دیتنی ئەو خرۆش و هەیەجان و شەپۆلە دژایەتییەی کە دوابەدوای قسەی خوا دەستی پێکردووە، دڵخۆشە." دوای ئەوەی کە لۆسەر کۆتایی بە قسەکانی هێنا، ئیمپراتۆر سەرلەنوێ پرسیارێکی سادەی کرد: ئایا ئامادەیە لە تەواو یان بەشێك لە نووسینەکانی پاشگەزببێتەوە؟ لۆسەر وەها وەڵامی دایەوە:

من بەو وەرگرتنەی کە لە کتێبی پیرۆز کردوومە وەفادارم. تا گوناهی من بە شاهیدی کتێبی پیرۆز یا بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرەوە، نەسەلمێندرێ (من باوەڕم بە مەرجەعیەتی پاپا یا ئەنجوومەنەکانی کەنیسە نییە، چونکە بۆچوونەکانیان دژی یەکتر بوون) ئەوا ویژدانم دیلی قسەی خودا دەبێ. من نە دەتوانم و نە ئامادەم حاشا لە قسەکانم بکەم، چونکە هەر شتێك کە لەگەڵ ویژدانمدا دژ بێت، ناڕاستە و مایەی دڵنیایی نییە."(٣٣)



**لۆسەر لە رێوڕەسمی ئەنجوومەنی وۆرمس دا، ئەوشوێنەی کە داوایان لێکردئیۆرە ئاییننییە نوێکانی رەت بکاتەوە**

رەنگە بەناوبانگترین لێدوانەکانی لۆسەر لە کۆتایی ئەم قسانەدا نەهاتبێ و تەنیا دواتر زیاد کرابێ بە نووسینەکانیەوە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەم وشانە هەست و سۆزەکانی ئەو لەر سەردەمەدا دەردەخەن:

" من ناتوانم کارێکی تر بکەم. من لێرە راوەستاوم، خوا یارمەتیم بدات. ئامین"(٣٤)

ئەم وەڵامە یەکلاکەرەوە و پتەوە ئیمپراتۆری رازی نەکرد، ئەو وەڵامی دایەوە:

دوای بیستنی وەڵامێکی کەللەڕەقانە کە لۆسەر دوێنێ لە رێکەوتی هەژدەی نیساندا بە ئامادە بوونی هەمووومان دایەوە، من پێتان رادەگەیەنم لەوەی کە تا ئەم ئاستە کارکردن بە دژی لۆسەر و بنەماکانیم وەدوا خستووە، پەشیمانم و ئیدی ئامادەی بیستنی قسەکانی نیم. بەڵام دەمهەوێ ڕۆشنی بکەمەوە کە



ئەو دەبێت بە پەلە... پاشەکشەی پێ بکرێت... بە بێ ئەوەی کە بە بنەما خراپەکانی، ئامۆژگاری خەڵك بکات... بڕیارم داوە کە وەك بیدعەکارێکی ریسوا لە دژی کار بکەم."(٣٥)

لۆسەر دواتر بۆ هاوڕێیەکی نووسی دڵگرانە لەوەی کە هەلێکی دیکەی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ زانایانی ئایین لەبارەی بیروباوەڕەکانی دەست نەکەوتووە،

من لەم باوەڕەدا بووم کە خاوەنشکۆیەك یا ئیمپراتۆر پەنجا زانای کۆکردوونەتەوە، تا بە میتۆدێکی دیاریکراو بە سەر منی راهیبدا سەرکەون. بەڵام لەوێ بێجگە لەمە هیچی تر ئەنجام نەدرا:

ئایا ئەمانە کتێبەکانی تۆن؟ بەڵێ. ئایا دەتەوێ رەتیان بکەیەوە؟ نەخێر. کەواتە بڕۆ!(٣٦)

***لۆسەر لە میوانداریی وۆرمس دا***

*بەرهەمەکانی مارتین لۆسەر لە پەنجا و پێنج بەرگدا، بە پێداچوونەوەی هێلموت.تی لێهمان ( Helmut T. lehmann) بە زمانی ئینگلیزی لەبەر دەستدان. ئەم بەشە لە قسەکانی لۆسەر لە بەرامبەر ئیمپراتۆر شارل و شازادە ئەڵمانییەکان، لە رێکەوتی ١٨ی نیسانی ١٥٢١دا لە شاری وۆرمس لە بەرگی ٣٢ی ئەم کۆمەڵەوە وەرگیراوە.*

*" ئەی ئیمپراتۆری خاوەنشکۆ و ئەی شازادە ناسراوەکان، سەبارەت پرسیارەکانتان، لە بارەی ئەوەی کە ئایا ئەو کتێبانەی کە بە ناوی منەوە چاپ بوون بەراستی هی منن و ئەوەی کە ئایا من بەرگرییان لێ دەکەم یا نا، وەڵام دەدەمەوە. من وەڵامێکی تەواوم بە پرسیاری یەکەم داوەتەوە کە تێیدا هێشتا پێداگری لە بڕیارەکەم دەکەم بۆ هەمیشەش پێداگری لە سەر دەکەم... ئەم کتێبانە هی منن و ئەوان لە لایەن من و بە ناوی منەوە بڵاو کراونەتەوە.*

*لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا، من داواتان لێدەکەم سەرنجی ئەو خاڵە بدەن کە کتێبەکانم هەموویان یەك جۆر نین. چونکە لە هەندێکیاندا من لە بارەی باوەڕی مەزهەبی و ئەخلاقیاتەوە بە روونی باسم کردووە... و هەر لە بەرئەمەش، تەنانەت دوژمنەکانیشم ناچارن دان پێدا بنێن کە بۆ مەسیحییەکان بەکەڵك و بێ زیانن و بۆ ئەوە دەبن بخوێندرێنەوە...*

*هەندێکی تر لە کتێبەکانم بە دژی سیستەمی حکومەتی پاپا و کردەوەی لایەنگرکانی پاپا نووسراون، بە دژی ئەوانەی کە بە هۆی بنەما و نەریتە شەڕانییەکانیان دنیای مەسیحییەتیان تووشی بەڵایەك کردووە کە کار دەکەنە سەر جەستە و روح... بەم پێیە لە حاڵێکدا ئەگەر من نووسراوەکانم وەربگرمەوە، هیچ کارێکم نەکردووە، بێجگە لە زیادکردنی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ئەم حکومەتە و بەم جۆرە من نەك تەنیا پەنجەرەکان، بەڵکو دەرگاکانیشم بە رووی وەها بێ خوداییەکدا دەکردنەوە.*

*من کتێبەکانی جۆری سێیەمم بە دژی کەسانێکی تایبەت و( بەگوتەی خۆیان) بەرجەستە نووسیون ــ واتە ئەوانەی کە بۆ پاراستنی حکومەتی زاڵمانەی رۆما و لەناوبردنی بیروباوەڕی خودایی هەوڵ دەدەن. دەبێ دان پێدا بنێم کە من زیاد لەوەی کە مەزهەب یا پسپۆڕییەکەم دەیهەویست، لە دژی ئەم گرووپە توندوتیژیم بەکار بردووە. دەبێ ئەوەشی بخەمە سەر کە من خۆم بە(قەدیس) دانانێم و لەبارەی ژیانمەوە قسە ناکەم، بەڵکو لەبارەی رێنماییەکانی مەسیحەوە قسە دەکەم. بۆم گونجاو نییە کە ئەم بەرهەمانە وەربگرمەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا بە پشتیوانیی من، حکومەتی زوڵم و ستەم و بێ خودا، توندو تیژتر لە هەمیشە، بە سەر خەڵکی خودا دۆستدا فەرمانڕەوایی و زوڵم دەکات."*

***قسەکانی لۆسەر لە بارەی پیاوان، ژنان و ژنهێنانەوە***

*لۆسەر لە بارەی هەر شتێکەوە قسەی هەبوون. ئەم بابەتە کە لە وتارەکەیدا لە بارەی هاوسەرگیریی، لە بەرگی ٤٥ی بەرهەمەکانییەوە وەرگیراوە، باس لە رۆڵی ژنان و پیاوان دەکات.*

*"ئەمەش میتۆدێکە بۆ هێمن کردنەوە و دڵگەرم کردنی ژنان لە کاتی ئازاری منداڵ بووندا... بڵێن لە بیرت بێت کە تۆ ژنێکی و خوڵقێنراوی خوا، لە بوونتدایە. ئەمە خۆشحاڵی دەکات. بڵێن، بەو پەڕی حەز و ئارەزووەوە، باوەڕ بە خودا بکە و بهێڵە با بە شێوازی خۆی لەگەڵتدا هەڵسوکەوت بکات. بە تەواوی هێزەوە هەوڵ بدە کە منداڵەکە بەرەو پێشەوە ڕێنوێنی بکەی. ئەگەر ئەمە بە مانای مردنی تۆ بێت، کەواتە بە خۆشحاڵییەوە بفڕە، کە لە کردەیەکی شەرەفمەندانە و لە ڕێگای خزمەت بە خودادا دنیات بەجێ هێشتووە. ئەگەر تۆ ژنێك نەدەبووی لەمساتەدا، تەنیا لە بەر ئەوە ئارەزووی ژن بوونت دەکرد، کە لە حاڵی ئەنجامدانی کارێکی خوایی و خواستی خوا بە شێوەیەکی شایستە ئازار بچێژی و تەنانەت بشمری.*

*ئێستا ئیدی پێم بڵێن، کاتێك کە باوك دەست و مەچەکی هەڵدەکا و پەڕۆکانی منداڵەکەی دەشوات یا کارگەلێکی پەستتر ئەنجام دەدا کەسێکی تر وەك دەبەنگێکی ژنانی وەسفی دەکات و گاڵتەی پێدەکات ـلەگەڵ ئەوەی کە ئەو باوکە بەمەعنەوییەتەی باسم کرد و بە ئیمانی مەسیحییەوە کاردەکات- کامیان بە زەوقێکی زیاترەوە گاڵتە (بە ئەوی) تریان دەکات؟ خوا، هاوڕێ لەگەڵ هەموو فریشتە و خوڵقێنراوەکانی پێدەکەنن ـ نەك تەنیا لە بەر ئەوەی کە باوکێك پەڕۆی منداڵەکەی دەشوات، بەڵکو لە بەر ئەوەی کە ئەو بە باوەڕی مەسیحی ئەوە ئەنجام دەدات. کەسانێك کە گاڵتەی پێدەکەن و تەنیا سەیری کردە دەکەن نەك باوەڕ، لە ڕاستیدا گاڵتە بە خوا و تەواوی خوڵقێنراوەکانی دەکەن و ئەوانە نەزانترین کەسانی سەر رووی زەمینن. لەڕاستیدا ئەوان تەنیا گاڵتە بە خۆیان دەکەن."*

## لۆسەر وەك تاوانبار

فرمانی ئیمپراتۆر دوایین گورز بوو کە لۆسەری لە هەموو بابەتەکانی پێشوو جیا کردەوە. پاپا، تەکفیری کردبوو؛ ئێستا ئیدی ئیمپراتۆر، وەك تاوانبار لە کۆمەڵگا دەری کردبوو. لۆسەر لە ڕێگای گەڕانەوەدا بۆ ویتێنبێرگ، لەگەڵ هەڵبژێر فرێدریك دا کە بۆ ماوەیەکی درێژ پشتیوانی لێ کردبوو و ئێستا ئیدی ناچار بوو گوێڕایەڵی ئیمپراتۆر بێت، ڕێکەوتنێکی ئەنجام دا.



دوا بەدوای مەحکوم کردنی لۆسەر، هەڵبژێرەر فرێدریك ـ کە پشتیوانی لە بۆچوونەکانی لۆسەر دەکرد ـ کارێکی ڕێك خست تا ئەو ڕاهیبە تەکفیر کراوە برفێندرێ و بگوازرێتەوە بۆ کۆشکی (وارتبوورگ)





لەم ژووره چۆڵەی وارتبوورگدا، لۆسەر دە مانگی بە وەرگێڕانی کتێبی ئینجیل (چاخی نوێ)ەوە بردەسەر

فرێدریك بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لۆسەرکارێکی ڕێك خست کە لە ڕێگای ماڵەوەدا (بیگرن) و بیبەن بۆ شوێنێکی هێمن لە کۆشکی وارتبورگ (Wartburg). لۆسەر دە مانگ لەوێدا مایەوە و دەستی دایە نووسین، خوێندنەوە و ڕێکوپێك کردنی تیۆرە خواییەکانی و بە وەرگێڕانی ئینجیل (خاچی نوێ) بە زمانی ئەڵمانی، یەکێك لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی خۆی بە دەست هێنا.

لۆسەر باوەڕی وابوو کە خەڵك بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئینجیل دەگەنە باوەڕی خوایی. ئەو هەمیشە پێداگری لە سەر رۆڵی کاریگەری کتێبی پیرۆز لە ژیانی خەڵکانی مەسیحیدا دەکرد. هەڵێنجانی لۆسەر لە ئینجل بۆوە هۆی ئەوەی کە باوەڕ بە ڕێوڕەسمگەلێکی ئایینی کەمتر بهێنی و هەروەها بوو بە هۆی ئەوەش کە ڕاڤەی ئەو لە سەر (عشاءربانی) لە بنەڕەتدا لەگەڵ ڕاڤەی کەنیسە بۆ ئەم ڕێوڕەسمە جیاواز بێت.

لە یەکێك لە ڕێوڕەسمە کۆنەکانی کەنیسەدا، تەنیا قەشەکان لە ڕێوڕەسمی (عشاء ربانی) دا نان و شەرابیان پێکەوە دەخوارد و خەڵکی ئاسایی تەنیا نانیان دەخوارد. لۆسەر گەیشتە ئەو باوەڕەی کە هەموو خەڵك دەبێ هەر دووکیان بخۆن.



**تەنانەت باوەڕەکانی لۆسەر لە بارەی هاوسەرگیرییەوە لەگەڵ کەنیسەدا لە دژایەتیدا بوون. لۆسەر چەندین ساڵ دوای ئەوەی کە ئەم بۆچوونانەی دەرخستن، ژنی هێنا. کە ئەمە جیایی بوو لە باوەڕە دینییەکانی کاتۆلێك.**

بە هەر حاڵ کێشەی گرنگتر، هەڵێنجانی لۆسەر بوو لە مانای (عشاء ربانی). بۆ چەندین سەدە زانایانی ئایینی، دەستیان دابۆوە باس و گفتوگۆ لەم بارەوە و دواجار ڕێکەوتبوون کە نان و شەراب لە کاتی ڕێوڕەسمی(عشاء ربانی)دا دەگۆڕێت بۆ جەستە و خوێنی عیسا.

لە راستیدا ئەگەرچی روالەتەکەی هێشتا نان و شەراب بوو، بەڵام جەوهەرەکەی عیسا بوو و ڕوودانی وەها ڕووداوێك، بە شێوەیەکی نەبینراو لە بەرامبەر چاوی مرۆڤ، وەك نهێنیی گەورەی باوەڕ دادەنرا. لۆسەر لەو باوەڕەدا بوو کە عیسا بە جۆرێك لە جۆرەکان لە جەوهەری نان و شەرابدا هەیە. واتە، نان عیسایە بەڵام لە هەمان کاتیشدا هێشتا هەر نانە. لۆسەر هەروەها لەگەڵ ئەو باوەڕەشدا دژ بوو کە لە هەر ڕێوڕەسمێکی (عشاء ربانی)دا، مەسیح دەبێتە قوربانی ــ واتە دووبارە لە خاچ دەدرێت تا گوناهەکانی هەموو خەڵك بشواتەوە ــ ئەو باوەڕی بەوە نەبوو کە (عشاء ربانی) بە خودی خۆی بووەتە قوربانی، بەڵکو ئەم ڕێوڕەسمە تەنیا کۆمەك بە باوەڕدارەکان دەکا کە بکەونەوە یادی قوربانی بوونی عیسا لەکاتی لە خاچدانی.

لۆسەر هەروەها لە لادانێکی دیکە لە باوەڕی ئایینی، بەو باوەڕە گەیشت کە لە ئینجیلدا پشتگیری لەو رایە نەکراوە کە قەشە و راهیبەکان نابێت ژیانی هاوسەری پێك بێنن و ئەو هانی راهیبە گەنجەکانی دا کە پەرستگاکان بەجێبهێڵن و ژیانی هاوسەری پێك بێنن.



لەم کاتەدا کە چوار ساڵ بە سەر بڵاوبوونەوەی نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەدا تێدەپەڕی، باوەڕەکانی لۆسەر لە ئەڵمانیا و شوێنەکانی تردا بەرگرییان لێ کرابوو. ئەو راستییەی کە لۆسەر لە شاری وۆرمسدا ئیمپراتۆری پشتگوێ خستبوو و ئەوەندە زیندوو مابووەوە کە مەسەلەکە روون بکاتەوە، پشتیوانەکانی دڵگەرم دەکردن. لۆسەر پێوەندییەکی بەرفراوانی لەگەڵ هاوڕێکانی پاراست و ئەوان بە نەبوونی ئەو، چاکسازییان بەرەو پێش برد. لە ئەوروپادا هیچ گەڕانەوەیەك لە چاکسازی لە ناو مەسیحیەتدا، بەرچاو نەدەکەوت.

## بۆچی لۆسەر؟

بۆچی وەها ئاڵوگۆڕگەلێکی سەرسووڕهێنەر دوا بە دوای قسەکانی مارتین لۆسەر روویان دا؟ کەسانێکی تری وەك ویکلیف و هۆس لەسەدەی سێزدەهەم و چواردەمدا قسەگەلێکی هاوشێوەی زۆریان کردبوون بەڵام هیچکات باوەڕەکانیان وەها نەکەوتبوونە بەر سەرنج. ئەگەر بڕیار بوو کەسێك لە کات و شوێنێکی دروستدا هەڵکەوێت، ئەوە مارتین لۆسەر بوو. خەڵکی ئەڵمانیای سەدەی شانزەم، تاکگەراییان بە بەها دادەنا. ئەوان زۆر حەزیان لێبوو گوێ لە قسەی کەسێك بگرن کە لە بارەی ئازادییانەوە لە دەستی پاشایەکی بیانی (پاپا) قسە دەکات. لۆسەر بە زمانی ئەڵمانی و بە روونی لە بارەی بەدەستەوەگرتنی ژیانی مەعنەوی قسەی لەگەڵدا دەکردن و دەیهەویست کە خۆیان، راڤەکارانی ئینجیل بن. بە شێوەیەکی سادە، ئەو فەلسەفەکەی وەها دەردەبڕی: "هەرکەسێك دەبێت قەشەی خۆی بێت." هێزی باوەڕی لۆسەر، توانای قسەکردن و کەسایەتییە بەهێزەکەی هۆکارگەلێك بوون کە ئاڵوگۆڕەکانیان بەرهەڤ کردبوون. چاکسازی دەستی پێکردبوو بەڵام ڕێگایەکی درێژی لە پێش بوو.

## (٣)

## «کێشەی گەورە»ی پاشا: چاکسازی لە بەریتانیا

لە بەریتانیا چاکسازی ڕێڕەوێکی جیاوازی پێوا. زۆرێك لە ڕۆشنبیرە بەریتانییەکان لانیکەم لەگەڵ هەندێك لە ڕایەکانی مارتین لۆسەردا بوون، بەڵام زۆرینەی خەڵك کە نەیاندەتوانی لاتینی یا ئەڵمانی بخوێننەوە، ئەوەندە نەکەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونانەی کە لە ویتێنبێرگەوە دەردەکران. لەبەرامبەردا، بڕیاردرا بۆ جیاکردنەوەی زنجیرەی پلە و پایەی کەنیسەی کاتۆلیك لە لایەن پیاوێکەوە، تەنیا لەبەر کێشەگەلێکی سیاسی و تایبەتی. ئەمە پەرسیارێکی سادە بوو: چ کەسێك بەرپرسیاری کەنیسەی کاتۆلیکە، پاپا یا پاشا؟

پاشا هێنریی هەشتەم، پیاوێکی عاقڵ و بەگوڕ، یەکێك لە بەناوبانگترین پاشاکانی ئەو سەردەمە بوو و دەست و پێوەندەکانی زۆریان خۆش دەویست. ئەو لەکاتی لوتکەی بەهێزیدا قۆز و وەرزشکار بوو و لەگەڵ ئەوەشدا خوازیاری میراتگرێکی کوڕ بوو. هێنری هەشتەم باوەڕی بەوە هێنابوو کە بەبێ کوڕێك کە لە دوایەوە بڕوات، بەریتانیا تووشی جەنگ دەبێت. بە باوەڕی ئەو نەك تەنیا بەردەوامی ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەو لە مەترسیدا بوو بەڵکو هێمنیی وڵاتەکەشمان کەوتبووە مەترسییەوە."[٣٧]

هێنری هەژدە ساڵ بوو کە لەگەڵ کاترین ئاراگۆنی ژیانی هاوسەری پێکهێنا ئەم ژن و پیاوە کچێکیان هەبوو بەناوی ماری. کاترین چەندین منداڵی تری لەوانە چەند کوڕێکی هێنا دنیاوە، بەڵام هیچکامیان زیاتر لە چەند هەفتەیەك نەژیان. لە ساڵی ١٥٢٧دا، هێنری کە نیوەی ژیانی لەگەڵ کاتریندا تێپەڕاندبوو، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کاترین قەت کوڕێك ناهێنێتە دنیاوە کە بمێنێ و بیری لەوە کردەوە کە لەگەڵ ژنێکدا ژیانی هاوسەری پێك بێنێ. کە بتوانێ کوڕگەلێکی ساغ و سەلامەتی هەبن. ئەو تەنانەت بیریشی لەو ژنە کردبۆوە: ئان بۆلین، خزمەتکار و خوشکەزای دیووك ئۆف نۆرفۆك (Duke of Norfolk).

هێنری هەشتەم، هاوڕێ لەگەڵ نزیکەی تەواوی کەسەکانی دنیای مەسیحیەت، لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە جیایی نێوان ژن و مێردی (تەعمید) کراو، نامومکینە و تەنیا مردن دەتوانێ





داوای هێنری هەشتەم بۆ کۆنترۆڵی کەنیسەی بەریتانیا، ڕەوتی چاکسازی بەرفراوانتر کرد

لێکیان جیا بکاتەوە. لەم ڕووەوە، ئەو بە مانا ئەورۆپییەکەی تەڵاق، بە دوای جیابوونەوە لە کاترین نەبوو. بەڵکو هیوادار بوو کە لە کەنیسەوە مۆڵەتنامەیەکی فەرمی وەربگرێت، لە سەر ئەو بنەمایەی کە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کاترین لە سەرەتاوە خاوەنی بەهایەکی ئەوتۆ نەبووە تا بۆ ژنهێنانی سەرلەنوێ بەربەستێکی نەبێت. وەها پشتڕاستکردنەوەیەکی ڕەسمیان بە هەڵوەشاندنەوە (فەسخ) ناو دەبرد.

هێنری بناغەی وەها هەڵوەشاندنەوەیەکی بەو ڕاستییە ڕەتنەکراوەیە دانا کە کاترین بیست و پێنج ساڵ پێشتر لەگەڵ برا گەورەکەیدا (ئارسەر) ژیانی هاوسەرێتی پێکهێنابوو. ژیانی هاوسەرێتیی ئەو دوو لاوە لە لایەن باوکی ئارسەر و هێنری و باوك و دایکی کاترین، فێردیناند و ئیزابێلەوە ڕێکخرابوو. ئارسەر تەنیا چەند مانگ دوای ژنهێنان کۆچی دوایی کرد. لەوێوە کە هێنریی لاو (کە ئەوکات دوازدە ساڵی بوو) کەسی دواتر بوو بۆ بوون بە پاشا، هەر دوو لا ڕێککەوتن کە کاترین شوو بە هێنری بکاتەوە تا لە بەردەوامیی "ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان بەریتانیا و ئیسپانیا" دڵنیا بن.[٣٨]

هێنری و کاترین بەر لەوەی کە بە فەرمی هاوسەرگیری بکەن، لە پاپا یۆلیۆسی دووەمەوە ئیزنی تایبەتیان بۆ زەماوەند وەرگرت. ئەم کارە پێویست بوو، چونکە بۆ زەماوەند لەگەڵ خزمان یاسا گەلێك هەبوون و کاترین براژنی هێنری بوو. ئەوکات تا ڕادەیەك هەموو خەڵك، لەوانە هێنری، ڕێ پێدانیان تەنیا بە شتێکی تەشریفاتی دادەنا.

ئێستا، دوای هەژدە ساڵ کە لە ژنهێنانەکەی تێپەڕیبوو، هێنری لە پاپای نوێ (کلیمنس)ی حەوتەمی دەویست کە بڵێت پۆلیۆس هەڵەی کردووە. ئەو پێویستی بە راگەیەنراوێکی فەرمی هەبوو کە تێیدا باس لەوە بکرێت کە ئەو و کاترین قەت بە شێوەیەکی یاسایی ژیانی هاوسەرییان پێك نەهێناوە. لە راستیدا ئەو رێ پێدانی لەناو رێ پێداندا دەویست.

## ویژدانی پاشا

یەکەمین هەنگاوێك کە هێنری هەڵی هێنایەوە، دوای هاوکاری لە کاردینال تۆماس وۆلسێی، سەرۆکی ئۆسقۆفەکانی یۆرك و سەرۆکی دیوانی باڵای بەریتانیا بوو. زۆربەی خەڵکی بەریتانیا پاشاکەیان خۆش دەویست بەڵام (وۆلسێی)یان بە سووك دادەنا؛ وۆلسێی خۆپەسەند و فشەکەر بوو و زۆرێك لە کارە ناخۆشەکانی پاشای وەك وەرگرتنی ماڵیاتی بە ئەستۆوە بوون. ئەو تەنانەت هەندێ جار لە بیری دەکرد کە چ کەسێك بە راستی پاشایە. لە روانگەی شاهیدێکی بیانییەوە:

> لە گەشتی یەکەمدا بۆ بەریتانیا، کاردینال پێمی دەگوت:" خاوەن شکۆ، وەها دەکەن و وەها دەکەن"، پاشان گوتی:" ئێمە وەها دەکەین"، لە حاڵی حازردا، ئەو... دەڵێت:"من وەها و وەها دەکەم"... ئەگەر بڕیار بێت کە لە نێوان پاشا یا کاردینالدا یەکێکیان هەڵبژێرین باشتر ئەوەیە کە پاشا پشتگوێ بخەین، چونکە کاردینال لەوانەیە دڵی بڕەنجێ لەو رێزەی کە لە پاشا دەگیرێ."[٣٩]

وۆلسێی کە هێنری دڵنیا کردبوو، پاپا ئیزنی هەڵوەشاندنەوەکە دەدات، خۆی لەبارەی (کێشە گەورەکە) پاشاوە نامەیەکی بۆ رۆما نووسی، ئەو وەها شی کردەوە کە هێنری لەو بابەتە نیگەرانە کە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ لەگەڵ کاترین دا ژیاوە لە حاڵێکدا کە لەگەڵیدا بە شێوەیەکی فەرمی ژیانی هاوسەرێتی پێکنەهێنابوو و نەشیدەتوانی زەماوەند بکات. پاشا دەترسا کە نەبوونی توانایی ئەوان لە هەبوونی کوڕێکی تەندروست و ساغ و سلامەت، تەمبێ کردنی ئەو بێت لە بەر ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کاترین هەر وەك دەربڕینێك لە کتێبی پیرۆز لاویان ٢٠:٢١) دەڵێت: "وە کەسێك کە ژنی براکەی خۆی بهێنێ، کارێکی پەستی کردووە... هەر دووکیان بێ منداڵ دەمرن.

وۆلسێی لە نامەکەیدا بۆ پاپا کلیمنس وەها درێژەی پێدەدات: "لەوێوە کە وەها زەماوەندێك بە پێچەوانەی یاسای خوداییە، ویژدانی پاشا بە جۆرێکی خەماوی رەنجاوە."[٤٠]





هێنری هەشتەم داوای لە کاردینال، تۆماس وۆلسێی کرد (ئەو وێنەیە) کە کێشەی ژنهێنانەکەی چارەسەر بکات.

پاپا ئەم داوایەی رەت کردەوە و هێنری دڵگران کرد. پاپا نەیدەویست بڵێت کە پاپای پێشوو هەڵەی کردووە سەرەڕای ئەوەش شاژن کاترین ئەو کێشەیەی روون کردبووەوە کە خۆی بە شێوەیەکی یاسایی بە هاوسەری هێنری دادەنێ و کلیمنسیش رەزامەندی دابوو.

رەنگە پاپاش بە گومان بووبێت لە مەبەستەکەی هێنری؛ سەرەڕای ئەمانەش ویژدانی هێنری تا کاتێك کە بڕیاری زەماوەندی نەدابوو لەگەڵ ئان بۆلین، کێشەیەکی بۆ دروست نەکرد بوو. ئەم بۆچوونە رەشبینە سەرسووڕهێنەر نەبوو. شکسپیریش لە شانۆنامەی هێنری هەشتەم دا بە جۆرێکی تەشەراوی هێناویەتی و باسی لێوە کردوون:

دیوك ئۆف ساڤۆك: پاشا لە چ حاڵێکدایە؟

لۆرد چەمبەرلین: من بە تەنیا بەجێم هێشت لە حاڵێدا کە مێشکی پڕ بوو لە فکری خەماوی و کێشە.

دیوك ئۆف نورتەك: هۆی چییە؟

لۆرد چەمبەرلین: وا دێتە بەر چاو کە کاریگەری زەماوەند لەگەڵ براژنەکەی بە توندی چووەتە ناو ویژدانی.

دیوك ئۆف ساڤۆك: نەخێر ژنێکی تر چووەتە ناو ویژدانی.[٤١]

پاپا کلیمنس وای بە باشتر دادەنا کە پشت بە دەستەواژەیەکی تر لە ئینجیل ببەستێ، (سەفەری تەسنیە ٢٥:٥) " هەر کاتێك دوو برا لە شوێنێکدا نیشتەجێ بن و یەکێکیان بە بێ هەبوونی کوڕ بمرێ... براکەی دەبێ ژنەکەی مارە بکاتەوە.

### چۆن ئامۆژگاریی پاشا بکەم؟

*یۆتۆپیا(ناوی دوورگەیەکی خەیاڵییە کە دەڵێن لەوێدا بنەما سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی تەواو جێبەجێ دەکرێن ـ و. فارسی) نووسینی تۆماس مۆر کە لە ساڵی ١٥١٥دا نووسراوە، بە مانای کەس پێنەزانە (ناکوجائاباد)؛ ئەگەرچی لە زماندا ئاماژەیە بۆ شوێنێکی تەواو و باش. لەم لاپەڕەیەدا مۆر و هاوڕێکەی پیتێر، دەست دەدەنە قسەکردن لەگەڵ رافائێل کە پیاوێکی دنیادیدەیە. ئەوان پێشنیاری پێدەکەن کە ببێتە راوێژکاری پاشا، بەڵام ئەو ئەم کارە بە کۆیلەیی دادەنێ.*

*پیتێر وەڵامی دایەوە" مەبەستی من ئەوە نییە کە تۆ ببیە کۆیلەی پاشا، تەنیا دەڵێم لە خزمەتیدا بیت."*

*رافائیل وەڵامی دایەوە:" جیاوازیی ئەم دووە تەنیا لە ئاستی وشەدایە... من لە دەرباری پاشای فەرەنسا بهێننە بەرچاو... وا بێننە بەرچاو کە ئەندامانی ئەنجوومەن لەبارەی چۆنیەتی بە دەستهێنانی پارە بۆ خەزێنەی پاشا باس دەکەن. هەموو ئەندامەکان رازین کە پاشا قەت ناتوانێ وەك پێویست پارەی هەبێ، لەبەر ئەوەی ناچارە سوپا رابگرێ. دەڵێن تەنانەت ئەگەر بیهەوێ قەت توانای ئەنجامدانی کردەی نایاسایی نییە. لە حاڵێکدا کە تەواوی موڵکەکان هی ئەون، تەنانەت رەعیەتیش، هیچ کەسێك شتێکی نییە، بێجگە لەوەی کە پاشا لە بەر خێری خۆی، ئەو بە شیاوی هەبوونی ئەوە دادەنێت. پاشا دەبێت تا بکرێ رادەیەکی کەم بدات بەو. دەڵێی بە قازانجیەتی ئەگەر خەڵك دەوڵەمەند و ئازاد نەبن. لە بەر ئەوەی سەروەت و ئازادی دەبنە هۆی نەرم کردنەوەی گوێڕایەڵی مرۆڤەکان لە حکومەتی زاڵم و نادادەپەروەر. لە حاڵێکدا کە هەژاری دەبەنگیان دەکات و سەبریشیان زۆرتر دەکات و ئەو رۆحیەیەش ناهێڵێ کە بۆ یاخیبوون هانیان دەدات.*

*ئێستا ئەگەر من دوای ئەم پێشنیارانە، هەستمەوە و بانگەشەی ئەوە بکەم کە ئەم ئەنجوومەنە سەبارەت بە پاشا، سووکایەتی بە پاشا کردووە و بەشێوەیەکی تێکدەرانە کاری کردووە، چی دەبێت؟ وە ئەوەی کە رێزی پاشا و ئاسایشی ئەو زۆرتر لە گرەوی سەروەتی خەڵکەکەیدایە تا دارایی ئەو... ئەگەر من وەها بۆچوونگەلێك لە بەرامبەر کەسانێکەوە کە بە تەواوی دژی ئەمانەن رابگەیەنم، ئەوان چەندە لە بیستنیان دەرەنجێن؟*

*من ( تۆماس مۆر) دەڵێم" بە بێ شك بە تەواوی کەڕ دەبن و ئەمەش سەرسوورهێنەر نییە! ئەگەر راستت دەوێ، بە باوەڕی من تۆ نابێت ئامۆژگارییەك بکەیت کە دەزانی کەسێك گوێی پێ نادا. وەها ئامۆژگارییەك دەتوانێ چ هاوکارییەك بکات؟"*

لەم دەستەواژەیەوە دەکرێ ئاوا ئەنجامگیری بکەین، کە لە راستیدا هتیزی ناچارکراوە بۆ زەماوەند لەگەڵ براژنەکەیدا. بەڵام لەوانەیە گرنگترین هۆی بڕیاری پاپا پەیوەندی بە ئایەتە ناکۆکەکانی کتێبی پیرۆزەوە نەبووبێ: شارلی پێنجەم، ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆما، برازای کاترین بوو و لەم بارەوە بە روونی لایەنگری خزمەکەی بوو. کلیمەنس بۆ هێمن کردنەوەی ئیمپراتۆر داواکەی هێنری رەت کردبووەوە؛ لەگەڵ ئەمەشدا؛ شارل نەك تەنیا دەستی بە سەر رۆمادا گرت بەڵکو پاپاشی خستە بەندیخانەوە.



## سەرۆك وەزیر تۆماس مۆر



**کلیمنسی حەوتەم، خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی ژن و مێردایەتی هێنری لادا و ئەمە بوو بە هۆی جیایی بەریتانیا لە کەنیسەی کاتۆلیك**

لە ساڵی ١٥٢٩دا هێنری لە سەبرکردن بۆ جێبەجێ بوونی کارەکان لە لایەن (وۆلسیی)ەوە، ماندوو ببوو، بۆیە دەری کرد و کەسێکی تری بۆ سەرۆکایەتی دیوانی باڵا دیاری کرد، کە نە ئۆسقۆف بوو نە قەشە. سێر تۆماس مۆر یەکەمین کەسی ناڕوحانی، کە وەك سەرۆکی دیوانی باڵا دەستی بەکار کرد، یاساناس، قازی و نووسەر بوو. بە قسەی دسیدرپێوس ئەراسیمۆس، یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەر و زاناکانی ئەو سەردەمە، مۆر، مێردێکی وەفادار، باوکێکی عاشق و وتاربێژێکی سەرنجڕاکێش و کاریگەر بوو:" بە کورتی، ئایا سروشت قەت بلیمەتێکی وەك تۆماس مۆر، هێمن و شیرین و خۆشحاڵی خوڵقاندووە.؟[٤٢] مۆر لە کاتێکەوە کە هێنری هێشتا منداڵێك زیاتر نەبوو پاشای دەناسی و لە ژێر فەرمانی هێنری حەوتەمدا لە ئەنجوومەن خزمەتی کردبوو. چەندین ساڵ دواتر مۆر و هێنری هەشتەم بوون بە هاوڕێی یەکتری و دواتریش سەرۆکی دیوانی باڵا کاترینیشی ناسی و ستایشی کرد.

لەوانەیە لە ساڵی ١٥٢٥دا، مۆر لە نووسینی نامیلکەیەك بە ناوی (بەرگری لە حەوت رێوڕەسمە پیرۆزەکان) بە دژی مارتین لۆسەر هاوکاریی هێنری کردبێ کە تێیدا پاشا داکۆکی لە شوێنگەی کەنیسەی کاتۆلیك کردووە لە بارەی رێوەڕەسمە ئایینییەکان و پاپاوە، لە بەرامبەر هەڵوێستە دژەکانی راهیبی ئەڵمانی(لۆسەر). لەو نووسراوەدا هاتووە:

> ئەو (لۆسەر)، بەراستی ئەندامێکی گەورەی شەیتانە، کە هەوڵێکی زۆر دەدات، تا ئەندامەکانی مەسیحیەت لە سەریان جیا بکاتەوە! (هیچ تەمبێیەك بۆ ئەو کەسەی کە) ملی بۆ قەشەی گەورە و قازی گەورە کەچ نەکردووە، زیاد نییە... (لە بەرئەوەی) کەنیسە تەنیا پەیڕەوی مەسیحیەت نییە... بەڵکو ناچاریشە ملکەچی تاکە جێنشینی مەسیح واتە پاپای رۆماش بێت.[٤٣]

لەبەر ئەم رستانە و بابەتگەلێکی تر کە لەم نامیلکەیەدا هاتوون، پاپا لیئۆ کە لۆسەری تەکفیر کردبوو، هێنری وەك پاسەوانی باوەڕ دانا. هێنری بە جۆرێك لەو شانازییە خۆشحاڵ بوو کە ئەم دەربڕینەی لەسەر پارە نووسی و پاشاکانی بەریتانیا تا بە ئەمڕۆش بانگەشەی ئەم ناونیشانەیان کردووە.



**سێر تۆماس مۆر جێیەکەی وۆلسیێ وەك سەرۆکی دیوانی باڵای بەریتانیای گرتەوە مۆر لە دژی لۆسەری بوونی بەغیرەت بوو،کەنیسەی بە مەرجەعی سەرەکی کاروباری دەوڵەت دادەنا.**

مۆر، چ ئەم بابەتانەی نووسیبن و چ نەینووسیبن، دژە لۆسەرێکی دەمارگرژ بوو کە بە دڵنیاییەوە چ لە رووی وشەوەو چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم بابەتەدا بوو. هێنری بە باشی ئاگاداری بۆچوونەکانی هاوڕێکەی بوو. سەرەڕای ئەمە، بە سەرنجدان لەو نامەیەی کە مۆر چەندین ساڵ دواتر نووسی، هێنری هەروەها دەیزانی کە مۆر لە دژی بەرنامەی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوسەرییە، بەڵام هیوادار بوو کە مۆر هەقیقەتەکان بە وردی وەبەر چاو بگرێت و ئەگەر پێی بکرێ، هاوکاریی بکات. مۆر لەم بارەوە نووسی:

تایبەتمەندییە پەسەندەکانی ئەو سەر لە نوێ وایان لێکردمەوە کە کێشە گەورەکەی پاشا لە بەرچاو بگرم لە سەر ئەو خاڵانە هەڵوەستە بکەم کە تێیدا، دەیاندۆزمەوە و بەرچاوم دەکەون... و لە حاڵێکدا کە... باوەڕم هێنا، ئەو بە خۆشحاڵییەوە لە نێوان راوێژکارەکانی لەبارەی ئەم کێشەیەوە، وەرمدەگرێت. سەرەڕای ئەمە ئەو بە میهرەبانییەوە پێی راگەیاندم کە من دەبێ ویژدانی خۆم لە بەر چاو بگرم... و دەبێ لەسەرەتاوە خودام لە پێش چاو بێت و دوای خوداش ئەو.[٤٤]

بە ڕوونی ئاشکرایە کە هێنری دڵنیا بووە کە دواجار مۆر لەگەڵی دەکەوێ و بە هەمان ئەو رادەیەش روونە کە مۆر وای هەست دەکرد کە هێنری لەم بارەوە زەختی لێ ناکا؛ بەڵام هەردووکیان لە هەڵەدا بوون.



***گفتوگۆی تۆماس مۆر لەگەڵ پاپا***

*لەم دیمەنەی شانۆنامەی (پیاوێك بۆ هەموو وەرزەکان)ی نووسراوی رۆبەرت بۆڵتدا، دیوك ئۆف نۆرفەك، دەیەوێ هۆی دەست لەکارکێشانەوەی تۆماس مۆر لە پۆستی سەرۆکایەتی دیوانی باڵای بەریتانیا بزانێ.*

*نۆرفەك: باشە تۆماس، بۆچی؟ بۆم ڕوون بکەوە ـ لە بەر ئەوەی هەر ئێستا کە لەم شوێنە وەستاوم پێت دەڵێم کە ئەمە ترسنۆکییە.*

*مۆر: زۆر باشە، پێت دەڵێم ـ ئەمە "چاکسازی" نییە، ئەمە شەڕە لەگەڵ کەنیسە... نۆرفەك، پاشای ئێمە شەڕی لەگەڵ کەنیسە راگەیاندووە ـ چونگە پاپا ئامادە نییە رابگەیەنێ کە شاژنی ئێمە هاوسەری ئەو نییە.*

*نۆرفەك: ئایا ئەو هاوسەریەتی؟*

*مۆر: من وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا بە یەك کەس دەڵێم و ئەویش پاشایە.*

*هەروەها ئەمە کێشەیەکی تایبەتییە.*

*نۆرفەك : تۆ زۆر خۆپارێزی.*

*مۆر: بەڵێ وەهام. من یەکێك لە هەڵۆکانی تۆ نیم.*

*نۆرفەك: زۆر باشە ـ ئێمە لەگەڵ پاپا لە حاڵی شەڕداین! پاپا شازادەیەکە، وا نییە؟*

*مۆر: بەڵێ وایە.*

*نۆرفەك: وە شازادەیەکی خراپ؟*

*مۆر: بە رادەی پێویست خراپ. بەڵام ئەو گریمانەیەش هەیە کە ئەو وەك جێگری خوایە، کوڕی سان پیترۆ، تەنیا ئەڵقەی پەیوەندیی ئێمەیە لەگەڵ مەسیح.*

*نۆرفەك: پێوەندێکی جوان و وەستایانە و لەرۆزك.*

*مۆر: بە راستی جوان و وەستایانە.*

*نۆرفەك: ئایا ئەمە مانای هەیە؟ ئایا ئێوە ئەوەی کە هەتانە ـ کە لەخۆگری مەزنی وڵاتەکەتانە ـ تەنیا لەبەر گریمانەیەك فیدای دەکەن؟*

*مۆر: (بەگەرم و گوڕییەوە) نەوەکانی پاپا بەم شێوەیە دێن ـ (بێدەنگ دەبێت، ئارەزوومەند)... ئەڵبەتە کە ئەمە گریمانەیەکە، بەڵێ، ئێوە ناتوانن ببینن، ناتوانن هەستی پێ بکەن، ئەمە گریمانەیەکە. بەڵام ئەوەی کە بۆ من گرنگە راستی و ناڕاستییەکە نییە بەڵکو باوەڕی منە بە راست بوونەکەی، یا رەنگە نەك ئەوەی کە من باوەڕم پێیەتی، بەڵکو باوەڕم ئەوەیە... من متمانەم هەیە. ئایا بە ناڕوونی دەپەیڤم؟*

*نۆرفەك: بەتەواوی.*

## هەقانیەتی خوایی پاشاکان

هێنری بەتەواوی باوەڕی بەوە هێنابوو کە نابێ هیچ کەسێك تەنانەت پاپاش بتوانێ فەرمانی بە سەردا بکات. ئەو باوەڕی وابوو کە بە پشت بەستن بە(هەقانیەتی خوایی) تەختی پاشایەتی پاراستووە بۆیە، هیچ کەسێك، تەنانەت کەسێکیش کە وەك نوێنەری سەرەکیی خوا، لە سەر زەوی ناسرابوو نەیدەتوانی بە بڕیارەکانی ئەودا بچێتەوە. هێنری لە سەر ئەوە بوو کە تا کاتێك گوێڕایەڵی دەسەلاتی پاپا دەبێت کە لە بەرژەوەندیدا بێت و ئێستا ئیدی وا دەکەوتە بەرچاوان کە وەها شتێك پێویست نییە. هێنری رایگەیاند:

تەنانەت ئەگەر پلەی پیرۆزی (پاپا) خراپترین کار بە تەکفیرکردنی من و ئەوانی تر ئەنجام بدات، هیچ بایەخێکی نییە بۆم، لە بەرئەوەی هیچ گرنگیەك نادەم بە هەموو تەکفیر کردنەکانی. با ئەو کاری خۆی لە رۆما ئەنجام بدات، منیش ئەوەی کەوا هەست دەکەم باشترینە لێرە ئەنجامی دەدەم.[٤٥]

لە تشرینی دووەمی ١٥٢٩دا، هێنری کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پێکهێنا و ئەنجوومەنی رازی کرد کە پشتیوانی لە بەرنامەکانی بکات بۆ هەبوونی میراتگرێکی کوڕ و ئەوە پشت ڕاست بکاتەوە کە پاپا دەسەلاتێکی لە رادەبەدەری هەیە، سەبارەت کاروباری ناوخۆی بەریتانیا. لەبارەی کێشەی دووەمەوە دژبەرییەکی ئەوتۆ نەکرا، لە بەر ئەوەی خەڵکی بەریتانیا زۆر وەفادار بوون بە پاشاکەیان و زۆر رقیان لە دەستێوەردانی بیانی بوو. بەم جۆرە ئەنجوومەن ڕازی بوو، گەلاڵەگەلێکی زۆر پەسند بکات کە تێیان دا دەسەلاتی کەنیسە لە بەریتانیا کەم دەبۆوە.

لە ساڵی ١٥٣٠دا هێنری لە سەر بنەمای کێشەگەلێکی تا رادەیەك ساختە، بەیاننامەیەکی دەرکرد لە سەر ئەوەی کە دەوڵەت سوورە لەسەر دادگاییکردنی گرووپێك لە ئۆسقۆف و رۆحانییەکان. پیاوانی کەنیسە تۆمەتبار کرا بوون کە جارێك بۆ وەرگرتنی رەزامەندیی پاشا، یاسایان پێشێل کردووە. زۆربەی ئەو کەسانەی تۆمەتبار کرابوون پشتیوانی کاترین و دژبەرانی بەرنامەکانی هێنری بوون. بە هەرحاڵ لە کاتێکدا کە ئەنجوومەن لە کانوونی دووەمی ١٥١٣دا، سەرلەنوێ کۆبوونەوەی پێکهێنایەوە هێنری بڕیاری دابوو، کە هەموو رۆحانییەکانی بەریتانیا، بخاتە ژێر بەدواداچوونی یاساییەوە.



## ئاشتەوایی

پاشا بڕیاری ئاشتبوونەوەی دابوو: ئەگەر هاتباو قەشە و ئۆسقۆفەکان دانیان بە گوناهەکانیان دانابا و دیارییەکیان بە بەهای سەد هەزار پۆند پێ دابا، ئەوا ئەو دەستی لە لێپرسینەوەیان هەڵدەگرت. ئەم پارەیە زۆر زۆر بوو، تا رادەیەك بە قەد داهاتی ئاسایی ساڵانەی بەریتانیا بوو. ئەوان رازی بوون کە بە کۆکۆدنەوەی یارمەتییەکان، ئەو پارەیە بەدەست بێنن. هێنری بە درێژەپێدان بە هێرشەکەی، لە هەنگاوی دواتریدا داوای لە روحانییەکان کرد کە ئەو وەك "تاکە فەرمانڕەوای تەواو عەیار و تەنانەت سەرۆکی سەرۆکەکانی کەنیسەی بەریتانیا بناسن."[٤٦]بە دەربڕینێکی تر ئەوان دەبوو نەك تەنیا لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەڵکو لە بابەتە مەزهەبییەکانیشدا دەروەستی پەیڕەوی کردنی هێنری بن. رۆحانییەکان دەربڕینگەلێکی تریان پێشنیار کردن بەڵام هێنری پێداگری کرد لە سەر خواستەکەی. ئەوان دواجار، دوای چاوپێکەوتنێکی گرنگ کە بە ئەنجوومەنی رۆحانییەکان ناونرا، ناونیشانی هێنرییان هاوڕێ لەگەڵ ئەم دەربڕینەدا پەسەند کرد:"تا ئەو شوێنەی کە لەگەڵ یاسای مەسیحدا بگونجێت".

ئەم راگەیەنراوەی ئەنجوومەنی روحانییەکان، یەکەمین هەنگاو بوو بەرەو جیابوونەوە لە حاکمیەتی رۆما. لە ماوەی چەند ساڵی دواتردا هەنگاوگەلێکی تر بە خێرایی هەڵێنرانەوە. لە مانگی مایسی ١٥٣٢دا، روحانییەکان پەسەندیان کرد کە هیچ یاسایەکی نوێی مەزهەبی یا رێسای تایبەت بە بەڕێوەبردنی کەنیسە بە بێ ئیزنی پاشا پەسەند نەکەن. ئەوان هەروەها ڕازی بوون کە تەواوی یاسا شەرعییەکان لە لایەن کۆمیسیۆنێکەوە کە لەلایەن پاشاوە دیاری دەکرێت شیاوی گۆڕان بن و ئەم کۆمیسیۆنە لە توانایدا بێت تەواوی ئەو یاسایانەی کەوا هەست دەکات" لە پێگەی یاسای خوایی و حکومەتی هێنریدا نین، هەڵبوەشێنێتەوە"[٤٧]. لەم رێککەوتننامەیەدا کە بە دەربڕینی گوێڕایەڵی رۆحانییەکان بەناوبانگ بووە هاتووە:

*"ئێمە نزمترین پێڕەوی ئێوە... بە دڵنیایی و باوەڕێکی تایبەتەوە، کە بە هۆش و زیرەکیی باڵا و شایستەیی شاهانەی ئێوە هەمانە... و هەروەها متمانەیەك کە بە زانستەکەتمان هەیە، کە زۆر لەسەرتری دەسەلاتی دادوەری ئێمە و زانستی تەواوی پاشا و شازادەکانەوەیە، کە لە بارەیانەوە دەیزانین... سەرەتا لەبەردەم خاوەن شکۆدا سوێند دەخۆین و ئەوپەڕی گوێڕایەڵی و ملکەچی خۆمان رادەگەیەنین کە لەمەو بە دواوە... هیچ یاسایەکی شەرعی یا دستوور یاهەر بڕیارێکی تر*

*پەسەند ناکەین... مەگەر ئەوەی کە ئێوە بە ڕەزامەندی پاشایانەی خۆتان، ئیزنی بەستنی کۆبوونەوەمان پێ بدەن.... و بەم جۆرە ڕەزامەندی پاشایان و دەسەڵاتی خۆتان نیشان بدەن.*[٤٨]

***هێنری هەشتەم لەگەڵ گەورەکاندا، سەبارەت بە تەڵاق دەدوێ***

*لە١٥٢٨دا هێنری هەشتەم بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە داواکەی لە هەمبەر هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوسەرێتی لەگەڵ کاترین ڕاگەیاند. ئەو بۆ گەورە و ڕاوێژکارەکانی لە هەشتەمی تشرینی دووەمی ١٥٢٨دا قسەی کردن. ئەم قسانە لە لایەن ئیدوارد هاڵەوە لە ڕۆژمێرەکەیدا تۆمار کراون و لە کتێبی (چاکسازی کورتە مێژوویەکی چیرۆکی)، نووسینی هانس هیلربراند دا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی ئەوڕۆیی.*

*... و لەگەڵ ئەوەی کە خواوەندی بە توانا بە کچێکی باش (شازادە ماری) لە ژنێکی نەجیبزادە (کاترین) خۆشحاڵە... سەرەڕای ئەمە پێمان گوتراوە ... کە نە ئەو کچێکی یاساییە و نە دایکیشی هاوسەرێکی یاسایی ... ئێوە ئەی گەورەکان، رامێنن کە ئایا ئەم قسانە جەستە و ڕۆحم ئازار نادەن و هەر سەعاتێك ویژدانم ناخەنە ناو زەحمەتەوە و دەروونم نارەنجێنن؟ بەڵێ، ئێمە هیچ شك و گومانێکمان نییە کە ئەگەر ئەم کێشەیە ئی هەریەك لە ئێوە بوایە، کاتێك کە دەکەوتنە مەترسییەوە و تووشی لەدەست دانی میرات دەبوون، بە دوای ڕێگایەکدا دەگەڕان. من تەنیا لە بەر ئەوە داوای هاوکاریم لە خوا کردووە و... من لەگەڵ گەورەترین زانایانی دنیای مەسیحیەتدا ڕاوێژم کردووە ... وەك پیاوێك کە تەنیا بە دوای ڕاستییەوەیە و بۆ هێمنی ویژدانم و نەك لەبەر هیچ کارێکی تر ئەم کارەم ئەنجام داوە هەر بەو جۆرە کە خواوەند داوەری دەکا. لەوێشەوە کە پەیوەستە بە شاژنەوە، ئەگەر لەگەڵ یاسای خواییدا، فەرمان بۆ ئەوە دەردەکرا کە ئەو هاوسەری یاسایی منە، ئەوا هیچ شتێکی تر لە ژیانی مندا تا ئەم ئاستە جێی پەسندم نەدەبوو... چونکە من ئێوە دڵنیا دەکەمەوە کە ئەو سەرەڕای ئەو ڕەسەنێتییە ئەشرافییەی کە هەیەتی، (هەر بەو جۆرەی کە هەمووتان دەزانن)، زۆر میهرەبان و بێ فێزیشە... بەڵێ خاوەنی تەواوی تایبەتمەندییە باشەکانی ئەشرافیەتە، هەر بەو جۆرەی کە من لەم بیست ساڵەدا بە ڕاستی ئەزموونم کردووە. کەواتە لە حاڵێکدا کە من سەرلەنوێ ژن بهێنمەوە، ئەگەر ژنهێنانێکی باش بێت، من بە دڵنیاییەوە هێشتا ئەو بە باشترین ژنی دنیا دادەنێم.*

بە کورتی، وەك فیلیپ هۆگزی مێژوونووس دەنووسێ،" ئەم بەڵگەیە تەواوی ژیانی کەنیسەی خستە گرەوی بەخشندەیی پاشاوە.[٤٩]



ڕۆژی دواتر تۆماس مۆر، سەرۆکی دیوانی باڵا، دەستی لە کار کێشایەوە. ئەو نە باوەڕی هێنری گۆڕیبوو و نە بۆچوونی خۆشی لەبارەی کێشەی ژنهێنانی پاشا و دەسەڵاتی پاپا لە بەریتانیا گۆڕیبوو.

لە کانوونی دووەمی **١٥٣٣**دا هێنری لە هەنگاوێکی ئاشکرادا ئامانجی خۆی لە جیایی لە ڕۆما بەتەواوی ڕوون کردەوە. هێشتا داواکەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوسەری وەڵامی نەدرابووەوە، بەڵام ئیدی ئامادە نەبوو بۆ ساتێکیش لە هەمبەر جیا بوونەوە لە کاترین و زەماوەند لەگەڵ ئان بۆلین دا، لەبەر مۆڵەتنامەی فەرمی ڕاوەستێ. ئێستا ئیدی دوو ساڵ بوو کە لەگەڵ کاتریندا نەدەژیا و لەوەش گرنگتر ئەوە کە ئان بۆلین سکپڕ بوو ڕێوڕەسمی ژنهێنان پێویست بوو. دەبوو گەرەنتییەك بۆ مەشروعبوونی ئەو میراتگرە دابین بکرێ، کە بە ئۆمێدی بوون.

هێنری هەشتەم و ئان بۆلین لە **٢٥**ی کانونی دووەمی **١٥٣٣**دا بە نهێنی زەماوەندیان کرد. لەوێوە کە ڕوون بوو ئیزنی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوسەرێتی لەلایەن پاپاوە نایەت، هێنری بابەتەکەی لە ئەنجوومەنی ئۆسقۆفەکانی بەریتانیادا هێنایە بەر باس. ئێستا ئیدی پێویست بوو ڕوحانییەکان بڕیارەکانیان لە سەر بنەمای ئەوەی بۆ بەریتانیا و پاشاکەی بەسوود بوو بدەن، وە سروشتییە کە ئەوان ڕەزامەندییان لە سەر داواکەی دا. تۆماس کرانمێر، سەرئۆسقۆفی کانتێربوری کە پایەبەرزترین ئۆسقۆفی بەریتانیا بوو بەڕاگەیاندنی ئەوەی کە ژیانی هاوسەرێتی هێنری و کاترین باوەڕ پێنەکراوە، زەماوەندە نوێیەکەی بە فەرمی ناسی و چەند ڕۆژ دواتر لە دەربڕێکی تایبەتدا گوتی کە ئان بۆلین هاوسەری فەرمی هێنرییە. لە حوزەیرانی **١٥٣٣**دا، ئان وەك شاژنی بەریتانیا، تاجی لە سەرنا.

ئەڵبەتە، پاپا کلیمەنس نەیدەتوانی پشتگوێ بخات کە دەسەڵاتەکەی بەم ڕاشکاوییەوە ڕەت دەکرێتەوە. لە مانگی تەمووزدا ئەو هێنری هەشتەمی تەکفیر کرد و ڕایگەیاند کە زەماوەندی هێنری و ئان بۆلین، باوەڕپێکراو نییە و هەروەها ڕاشی گەیاند ئەو منداڵانەی کە دێنە دنیاوە نامەشروع دەبن. لە ئەیلوولدا، تەنیا منداڵی ئەم ژن و پیاوە کە دواتر ناونرا شاژنە ئێلیزابێتی یەکەم، هاتە دنیاوە.

## یاسای جێگریی

لە ساڵی ١٥٣٤دا، ئەنجوومەن کۆبوونەوەی پێکهێنا و بە پەسندکردنی پێنج یاسا، کەنیسەی بەریتانیای لە کەنیسەی ژێر دەستی ڕۆما جیا کردەوە.



**هێنری هەشتەم، هاوڕێ لەگەڵ هاوسەرە نوێیەکەی شاژنی بەریتانیا، ئان بۆلین**
**ئەم ژن و پیاوە لە ڕێکەوتی ٢٥ی کانونی دووەمی ١٥٣٣دا، لە کردەیەکدا کە وەك جیایی ئاشکرای هێنری بوو لە کەنیسە، زەماوەندیان کرد**

لە یەکەمین یاسادا هاتبوو کە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی پاپا بە بیدعە دانانرێت. لە دووەمین یاسادا هاتبوو کە هەموو ئۆسقۆفەکانی بەریتانیا، لە لایەن پاشاوە نەك پاپا، دیاری دەکرێن. لە سێیەمیاندا کە گێڕانەوەیەکی فەرمی یاسای (گوێڕایەڵیی ڕۆحانییەکان) بوو، بەکارهێنانی هەر بەشێك لە یاساکانی کەنیسە کە پاشا ڕەتی کردبووەوە و هەروەها پەنابردن بۆ پاپاش لە دادگاکاندا بە نایاسایی دادەنران. چوارەمین یاسا، هەموو کەس لە داواکردن لە پاپا بۆ



بەکاربردنی هەرجۆرە فەرمانڕەوایی یا دانی ئیزنی تایبەت مەحروم دەکرد، بەم جۆرە تەواوی ئەم مۆڵەتانە دەبوو لەلایەن ئۆسقۆفی کانتێربورییەوە، درابان. پێنجەمین یاسا، یەکەمین یاسای جێگری بوو کە تێیدا ژیانی هاوسەریی هێنری لەگەڵ کاترین ڕەت کرابووەوە و منداڵەکانی ئان بۆلین ببوونە میراتگری پاشایەتی. هەموو کەسە پێگەیشتووەکان لە بەریتانیا، چ پیاو و چ ژن پێویست بوو سوێندنامەیەك واژۆ بکەن و ماددەکانی ئەم یاسایە پەسند بکەن. زۆربەی خەڵك ملکەچانە واژۆیان کرد، ئەگەرچی هەندێك نەیانکرد. خەڵکانێك کە ناوبانگێکی ئەوتۆیان نەبوو، بە سادەیی بە ئامادە نەبوون لە کاتی وەرگرتنی واژۆکەدا، خۆیان لادا لە واژۆکردنی. ئامادە نەبوونیان هەست پێ نەدەکرا. بەڵام کەسانێك کە بە ناوبانگ بوون یا کەسانێك کە خاوەنی پێگەی بەهێز بوون لە بەریتانیادا، لەلایەن خەڵکی بەگشتی و بنەماڵەی پاشایەتییەوە، بە وردبینییەوە دەخرانە ژێر چاودێری و لە حاڵی خۆلادان لە واژۆکردنی، وەفادارییان بە پاشا تووشی شك و گومان دەبوو.

جۆن فیشەر، ئۆسقۆف ڕاچێستێر، یەکێك لە ڕاشکاوترین دژبەرەکانی هێنری بوو لە ساڵی ١٥٢٧دا، واتە لەو کاتەوە کە بۆ یەکەمین جار بابەتی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیریی خرایە بەر باس ئەو لە نووسین و گفتوگۆ و وتارەکانی خۆیدا، بە ڕوونی باوەڕی خۆی سەبارەت بە هەڵەبوونی هێنری دەردەبڕی. فیشەر چەندین جار ڕایگەیاند کە زەماوەند لەگەڵ کاتریندا، یاسایی و باوەڕ پێکراو بووە و هێنری قەت ناتوانێ وەك سەرۆکی کەنیسەی بەریتانیا بناسرێت، لە بەرئەوەی ئەوە پۆستی پاپایە.

سێر تۆماس مۆر، سەرۆکی پێشووی دیوانی باڵا، هەوڵی دا کە لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیریی بێدەنگ بێت. بەهەرحاڵ ئەو قەت لەم باوەڕەدا گومانی نەبوو کە پاشا ناتوانێ دەسەڵاتی پاپا ڕەت بکاتەوە. کاتێك کە بۆ واژۆی سوێندنامەکە بانگیان کرد، ئەو قبووڵی نەکرد. مۆر خوازیار بوو کە لەبارەی پشتیوانی لە یاسای جێگریی، واتە بە فەرمی ناسینی ئەوەی کە منداڵەکانی شاژن (ئان)، فەرمانڕەواکانی ئایندەی بەریتانیا بن، سوێند بخوات، بەڵام حەزی بە پەسەندکردنی ماددەکانی تری یەکەمین یاسای جێگری نەبوو، کە تییدا بێ ئیعتباریی ژن و مێردایەتی هێنری و کاترین هاتبوو.

مۆر و فیشەر لەبەر ملنەدان بۆ ئیمزا کردن، بە خیانەت کردن بە وڵات تاوانبار کران و لە تاوەری لەندەندا خرانە بەندیخانەوە. لەم کاتەدا، هێنری بۆ دژایەتیکردنی خواستەکانی ئیزنی بە هیچ کەس نەدەدا. ئەو دەبوو لەم بارەوە بەیاننامەیەکی دیکەی دەرکردبا.

### *یەکەمین یاسای جێگریی*

*لە یەکەمین یاسای جێگریی، لە ساڵی ١٥٣٤دا هاتبوو کە کاترین ئیدی وەك شاژنی بەریتانیا ناناسرێ و تەنیا بێوەژنی شازادە ئارتۆر بوو. لەودا هەروەها هاتبوو کە ئان بۆلین شاژنە و منداڵەکانی ئەو و هێنری تاجی پاشایەتی بەریتانیا بە میرات دەبەن. ئەم بابەتە هەڵبژاردەیەکە لە کتێبی (چاکسازی:کورتە مێژوویەکی چیرۆکی) نووسینی هانس هیلەر براند، بە گێڕانەوە لە شاهید و خەڵکانی هاوچەرخی ئەوان.*

*"بەم هۆیەوە رادەگەیەنرێ، زەماوەندێك کە پێشتر بە رێورەسمێکی تایبەت لە نێوان ئێوەدا، خاوەنشکۆ هێنری هەشتەم و خاتوون کاترین، کە پێشتر هاوسەری یاسایی شازادە ئارتۆر، براگەورەی ئێوە بووە، ئەنجام درابوو، لە روانگەی ئەنجوومەنی ئێستاوە، بە شێوەیەکی رۆشن و بە دڵنیاییەوە... بە دژی یاساکانی خواوەندی مەزنە... بە تەواوی باوەڕ پێنەکراو و باتڵە.*

*خاتوو کاترین هەر لە ئێستاوە وەك بێوەژنی شازادە ئارتور دەناسرێ نەك شاژنی ئەم قەڵەمڕەوە. زەماوەندی یاسایی... کە لە نێوان ئێوە خاوەن شکۆ و هاوسەری زۆر خۆشەویستتان، شاژنە (ئان) بەڕێوەچووە، لە سەر بنەمای داوەریی عادڵانەی تۆماس (کرانمەر) سەر ئۆسقۆفی کانتربوری. لە ئێستاوە بە راستی ، دروستی و راستگۆییەوە، تۆمار دەکرێ و جێگیر دەبێ.*

*وێڕای ئەمانەش، ئەنجوومەن ئەوەش پەسند دەکات، کە تەواوی ئەو منداڵانەی کە لەم هاوسەرگیرییەوە پەیدا دەبن، دەبنە منداڵی یاسایی ئێوە...و بە پێی رەوتی میراتگری و یاساکانی ئەم سەرزەوییە دەبنە میراتگری ئێوە.*

## یاسای باڵادەستی

لەکاتێکدا کە مۆر و فیشەر لە تاوەری لەندەندا چاوەڕوانی بڕیاری دادگا بوون، هێنری لە ساڵی ١٥٣٤دا یاسایەکی تری بە ئەنجوومەن پەسند کرد، تا پێگەی خۆی وەك دەسەڵاتی رەها جێگیر بکات. ئەم یاسایە بە راشکاوی ئاماژەی دەکرد کە"پاشا باڵاترین پلەی کەنیسەی بەریتانیایە و دەبێت وەها بێت"[(٥٠)] بە پێچەوانەی ئەو بەیاننامەیەی کە لە ساڵی ١٥٣١ لە لایەن ئەنجوومەنی رۆحانییەکان ئیمزا کرا، لەیاسای باڵادەستیدا لەبارەی جیاوازیی بیروڕا لەگەڵ یاسای مەسیح هیچ پێشبینییەك نەکرابوو. مانای ئەم یاسایە هەر ئەوە بوو کە تێیدا هاتبوو. ئەم یاسایەش پێویستی بە سوێندنامە هەبوو: سوێندی رۆحانی و کەسە بەرجەستەکانی بەریتانیا. لەم کاتەدا، جیایی لە رۆما گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی و مەودا بۆ لەداردانی تۆماس مۆر و فیشەر ئامادە ببوو. ئەم دوو مرۆڤە



بە ویژدانە لە حوزەیرانی ١٥٣٥دا، لە ماوەی چەند رۆژدا ئیعدام کران و سەریان لە لەشیان جیاکردایەوە.

هێنری لە دوازدە ساڵی کۆتایی ژیانیدا، سیاسەتگەلێکی نوێی بۆ داڕشتنی رێڕەوی کەنیسەی بەریتانیا پەسەند کردن. ئەو بە بڵاوکردنەوەی( شەش مادەی باوەڕ) روونی کردبۆوەوە کە بە پێچەوانەی لۆسەر، جیایی لە رۆما لەسەر بنەمای رێکخستنە نەك قوتابخانە. تەنانەت ئەوڕۆش وێکچوونەکانی کەنیسەی بەریتانیا بەنیسبەت کەنیسەی کاتۆلیکی رۆما، زیاترن لە گروپە مەسیحییەکانی تر. سەرەڕای ئەمەش، چاکسازیگەلێك لە ژێر چاودێری هێنریدا ئەنجام دران. ئەو هاندەری چاپکردنی ئینجیل بوو بە زمانی ئینگلیزی و پێداگری لە لە بەردەستدا بوونی ئینجیلی ، لەتەواوی کەنیسەکانی وڵاتدا دەکرد.

ئاکامێکی تری جیایی لە رۆما، دابەش بوون یا لە ناو چوونی دێرەکانی بەریتانیا بوو. دێر و شوێنە ئایینییەکانی تر هێشتا زەویی زۆریان لەبەر دەستدا بوون؛ سەرەڕای ئەوەی کە راهیبەکانی ئەم دێرانە هەروا بە رۆما وەفادار بوون. هێنری بڕیاری دا کە لە دەستی ئەم گرووپە دژبەرانە ئاسوودە بێت و لە هەمان کاتیشدا، پارەیەك بۆ خەزێنەی پاشایەتی بەدەست بێنێ. ئەو رایگەیاند کە دێرەکان دەبێت هەڵوەشێنەوە و زەوییەکان دەبێت بگەڕێندرێنەوە بۆ سیستەمی پاشایەتی.

## منداڵەکانی هێنری

دواجار، هێنری بوو بە خاوەنی کوڕ، بەڵام نەك لە ئان بۆلین. دووەمین شاژنی پاشا لە ساڵی ١٥٣٦دا تاوانبار کرابوو بە زینا و خیانەت بە پاشا. لەبەر ئەم گوناهانە سەری لە لاشەی جیا کرایەوە و لە کەمتر لە دوو هەفتەدا، لەگەڵ جەین سەیمۆر زەماوەندی کرد. تاقە منداڵیان کە پەیدا بوو، پاشا ئیدواردی شەشەم بوو. جەین سەیمۆر کەمێك دوای لە دایکبوونی ئیدوارد مرد. هێنری سێ جاری تر ژنی هێنا، بەڵام نەبوو بە خاوەنی هیچ منداڵێك. بە هەرحاڵ، هەرسێ منداڵەکەی، دواتر گەیشتن بە فەرمانڕەوایەتیی بەریتانیا. کوڕەکەی، ئیدوارد، لە نۆ ساڵیدا تاجی لە سەرنا و شەش ساڵ دوای ئەوە مرد. کچەکەی، ماری، کە دایکەکەی کاترین بوو، دوای پێنج ساڵ فەرمانڕەوایی مرد. کچەکەی ئان بۆلین، ئەلیزابێت، لە ١٥٥٨دا، بووە شاژنی بەریتانیا و تا ساڵی ١٦٠٣ پاشایەتی کرد. ئەو یەکێك لە سەرکەوتووترین و خۆشەویستترین فەرمانڕەواکانی بەریتانیا بوو. هێنری بە ئامانجی پاراستنی ڕەسەنایەتی و بنەچە و (ئاسایشی وڵاتەکەی)، گەیشت، هەرچەندە نەك بەو شێوەیەی کە بەرنامەڕێژیی بۆ کردبوو.



**شاژنە ئەلیزابێت، کچی هێنری هەشتەم و ئان بۆلین، بەرەو لای پرۆتستانیزم، راکێشرابوو.**

جیایی کەنیسەی بەریتانیا لە کەنیسەی کاتۆلیکی ڕۆما، لە بنەڕەتدا لە بەر ئەوە رووی دا کە هێنری هەشتەم بۆ خۆی حەزی لێبوو کە لە دەستی ژنی یەکەمی رزگاری بێت سەرەڕای ئەمە، لە رووی سیاسییەوە، نەیدەویست بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پاپاوە. بەڵام ئەگەر لە بەریتانیا نارازیبوون لە روحانییەکان و کەنیسە لە ئارادا نەبوایە، ئەوا ئەو قەت نەدەگەیشت بەوە کە پێی گەیشت. هێنری بە دڵنیاییەوە لەم ڕازی نەبوونە، بۆ هاوڕاکردنی ئەنجوومەن و خەڵکی بەریتانیا لەگەڵ ئامانجەکانی، کەڵکی وەرگرت. سەرەڕای ئەوەش لەوانەیە هۆی حەزی ئەنجوومەن و خەڵك بۆ پشتیوانی کردن لە هێنری ئەوە بێت، کە بەرنامەکانی ئەو لەگەڵ حەزەکانی ئەوان بۆ بەرتەسککردنەوەی سەروەت و دەسەڵاتی روحانییەکان، دەگونجا.



### هەڵوەشانەوەی دێرەکان

ئەم نامەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەمدا نووسراوە، لە کتێبی (چاکسازی: کورتە مێژوویەکی چیرۆکی)یەوە وەرگیراوە. دوای ئەوەی کە (سەرۆکی دێر) و هەموو راهیبەکانی تر لە دێرەکان دەرکران، خەڵکی ئاسایی بە زۆری بیناکانیان، تاڵان و وێران کردن.

" ئەوان (کاربەدەستەکانی حکومەت) سەرۆکی راهیب و هەموو بەرپرسەکانی تری دێریان بانگ کردن، تەواوی کلیلەکانیان وەرگرتنەوە و پێرستێکیان لە تەواوی ئامراز و شتومەکی ناو دێرەکان گرت؛ داوایان لە راهیبەکان کرد کە هەموو گیانلەبەرەکان: ئەسپەکان، مەڕەکان و مانگاگان، لە لەوەڕ بگەڕێننەوە و کاتێك کە وەهای لێهات، راهیبەکانیان هەموو لەوێ دەرکردن ..."

کەسانێك کە دواتر بۆ هێنانی گەنمەشامی، جۆ و شتی تر سەردانی ئەوێیان کرد، لەگەڵ دەرگای کراوە، یا قفڵ و زنجیری پچڕاو، یا دەرگای هەڵکەنراو، ڕووبەڕووبوونەوە و لەگەڵ چوونە ناو بینایەکە هەر شتێکیان کە دۆزیەوە، هەڵیانگرت و دزییان ... دڵی هەر کەسێك بە دیتنی شکاندنی پەنجەرەکان و هەڵکەندنی تەختەکان و کەوتنی کۆڵەگەکانی دێر، دەهاتە ژان. بە هەڵکەنرانی پەنجەرەکان و تێکدانی قەبرەکانی ناو دێرەکە (لەزۆربەی دێرەکاندا پیاو و ژنگەلێکی بەناوبانگ نێژرابوون و لە هەندێکیان دا پاشاگەلێك نێژرا بوون کە قەبرەکەیان هیچ جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ قەبرەکانی تردا نەبوو ـ ئەوان چۆن دەتوانن دان بەمەدا بگرن کە دێری سەرسەریان، هیچ نەبێ لەبەرخاتری ئەوان، بە ساغی نەماوەتەوە!) تەواوی شتە پەیوەستەکانی مەسیح خراپ کران و بە تەواوی تێکچوون."

(٤)

## چاکسازیخوازەکان دەبنە پرۆتستان

خەڵکی بەریتانیا خوازیاری هاورێیی بوون لەگەڵ پاشا هێنری بۆ جیابوونەوە لە کەنیسەی ڕۆما، تا ببنە خاوەنی دەسەڵاتێکی ناوچەیی باڵاتر. لە سەرزەوییەکانی ئەڵمانیادا، وەرزێڕەکان و شازادەکان چاکسازی مەزهەبی نوێیان بە ڕێگایەك بۆ فراوان کردنی دەسەڵاتی خۆ دادەنا.

### شۆڕشەکانی وەرزێڕەکان

لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەم و سەرەتاکانی سەدەی شانزەمی زایینی، شۆڕشی وەرزێڕەکان لەسەرزەویی ئەڵمانیادا، بە شێوەیەکی بەردەوام ڕوویاندەدا. وەرزێڕەکان خوازیاری عەداڵەت، خاوەنداریّتی زەوی و ڕزگاربوون لە دەستی سوپا تایبەتییەکانی بارۆنەکانی هەر ناوچەیەك بوون. لە ١٥٢٤دا، ئاڵوگۆڕەکان لە کەنیسەدا، ڕێگاگەلێکی نوێیان بۆ هێرشی وەرزێڕەکان بۆ سەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بەرهەڤ کرد. گوندییەکان وەهایان لێکدایەوە کە ئەگەر دەسەڵاتی کەنیسە ڕووەو کەم بوونەوەیە، لەوانەیە دەسەڵاتی حکومەتیش ڕووەو لە ناوچوون بێ. سەرەڕای ئەوەش، وەرگێڕانی ئەڵمانیی لۆسەر (ئینجیل) ببووە هۆی ئەوەی کە ئەم کتێبە بکەوێتە بەر دەستی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵك. هەندێك کەس تێیدا بۆچوونگەلێکیان دۆزینەوە کە باوەڕەکانیانی پشتڕاست دەکردنەوە، لەوانە: ئەوەی کە مەسیح هەمیشە لەگەڵ هەژاران و بێ دەسەڵاتان هاودەردی دەکرد و ئەوەی کە مەسیحییەکانی سەرەتا، لەگەڵ یەکدا دەژیان و لە هەموو شتێکدا هاوبەش بوون.

لۆسەر باوەڕی وا بوو کە وەرزێڕەکان ئینجیل بە هەڵە ڕاڤە دەکەن. ئەو لەگەڵیان هاودەردی دەکرد، بەڵام بە توندی باوەڕی بە ماف و دەسەڵاتی دەوڵەت هەبوو. لۆسەر بە ڕێبەری شۆڕشگێڕەکانی کە خوازیاری پشتیوانی ئەو بوون دەگوت ، باوەڕی ئەوان لە سەر بنەمای یەکسان بوونی هەموو کەسەکان لە ڕوانگەی ئینجیلەوە، هەڵەیە:" حکومەتێکی جیهانی ناتوانێت بمێنێتەوە، مەگەر ئەوەی کە تێیدا مرۆڤەکان نایەکسان بن، تا هەندێك ئازاد، هەندێك



زیندانی، هەندێك سەرۆك و هەندێك ژێردەست بن."[٥١] ئەو پاشان هانی شازادەکانی دا بۆ سەرکوتی شۆڕشگێڕەگان و لە ڕاستیدا ئەوان، پێشتر خەریکی ئەم کارە بوون.

گوندییەکان و ڕێبەرەکانیان هەستیان دەکرد کە لۆسەر خیانەتی لێ کردوون و زۆریان ڕوویان کردە گرووپە تازە دامەزراوە مەزهەبییەکانی تر. لە لایەکی ترەوە، زۆرێك لە شازادە ئەڵمانییەکان ڕاگەیاندنەکانی لۆسەریان لەبارەی دەسەڵاتی حوکمڕانە ناوچەییەکانەوە پەسند کردن و هەرچی زیاتر دەستیان دایە پشتیوانی کردنی.



شارلی پێنجەم، ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما کە لەگەڵ فەرەنسا خەریکی شەڕ بوو، بزووتنەوەی پرۆتستانەکانی پشتگوێ خست و ئیمکانی بەردەوامیی چاکسازی بەرهەڤ کرد

### پرۆتستانەکان

لە ساڵی ١٥٢٩دا، ئەڵمانیا لە نێوان حوکمڕانگەلێك کە پشتیوانییان لە ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما و کەنیسەی کاتۆلیك دەکرد و ئەوانەی کە پشتیوانی چاکسازی بوون، دابەش ببوو. لەو ساڵەدا ئیمپراتۆر هەمووی بانگێشت کردن بۆ کۆبوونەوەیەك لە شاری ئەڵمانیایی سپێیر (Speyer) تا بابەتەکە کۆتایی پێ بێنێ. ئەنجوومەن حوکمێکی پەسند کرد کە ئیزنی بە کەنیسە لۆسەرییەکان دەدا تا لەو ویلایەتانەی کە ئەمیری لۆسەری هەیە، چالاکی بکەن بەڵام پێویستیش بوو کە ئیزن بە کەنیسە کاتۆلیکەکانیش بدرێ. لە هەمان کاتدا، لە ویلایەتە کاتۆلیکەکاندا کە زۆربەی ڕێژەی دانیشتووانیان تێدا بوو، کەنیسە لۆسەرییەکان بە تەواوی بە نایاسایی ناسێنران. شەش ئەمیری لۆسەری و چواردە شاری ئازادی پاشایی لە ناڕەزایەتییەکی فەرمیدا (پرۆتێست) ڕایانگەیاند کە ناتوانن لە سەر بنەمای ویژدان و بەرژەوەندی ئەم حوکمە پەسند بکەن. بە پێی وشەی پرۆتێست (ناڕەزایی) هەر کەسێك کە بە دژی کەنیسەی کاتۆلیك هەستایەوە، بوو بە پرۆتستان.

ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم، ئەم ناڕەزاییەی پشتگوێ خست و هیچ کاتێك حوکمەکەی بە راستی و جددی جێبەجێ نەکرد. ئەو بە رادەیەك سەرگەمی شەڕ لەگەڵ فەرەنسا بوو کە ئەوەندە نیگەرانی پرۆتستانەکان نەبوو. شارلی پێنجەم هیوادار بوو و چاوەڕوانیشی هەبوو کە ئەنجومەنێك لە ئۆسقۆفەکان دواجار، بە تەواوی بەم ئالۆزییە ئایینیە رابگەن. لەم نێوەدا ناوچە پرۆتستانییەکان درێژەیان بە چاکسازی خۆیان دا.

## یەکێتی شمالکالدینی

لە ساڵی ١٥٣١دا، ئەمیرە پرۆتستانەکان و شارە پرۆتستان نشینەکان" بڕیاریان دا کە لە بەرامبەر ئیمپراتۆر و ئیمپریالیستە کاتۆلیکەکاندا بوەستن".(٥٢) لەوێوە کە ئەمیر و نوێنەرەکانی ئەم شارانە لە شاری شمالکالدین دا دەستیان دایە وتووێژ، ئەم دانیشتنە بە یەکێتیی شمالکالدینی بەناوبانگ بوو- یەکێتییەك کە بوو بە دەسەلاتێکی بەهێزی سیاسی -. ئەگەرچی بنەڕەتی ئەم یەکێتییە، بە مەزهەبی دەکەوێتە بەرچاو، بەلام هەر بەو جۆری کە(ئۆوین چادویك)ی مێژوونووس دەنووسێ:" بە زۆری روون نەبوو کە ئەم یەکێتییە، لە حالی پشتیوانی لە پرۆتستانەکاندایە لە بەرامبەر کاتۆلیکەکاندا، یا بۆ بەرگریکردن لە مافی ئەمیرەکان لە بەرامبەر ئیمپراتۆردا هەستاوەتەوە.(٥٣) هەروەها روون نەبوو کە ئایا ئیمپراتۆر لایەنگری مەزهەبی کاتۆلیکە، یا حکومەتی ئیمپراتۆریی. بەهەرحاڵ، پەرەسەندنی پشتیوانی سیاسی لەگەڵ هێمنی و ئازادییەك کە لەگەڵ خۆی هێنابوو بووە هۆی پێکهێنانی کەنیسە پرۆتستانەکان. هەر بەو جۆرەی کە لە سەدەی چوارەمدا، بە گۆڕینی مەزهەبی ئیمپراتۆر کۆنستانتین، مەسیحیەت پەرەی سەند و چووە ناو ژیانی خەلکەوە، لۆسەریزم و شێوەکانی تری پرۆتستانیزمیش، کاتێك کە رێبەری سیاسییەکان مەزهەبە نوێیەکانیان پەسند کرد، پتەویەکی زیاتریان بەدەست هێنا.

لە سەرەتادا لۆسەرییەکان لەبەر لایەنگەلێك لە کەنیسەی کاتۆلیکدا کە جێی پەسندیان نەبوون، وەك: بالادەستی پاپاکان لە سەریان، راهیبەکان یا سیستەمی دارایی و شتی تر، لە دەوری یەك کۆ ببوونەوە. بەلام دواجار پێویست بوو کە ئەوان نەك تەنیا خۆیان بەو شتانەی کە جێی پەسندیان نەبوون، بەلکو لەگەڵ کێشەگەلێك کە لە سەری رێککەوتبوون بناسێنن. بەم جۆرە ئیلاهیاتی پرۆتستانی دەستی کرد بە شکل گرتن.



## دان پێدانانی ئاوگسبوورگ

لە ساڵی ١٥٣٠دا، ئەمیرە لۆسەرییەکان، لە حالێکدا کە خەریك بوو بۆ کۆبوونەوەیەکی شایانەی تر کە ئەوجار بڕیار بوو لە ئاوگسبوورگی ئەلمانیا ساز بکرێ، ئامادە دەبوون، باوەڕەکانی خۆیان داڕشتن. ئەم راپۆرتە کە لەلایەن فیلیپ ملانگتۆن، زانای لاو و بەرجەستەوە نووسرابوو و بە ناوی ئەمیرە لۆسەرییەکان خرابووە بەرچاو، بە دان پێدانانی ئاوگسبوورگ ناسراوە. ملانگتۆن یەکێك لە لێهاتووترین پێڕەوەکانی لۆسەر بوو کە چوو بۆ ویتێنبێرگ و تا کۆتایی ژیانی لۆسەر، وەك باشترین پشتیوان و هاوڕێی ئەو مایەوە.



لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ساڵی ١٥٣٠، رێبەرەکانی پرۆتستانەکان دانپێدانانی ئاوگسبوورگ - راپۆرتێکی فەرمی لە باوەڕەکانی لۆسەر - دەخەنە بەر چاو

دان پێدانانی ئاوگسبۆرگ، راپۆرتێکی بنەماییە سەبارەت بە باوەڕەکانی لۆسەر. زۆرێك لەم دان پێدانانانە بە جۆرێك نووسراون کە تا ئاستی مومکین باس وروژێن نەبن. بۆ نموونە لە دەربڕینی ئەوەی کە " هیچ کەسێك نابێت لە کەنیسەدا بە جۆرێکی ئاشکرا دەست بداتە پەروەردە یا رێوڕەسمی مەزهەبی جێبەجێ بکات، مەگەر لە کاتی پێویستدا" ئەم راپۆرتە لە وەلام بەو پرسیارەی کە ئایا فرمانە پیرۆزەکان (فەرمانی مەزهەبی پلە بەخشین بۆ بوون بە قەشە) یەکێك لە رێوڕەسمەکانی (عشاء ربانی)یە یان نا، خۆی بواردووە.

***دان پێدانانی ئاوگسبوورگ***

*دان پێدانانی ئاوگسبۆرگ(١٥٣٠) کە لە لایەن (فیلیپ ملانگتۆن)ەوە، نووسرابوو، وەك راپۆرتێك لە بارەی هەلومەرجی لۆسەرییەکانەوە لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە لایەن ئیمپراتۆر شارلی پێنجەمەوە پێکهاتبوو خرایە بەرچاو. ئەو بابەتانەی خوارەوە کە لەم بەڵگەیەوە ئامادە بوون، لە وەرگێڕانێکەوە وەرگیراوە کە لە لایەن هێنری (بتنسۆن)ەوە، لە کتێبی بەڵگەکانی کەنیسەی مەسیحییەوە هاتووە. (* Documents of the christian church)

*IV: لە بارەی حەقانییەتەوە:*

*ئەوان فێر دەکەن کە حەقانییەتی مرۆڤەکان لەبەرامبەر خوادا بە هۆی دەسەڵات، شایستەیی یا چاڵاکییەکانیانەوە نییە، بەڵکو ئەوان ئازادانە بە باوەڕ و لەبەر خاتری عیسای مەسیح دەگەن بە حەقانیەت؛ ئەوکاتەی کە باوەڕ دەکەن بوونەتە خاوەنی رەحمەتی خوایی و گوناهەکانیان لەبەر مەسیح بەخشراون.*

*X: لەبارەی دان پێدانانەوە:*

*ئەوان فێر دەکەن کە دان پێدانانی کەسیی لە کەنیسەکاندا دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ژماردنی تەواوی گوناهەکان لە دان پێداناندا پێویست نییە، لە بەر ئەوەی نامومکینە، هەر بەو شێوەی کە لە مەزموردا هاتووە:*

*" چ کەسێك لە گوناهەکانی دەگا؟"*

*XV: لەبارەی رێورەسمی مەزهەبیی کەنیسەوە:*

*ئەوان فێر دەبن کە رێو شوێنگەلێك دەبێ بمێنننەوە کە بتوانرێ بە بێ ئەنجام دانی گوناه جێبەجێ بکرێن و لە خزمەتی ئارامی و هێمنی و رێکخستنی راستدا بن لە کەنیسەدا. وەك رۆژە پیرۆزە دیاریکراوەکان، رۆژەکانی جێژنی مەزهەبی و لەم جۆرانە.*

*بەڵام هۆشداری دەدرێت بە مرۆڤەکان کە نابێت ئەوەندە کێشەگەلێکی ئەوتۆ بسەپێنن بە سەر ویژدانیان، کەدەڵێی ئەم رێورەسمانە بۆ گەیشتن بە رزگاری واجبن.*

*XX: لەبارەی باوەڕ و کارە چاکەکانەوە:*

*خەڵکی ئێمە بە هەڵە بە نەکردنی کاری چاکە تۆمەتبار کراون... کردەکانی ئێمە لە توانایاندا نییە لەگەڵ خوادا ئاشتمان بکەنەوە یا شایستەیی بەخشینی گوناهەکان، رەحمەتی خوایی و حەقانیەتمان بدەنێ. ئێمە تەنیا بە باوەڕەوە دەگەین بەم ئامانجە و ئەوەش کاتێکە کە باوەڕ بەوەبێنین کە لەبەر مەسیح دەبینە خاوەنی رەحمەتی خوایی... سەرەڕای ئەوە خەڵکی ئێمە فێر دەبن کە ئەنجام دانی کارە چاکەکان پێویستە، نەك بۆ ئەوەی کە خۆیان بکەن بە شایستەی رەحمەتی خوایی ، بەڵکو لە بەر خواستی خوا... بەم پێیە بە ئاسانی روون دەبێتەوە کە ناتوانرێ ئەم رێنماییانە، بە رێگری لە کارە چاکەکان تاوانبار بکرێن، بەڵکو دەبێت لەبەر نیشان دانی رێگای راست پێیاندا هەڵبگوترێت.*



کاتۆلیکەکان باوەڕیان بە هەبوونی و پرۆتستانەکان بە نەبوونی، هەبوو. هەروەها لەم دان پێدانانەدا هاتووە:" رێوەرەسمی لێبووردنی تایبەتی لە کەنیسەکاندا دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ژماردنی هەموو گوناهەکان لەدان پێداناندا پێویست نییە"[٥٤] هۆی ئەم هەلومەرجە ئاسانە بابەتێکی کردەیی بووە: ملانکتۆن کە دەیزانی، ژماردنی تەواوی گوناهەکانی کەسێك ناموممکینە، پشتی بەستووە بە ئایەتێکی مەزمور:"چ کەسێك لە گوناهەکانی دەگا؟[٥٥] ئەگەرچی ئەم بابەتە وەها بە گشتی نووسرابوو کە هەر کەسێك بە جۆرێك راڤەی دەکرد. کاتۆلیکەکان دەیانتوانی لەسەر ئەو باوەڕە بن کە ئەم ئایەتە مۆری تەئیید لە سەر رێورەسمی دان پێدانان دەدات. پرۆتستانەکان دەیانتوانی باوەڕ بەوە بکەن کە دان پێدانان رێپێدراوە، بەڵام واجب نییە. ئیمپراتۆر دان پێدانانەکەی خوێندەوە و دایە دەستی ئەنجوومەنێکی پێکهاتوو لە زانایانی دینی. راپۆرتەکەیان، هەبوونی کێشەگەلێکی لە کەنیسەی کاتۆلیکدا پشتڕاست کردەوە. ئیمپراتۆر بەڵێنی دا تا لەتوانایدابێت هەوڵ بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەو هەروەها ئاماژەی کرد بە ئومێدەوار بوونی خۆی بۆ گەڕانەوەی پرۆتستانەکان بۆ کەنیسە. ئەوان وەهایان نەکرد.

## کەنیسەی چاکسازی تێدا کراوی سویسرا

هەر لەم نێوەدا لە بەشەکانی دیکەی ئەوروپا، چاکسازی لە رێڕەوگەلێکی جیاوازەوە دەچووە پێشێ. دوو جوولانەوەی بەهێز لە سویسرا دەستیان پێکرد؛ لە وڵاتێکدا کە لەو کاتیشدا وەك ئێستا یەکێك لە سەربەخۆترین ناوچەکانی ئەوروپا بوو. شارەکانی سویسرا لە رابردووەوە تا ئێستا بە شێوەی ناوچەیی بەڕێوە براون و لە یەکێتییەکی سستدا، بە سێ زمانی فەرمی ئەڵمانی، فەڕەنسی و ئیتاڵیایی پێکەوە پێوەندییان هەیە. ئەم یەکێتییە لە دابەشکردن گەلێکی ئیداری بیست و دوو یەکەیی بەناوی کانتۆن پێکهاتووە کە شتێکی وەك پارێزگایە.

سەربەخۆیی سیاسی و رۆشنبیرانەی سویسرا، ئەم وڵاتەی کردە شوێنی لەدایکبوونی سروشتیی جووڵانەوەیەکی نوێی مەزهەبی. بە پێی گوتەی مێژوونووسێك:" بە هۆی وەفاداریی توندوتۆڵی ئەوان بە دەوڵەتە ناوچەییەکان و کۆنفدراسیۆن، سویسراییەکان حەزیان بە پەسندکردنی دەسەڵاتی پاپ لە رێورەسمە مەزهەبییەکاندا نەبوو."[٥٦] لە راستیدا مرۆڤگەرایی رێنسانس بە شێوەیەکی پتەو لە سویسرادا بەدی هاتبوو و جێگایەکی بۆ ئەراسمۆس و زانایانی مرۆڤگەرای تر، بەرهەڤ کردبوو.

خوێندکارانی زانکۆکانی سویسرا دەستیان دەدایە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزو بە دوای

سەرچاوە سەرەکییەکانیدا دەگەڕان و هەوڵیان بۆ چاکترکردنی ئەو وەرگێڕانانە دەدا، کە لە بەردەستدابوون.

یەکەمین چاکسازیخوازی مەزنی سویسرایی، ئۆلریش تسوینگلی بوو کە تەنیا چەند هەفتەیەك لە مارتین لۆسەر گەنجتر بوو. تسوینگلی کە ئاگای لە چالاکیەکانی لۆسەر بوو، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٥٢٠دا، چالاکییەکانی خۆی دەست پێکردن ئەو لە شاری ئەڵمانی زمانی زوریخ دەژیا. تسوینگلی لە پۆستی قەشەی ناوچەییدا، شیکردنەوەکانی خۆی لە کتێبی پیرۆزەوە دەردەبڕین و دەستی دەدایە رەخنە گرتن لە کردەگەلێکی وەك فرۆشتنی پسوولەی لێبووردن و فرۆشتنی پۆستی رۆحانییەکان. هەروەها بە دژی دان پێدانانی تایبەتی، رەهبانیەت، رۆژوو گرتن و هەبوونی هونەر و مۆسیقا لە کەنیسەدا، وتاری دەدا و دەیگوت کە هیچ کام لە کردەوانە لە کتێبی پیرۆزدا نین و بەم پێیە نابێت وەك بەشێك لە رێورەسمی ستایشکردنی مەسیحییەت بناسرێن.



**چاکسازیخوازی سویسرایی، ئۆلریش تسوینگلی رەخنەگرێکی راشکاوی کەنیسەی کاتۆلیك بوو. لە حاڵێکدا کە زۆر لە باوەڕەکانی لۆسەر نزیك بوون، ئەم دووە لە زۆریەك لە مەسەکەکاندا، دژبەربوون و ئەمە بوو بە هۆی یەکەمین جیایی بنەڕەتی لە پرۆتستانیزمدا.**

تسوینگلی و لۆسەر، هاوڕێ لەگەڵ پرۆتستانگەلێکی زۆر کە دواتر هاتن، باوەڕیان وا بوو کە کردەکانی مەسیحیەت تەنیا دەبێت لە سەر بنەمای کتێبی پیرۆز بن. کەنیسەی کاتۆلیك لە کۆنەوە لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە مەسیحیەت هەم لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز و هەم لەسەر بنەمای رێڕەوی نەریتییە؛ واتە نەك تەنیا پەیوەستە بە کتێبی پیرۆزەوە، بەڵکو بە درێژایی سەردەمەکان پەیوەستیشە بە باوەڕی بەربڵاو و زیندووی مەسیحیەکانەوە. بەم پێیە، ئەگەر وێنەکان و مۆسیقا هاوکاری بە خەڵك دەکەن بۆ پەرستن، پەسند دەکرێن یا ئەگەر رۆژووگرتنی



خەڵك هاوکاری تاقیکردنەوەی وێژدانی مرۆڤ و دووری گرتن لە گوناه بکات، لەم حاڵەتەدا بەکەڵك دەکەوێتە بەرچاو. (دواتر لە رەوتی چاکسازیدا، زانای ئاینی ئینگلیزی، ریچارد هۆکێر، کەنیسەی ئەنگلیکان ـ کەنیسەی بەریتانیاـ ی بە چوارپایەیەك چواند لە سەر سێ پێ: کتێبی پیرۆز، نەریت و لۆجیك).

بەهەرحاڵ تسوینگلی خۆی بە حەق دادەنا و نەریتی کاتۆلیکی بە هەڵە دادەنا. لە ١٥٢٢دا لە وەرزی "چل رۆژەدا" کە بە شێوەیەکی گشتی کاتی رۆژووگرتن بوو بۆ ئامادەیی جێژنی پاك، تسوینگلی بە دژی رۆژوو گرتن و نەخواردنی گۆشت وتاری دا. چەندین هاوشاریی بەرجەستەی زوریخ وەك دەربڕینی نارەزایی بە شێوەیەکی ئاشکرا رۆژووەکانیان شکاند. ئۆسقۆفی ناوچەکە ترسا بەڵام ئەنجوومەنی گەورەی زوریخ بڕیاری دا کە بابەتەکە لە کۆبوونەوەیەکی گفتوگۆدا، چارەسەر بکات. تسوینگلی بۆ دەرخستنی بیروڕاکانی لە گفتوگۆکەدا، لیستێکی لە باوەڕەکانی کە بە ئەنجامگیری شەست و حەوت خاڵ بەناوبانگە، ئامادە کرد.

تسوینگلی بە خستنە بەرچاوی ئەم ئەنجامگیرییە هەڵوێستی خۆی روون کردەوە. بە باوەڕی ئەو" هەموو حەقیقەتی مەسیحیەت لە ئینجیلدا دەرکەوتووە." ئەو باوەڕی وابوو کە مەسیح پێویستی بە رۆژووگرتن نەبووە و قەشەکان پێویست نییە کە بە رەبەنی بمێننەوە. تسوینگلی لەو هەڵوێستەوە رووبەڕووبوونەوە کە هەر شتێك مەسیح نەی کردووە قەدەغەی نەکردووە، راست و جێگای پەسەندە. ئەو بانگەشەی کرد کە دەسەڵاتی بە ناو رۆحانی کەنیسە بنەما و ئیزنی لە ئینجیل و رێکارەکانی مەسیحدا نییە و مەسیح لەگەڵ رێکارەکانی ژیانی خۆیدا، دەسەڵاتی کاربەدەستەکانی وڵاتی پشتڕاست کردووەتەوە. بەم پێیە مەسیحییەکان دەبێت دەسەڵاتی ئۆسقۆف و پاپاکان رەت بکەنەوە، بەڵام لە رێبەرە نامەزهەبییەکانی خۆیان ـ پاشاکان، شازادەکان و ئەنجوومەنەکان ـ پەیڕەوی بکەن.

ئەنجوومەنی زوریخ ئەنجامگیرییەکانی تسوینگلی پەسند کردن و فەرمانی بە قەشەکانی زوریخ دا: " تەنیا لە بارەی بابەتگەلێکەوە وتار بدەن کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتوون."[٥٧]

ئەم ئەنجوومەنە هەروەها ئیزنی بە تسوینگلی دا کە دەست بداتە هەر چاکسازییەك کە لە رێورەسمی پەرستندا بە پێویستی دەزانێ. لە ساڵەکانی دواتردا، زۆرێك لە قەشەکان ژنیان هێنا و دەستیان دایە بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی لە رێورەسمە مەزهەبییەکاندا. ئەم ساڵانە هەروەها شاهیدی سەرهەڵدانی شێوازگەلێکی سادە بوو لە خواپەرستی گشتی. لە ساڵی

١٥٢٤دا، لایەنگرە بە پەرۆشەکانی تسوینگلی، چاکسازییان تەنانەت لە تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی کەنیسەدا دەست پێکرد. (هارۆڵد. جەی. گریم)ی مێژوونووس دەنووسێت:

*تابلۆکان، پەیکەرەکان، خاچەکان، مۆمەکان و شتە رازێنەرەوەکانی دیکە لە کەنیسەکان هەڵگیران و تێکدران، دیوارە رازاوەکان سپی کرانەوە و ئێسك و پروسکی قەدیسە ناوچەییەکان نێژران. مێزەکان جێگای میحرابەکانیان گرتەوە، ئۆرگەنەکان هەڵگیران و گۆرانیی بەکۆمەڵ نەما... ئەوەی مایەوە، تەنیا بیناگەلێکی سارد و سڕ بوون کە بە دژواری دەیانتوانی سەرنجی خواپەرستەکان بۆ بیستنی وشەی سادە و بێ گرێوگۆڵی خودا کەم بکاتەوە.* (٥٨)

ئەنجوومەنی شاری زوریخ بە پشتیوانی لە بیر و بۆچوونەکانی تسوینگلی، دێرەکانی خستنە ژێر چاوەدێری خۆیەوە یا دایخستن، یا کردیان بە بۆ قوتابخانە و نەخۆشخانە.

تسوینگلی بە دوای ئەم ئەنجامانەدا، هان درا کە چاکسازییەکانی بە تەواوی سویسرادا بڵاو بکاتەوە. ئەو تا کاتی مردنی لە ساڵی ١٥٣١دا، هەوڵی دا کە شوێنەکانی دیکەی سویسرا پەیوەست بکات بە بزووتنەوە چاکسازییەکەی. بۆچوونەکانی تسوینگلی سەرەڕای جیاوازی لەگەڵ بۆچوونەکانی لۆسەر، لە ئەڵمانیادا بڵاو بوونەوە و تسوینگلی خۆی شاهیدی ئەم رەوتە بوو. دەربڕینێك کە تسوینگلی لە پرۆتستانیزم هەیبوو، بە کەنیسەی چاکسازی تێداکراو ناوبانگی دەرکرد.

## ئانابابپتیستەکان

جۆرێکی تر لە پرۆتستانیزم لە سویسرا دەستی پێکرد و بە خێرایی کێشرا بۆ ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەلجیکا. دوای شۆڕشەکانی وەرزێڕەکان لە نێوان ساڵەکانی ١٥٢٤، ١٥٢٥ گروپگەلێك لە خەڵك دەستیان کرد بە خوێندنەوەی ئینجیل و هەڵێنجانەکانی خۆیان لە دین، خستنە بەرچاو. ئەم کەسانە دواتر بە ئاناباپتیست(Ana: دووبارە، Baptist: تەعمیدکەر) بەناویانگ بوون. چونکە ئەوان باوەڕیان بە تەعمیدی گەورەکان هەبوو و بە پێویستیان دادەنا کە سەرەڕای ئەوەی لە منداڵیدا تەعمید کرابوون، سەر لە نوێ تەعمید بکرێنەوە.

تونڕۆترین ئاناباپتیستەکان باوەڕیان بە میتۆدی کۆمۆنیستی ژیان هەبوو. ئەوان دەیانهەویست ڕێگای مەسیحییە یەکەمینەکان درێژە پێبدەن و بە شێوەیەکی هاوبەش کەڵك لە پێداویستی و شوێنی ژیانیان وەرگرن. هەروەها باوەڕیان وا بوو کە کەنیسە لە کاروباری



دنیایی جیایە و حوکمڕانە نامەزهەبییەکان ( پاشا و شازادە و سەرۆکی دادگاکان و کەسانی تر) ناتوانن لە هەمان کاتدا، فەرمانڕەوایانی مەزهەبیش بن. ئەوان لە بەر ئەم باوەڕە، نەك تەنیا خۆیان لە بەرامبەر کەنیسەی کاتۆلیکدا، بەڵکو لە بەرامبەر مەزهەبە نوێیەکانی پرۆتستاندا دانا. لۆسەریەکان، کەنیسەی چاکسازی تێدا کراو و کەنیسەی بەریتانیا کە پێوەندیەکی نزیکیان لەگەڵ فەرمانڕەوا سیاسییەکاندا دادەمەزراند، ئانا باپتیستەکانیان بە بێگانە، توندڕۆ، لادەر (بیدعەکار) و ترسناك دادەنان.

### *تسوینگلی بە دژی لۆسەر*

*سەرەڕای ئەوەی کە تسوینگلی و لۆسەر هەردوو چاکسازیخواز بوون بەڵام هەمیشە پێکەوە نەدەگونجان. بەتایبەتی تسوینگلی حەزی لێنەبوو لە زەینی تاکەکاندا بچێتە پاڵ لۆسەر. لەم نامەیەدا کە بۆ هاورێکەی نووسیوە و لە کتێبی (چاکسازی: کورتە مێژوویەکی چیرۆکی)دا هاتووە، ناخۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت:*

*گەورەکان و دەسەڵاتدارانی ئەم جیهانە، بە هەبوونی ڕێکارەکانی مەسیح لە ژێر ناوی لۆسەردا، وەزاڵە هاتوون و لێی بێزارن. ئەوان تەواوی ڕێنماییەکانی مەسیح بە لۆسەری دادەنێن. بەبێ ئەوەی کە سەرنج بدەن لە لایەن چ کەسێکەوە دەردەبڕدرێن. تەنانەت ئەگەر کەسێك هیچ کات لە بارەی لۆسەرەوە شتێکی نەخوێندبێتەوە و تەنها باوەڕی بە کەلامی خوایی هەبێ، دەبێ رەخنەی لێ بگیرێ کە بۆچی لۆسەرییە. ئێستا ئەمە چارەنووسی منە.*

*چ کەسێك منی بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و راڤەکردنی هان دا؟ ئایا ئەوە لۆسەر بوو؟ من بەر لەوەی کە تەنانەت ناوی لۆسەرم بیستبێ، وتارەکەم وەها دەست پێکرد. هەر بەم نیەتەوە، لە دە ساڵ لەوەو بەرەوە دەستم کرد بە فێربوونی زمانی یۆنانی تا ڕێکارەکانی مەسیح بە زمانی سەرەکی فێر بم... لۆسەر هیچ شتێکی فێری من نەکرد.. . سەرەڕای ئەمە لایەنگرانی پاپا بە قینەوە، من و ئەوانی تر بەم ناو نیشانەوە دەخەنە ژێر گوشار و دەڵێن" تۆ حەتمەن لۆسەرییت، لەبەر ئەوەی تۆ بە جۆرێك وتار دەدەیت، کە ئەو دەینووسێت".*

## کالڤین

بە درێژایی دەیەی دوای ١٥٣٠، زانایەكی ئایینی و چاكسازیخوازێكی مەزنی تر لە سویسرا ئەمجارەیان لە شاری فەرەنسی زمانی ژنێڤ، سەری هەڵدا. جۆن كالڤین لە فەرەنسا لە دایك ببوو و لە زانكۆی پاریسدا دەرسی خوێندبوو. كالڤین وەك لۆسەر لەبەر خواستی باوكی مافی خوێندبوو. ئەو وەك تسوینگلی لە ژێر كاریگەریی زانستە كلاسیكەكاندا بوو و بە جۆرێك لە جۆرەكان، مرۆڤگەرا بوو. كالڤین یەكەمین جار لە ١٥٣٢ لەگەڵ نووسینەكانی لۆسەر رووبەڕوو بووەوە و زۆر بە چاكی كەوتە ژێر كاریگەرییەوە. كالڤین لە ساڵی ١٥٣٦دا، كتێبێكی بە ناوی (بنەماكانی ئایینی مەسیحی) بڵاو كردەوە. كتێبەكە هەزار لاپەڕەی لەخۆ دەگرت و چەندین جار لە كاتی ژیانیدا سەرلەنوێ چاپ كرایەوە. (بنەماكانی ئایینی مەسیحی)، وەك گرنگترین وەسفی باوەڕ و زانستی ئایینی كالڤین دەرهات و یەكێك بوو لە كاریگەرترین كتێبەكان، بە درێژایی ماوەی چاكسازی.



**چاكسازی بوو بە هۆی سەرهەڵدانی گرووپگەلی نوێی مەزهەبی. ئانابابتیستەكان كە گرووپێك لە پرۆتستانەكان بوون، لە ساڵی ١٥٢٣دا سەریان هەڵدا. ئەوان بە شێوەیەكی هەمەلایەنە بە هۆی باوەڕە توندڕەوانەكانیان كە پێداگریان دەكرد لە سەر گەڕانەوە بۆ شێوازی سەرەتایی مەسیحییەت، كەوتنە بەر ئازار و ئەشكەنجە.**



كالڤین وەك لۆسەر باوەڕی وا بوو كە خوا گەورەیە و لە توانای ناسینی مرۆڤدا نییە و مرۆڤ بچووك و لەناوچوویە. بەم پێیە قسە روونەكانی خوا ـ كتێبی پیرۆز ـ دەبێت سەرچاوەی سەرەكیی ئێمە بێت، نەك تەنیا لە مەزهەب و ئەخلاقدا، بەڵكو لە مێژوو، سیاسەت و هەموو شتێكدا."(٥٩) كالڤین باوەڕی وا بوو كە خەڵك بە ڕادەیەك نافەرمان و حەزیان لە گوناهە كە قەت بۆ بەدەستهێنانی ژیانی هەمیشەیی بەهەشت، شایستە نین و لەم نێوەدا مردنی مەسیح، گیانفیداییەك بوو كە بەستێنی رزگاریی بەرهەڤ كرد ـ ئەڵبەتە نەك بۆ هەمووان. تەنیا ژمارەیەكی كەم كە كالڤین بە (هەڵبژێراوەكان)ی دادەنان، دەگەیشتنە رزگاربوون.كالڤین باوەڕی وابوو كە هەڵبژێراوان بەر لە لەدایك بوونیان بۆ رزگار بوون هەڵبژێراون و مومكین نییە كە كردەیەك ئەنجام بدەن ببێتە بەربەستی گەیشتنیان بە رزگاری. هەر بەو جۆرەی كە هیچ كەس ناتوانێت كارێك بۆ گەیشتن بە رزگاری ئەنجام بدات.

> ئێمە بە راستی دەڵێین كە خوا پێشتر ئاگای لە هەموو شتێكە، تەنانەت كاتێكیش كە بە كۆتاییان دەگەیەنێ... كاتێك كە ئێمە زانستی غەیب بە ئی خوا دادەنێین، مەبەستمان ئەوەیە كە هەموو شتێك بۆ هەمیشە لە ژێر چاوەدێری ئەودا بووە و دەبێ... ئێمە چارەنووس بە حوكمی ئەزەلیی خوا دەزانین كە بە پێی ئەو بڕیار دەدا لەگەڵ هەر یەكماندا چی بكات. لەبەر ئەوەی ئەو هەمووان بە یەك جۆر ناخوڵقێنێ بەڵكو بۆ هەندێك لە كەسەكان ژیانی نەمری و بۆ هەندێكی تر، نەفرینی ئەبەدی داناوە.(٦٠)

لە ڕوانگەی كالڤینەوە، كەنیسەی راستەقینە تەنیا لە ژمارەیەكی دیاریكراو لە هەڵبژێراوەكان پێكهاتبوو: زیندوو، مردوو و هێشتا لە دایك نەبوو. ئەو هەستی دەكرد كە هەڵبژێراوەكان بە شێوەیەكی سروشتی بەرەو لای ژیانی هاوڕێ لەگەڵ باوەڕ دەكێشرێن و كەنیسە لە سەر رووی زەوی پێكدێ لە" هەموو ئەو كەسانەی كە بە داننان بە باوەڕ، ژیانی پڕ لە پەند و بەشداری لە ڕێوڕەسمی مەزهەبیی تەعمید و ئێوارەخوانی خوایی، لە بەرامبەر هەمان خوا و ئەو مەسیحەدا دان پێدا دەنێن كە ئێمە باوەڕمان پێیان هەیە."(٦١)

كالڤین، بە پێچەوانەی ئانابابتیستەكان باوەڕی وا بوو كە كەنیسەی و دەوڵەت بەو مەبەستە پێكهاتوون كە هاوكاری بكەن تا دەوڵەت ئەو بنەما ئەخلاقییانە جێگیر بكات كە كەنیسە دایڕشتوون. كالڤینیزم، دەسەڵاتێكی زۆری بە دەست هێنا و سیستەمی كارگێڕی وەك حكومەتی روحانیەكانی لێهات. خودی كالڤین ژنێڤی بۆ ماوەی بیست ساڵ بەڕێوە برد. ئەو یاساگەلێكی جێبەجێكردنی بەدی هێنان و پێداگر بوو كە بە تەواوی لەبەر چاو بگیرێن. قومار، تاوڵە و سەما

نایاسایی بوون. هەموو کەسێك لە هەفتەدا لە پێنج ڕێوڕەسمی وتاردا بەشداری دەکرد. جلوبەرگ و ڕازاندنەوەی پرچ لە ژێر کۆنترۆڵدا بوون. هەموو کەسەکان دەروەست بوون بە گوێڕایەڵی کردنی یاسا؛ هیچ ریزپەڕێك لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نەبوو.



زانای خواناسی فەرەنسی، جۆن کالڤین، دوای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نووسراوەکانی لۆسەر لەساڵی ١٥٣٢دا، بە سوودی بنەماکانی چاکسازی باوەڕی خۆی گۆڕی. دوای مردنی لۆسەر، باوەڕەکانی کالڤین، کاریگەریی زۆریان لەسەر سەرهەڵدانی چاکسازی، لە فەرەنسا، بۆهیمیا، چەند بەشێك لە ئەڵمانیا، هۆڵەندا و سکۆتلەندا، دانا.

ڕۆحانی و ریش سپییەکان سەردانی ماڵەکانیان دەکرد تا بە ئاگا بنەوە لە هەلومەرجی ڕێوەڕەسمی خواپەرستییان.

هۆی ئەوەی کە خەڵك لەگەڵ وەها میتۆدێکی تا ڕادەیەك زاڵمانەدا هەڵیاندەکرد، چی بوو؟ چونکە کالڤین ڕێگایەکی پێ نیشان دەدان کە لە خودا نزیك بکەونەوە. ئەوان لە توانایاندا بوو کە ئامانجە باڵاکان، لە پێشەوەی چێژە ماددییەکاندا دابنێن. کەسانێك کە بە بێ نائومێدی و بێزاری توانای وە دواکەتنی ڕێساکانیان هەبوو، دەیانتوانی تا ڕادەیەك دڵنیا بن کە لە هەڵبژێراوەکان دەبن. کالڤینیزم لە فەرەنسا، هەنگاریا، بۆهیمیا، باشووری فەرەنسا، هۆڵەندا و سکۆتلەندا بڵاو بووەوە و بە تایبەت خەڵکی شاری خستە ژێر کاریگەرییەوە. لایەنگرەکانی کالڤینیزم لە هەموو شوێنێکدا پشتیان بە نووسینەکانی کالڤین دەبەست بە تایبەتی (بنەماکانی ئایینی مەسیحی)، بەڵام خوێندنەوە و بیرکردنەوە لە بارەی کتێبی پیرۆزەوە، ناوەندی سەرەکیی ڕێوڕەسمی خواپەرستی ئەوانی پێکدەهێنا. ئەوان میتۆدی ژنێڤی ڕێکخستنیان وەبەر چاو دەگرت کە تێیدا ڕۆحانییەکان، ریش سپی و خزمەتکارەکانی کەنیسە زنجیرەی پلەکانی کەنیسەیان پێکدەهێنا. دواجار کالڤینیستەکان، بە پرێسبیتری



(Presbyterian) بەناوبانگ بوون، چونکە کەنیسەکەیان لە لایەن ریش سپی یا پرێسبیترییەکانەوە بەڕێوە دەچوو.

***فرمانە شارییەکانی کالڤین***

*جۆن کالڤین کە لە بنەڕەتدا بەڕێوەبردنی ژنێڤی لە ئەستۆ بوو، یاسا و فەرمانگەلێکی لە بارەی تەواوی لایەنەکانی ژیان بەدیهێنان. لێرەدا هەندێك لەم فەرمانانە لە کتێبی (چاکسازی: کورتە مێژوویەکی چیرۆکی) دا هاتوون:*

*ئەگەر تەواوی کەسەکانی ماڵەکان دەبێ لە ڕێوڕەسمی مەزهەبیی یەکشەمەدا بەشدار بن، بێجگە لە کەسانێك کە بۆ پارێزگاری کردن لە منداڵ یا ئاژەڵەکان لە ماڵدا ماونەتەوە.*

*لە ڕۆژەکانی هەفتەدا ڕێورەسمی وتاردان بەڕێوە بچێ، هەموو ئەو کەسانەی کە دەتوانن، دەبێ بەشداری بکەن... کەسانێك کە خزمەتکاری پیاو یا ژنیان هەیە، دەبێ ئەگەر بتوانن، لەگەڵ خۆیاندا بیانهێنن، تا ئەوان وەك ئاژەڵ بە بێ ڕێکارو ڕێنماییەکان ژیان نەکەن... دەبێ هەموو لە ئامادەبوونی نارێك لە ڕێوەڕەسمی وتاردان، ئاگادار بکرێنەوە. ئەگەر چاك نەبوون، دەبێ غەرامەیەك بەرامبەر بە سێ سووس(Sous) بدەن...*

*کەسانێك کە دوعای ڕۆژانە (زیکر) دەخوێنن یا بتپەرستی دەکەن، بۆ وەڵام دانەوە، دەنێردرێنە ئەنجوومەنی پیاوەگەورەکانی کەنیسە... ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو کەسانەش کە دەڕۆنە زیارەت، هەر ڕاستە. ئەو کەسانەی کە دەڕۆن بۆ تەماشای جێژنەکان، یا ڕۆژوو دەگرن تەنیا دەبێت ئامۆژگاری بکرێن. کەسانێك کە دەڕۆن بۆ ڕێوڕەسمی (عشاء ربانی)، دەبێت سەرەڕای ئاگادار کردنەوە، بنێردرێنە ئەنجوومەن تا لەبارەی گونجاوترین شێواز بۆ تەمبێ کردنیان کە زیندانیکردن یا غەرامەکردنی تایبەتە، بڕیار وەربگیرێ.*

*هیچ کەسێك نابێت کەسێکی تر بۆ خواردنەوەی مادەی سەرخۆشکەر بانگهێشت بکات و غەرامەکەی سێ سوسە. بەدرێژایی ڕێورەسمی وتاردان مەیخانەکان دەبێ داخرێن. لە حاڵی ڕەچاو نەکردندا، خاوەن مەیخانە دەبێت سێ سووس بدات و هەر کەسێك کە لە مەیخانەدایە، ئەویش پێویستە هەر بەم ڕادەیە غەرامە بکرێت.*

*هەر کەسێك گۆرانیی خراپ بڵێ یا سەما بکات... دەبێت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ زیندانی بکرێت و دواتر بنێردرێت بۆ ئەنجوومەن.*

## (٥)

# ئەوروپا لە حاڵی گۆڕاندا:
# کۆمەڵگا لە سەردەمی چاکسازیدا

سەردەمێك كە لۆسەر و تسوینگلی هێشتا منداڵی قوتابخانە بوون و كالڤین هێشتا لە دایك نەببوو، كریستۆف كۆلۆمب (Christopher Columbus) ئۆقیانوسی نەناسراوی ئەتڵەسی بە كەشتی پێوا. ئەو بە پێچەوانەی چاوەڕوانی نەگەیشتە ژاپۆن و چین، بەڵكو بەشێك لە جیهانی دۆزییەوە كە دواتر بە ئەمریكای باكوور و باشوور ناسرا. لە ساڵی ١٥١٩دا كە لۆسەر بۆ بەرگریكردن لە نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەكەی خەریكی نووسین بوو و بەر لە تەكفیر كردنی، فردیناند ماجێلان و سباستیان دێل كانۆ، بە كەشتی بە دەوری دنیادا سووڕانەوە.



**كریستۆف كۆلۆمب (لای چەپ) و فێردیناند ماجێلان(لای ڕاست) بە بەرفراوان كردنی ڕوانینی جیهانیی خەڵك، كۆمەكیان بە هەمواركردنی ڕێڕەوی چاكسازی كرد.**



ماجێلان بەر لە تەواوبوونی گەشتەكە مرد، بەڵام دێل كانۆ لەگەڵ یەكێك لە پێنج كەشتییە سەرەتاییەكە، دوای سێ ساڵ لە دەست پێكردنی گەشتەكە گەڕایەوە ئەوروپا.

ئەو نەخشانەی كە لە ١٥١٧دا، سەردەمێك كە ئێمە بە دەستپێكی چاكسازی دادەنێین كێشرانەوە، هیندی ڕۆژئاوا و بەشگەلێكیان لە هێڵی كەناری ئەمریكای باشوور نیشان دەدا بەڵام تێشیاندا هیچ شوێنێك لە هەر دوو كیشوەری گەورەی ئەمریكای باكوور و باشوور نەبوو. تەنیا دە ساڵ دواتر، دیەگۆ ڕۆبێرتۆ، نەخشەگەلێكی لە جیهان كێشانەوە "كە كەنارەكانی ئەوروپا، ئەفریقیا و ئاسیای باشووری بە وردبینییەكی زۆرەوە نیشان دەدان. هاوڕێ لەگەڵ كەنارە ڕۆژهەڵاتییەكانی ئەمریكای باكوور و باشوور، لە نیوفاوندلاندەوە تا گەرووی ماجێلان و كەنارەكانی ڕۆژئاوا، لە پێرۆوە تا مەكسیك."[٦٢]

ئەم دۆزینەوانە نەك تەنیا بۆ خوێندكاران سەرنجڕاكێش بوون؛ بەڵكو كاریگەریشیان لە سەر ژیانی ڕۆژانە دادەنا. گیای خۆراكی نوێ: تەماتە، پەتاتە، بیبەری سوور، چوكلێت، گەنمەشامی و تووی فەرەنگی - لە ئەمریكاوە نێردران بۆ ئەوروپا و ئاسیا و خۆراكی ئەوروپایی و ئاسیایی بۆ هەمیشە گۆڕی. ئەوەی كە ئێمە بە تایبەتمەندی جیانەبۆوەی چێشت لێنانی ناوچەیی دادەنێین ــ پەتاتە لە خۆراكی ئایرلەندی، تەماتە لە خۆراكی ئیتالیایی، تەنانەت بیبەری سوور لە خواردنی چینیدا ــ هەموویان لە سەدەكانی شازدە و حەڤدەی زایینی، هاتوونەتە ئەم ناوچەیە. هەر بەو جۆرەی كە ڕیمۆند سۆكۆلۆف، مێژوونووسی خۆراكی، دەڵێت: بەر لە ١٤٩٢ "خەڵك، لەلایەكی ئەوروپاوە تا لایەكەی تری، تا ڕادەیەك یەك شێوە خۆراكیان دەخوارد... شێوازی خۆراكی فەرەنسی، ئیتالی و ئیسپانی، كە بە تێگەیشتنی ئێمە دەگەڕێنەوە بۆ بەر لە مێژوو، لە ڕاستیدا لەم دواییانەدا بەدی هاتوون و بە بێ مادەی خۆراكی ئەمریكی كە بە زۆری لە ڕێگەی كەشتییە ئیسپانییەكانەوە دەگوازرایەوە، ئەم خۆراكانە نەدەناسران."[٦٣]

ئەو خەڵكانەی پێشوازییان لە خۆراكە نوێیەكان كرد و بە دوای موغامەرەگەلێكی نوێدا دەگەڕان لە دنیای نوێدا، ئاسۆیەكی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو كەسانەدا هەبوو كە پێشوازییان لە مێتۆدە نوێیەكان دەكرد لە هەمبەر ڕوانین بۆ دین و كەنیسە و بە دوای ڕێگاگەلێكی نوێدا دەگەڕان بۆ خواپەرستی. وا دەكەوتە بە ڕچاو كە دنیا هەر ڕۆژەو لە حاڵی فراوان بووندایە. كاتێك پێوەندی كەس لەگەڵ جیهان، لەگەڵ وێناكردنە هەمیشەییەكەیدا جیاوازی هەبوو، ئایا ئیمكانی نەبوو كە پێوەندییەكەشی لەگەڵ دین و كەنیسە بگۆڕێت؟

سەرەڕای ئەمانە، دۆزینەوەی ئەو سەرزەوییانە کە تا ئەو کات نەناسرابوون، ئەو ئاگاییەی دا بە ئەوروپییەکان کە مەسیحیەت زیاد لەوەی دینێکی جیهانی بێت، ئەوروپاییە. لە ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمریکا، ڕێگاگەلێکی جیاواز بۆ باوەڕ هەبوون بە خوا هەبوون ـ بەم جۆرە ئەوروپییەکان زانییان کە کیشوەرگەلێکی بەرفراوان بۆ پەسندکردنی ئایینی مەسیحی ئامادەییان هەیە. لۆسەر لە نووسینەکانیدا دوو جار ناوی دنیای نوێی برد و رایگەیاند کە بانگەشەکارەکان، کتێبی پیرۆز بەرەو لای رۆژئاوا بڵاو دەکەنەوە، جێگایەك کە لەوانەیە پێشوازی لێ بکرێت. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئەمریکا چوونە پاڵ کەنیسەی کاتۆلیك، زێتر لەو کەسانە بوون کە لە ئەوروپا، بە چوونە پاڵی مەزهەبی پرۆتستانیزم، لێی جیا بوونەوە.

## پیشەسازیی چاپ

لە ئەڵمانیا شۆڕشێك لە چاپدا، ڕاست لە کاتێکدا کە چاکسازی پێویستی پێی بوو رووی دا. لە دەوروبەری ساڵی ١٤٥٤، یۆهان گۆتێنبێرگ کە خەڵکی ماینتس بوو، تاقیکردنەوەگەلێکی بە پیتی چاپی کانزایی جوولاو، ئەنجام دان و یەکەمین نوسخەی چاپی کتێبی پیرۆزی کە تا ئێستا ناسراوە بەدی هێنا. لە ١٤٧٠دا، فەرەنسییەك بە ناوی گیۆم فیشێ، نامەیەکی بە شەوقێکی زۆرەوە لە بارەی ئەم دۆزینەوە سەرنجڕاکێشە نووسی: "متیۆدێکی سەرنجڕاکێشی نوێ لە ئەڵمانیا بۆ بەرهەمهێنانی کتێب بەدی هاتووە و ئەو کەسانەی کە مامۆستای ئەم هونەرەن لە هەوڵی گواستنەوەیدان لە (ماینتس)ەوە، بۆ شوێنەکانی تری جیهان. رووناکایی ئەم دۆزینەوەیە لە ئەڵمانیاوە بەسەر تەواوی جیهاندا دەدرەوشێتەوە.[٦٤]

بە راستی وا دەکەوێتە بەر چاو کە دەڵێی تەواوی دنیا لە چاوەڕوانی گەیشتنی کتێبە چاپییەکاندا بوون تا دەست بدەنە خوێندنەوەیان. خوێندکارێك وەهای بۆ هاوڕێکەی نووسی:

> هەر لەم کاتەدا، داشقەیەکی پڕ لە کتێبی کلاسیك... لە ڤێنیزەوە گەیشتووە. هیچت ناوێ؟ ئەگەر دەتهەوێ بۆم بنوسە و بە خێرایی پارە بنێرە، لە بەر ئەوەی هەر کە بارێك دەگات، سی کڕیار بۆ هەر کتێبێك پەیدا دەبن. خەڵك تەنیا نرخی کتێب دەپرسن و بۆ بەدەست هێنانی، چاوی یەکتریش دەردێنن.[٦٥]

کتێبە چاپییەکان توانایان دایە هەمووان کە نوسخەیەك کتێبی پیرۆزیان هەبێت و دوای راسپاردەکانی لۆسەر بکەون لەو بارەوە کە پەیڕەوی لە کتێبی پیرۆز بکەن و هەر کەس دەبێت



قەشەی خۆی بێت. لە راستیدا، خودی لۆسەر پیشەسازیی چاپی بە"نیعمەتێکی باڵا و خوایی دەزانی، نیعمەتێك کە خوا بە هۆیەوە کتێبە پیرۆزەکەی دەباتە پێشەوە.[٦٦] بە دڵنیاییەوە ئەم پیشەسازییە، بڵاوکردنەوەی باوەڕەکانی لۆسەری خێراتر کرد. بە هۆی پەیدابوونی پیشەسازیی چاپ، نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەی لۆسەر لە ماوەی چەند حەفتەدا، لە هەموو ئەڵمانیا بڵاو بووەوە و زۆرێك لە بەرهەمەکانی دواتری، بە خێرایی بوون بە پڕفرۆشترین کتێب.



**یۆهان گۆتێنبێرگ لە ناوەڕاستەکانی سەدەی پانزەمدا، پیتی جوولاوی کانزایی بۆ چاپ داهێنا. ئەم داهێنانە نوێیە، بابەتی خوێندنەوەی بۆ هەموو خەڵك بەرهەڤ کرد و بڵاوکردنەوەی بۆچوونی کاتۆلیك و پرۆتستانەکانیشی خێراتر کرد.**

لە لایەکی تریشەوە، بەرهەمەکانی دژبەرکانیش لە ڕێی چاپەوە بە خێرایی بڵاو بوونەوە. لە ساڵی ١٥٢٤دا، ئەراسمۆس بە تەوسەوە گوتی:"لە ئەڵمانیادا جگە لە نووسینەکانی لۆسەر و دژبەرەکانی، هیچ بەرهەمێکی تر بە ئاسانی نافرۆشرێ."[٦٧]

پیشەسازیی چاپ، ئەو توانایەی دا بە لایەنگرانی هەر لایەك کە بیرو بۆچوونەکانیان، بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاوبکەنەوە. هەر بەو جۆرەی کە مێژوونووسێك وەسفی دەکات: "لافاوێك لە نامیلکە، وێنە و کاریکاتۆرەکان هەبوو، کە بنەما یەکەمینەکانی چاکسازی، هاوار بە دژی رەنجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، هێرش و درۆ و دەلەسە مشتومڕییەکان و بەرنامەگەلی

توندڕۆیی شۆڕشگێڕی، بۆ خەڵك دەگواستەوە."[٦٨] لە ساڵی ١٥١٨دا، نزیکەی ١٥٠ کتێب بە زمانی ئەڵمانی چاپ کرابوون. لە ساڵی ١٥٢٤دا، نزیك بە هەزار کتێب هەبوون کە هەشتا لە سەدیان لایەنگری چاکسازیی لۆسەر بوون.

## شارەکان و بانکداری

هاتنی زێڕ و زیو لە ئەمریکاوە و پەرەسەندنی بازرگانی لە هەموو دنیادا، بوو بە هۆی پێشکەوتنی ڕەوتێکی بنەڕەتیتر: بانکداری. ئەوروپا لە ئابوورییەکەوە کە زۆرتر لەسەر بنەمای کشتوکاڵ بوو و بە ئاڵوویر چالاکی دەکرد، بووە ئابوورییەکی سەرمایەداری: واتە کەڵك وەرگرتن لە سەرمایە و پارە بۆ بەدەستهێنانی پارەیەکی زیاتر. لەم کاتەدا، ئیمکانی دانی شتێکی هاوسەنگی ئەو دەوا و دەرمانە و ئاوریشمەی کە لە ئاسیاوە دەهات بەناردنەوەی کاڵا نەبوو، بۆیە کەمایەسییەکەیان بە زێڕ و زیو قەرەبوو دەکردەوە.

بە فراوان بوونی ئاستی گۆڕینەوەکان، ڕێگاگەلێکی زۆرتر بۆ کەڵك وەرگرتن لە پارە بەدی هاتن: کڕین و فرۆشتن بە پێی بەڵگە، متمانەی بانکی، چەك، هەموویان بۆ گواستنەوەی پارەیەکی زۆر، بە بێ پێویست بوونی هەڵگرتنی ڕادەیەکی زۆری زێڕ و زیو، بەدی هاتن. تەواوی ئەم جۆرە گۆڕینەوانە، لە لایەن بانکدارەکانەوە کە گرووپێکی نوێ لە بازرگانەکان بوون، ئەنجام دەدران. بە هێزترین بانکدارەکانی سەردەمی چاکسازی لە بنەماڵەی فوگێر بوون، کە بە دانی قەرز بە ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم، دەوڵەمەند بوون.

شارلی پێنجەم قەرزێکی زۆری لەبانکی فوگێرەوە وەرگرتبوو تا بیدات بەو کەسانەی (هەڵبژێرەکان) کە دەنگیان پێدابوو. جاکوب فوگێر، بە ڕادەیەك دڵنیا بوو لە پێگەی خۆی لە ڕووی دەسەڵات و سەروەتەوە، کە لە نامەیەکدا بۆ ئیمپراتۆر، داوای دانەوەی قەرزەکەی کرد:

> خاوەن شکۆ! بە تەواوی ڕوونە کە ئێوە بە بێ من توانای گەیشتن بە شانازی ئیمپراتۆری (تاجی پاشایی) نەدەبوون، و ئەمە بە شاهیدی نووسراوی هەموو نوێنەرەکان (دەستەی هەڵبژێرەکانی ئەڵمانیا) دەتوانم بسەلمێنم... من لەم کارەدا، بیر لە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆم ناکەمەوە... بەوپەڕی ڕێزەوە، داواکارم خاوەن شکۆ لوتف بکات (گەورەیی بکات)... فەرمان بدەن، ئەو قەرزەی کە داومە، لەگەڵ سوودەکەیدا، بە زوویی بدرێتەوە.[٦٩]

چەمکی کەڵك وەرگرتن لە پارە بۆ دانەوە و فکری دانی قەرز لەگەڵ سوود بە توێژەکانی تری کۆمەڵگاش هاتە کایەوە. وەرزێڕ ئیدی لەباتی کارکردن بۆ ئاغا یا دانی باج لەگەڵ



بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، پارەی پێ قەرزدار بوو. ئیدی کێڵگەداری سەرەڕای میتۆدی بەرهەم هێنانی خۆراك بۆ بنەماڵە، ڕێگایەکیش بوو بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمێك کە دەبوو لەبەر سوودەی فرۆشتنەکەی. کرێکارەکانیش کە سەردەمانێ بۆ ئەنجامدانی کاری موڵکێکی ئاغا یا ڕێکخستنی بازرگانی دادەمەزران، ئێستا ئیدی بە بەشێك لە ڕەوتی بەرهەم هێنانی سەروەت دادەنران. لە ناوەڕاستەکانی سەدەی چواردەیەمدا، تەشەنەی تاعوونێك کە بە مەرگی ڕەش ناسرابوو، ڕێژەی دانیشتووانی ئەورووپای بە توندی هێنایە خوارێ، بەڵام ڕێژەی دانیشتووان لە سەدەی پانزەمدا، بە خێرایی چووە سەرێ. لە سەرەتاکانی سەدەی شانزدەمدا، سەرچاوە خۆراکییەکان، لەبەرخراپیی ئاو و هەوا کەم بوونەوە. پەرەسەندنی دانیشتووان و کەم بوونەوەی خۆراك، بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ و خەڵك بە شێوەیەکی بەربڵاو حەزیان لە کەم کردنەوەی بەشە خۆراکی خۆیان ـ بەدانی یەك لە دەی بە خاوەن موڵکەکان و یەك لە دەی تری بە کەنیسە، لەسەر بنەمای نەریتی باوی ئەو سەردەمەـ نەبوو. هەر بەو جۆرەی کە مێژوونووسێك دەنووسێ:" ئەوان بە شێوەیەکی بەرفراوان، لەوەی کە لە داراییە کەمەکەی خۆیان لەگەڵ ڕاهیبە تەمبەڵ و ڕۆحانییە نائاگا و کاردیناڵە ئاوریشمپۆشەکان و سیستەمی پاپایی ڕۆما شەریك بن، ناڕەحەت بوون."[٧٠]

لۆسەر وەها هەستێکی لە (نامەی کراوە بۆ ئەشرافە مەسیحییەکانی نەتەوەیی ئەڵمانیا)دا نیشان دا:

> بۆچی ئێمە ئەڵمانییەکان دەبێت بە دزی و تاڵان کردنی موڵکەکانمان بە دەستی پاپا ڕازی بین؟ بۆچی ئێمە ئیزنیان پێدەدەین کە لەگەڵمان وەك دەبەنگ و مەیموون هەڵسوکەوت بکەن؟... و ئێمە هێشتا نازانین کە بۆچی، فەرمانڕەوا، ئەشراف، شارەکان مۆڵکە ڕاگیراوەکان، سەرزەویی و خەڵك، ڕۆژ بە ڕۆژ هەژارتر دەبن. ئێمە دەبێ سەرمان سووڕمێنێ کە شتێك بۆ خواردن ماوەتەوە!![٧١]

لەم سەردەمەدا، خەڵك لە باتی کێڵگەکان، بە زۆری لە شارەکاندا دەژیان. زۆرێك لە هاوڵاتییەکان بانکدار، بازرگان و پیشەساز بوون، کە وەك ئامرازی گۆڕینەوە، سوودیان لە پارە وەردەگرت. هەندێکیان ئەو کرێکارانە بوون کە لە بەرهەم هێنانی کاڵا نوێیەکان، هاوکاریان دەکرد. ئەم خەڵکە شارییە، هەڵپەرست و دەسەڵاتخواز بوون و بە دوای ڕێگەگەلێکدا دەگەڕان تا بە ڕادەی ئەشرافەکان دەوڵەمەند و بەهێز بن. ئەوان زۆرتر حەزیان لە پێداگری چاکسازی لە سەر توانای داهێنانی تاکەکەسی بوو، تا شێوەیەکی کۆنتر کە وەك دەسەڵاتی ناوەندی سەیری کەنیسە و دەوڵەتی دەکرد؛ دەسەڵاتێك کە سەبارەت بە هەموو کەسەکان بەرپرسایەتی هەبوو.

ئەڵبەتە، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ئەوروپا لەگەڵ هەلومەرجێکی ئابووریی هاوشێوە رووبەڕوو بوو، بەڵام هەموو ئەورووپییەکان نەبوونە پرۆتستان. بە هەرحاڵ دەتوانین بێلایەنانە بڵێین کە زۆرتر کێشەکان، خەڵکی ئاساییان وا لێ کرد ئامانجی چاکسازی پەسەند بکەن.

***هێزی پیشەسازیی چاپ***

*ئەم نووسراوە لە نامەیەکدا کە بۆ رێکەوتی ١٥٥٤ دەگەڕێتەوەو لە کتێبی (چاکسازی: کورتە مێژوویەکی چیرۆکی)دا هاتووە، ئیگناتیۆس ئۆف لۆیۆلا، دامەزرێنەری ئەنجوومەنی مەسیح، باس لەبارەی میتۆدگەلێکەوە دەکات کە دەتوانرێ لە پیشەسازیی چاپ بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ پرۆتستانیزم، کەڵکیان لێ وەربگیرێ.*

*بیدعەکاران (پرۆستانەکان) ژمارەیەکی زۆر کتێبۆکە و نامیلکە دەنووسن تا بەم هۆیەوە تەواوی دەسەڵات لەکاتۆلیکەکان و بەتایبەت لە ئەنجوومەنی مەسیح وەربگرنەوە ـــــ .. ـــــ.*

*وا دەکەوێتە بەر چاو کە چاکتر ئەوەیە ئێمە(واتە ئەنجوومەن) لێرەدا هەم وەڵامگەلێک بە شێوەی نامیلکە، کورت و بە نووسینێکی باش بنووسین، تا بتوانین بە بێ دواکەوتن بڵاویان بکەینەوە و بە ژمارەیەکی زۆر بیانفرۆشین. بەم جۆرە ئەو زیانەی کە بە هۆی نامیلکەکانی بیدعەکارانەوە بەدی دێت، دەتوانین قەرەبوو بکەینەوە و لە باتیان رێکارگەلی گونجاو بڵاو بکەینەوە. ئەم بەرهەمانە، دەبێت میانەڕەو بەڵام زیندوو بن، ئەوان دەبێت ئەو شەیتانەی کە لە دەرەوەی وڵاتە، ئاشکرا بکەن و... هەڵخەڵەتاندنی دژبەران ئاشکرا بکەن.*

## هونەر

بە درێژایی سەدەکانی نێوەڕاست و رێنسانس، هونەر، ئەدەبیات و پەروەردە و فێرکردن، تاڕادەیەک تەنیا لە لایەن کەنیسەوە پشتیوانیان لێ دەکرا زانکۆکان بۆ پەروەردەکردنی قەشە دامەزرابوون، باڵاترین هونەرەکان بۆ رازاندنەوەی کەنیسەکان بەدی هاتبوون و پێشکەوتنە مەزنەکانی میعماری، بۆ بنیاتنانی کەنیسە گەورەکان و پەرەسەندنی شکۆمەندی خوایی بەدی هاتبوون.

چاکسازی، بە شێوەیەکی کاتی بوو بە هۆی نزم بوونەوەی بەرهەم هێنانە هونەرییەکان. کەنیسەی چاکسازی تێداکراوی تسوینگلی بە شێوەیەکی بەردەوام کەڵك وەرگرتن لە هونەر و مۆسیقای لە رێوەڕەسمی مەزهەبی رەت کردەوە ـ هیچ شتێك نابێت ببێتە هۆی نەمانی تەرکیزی خەڵك لە کاتی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی وتەکانی خوادا. بەڵام لۆسەر و کالڤین ئارەزوویان بۆ پەسند



کردنی هونەری کەنیسەیی هەبوو، لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێکی کتێبی پیرۆزدا هونەر رێگری لێ نەکرابوو، بەڵام تسوینگلی و چاکسازیخوازە توندڕەوەکانی تر، پابەند بوون بە راڤەیەکی زۆر وشك و کۆنەپەرستانە لە دووەمین فەرمان، کە هەبوونی بتی رەت کردبووەوە.

زۆرێك لە بەرهەمە هونەریەکان، وەك بەشێك لە شەڕی راگەیاندن بەرهەم دەهێنران و دەخرانە بەرچاو: بۆنموونە لۆکاس کراناچ، نامیلکە و کتێبەکانی لۆسەری بە وێنە نیشان دان. ئالبرێشت دورێر، لۆسەرییەکی تر، گەلێك وێنەی جوان و هەڵکەندنی لەسەر دار بەدی هێنان کە حەزی لۆسەریان لە بابەتە پەیوەندیدارەکان بە کتێبی پیرۆزەوە دەردەبڕی. سەدان راگەیاندراو و نامیلکە بە وێنەگەلێکەوە کە پشتیوانیان لە کاتۆلیك یا پرۆتستانەکان دەکرد بەرهەم هێنران.



**زۆرێك لە رێبەرانی چاکسازی، ئەفراندن یا سوودوەرگرتن لە هونەرە کەنیسەییەکانیان رەتکردەوە یاهەر شتێك کە تەرکیزی مرۆڤەکان لە کاتی گوێدان بە کەلامی خودا تێکدەدا. (وێنەی لای چەپ)**
**هونەرمەندە لۆسەرییەکان وەك ئالبرێشت دورێر، بە هەڵکەندنەکانی سەر تەختە، وێنەگەلێکی جوانیان بەدی هێنان. (وێنەی لای راست) لە ئیتاڵیای کاتۆلیکدا، هونەرمەندی رێنیسانس مایکل ئەنجیلۆ (میکێلانج) درێژەی دا، بە بەرهەم هێنانی هونەری بۆ کەنیسە.**

هەر لەم سەردەمەدا لە ئیتالّیای کاتۆلیکدا، هونەرمەندانی گەورەی ریّنسانس، وەك مایکلّ ئەنجیلۆ، دریّژەیان بە بەرهەمهیّنانی بەرهەمەکانیان دا، بۆ شکۆمەندیی خوا و کەنیسە.

## مۆسیقا

مۆسیقاش لە سەردەمی چاکسازیدا گۆڕا. لە سەدەکانی نیّوەڕاستدا، مۆسیقای کەنیسە لە بنەڕەتدا لە لایەن گرووپیّکی پیاوەوە، بە زمانی لاتینی، وەك بەشیّك لە ریّوڕەسمی (عشاء ربانی) بەڕیّوە دەبرا. لە سەردەمی چاکسازیدا پرۆتستانەکان گونجانی ئاوازیان بە زمانی ناوچەیی لە ریّوەڕەسمەکانی کەنیسەدا دەست پیّکرد. لۆسەر بۆخۆی عاشقی مۆسیقا بوو و سروودگەلیّکی مەزهەبیی زۆری نووسین لەوانە (قەلاّی سەخت)ی بەناوبانگ، کە لە ئینگلیزیدا بە(خوای ئیّمە قەلاّیەکی بەهیّزە) بەناوبانگە. لە ١٥٢٤دا، لۆسەر و هەندیّك لە هاوڕیّکانی یەکەمین سروودە مەزهەبییەکانی پرۆتستانەکانیان بەدی هیّنان کە لەخۆگری ئاواز و وتەگەلیّك بوون لە سەرچاوەی جیاوازی وەك، سروودە مەزهەبییەکانی کاتۆلیك و ئاوازە جەماوەرییەکان. لۆسەر رایگەیاند: "شەیتان شایستەی ئاوازە جوانەکان نییە"(٧٢)

تسوینگلی بە پیّی باوەڕەکانی، بە سادەیی ریّی بە مۆسیقا نەدا بۆ هاتنە ناو کەنیسە.کالڤین کاتیّك ئیزنی گۆرانی گوتنی دەدا کە هەموو ئامادەبووانی ناو کەنیسە بە یەك دەنگ بیلّیّنەوە. ئاوازدانەرە کاتۆلیکەکانی، وەك پالسترینا دریّژەیاندا بە دانانی ئاوازگەلیّکی ئالۆز، بۆ ریّوڕەسمی(عشاء ربانی).



***لۆسەری مۆسیقازان***

*مارتین لۆسەر، سەرەڕای ئەوەی کە زانا و دانای ئایینی بوو، مۆسیقازانیّکی چاکیش بوو. ئەو سەدان سروودی مەزهەبی نووسیون: بەناوبانگترین بەرهەمی ئەو (قەلاّی سەخت)ە، کە دەربڕی ویّناکردنی ئەوە لە خودایەك، کە بە هیّز و دەسەلاّتدارە و گەورەییەکەی، زۆر لە سەرەوەی توانای تیّگەیشتنی مرۆڤەکانە. ئەم وەرگیّڕانەی سەدەی نۆزدەدەم، لەلایەن (فریّدریك هیّج)ەوە لە سروودە مەزهەبییە میتۆدیستەکانەوە هاتووە.*

***قەلاّیەکی سەخت***

*خوای ئیّمە قەلاّیەکی سەختە، سەنگەریّکە کە هیچ کاتیّك ناڕووخیّت؛*
*رزگارکەری ئیّمەیە، لە نیّو سیّلاّوی نەخۆشییە مەرگهیّنەرەکاندا کە بە سەرماندا سەردەکەون.*
*لەبەر ئەوەی کە دوژمنی دیّرینی ئیّمە، لە هەولّی زالّبوون بە سەر غەم و پەریّشانیدایە؛*
*ئەو توانای دەسەلاّتیّکی بالاّی هەیە و بە سەر نەفرەتیّکی بیّ بەزەییانەدا زالّە.*
*کەسیّکی وەك ئەو لە سەر گۆی زەویدا نییە.*
*ئەگەر پشتمان بە توانای خۆمان دەبەست، هەولّی ئیّمە بە شکست کۆتایی دەهات؛*
*لە حالّیّکدا کە مرۆڤی شایستە، لەپەناماندا نەبیّت؛ مرۆڤی هەلّبژیّراوی خوا.*
*بلّیّین کە ئەو کەسە کیّیە؟ ئەو عیسای مەسیحە!*
*ناوی ئەو خاوەنی رۆژی شەمەیە کە لە سەردەمیّکەوە تا سەردەمیّکی تر بە جیّگیری ماوەتەوە؛ و*
*ئەو دەبیّت لەم بەربەرەکانیّیەدا سەرکەویّت*
*و ئایا ئەم جیهانە، کە پڕە لە شەیتان، دەبیّت هەڕەشەی بیّ ئابڕوییمان لیّ بکات؛*
*ترسمان لیّ نانیشیّ، لەبەر ئەوەی حەقیقەتی خوایی بە سەرماندا زالّ دەبیّت.*
*پاشای تاریکی ترسناکە. ئیّمە لیّی ناترسین و نالەرزین؛*
*ئیّمە توانای بەرگەگرتنی غەزەبی ئەومان هەیە، لەبەر ئەوەی لە ناوچوونی ئاشکرایە،*
*وشەیەکی بچووك دایدەڕمیّنیّ.*
*ئەو وشەیە مەزنترە لە تەواوی ئەو هیّزە زەمینیانە، ئەوانەی کە لە بەرامبەریدا بەرگری دەکەن، شایستەی سپاس نین.*
*روح و نیعمەتەکان هی ئیّمەن، لەلایەن ئەوەوە کە لە پەنامانە.*
*بهیّلّە با دارایی و خزمەکان بڕۆن، ئەم ژیانە لە ناوچووەش کۆتایی دیّت؛*
*ئەگەر مرۆڤیّك بکوژن، ئەوجاش حەقیقەتی خوایی هەر لە سەر پیّی خۆیەتی.*
*قەلّەمڕەوەی ئەو، نەمرییە.*

## قوتابخانەکان

تا کاتی چاکسازیی، قوتابخانەکان تاڕادەیەك بە شێوەیەکی تەواو، شوێنی فێرکردنی قەشەکان بوون. لۆسەر لە بە خێرایی تێگەشتبوو کە چاکسازیخوازەکان دەبێ قوتابخانەکانی خۆیان دابمەزرێنن تا جێگای ئەو دامەزراوانە بگرنەوە کە لە لایەن کەنیسەوە بەڕێوە دەبران، لەوەی کە دەسەڵاتدار و ڕێبەرە لۆسەرییەکان لەم کارەدا زۆر بە پەلە نەبوون؛ زۆر دڵگران بوو. لە ١٥٢٤دا، وەهای گازندە کرد: "لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیادا، هەموو قوتابخانەکان بەرەو لەناوچوون دەچن."[٧٣] لۆسەر، ناولێنانی پسپۆریی پەروەردە و فێرکردنی وەك کارێك، بەرز رادەگرت.



**هەر لەوکاتەدا کە گیانی بە دەستهێنانی زانست بە درێژایی سەردەمی چاکسازیی لە حاڵی شکڵگرتندا بوو، تیۆری (ناوەندێتی خۆر)ی نیکۆلاس کۆپەرنیك بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان کاتۆلیك و پرۆتستانەکاندا، پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا.**

فیلیپ ملانکتۆن، پەیڕەو و هاوکاری لۆسەر، زۆربەی تەمەنی لە پێناوی بووژاندنەوەی قوتابخانە کۆنەکان و دامەزرندنی قوتابخانەی نوێ، تێپەڕ کرد. گرووپە جیاوازە مەزهەبییەکان هەر کامیان سەرەنجام بە پێویستیان دانا کە قوتابخانە و زانکۆی خۆیان دابمەزرێنن، چونکە زۆربەی قوتابخانەکان تایبەت بەو خوێندکارانە بوون کە شوێنکەوتووی باوەڕی دامەزرێنەرەکانیان بوون. پرۆتستانەکان ئیزنی ئامادەبوون لە زانکۆکانی کاتۆلیکەکانیان نەبوو. کالڤینستەکانیان ئیزن نەدەدا کە بچنە ناو قوتابخانە لۆسەرییەکان و هتد. سەرەنجام زۆربەی قوتابخانەکان کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی خەڵکانی مەدەنی یا نامەزهەبی.



## زانست

سەردەمی چاکسازیی، هەروەها کاتی شۆڕشی زانستیش بوو. کاتێك کە نیکۆلاس کۆپەرنیك بۆ یەکەمین جار رایگەیاند کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، تیۆری(ناوەندێتی خۆر)ی ئەو، زۆر نەکەوتە بەر سەرنج. بەرهەمە گەورەکەی (سووڕانی هەسارە ئاسمانییەکان) لە ساڵی ١٥٤٣دا، بڵاو بووەوە، بەڵام رەگەزە سەرەکییەکانی لە ساڵی ١٥٣٠ ناسرابوون. لە ١٥٣٩دا لۆسەر لە ماڵەکەیدا دەستی دایە گفتوگۆ کردن لە سەر تیۆرەکەی کۆپەرنیك. ئەم باسە لەلایەن یەکێك لە پەیڕەوەکانیەوە تۆمار کراوە:

*باس لە ئەستێرەناسێکی نوێیە کە لە هەوڵی سەلماندنی ئەو تیۆریەدایە کە ئەوەی دەجووڵێت زەوییە نەك ئاسمان و خۆر و مانگ . ئەمە وەك ئەوەیە کە کەسێك، سواری داشقە یا کەشتییە و وا هەست دەکا کە خۆی بێ جوولە وەستاوە، لە حاڵێکدا کە زەوی و دارەکان لە جووڵاندان. (لۆسەر هەروەها رایگەیاند:) ئەمە بەو مانایەیە کە کەسێك کە دەیهەوێت عاقڵ بێت، دەبێت هیچ شتێکی جێی رێزی ئەوانی تری پەسەند نەبێت. ئەمە هەر ئەو کارەیە کە ئەو کەسە کە حەزی لە سەراوژێرکردنی زانستی ئەستێرەناسییە، ئەنجامی دەدات... من باوەڕم بە کتێبی پیرۆزە، چونکە یوشع (Joshua) فەرمانی دا بە خۆر، کە لە جێی خۆیدا جێگیر بێت نەك زەوی.*[٧٤]

ملانکتۆن ئەم تیۆرەی زۆر بە جدیتر وەرگرت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بابەتگەلێکی لە کتێبی پیرۆزدا بە دژی کۆپەرنیك هێنانەوە. کەنیسەی کاتۆلیك تا ئەو جێیەی کە ئەم تیۆرە تەنیا وەك گریمانەیەك لەبەر چاو دەگیرا، هیچ دژایەتییەکی لە گەڵدا نەکرد و تەنیا کاتێك کە خەڵك وەك حەقیقەتێکی جێگیر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرد، لە بەرامبەریدا راوەستا، هەر بەو جۆرەی کە لەگەڵ ئەستێرەناسی ئیتاڵیایی( گالیلۆ گالیلە) جووڵایەوە. گالیلە لە ساڵی ١٦٣٣دا تەکفیر کرا و خرایە بەندیخانەوە، لە بەر ئەوەی ئامادە نەبوو ناڕاستیی تیۆرەکەی کۆپەرنیك پەسند بکات.

کاتۆلیك و پرۆتستانەکان، هیچ کام پیشوازیان لە تیۆرێك نەکرد کە تێگەیشتنەکانیان لە جیهان سەراوژێر نیشان دەدا. لەبەرگری کردن لێیان دەبێ بڵێین کە ناوەندێتی خۆر تیۆرێك بوو لە بەرامبەر هەزاران ساڵ لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەنجامگیری گرووپگەلێکی زۆر لە ئەستێرەناسەکان. سەرەڕای ئەوەش، لێکدانەوە سەرەتاییەکانی کۆپەرنیك بۆ تەوەری هەسارەکان زۆر ئاڵۆز بوو. تا کاتێك کە گالیلە، یۆهان کێپلەر و ئیسحاق نیوتن، لێکدانەوەکانیان بە وردبینی و سادەییەکی زۆرترەوە دەرنەخست، ناوەندێتی خۆر نەبووە جێی پەسندی خەڵك بەگشتی.

## رۆڵی ژنان

لە سەدەی شانزەیەمدا، شوێنگەی ژن زیاتر لە هەر هۆکارێکی تر، پەیوەست بوو بە پێگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە. ژنە ئەوروپییەکان رۆڵە نەریتییەکانی دایك، ماڵداری و هاوکاریی مێردەکانیان جێبەجێ دەکردن. ژنە شارییەکان شانسی خوێندەواربوونیان لە خوشکە گوندییەکانیان زیاتر بوو. لە چینە کۆمەڵاتییە باڵاکاندا، ژنانی خاوەن خوێندنی باڵا هەبوون، بەڵام نەك بە رادەیەکی زۆر. ئەو ژنەی کە لاتینی دەزانی بە (خوێندەوارێکی سەروو رەگەز)[٧٥] یان ناو دەبرد. بە تێپەڕینی چەندین ساڵ، دەست ڕاگەیشتن بە کتێبگەلی چاپکراو ـ بە تایبەت کتێبی پیرۆز ـ بە زمانەکانی فەرەنسی، ئەڵمانی و ئینگلیزی، ئیمکانی خوێندنەوەی تایبەتی بۆ ژنگەلێکی زۆرتر بەرهەڤ کرد.

چاکسازیخوازە سەرەکییەکان لەبارەی بابەتی ژنانەوە، لەگوماندا بوون. لۆسەر ـ کە لەگەڵ راهیبەیەکی پێشوو زەماوەندی کردبوو ـ بە خۆشەویستی و مەزنییەوە لە بارەی هاوسەرەکەی و ئاوەزییەوە قسەی دەکرد، ئەگەرچی لە لایەکی ترەوە گوتی:

پیاوان شانەی پان و حەوزێکی باریکیان هەیە و هاوکات لەگەڵ ئەوەش خاوەنی عەقڵن. ژنان شانەی باریك و حەوزی پانیان هەیە. دەبێ ئەمانە لە ماڵدا بمێننەوە. خوڵقاندنی ژنان ئاماژەیە بۆ ئەمە. ئەوان حەوزی پانیان هەیە تا لە سەری دابنیشن و ماڵداری بکەن، منداڵ بهێننە دنیاوە و گەورەی بکەن.[٧٦]

لۆسەر سەبارەت بە ئەرکی قەشە لە کەنیسەدا گوتی:" روح القدس، ژنان، منداڵان و خەڵکانی بێ توانای لەم کارە هەڵاواردووە... تەنیا پیاوانی خاوەن توانای تەواو دەبێ ئەم کردەیە هەڵبژێرن و ئەنجامی بدەن."[٧٧]

بە هەبوونی وەها دژ کردەوەیەك، ژنگەلێکی زۆر، رۆڵی بنەڕەتییان لە چاکسازیدا گێڕا. مارگرێت دۆ ئانگۆلم، خوشکی پاشا فرانسوای یەکەم، پرۆتستان بوو. نووسینەکانی کاریگەریان لەسەر کەسانێکی زۆر دادەنا. ئەو پەناگەیەکی باشی بۆ چاکسازیخوازە پرۆتستانەکان بەرهەڤ کرد. مارگرێت و کچەکەی (جێن دالبێرت) شاژنی ناڤار، لە سەرەتای کاری کالڤین، کاتێك کە پێویستی بە وەها پەیڕەوانێکی دەوڵەمەند و بەرجەستە هەبوو، پشتیوانییان لێ دەکرد.

لەنیوەی دووەمی سەدەی شانزەیەمدا، چاکسازیی رووی کردە توندوتیژی. ژنە کاتۆلیك و پرۆتستانەکان لە بەر ئامانجەکانیان شەهید دەبوون؛ ئەگەرچی سوودیشیان لە رێگەگەلی زیرەکانە وەردەگرت، تا لە سەر بنەمای باوەڕەکانیان کار بکەن. بۆ نموونە ژنێکی پرۆتستان



دەیتوانی "بەهەڵبژاردنی رۆژێکی جێژنی کاتۆلیك لە پشت پەنجەرە دابنیشێت و بە نیشان دانی کاری رستن و چنین، دژبەری دراوسێ کاتۆلیکەکانی بکات."[٧٨] ژنێکی کاتۆلیکیش دەیتوانی قەشەیەکی گرفتار لە ماڵەکەیدا جێ بکاتەوە، یا جێگەیەکی تایبەت بۆ رێوڕەسمی(عشاء ربانی) ئامادە بکات.

***کۆپەرنیك و نووسراوەکەی لەبارەی سووڕانی هەسارە ئاسمانییەکانەوە***

*یەکەمین نووسینی کۆپەرنیك لە بارەی جوولانی هەسارەکان بە دەوری خۆردا، نزیکەی ساڵی ١٥١٤ نووسرابوو، بەڵام تەنیا نوسخەگەلێکی کەمی لێ بڵاوبوونەوە، ئەویش بە زۆری لە نێوان هاوڕێکانیدا. ئەم وەرگێڕانە ئەوروپییە، لە کتێبی (چاکسازیی) نووسینی ویل دۆرانت_دەوە، وەرگیراوە.*

*١- بۆ هەموو هەسارە و تەنە ئاسمانییەکان، ناوەندێکی هاوبەش نییە.*

*٢- ناوەندی زەوی، ناوەندی جیهان نییە.*

*٣- هەموو هەسارەکان بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە، کە وەك خاڵی نێوەڕاستی ئەوانە و بەم پێیە خۆر ناوەندی جیهانە.*

*٥- هەر جوولانێك لە (فلك البرج) دەرەنجامی جوولانی خودی هەسارەکە نییە، بەڵکو بەرەنجامی جوولانی زەوییە.*

*٦- ئەوەی لەلای ئێمە وەك جوولانی خۆر دەکەوێتە بەر چاومان لە جوولانی خۆرەوە نییە، بەڵکو لە ئەنجانی جوولانی زەوییەوەیە و لەگەڵ ئەو جوولانەشدا، ئێمەش وەك هەر یەك لەو هەسارانەی تر، بە دەوری خۆردا دەسووڕێینەوە...*

*٧- جوولانی رواڵەتی راستەوخۆ و بۆ دواوە گەڕانەوەی هەسارەکان، لە ئەنجامی جوولانەکەیانەوە نییە، بەڵکو ئەنجامی جوولانی زەوییە. بەم پێیە، جوولانی زەوی بە تەنیایی بۆ پاساودانی ئەو هەموو ناتەواوییە رواڵەتییانەی ئاسمانەکان بەسە.*




**تیۆری (ناوەندێتی خۆر)ی کۆپەرنیك، کە بە پێی ئەوە، زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە**

چاکسازیی، بە تووشکردنی ژنان بە بەرگریی ناچالاکانە یا نهێنییانە، کاریگەری لەسەر ژیانی دانە بە دانەیان دانا، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر پێگەی ژنان لە تەواوی کۆمەڵگا دانەنا. پرۆتستانەکان نەزمی کۆمەڵایەتییان تێکنەدا. ژنەکان رۆڵی نەریتیی خۆیان دەگێڕا و تا سەدەی بیستەم، بە رادەیەکی بەرچاو، لە رێورەسمە مەزهەبییەکانی کەنیسەی پرۆتستانەکاندا بەشدارییان نەدەکرد؛ تەنانەت تا ئەم دواییانەش، هیچ ژنێك بە پلەی قەشەیی لە کەنیسەی بەریتانیادا دیاری نەکرابوو.

***رۆڵی ژنێکی پرۆتستان***

*لەم پاژە لە گوتارێك لە بارەی ژنە شارییە چاکسازیخوازەکانی فەرەنسا، باس لەو رێگایانە کراوە کە ژنە ئاساییە پرۆتستانەکان لە چاکسازیدا بەشدارییان دەکرد. ئەم وتارە لە کتێبی (کۆمەڵگا و کولتوور لە سەردەمی فەرەنسای مۆدێرندا) نووسینی (ناتالی ـ زێد ـ دەڤیس)ی مێژوونووسدا هاتووە...*

*... و ژنێکی شاری، لە حاڵێکدا کە وەك ئەشرافزادەیەك، خاوەنی سەرەوت و دەسەڵات نەبێت، چۆن دەتوانێ بگات بە ئامانجەکەی؟ لە رۆژێکی جێژنی کاتۆلیکدا ئەو دەتوانێ بە دانیشتن لە پشتی پەنجەرە و خۆنواندن بە کاری رستن و چنین، دژبەریی دراوسێ کاتۆلیکەکانی بکات. ئەو دەتوانێ بە تەنیایی یا لەگەڵ مێردەکەیدا یا لەگەڵ هاوڕێ پرۆتستانەکانی، لە بارەی کتێبی پیرۆزەوە بیر بکاتەوە. ئەگەر ئەو هاوسەر یا بێوەژنی بڵاوکەرەوەیەك بێت، دەتوانێ بۆ چاپکردنی کتێبێکی پرۆتستانی کارێك بکات و لەبارەی قەشە ستەمکارەکانەوە، بابەتەکانی دەرببڕێت و بڵاو بکاتەوە. دەتوانێ وەك دێر یا کۆڕی نایاسایی پرۆتستانەکان، سوود لە ماڵەکەی وەربگرێت. دەتوانێت جلوبەرگی شەو و تەنوورە کورتەکانی فڕێ بدا و جلوبەرگی رەش بپۆشێ. دەتوانێت بە دەنگی بەرز، لە شەقامەکاندا، قسە بۆ قەشەکان بکات. دەتوانێت بۆ دژایەتی لەگەڵ حوکمە پاشایەتییەکاندا گۆرانی بڵێت. دەتوانێ پەیکەرەکان تێکبشکێنێ، حەوزەکانی تەعمید تێك و پێك بدا و بتەکانی لەناو بەرێت. دەتوانێت لە حاڵی هەڕەشەیەکی جدیدا، بۆ ژنێڤ یا لەندەن هەڵبێت، لەوانەیە درێژترین سەفەرێك کە تا ئێستا ئەنجامی نەداوە. دەتوانێ لەفەرەنسا بمێنێتەوە و ئەو بنەمایە تێك و پێك بدات کە بۆ بەدی هێنانی پەرستگەیەکی چاکسازیکراو ئامادە کراوە. تەنانەت دەتوانێ شەڕیش بکات ـ وەکو تولوز، جێگایەك کە ژنێکی هۆگنۆ، لە یەکەمین شەڕی مەزهەبیدا، چەکی هەڵدەگرت. دەتوانێ لە ناو بڵێسەکانی ئاگردا بسووتێت، لە حاڵێکدا کە وەك ئەو ژنە گەنجەکە لە لانگرس، روو بکاتە پیاوەکەی و قسەی بۆ بکات: هاوڕێی من، ئەگەر ئێمە بە زەماوەند جەستەمان پێکەوە بەستراوە، بیربکەرەوە کە ئەمە تەنیا بەڵێنی زەماوەندە،چونکە خوای ئێمە ...لە رۆژی شەهید بوونیشماندا، لێکمان مارە دەکاتەوە.*

## (٦)

# شەڕە مەزهەبییەکان و ئەشکەنجە

کاتۆلیکی رۆمی، لۆسەری، کالڤینیست، چاکسازیخواز، ئاناباپتسیت و ئانگلیکان ـــ ئەمانە گروپە سەرەکییەکانی مەسیحی بوون لە ئەوروپای سەدەی شانزەمدا. هەر یەکەیان، راڤەیەکی جیاوازی لە کتێبی پیرۆز و باوەڕگەلێکی جیاوازی لە بارەی رێورەسمە پیرۆزەکانەوە هەبوو و رێورەسمێکی جیاوازیشیان هەبوو و هەر یەکەیان باوەڕیان بەوە هێنابوو کە باوەڕی خۆیان راستە. جیاوازییە فەلسەفییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو، بوون بە هۆی توندبوونەوەی مشتومڕەکان لە سەر دارایی و بەرژەوەندییەکان و هێندەی پێنەچوو کە شەڕێکی کەلامی بە شێوەی ئازار و ئەزیەت و شەڕێکی بەتەواو مانا، هاتە کایەوە.

### تسوینگلی بە دژی لۆسەر

مارتین لۆسەر و ئۆلریش تسوینگلی تەنیا بە جیاوازی چەند هەفتەیەك لەگەڵ یەکتری، هاتبوونە دنیاوە و تا رادەیەك لە یەك کاتدا دەستیان کرد بە دەرخستنی چاکسازی، بە شێوەی خۆیان ; ئەگەرچی هەر یەکەیان لەگەڵ ئەو باوەڕەدا دژایەتی دەکرد کە قەرزاری ئەوی ترە. تسوینگلی بە حاڵەتێکی تووڕەوە بۆ هاوڕێیەکی نووسی:" ئەوان تەواوی رێنماییەکانی مەسیح بە (لۆسەری) دادەنێن، بە بێ ئەوەی کە سەرنج بدەن لەلایەن چ کەسێکەوە دەردەبڕدرێن... لۆسەر هیچی فێر نەکردووم."[٧٩] لۆسەر بە گیانێکی هاوشێوەوە، بۆ لایەنگر و وەفادار و هاوڕێی چاکسازیخوازی خۆی، یۆهان برێنزی نووسی:

> نازانم تسوینگلی چ جۆرە مرۆڤێکە، چونکە ئەو بەنسبەت رێزمان و دیالیکتیك (دەربڕینی لۆژێکی باسەکان) زۆر بێ ئاگایە ـ تازە ئەگەر بمانهەوێ هونەرەکانی تر لە بەر چاو نەگرین ـ سەرەڕای ئەوەش دەوێرێت کە شانازی بە سەرکەوتنەکەیەوە بکات. وەها شانازییەك زۆر ناخایەنێ بە سەرشۆڕی کۆتایی پێدێت."[٨٠]

گەرم و گوڕترین باسی لۆسەر و تسوینگلی، لەسەر مانای رێورەسمی پیرۆزی (عشاء ربانی) چڕ ببووەوە. لۆسەر، بە باوەڕی کاتۆلیکەکان، پابەند بوو بە ئامادەبوونی راستەقینەی مەسیح لە ناو نان



و شەرابی(عشاء ربانی)دا. ئەم خاڵە لە قسەکانی عیسا لە ئێوارە خوانی کۆتایی وەرگیرابوو:"ئەمە لاشەی منە". بۆ لۆسەر، مەبەستی ئینجیل هەر ئەوە بوو کە تێیدا نووسرابوو. ئەگەر مەسیح گوتوویەتی:"ئەمە لاشەی منە" کەواتە ئەو نانەی کە بەرەکەتی پێداوە و لە نێو پەیڕەوەکانیدا بڵاوی کردووەتەوە، لاشەی ئەو بووە. لە لایەکی ترەوە تسوینگلی، لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە وشەی (ەـ است) [دوا پیتی وشەی ((منە)) لە رستەکەدا] دەبێ بە شێوەی (دەردەبڕێت) راڤە بکرێت. ئەو باوەڕی وابوو کە نان و شەراب، نوێنەری لاشە و خوێنی مەسیحە، بەڵام لە راستیدا خوێ نییە.

لۆسەر و تسوینگلی هەر دووك لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە هەموو کەس پێویستە کتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە، بەڵام هیچ کامیان راڤەیەکی جیاوازیان لە راڤەکەی خۆیان تەحەمول نەدەکرد. لۆسەر دەیگوت: "یەك کەلام ، یا ئەوان و یا ئێمە دەبێت خزمەتگوزاری شەیتان بین. لێرەدا هیچ جێگایەك بۆ گفتوگۆ و نێوبجیگەری بوونی نییە."[٨١] بۆ هەردووکی ئەم پیاوانە و زۆرێك لەو کەسانەی کە لەم سەردەمەدا بە ئاڵۆزکاوی بە دوای کەماڵەوە بوون، گرنگترین شتی دنیا، راست کارکردن بووـــ زۆر گرنگتر لە میهرەبانی.

ئەنجامی ئەم دژبەریانە ئەوە بوو کە هەر گرووپێك رێکخستنی خۆی بنیات نا. نەك تەنیا کەنیسەکان بەڵکو قوتابخانە و زۆربەی هەموو شارەکانیش جیا ببوونەوە. لۆسەرییەکان ئیزنی ناونووسیان لەو زانکۆیانەدا نەبوو کە لە لایەن ئەندامانی گرووپی چاکسازیخوازی تسوینگلییەوە دامەزرابوون و هەروەها بە پێچەوانەشەوە. هەندێك لە شار یا گوندەکان وەك قەڵای یەکێك لە گرووپەکانیان لێهات و ئەوانەی کە باوەڕیان بەو گرووپە نەبوو دەردەکران.

### سویسرا لە ئاشووبدا

دوای سەرکەوتنەکانی تسوینگلی لە زوریخ، سویسرا دابەش بووە سەر چەند بەشێکی کاتۆلیك و چاکسازیخواز. تسوینگلی وەها سوور بوو لە سەر سەرکەوتن، کە پێشی بە گەیشتنی کاڵا بنەڕەتییەکانی وەك خوێ ، بۆ ناوچە کاتۆلیکەکان گرت؛ بەم جۆرە بەشە کاتۆلیکەکان کە پێشتر لە ژێر گەمارۆدابوون، زۆرتر نائۆمێد بوون. لە ١٥٣١دا، کاتۆلیکەکان لەشکرێکیان ئامادە کرد و لە شەڕی(کاپێل)دا ناردیان بۆ هێرش کردن بۆ سەر زوریخ. تسوینگلی، خۆی چووە مەیدانی شەڕو هەرلەم شەڕەدا، لەنێو چوو. دوای شەڕ، لەشکری سەرکەوتووی کاتۆلیك، لاشەی تسوینگلی کردە چوار پارچە و بەو جۆرەی کە شایستەی بیدعەکارێك بوو، سووتاندیان.



مردنی تسوینگلی لە کاپل_دا، لە شەڕێکدا لەگەڵ کاتۆلیك و کانتۆنە چاکسازیخوازەکانی سویسرا

## بەریتانیا دوای هێنری هەشتەم

هێنری هەشتەم لە ١٥٤٧دا کۆچی دوایی کرد. لە حاڵێکدا کە کەنیسەی بەریتانیای دامەزراندبوو و خۆی یەکەمین سەرۆکی بوو. ئەگەرچی هێنری بە شێوەیەکی فەرمی بە دژی دەسەڵاتی پاپا هەستابووەوە، بەڵام ئامانجی کۆتایی ئەو جیا لە دابینکردنی ئارەزووە نەفسیەکانی ـ ئاشتی و یەکێتی بەریتانیا بوو. لەکاتی مردنەکەیدا، باوەڕگەلی پرۆتستانتی لە ئەڵمانیا و سویسرا تێپەڕیبوون و لە نێوان گروپێك لە هاوولاتییە بەرجەستەکاندا لایەنگری پەیدا کردبوون، بەڵام پێویست بوو پەنجا ساڵی تریش تێپەڕێت تا بتوانرێ بگوترێ کە بەریتانیا دەستی گەیشتووە بە مەزهەبێك کە هێنری بە دوایەوە بوو.

پاشای دواتری بەریتانیا ئیدواردی شەشەم، نۆ ساڵان بوو کە دوای باوکی، لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. لەبەر گەنجێتییەکەی، یەکێك لە خاڵەکانی، بە پشتیوانی فەرمانڕەوا دانراو لە حوکمڕانیدا هاوکاریی کرد. ئەم خاڵە، ئیدوارد سیمۆری ناسراو بە دیوك ئۆف سامرێست، لایەنگری پرۆتستانیزم بوو و کەڵکی لە پێگەی خۆی وەرگرت بۆ بەرەو پێشبردنی. ئیدواردی گەنج بە شێوەیەکی پرۆتستانتی بار هێنرابوو و لایەنگری لە بۆچونەکانی خاڵی دەکرد لە بارەی



مەزهەبەوە. بە درێژایی پاشایەتی ماوە کورتی ئیدوارد، ئەنجوومەن یاسایەکی پەسند کرد کە بە پێی ئەوە ڕاگەیەندرا هەموو وێنەی پێغەمبەرەکان، هاوەڵان و قەدیسەکان هەڵبگیرێن. بە وتەی ویل دۆرانتی مێژوونووس:



**پاشا ئیدواردی شەشەم ـ منداڵێکی نەخۆش ـ کە لە ١٥٤٧ەوە تا ١٥٥٣ حکومەتی کرد. بەدرێژایی پاشایەتی ئەو، تۆماس کرانمەر. کتێبی (دوعای گشتی) نووسی.**

شیشەبەندە نەخشێنراوەکانی کەنیسە تێکشکێنران، پەیکەرە مەزهەبییەکان لە ناو چوون و پەیکەری مەسیحی لە خاچدراو جێگای خۆی دا بە نیشانی پاشایەتی. خەڵك لە گۆشە و کەناری وڵات دەستیان دایە تاڵان و دزینی شتە گرانبەها و جوانەکانی کەنیسە، تا ئەوەی کە دەوڵەت لە ساڵی ١٥٥١دا، ئەوەی کە لە دەستی خەڵك دەرچووبوو بە سوودی خۆی هەڵیگرت. ئەو پەرستگا مەزنانەی کە سەردەمانێك مەزنی و شکۆیان چاوی مرۆڤیان ئەبڵەق دەکرد، ئێستا بێجگە لە بیناگەلێکی غەمناکی بێبەری لە رازاندنەوە، شتێکی تریان لێ نەمابۆوە. [٨٢]

تۆماس کرانمەر، سەرۆکی ئۆسقۆفەکانی کانتێربوری، مەیلی بەرەو لای باوەڕەکانی مارتین لۆسەر هەبوو. لە ساڵی ١٥٤٩دا، ئەو یەکەمین کتێبی دوعای بە زمانی ئینگلیزی بۆ کەنیسەی بەریتانیا بەدی هێنا. کتێبی (دوعای گشتی) بە شێوەیەك داڕێژرابوو کە تا ئاستی پێویست بنەماکانی کاتۆلیکی تێدا بپارێزرێن و شێوە ئاشناکانی دوعا، کە لەگەڵ چاکسازیدا دەگونجێن، تێیدا بگونجێندرێن. کرانمەر و سامرێست، هەردووك بڕیاریان دابوو، کە بۆچوونە پرۆتستانییەکانی خۆیان لە حاڵێکدا بەرەو پێش ببەن کە ئاشتی بە پایەدار بمێنێتەوە دوورە پەرێزی بکرێ لە گفتوگۆ و باسکردن.

## "ماری"ی خوێنخۆر

ئیدواردی شەشەم لە **١٥٣٣**دا کۆچی دوایی کرد و زڕخوشکەکەی (ماری)، کچی هێنری هەشتەم و کاترین ئارگۆنی چووە سەر تەختی پاشایەتی. ماری بە شێوەیەکی کاتۆلیکی پەروەردە کرابوو و زۆرتر لە ئیسپانیا پەروەردە کرابوو و خۆی زیاد لەوەی کە بە بەریتانی بزانێت، بە ئیسپانی دەزانی. ئەو بە دڵنیاییەوە هیچ هۆیەکی تایبەتی بۆ حەز کردن لە بەریتانییەکان نەبوو. لەبەر ئەوەی لەو ساڵانەدا کە هێنری بڕیاری جیابوونەوەی لە دایکی دابوو، پشتیوانیان لە دایکی نەکردبوو.



**ماری هەوڵی دا پێشگری لە پێشڕەویی پرۆتستانەکان لە بەریتانیا بکا. لە حاڵێکدا کە هەوڵەکانی بێسوود بوون، میتۆدەکانیشی گۆڕان بۆ میتۆدی بێبەزەییانە. لە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی ماریدا، زۆرێک لە پرۆتستانەکان وەک لادەر (بیدعەکار) سووتێنران و نازناوی ماریی خوێنخۆریان بەدیاری بۆ هێنا.**

ماری لە پلەی شاژندا، لە سەرەتادا هەوڵیدا کە تۆڵەئەستێن نەبێت. ئەو باوەڕی بە کاتۆلیکی ڕۆمایی هەبوو، بەڵام دەیزانی کە زۆربەی خەڵکی بەریتانیا، وەها نین. ئەو لە بارودۆخێکی سەختدا جێی گرتبوو: بە شێوەیەکی یاسایی لە سەرەوەی ڕێکخستنێکدا ڕاوەستابوو کە باوەڕی پێ نەبوو، واتە کەنیسەی بەریتاینا. بەم جۆرە ئاشتییەکی کاتی ناخۆش، لە نێوان ماری و ژێردەستەکانیدا لە ئارادا بوو.

دوای ماوەیەك ماری ڕایگەیاند کە دەیهەوێ لەگەڵ فیلیپی، دووەم، پاشای ئیسپانیا کە کوڕی شارلی پێنجەم ـ دوژمنی دێرینەی باوکی بووـ زەماوەند بکا. دژبەرەکانی هەستانەوە. بەریتاینا دەیتوانی بە شاژنێکی کاتۆلیك درێژە بە ژیانی خۆی بدات، بەڵام زۆر کەس لە دەسەڵاتی پێکەوەی کاتۆلیك و ئیسپانیا دەترسان. هەندێك لە هاووڵاتییە بەرجەستەکان، پیلانگێڕییان بە دژی ماری دەست پێکرد.



ماری بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی کە ئیزنی چالاکییان بە مەزهەبی پرۆتستان دەدا و هەروەها بە سەرکوت وەڵامی پرۆتستانەکانی دایەوە. لە ساڵی **١٥٥٥**وە تا **١٥٥٨**، بە گشتی **٢٣٧** پرۆتستان لەبەریتانیا سووتێنران. لەمانە **٥١** کەس ژن و **٥** کەس ئۆسقۆف بوون،کە ئۆسقۆف کرانمەر یان تێدا بوو. زۆرێك لە پرۆتستانەکانی دیکە بۆ هەڵاتن لەو سزایانەی کە ماری بە هۆیانەوە بە ماریی خوێنخۆر ناسرا، بەرەو ناوچەکانی دیکەی ئەورووپا هەڵاتن.

***به داری سێدارەوە سووتێنران***

*کتێبی(شەهیدان) چاپی ساڵی **١٥٦٣**، کتێبێکە لە بارەی پرۆتستانە ئینگلیزەکانەوە کە لە کاتی پاشایەتی ماریی خوێنخۆردا سووتێنران. جۆن فاکس ئەم چیرۆکەی لەو کتێبەدا هێناوەتەوە:*

*کەمێك دوای مردنی تۆماس کرانمەر (لەساڵی **١٥٥٦**دا)، سێ پیاوی دیکە پێکەوە لە سالیسبۆریدا، سووتێنران: جۆن مۆندرێل، جووتیار" ویلیام کۆبێرلی، بەرگدروو" و جۆن سپایسێر، بیناساز...*

*ئەوان لەبەرامبەر نوێنەری دادوەریدا.. و چەندکەسێکی تر لە قەشە کاتۆلیکەکانی ناوچەکە، لێپێچینەوەیان لەگەڵ کرا کە باوەڕیان بە چ شتێکە، ئەوان وەڵامیان دایەوە: بەوەی کە پێویستە پیاوانی مەسیحی باوەڕیان هەبێ، بە باوك، کوڕ، ڕۆح القدس، بە دوازدە مادەی کتێبی پیرۆز" و بە کتێبی پیرۆز لە سەرەتای پەیدابوونەوە تا ڕۆژی کۆتایی، ئەم قسانە سەرۆکی دیوانیان ڕازی نەکرد" ئەو پرسی: ئایا ئێوە باوەڕتان بەوە هەیە کە وتەی پیرۆز، (عشاء ربانی) میحرابی گۆڕی، بە جۆرێك کە هیچ نان و شەرابێك نەمێنێتەوە و تەنیا لاشە و خوێنی مەسیح مایەوە؟ ئەوان گوتیان کە باوەڕیان بەوە نییە و هەروەها گوتیان کە ڕێوڕەسمی (عشاء ربانی) لە جۆری پاپایی، بتپەرستییەکی ناپەسندە و بۆ خوێنی مەسیح نەشیاو و خراپە...*

*لێیان پرسیار کرا. کە ئایا ئەوان قبووڵیانە کە پاپا، باڵاترین پۆستی کەنیسە و جێنشینی مەسیحە لە سەر رووی زەوی، ئەوان وەڵامیان دایەوە کە مەسیح لە سەرەوەی کەنیسەیە و دوای مەسیح خاوەن شکۆ شاژنە. سەرۆکی دیوان گوتی: چی؟ ژنێك لە سەرەوەی کەنیسەدایە؟ ئەوان وەڵامیان دایەوە: بەڵێ، بە شوکرانەی پاشایەتی ئەو... جۆن مندرێل لەبارەی وێنەکانی ناو کەنیسەوە گوتی کە پەیکەرە دارەکان، بۆ کەباب کردنی گۆشتی مەڕ باشن، بەڵام شەیتان لە کەنیسەکاندا بە بتپەرستی کۆتایی دێت...*

*ئەوان لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئازاری ١٥٥٦دا، هێنرانە پاڵ داری ئیعدام.. . ئەوان بە توندی بەخشینی شاژنیان ڕەت کردەوە. جۆن ماندرێل گوتی: ئەمە لەگەڵ هەموو سالیسبۆریشدا ناگۆڕمەوە و جۆن سپایسێر گوتی:" ئەمە شادترین ڕۆژێکە کە من تا ئێستا دیتوومە. دوو داری ئیعدام ئامادە کران و ئەوانیان پێوە بەستنەوە؛ یەك ئاگر بەس بوو.*

*سووتانی کابێرلی زیاتر لە سووتانی دوو کەس درێژەی کێشا. گۆشتەکەی سووتابوو و باسکی چەپیشی تا سەرئێسك سووتابوو. بەڵام ئەو هەر وا وەستابوو. دواتر بە ڕووی زنجیرەکەدا چەمایەوە و بە دەستی ڕاستی وشکەوە بووی بە سەر ڕووی سینەی خۆیدا کێشا؛ خوێن و چڵك لە زارییەوە هاتنە دەرێ و ئەو هەر بەو جۆرە ئاوێزان بوو. لە ناکاودا، لە حاڵێکدا کە هەموو پێیان وابوو ئەو مردووە، لاشەکەی دووبارە هەستایەوە.*

## نوێ کردنەوەی پرۆتستانیزم

ماری لەساڵی ١٥٥٨دا، کۆچی دوایی کرد و زڕخوشکەکەی (ئیلیزابێت) بووە شاژن. ئیلیزابێت، کچی ئان بۆلین، بە شێوەیەکی پرۆتستان بار هێنرابوو. ئەو وەك ماری بە نایاسایی دانراو بەشێکی مەزنی گەنجێتییەکەی، لەترسی دادگادا گوزەراندبوو. ئەو تەنانەت لە کاتی پاشایەتی ماریدا، بۆ ماوەیەکی کورت، لە تاوەری لەندەندا زیندانی کرابوو. زۆر کەس لە خەڵك، هیوادار بوون کە کاتۆلیکێکی ڕۆمایی ببێتە جێگرەوەی ماری و ئەوان کەسێکی تایبەتیان لە زەیندا بوو: "ماری"یەکی تر، کچی جیمزی پێنجەم، پاشای سکۆتلەندا و ماری ئاوگیز. ئەم ژنە گەنجە کە لە مێژوودا وەك ماری، شاژنی سکۆتلەندییەکان، بەناوبانگ بووە، دوو قەڵەمڕەوی کاتۆلیك پشتیوانییان لێدەکرد، فەرەنسا و ئیسپانیا. بەهەرحاڵ زۆربەی خەڵکی بەریتانیا لایەنگری کچی هێنری هەشتەم بوون و پێداگر بوون کە مەجالێك بدەن بە ئیلیزابێت.

لە ١٥٥٩دا ئەنجوومەن، (سەرکەوتنی کەنیسەی بەریتانیای بەسەر تاجی پاشایەتیدا، نوێ کردەوە) و بەریتانیا دووبارە بووەوە بە پرۆتستان[٨٣]. کەنیسە لەساڵی ١٥٦٣دا، سی و نۆ مادەی مەزهەبی دەرکرد، کە بە وردی لایەنەکانی باوەڕی ئانگلیکانیەکانی، شی کردبوونەوە. هەر لەو ساڵەدا، جۆن فاکس کتێبی(شەهیدان)ی بڵاو کردەوە.



### *شەهیدە پرۆتستانەکان*

*لەم پارچە هەڵبژێراوەدا کە لە کتێبی (چاکسازیی پرۆتستان) نووسینی لویس شپیتزەوە هاتووە، دانەر لە شەهیدەکانی چاکسازی سەری سووڕماوە.*

*لەم کاتەدا، ئاگر لە هەموو شوێنێکەوە بەرز ببۆوە... ئەو بڕیارە سەرسەختانەی ئەو کەسانەی کە دەبرانە بەردەم سێدارە ـ جێگایەك کە لە ژیان دادەبڕان بەڵام زیرەکی و ئیرادەیان هەر لە جێی خۆی دەمایەوە ـ زۆر کەس لە خەڵکانی سەرسووڕماو کردبوو. چونکە کاتێك ئەوان ژنگەلێکی بێ هێز و بێ گوناهیان دەدیتن کە دەخرانە ژێر ئەشکەنجەوە تا شاهیدێك بۆ باوەڕەکەیان بهێننەوە، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگدا، تەنیا مەسیح و ڕزگارکەریان بانگ دەکرد و سروودگەلێکی مەزهەبیی جۆراوجۆریان دەهێنانە سەرزمان... ئەو پیاوانەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەلومەرجی ترسناك و وەسایلی مەرگ خولقێندا کە بۆیان ئامادە کردبوون ـ لە حاڵێکدا کە نیوە خەڵووز و کەبابیان لێهاتبوو ـ بە دلێرییەکی شکست نەخواردووەوە، لە داری ئیعدامەوە سەیری خوارەوەیان دەکرد... ئەوان وەك ئەو تاشە بەردانە بوون کە لە بەرامبەر شەپۆلەکانی غەمدا وەستابوون، بە کورتی، لە حاڵێکدا کە خەندەیان لەسەر لێوان بوو، لە دنیا ڕۆیشتن.*

ئەم نووسینە پڕوپاگەندەییە، زیاد لەوەی کە ڕاپۆرتێکی هەڵچووبێت لە بارەی باوەڕەوە، لە ڕاستای ناپەسەند نیشاندانی سیستەمی پاپایی و بە دەستهێنانی ناوبانگ بوو بۆ پرۆتستانەکان، کە لە ڕژێمی ماریدا شەهید کرابوون.

زۆرێك لە کاتۆلیکە ڕۆماییەکان، بە گرووپەکانی خۆیان وەفادار مانەوە و ئێستا ئیدی نۆرەی ئەوانە بوو، کە بکەونە بەر عەزیەت و ئازارەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، خواپەرستییە تایبەتییەکان ئەگەرچی نایاسایی بوون، تەحەمول دەکران، بەڵام ئازارەکان هەر مانەوە. بۆ نموونە، کاتۆلیکەکان لە هەبوونی هەندێ پۆست مەحروم بوون. ئەو ڕاستییەی کە ئەوان ناچار بوون بە نهێنی لە ڕێوڕەسمی (عشاء ربانی) دا، بەشداری بکەن نیشانی دەدا، کە ئەوان هاووڵاتی پلە دوون. بنەماڵە دەوڵەمەندە کاتۆلیکەکان لە ماڵەکانی خۆیاندا پەرستگەیان ساز کرد کە بە زۆری (پەناگەی قەشەشیان) تێدا هەبوو؛ واتە پەناگە گەلێك کە نەك تەنیا جلوبەرگەکانی میحراب و پێداویستییەکانی ڕێوڕەسمی گشتی دەشاردرانەوە، بەڵکو بۆ ئەگەری هێرشی کاربەدەستانی دەوڵەت، قەشەشی تێدا دەشاردرایەوە. هەندێك لە کاتۆلیکەکان ملیان نەدا بۆ پەسندکردنی فەرمانڕەوایی شاژن و بە تۆمەتی خیانەت، ئیعدام کران. لە کۆتایی حکومەتی (ئیلیزابێت)دا لە ساڵی ١٦٠٣، پرۆتستانیزم لە بەریتانیا بە تەواوی جێگیر ببوو.

## شەڕە مەزهەبییەکان لە فەڕەنسادا

ڕەوتی چاکسازی لە فەڕەنسا، زیاد لەوەی کە نموونەی کاریگەری سیاسەت بێت لە مەزهەبدا، نموونەیەکی گرنگ بوو لە پەرەسەندنی مەسەلە دیاریکەرەکانی مەزهەب لە سیاسەتدا. پاشاکانی فەڕەنسا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەیەمدا، بە کەنیسەی ڕۆما وەفادار مانەوە.

فەڕەنسییەکان بە زۆری خەریکی شەڕی ناوخۆیی و شەڕ لەگەڵ دوژمنە هەمیشەییەکانیان، ئیسپانیا و ڕۆمای پیرۆز ، بوون. لەم کاتەدا سەرەڕای ئەوەی کە فەڕەنسوای یەکەم، پاشای فەڕەنسا و ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم، هەر دووکیان کاتۆلیك بوون، بەڵام زۆرتری کاتیان بە شەڕ لەگەڵ یەکتری تێپەڕاند و چاوپۆشییان لە پەرەسەندنی پرۆتستانیزم لە وڵاتەکانی خۆیاندا کرد.

لە نیوەی سەدەی شانزەیەمدا، ژمارەیەکی زۆر پرۆتستان لە فەڕەنسا دەژیان، کە زۆرێك لەوان گەورە کەسانێکی وەك مارگرێت دو ئانگولم، خوشکی کالڤینستی پاشا فڕانسوا بوون. کالڤینستە فەڕەنسییەکان، کە بە (هوگنۆ)کان بەناوبانگ بوون، لە نیوەی یەکەمی سەدەدا، بەڕادەیەك ژمارە و کاریگەرییان چووبووە سەرێ کە یەکەمین کەنیسەی فەرمی و ئازادی کالڤینستی فەڕەنسایان لەساڵی ١٥٥٥دا، لە پاریس دامەزراند.

هێنری دووەم کە لە ساڵی ١٥٤٧دا، دوای باوکی، فڕانسوای یەکەم چووە سەرتەختی پاشایەتی، درێژەی بە شەڕ لەگەڵ شارلی پێنجەم و جێگرەکەی، فیلیپی دووەم دا. لەساڵی دواتردا هێنری دووەم، کە زیاد لە فڕانسوا لە پێشکەوتنەکانی پرۆتستانەکان لە فەڕەنسادا هەراسان ببوو، ژووری ئاگری بۆ سزادانی بیدعەکارە مەزهەبییەکان دامەزراند. هەزاران کەس بە لادەری (بیدعەکاری) تۆمەتبار کران و ساڵ بە ساڵیش ژمارەیانە زیاتر دەبوو.

بنەماڵەی گیز، بەهێزترین گرووپی کاتۆلیکی لە فەڕەنسادا پێکهێنابوو. ئەم بنەماڵەیە مەبەستی بوو کە پاشایەتی بە دەستەوە بگرێت و پرۆتستانیزم لە فەڕەنسادا، لە بنەوە هەڵکێشێ. ئەوان ئامادە بوون لە حاڵی پێویستدا هاوکاری لە ئەڵمانیا یا ئیسپانیا وەربگرن و بەم جۆرە (بەردەوامیی پاشاکان بخەنە لاوە و خۆیان ڕێبەریی فەڕەنسا بکەن تا پێشگیری لە هاتنە ناوی پرۆتستانەکان، بۆ کۆشکی پاشایەتی بکەن."[٨٤] لە بەرامبەردا هۆگنۆکان، ئامادە بوون تا لە بەریتانیا، سوید و یەکێتی شمالکالدۆنی هاوکاری وەرگرن، بۆ ئەوەی کاتۆلیکەکان لە سەر تەختی پاشایەتی نەهێڵن.

پاشان هێنری دووەم مرد و برا گەنجەکەی شارلی نۆیەم بووە جێنشینی. هاوسەرەکەی هێنری، کاترین دۆمەدیسی، لە کاتێکدا کە برای مێردەکەی هێشتا بچووك بوو، (نایبولسەلتەنە) و لە



ئەستۆداری حکومەت بوو. ئەو کە دەیهەویست لە شەڕ لەگەڵ ئیسپانیا یا بەریتانیا دوور کەوێتەوە، بەو ئۆمێدەوە کە بتوانێ باوەڕ بە فەرەنسییەکان بێنی کێشەکانی خۆیان، بۆخۆیان چارەسەر بکەن، بانگێشتی گرووپگەلێکی جیاوازی مەزهەبی کرد، بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەکدا. کالڤین یەکێك لە لێهاتووترین پەیڕەوەکانی، (تیۆدۆر بێزا)ی بۆ ڕاگەیاندنی هەڵویستی پرۆتستانەکان نارده ئەو کۆبوونەوەیە. بەهەرحاڵ، بێزا نەك تەنیا ئاشتیی لەگەڵ کاتۆلیکەکان ڕەت کردەوە، بەڵکو لۆسەرییەکانیشی لەبەر پێداگریی لەسەر دەربڕینی کالڤینستی (عشاءربانی) ڕەنجاندن.

کاترین بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی، دەستی لە هەوڵ و کۆشش هەڵنەگرت و لە ١٥٦٢دا، باوەڕی بە دەوڵەت هێنا، تا ئەوەی کە بە (فرمانی کانونی دووەم) ناسرا، دەربکات. ئەم ڕاگەیەنراوە فەرمییە، ئیزنی بە هۆگنۆکان دا، تا لە دەرەوەی ماڵەکان و بە جۆرێکی ئاشکرا، خواپەرستی بکەن. ئەمە شتێکی زیاد لە توانای تەحەمولی بنەماڵەی گیز بوو.

> کاتێك کە دوك گیز، هاوڕێ لەگەڵ پاسەوانە چەکدارەکانیدا، لەگەڵ هۆگنۆگەلێکدا ڕووبەڕوو بوو، کە لە تەویلەیەکدا خەریکی خواپەرستی بوون، فەرمانی پێدان کە ئەو شوێنە بەجێ بێڵن؛ هۆگنۆکان ئەویان بە لایەنگری پاپا و بە بتپەرست دانا. دەستیان کرد بە بەرد هاویشتن. هاوڕێ چەکدارەکانی گیز تەقەیان کرد و ٦٣کەس لە شەشەد یا حەفسەد کەسی خوا پەرست کوژران. ئەم ڕووداوە دەستپێکی شەڕەکان بوو.[٨٥]

هۆگنۆکان بە وێرانکردنی کەنیسەکاتۆلیکەکان و وێرانکردنی پەیکەرەکان، وێنە و نانی پیرۆزی عشاءربانی، وەڵامیان دایەوە. بە درێژایی دە ساڵ هەر دوو لایەن بە شێوەیەکی ناخۆش، ئەم هەڵسوکەوتانەیان درێژە پێدان. ئۆسقۆفێك لە بارەی ئەم ساڵانەوە وەهای گوت:

> ئەگەر بەکاتۆلیکێك بڵێن: "شەش مانگ بەر لە ئێستا چ مەزهەبێکت هەبووە؟" وەڵام دەداتەوە: ((کاتۆلیك بووم)). دەڵێم ئایا پێیەوە پابەندی؟ مەزهەبێك کە ئیزنی هێرش بۆ سەر ئیمانی خەڵك، هاندانی ئاژاوەگێڕی و تالان و خەفە کردن دەدات؟ لە حاڵێکدا ئەگەر هەمان پرسیار لە یەکێك لە چاکسازیخوازەکان بکرێت و دان بە پابەندی خۆیدا بنێت، من دەڵێم:" چ چاکسازییەکی نەفرەتهێنەر، کە ئیزنی وێران کردنی میحرابەکان، بێ حورمەتی بە شتە پیرۆزەکان و ئەنجامدانی کاری توندوتیژ، بە دژی کەسانێك کە خۆیان لە پێناوی خوادا داناوە، بە ئێوە دەدات. ئێوە، هەر دوو گرووپ دەبێ لەو ناوانە دوور کەونەوە کە شایستەتان نین، چونکە ئایینی مەسیحییەت، هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ کاری ڕێگریدا نییە.[٨٦]

## ژنێک دەتوانێ چ بکات؟

*هێنری چوارەم، پاشای فەڕەنسا، زڕدایکەکەی ـ واتە کاترین دومەدیسی ـ وەسف دەکات. کاترین کوشتاری ڕۆژی (سەن بارتلمی) بەدی هێنا، بەڵام هێنری باوەڕی وایە کە ئەو تەنیا گەمەیەکی جوانی ئەنجام دا. لێکدانەوەکەی پاشا، لە کتێبی(دەستپێکی سەردەمی عەقڵ)ی ویل دۆرانت_، هاتووە.*



**کاترین دومەدیسی، (نایبولسەلتەنە)ی شارلی نۆیەم، لە بەرنامەڕێژی کوشتاری ڕۆژی سەن بارتلمی_دا، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو.**

*دەمهەوێ لێتان بپرسم، ژنێك کە لە ئەنجامی مردنی مێردەکەیەوە، لەگەڵ پێنج منداڵدا ماوەتەوە و توشی دوو بنەماڵە لە فەڕەنسادا ببوو کە ئامانجێکیان بێجگە لە دەست بە سەرداگرتنی تاج و تەخت نەبوو ـ واتە بنەماڵەکەی خۆمان(بۆربۆن) و بنەماڵەی گیز_ دەیتوانی چ کارێك بکات؟ ئایا ناچار نەبوو کە کارگەلێکی سەیر و سەمەرە ئەنجام بدا و سەرەتا یەکێك و پاشان ئەوەی تر دەسخەڕۆ بکات تا بتوانێ کوڕەکانی، کە یەك لە دوای یەك، لە ئەنجامی کارەکانی ئەو ژنە زیرەکە پاشایەتییان کرد، لە مەترسی دوور بخاتەوە؟ سەرم سوڕ دەمێنێ کە بۆچی کارگەلێکی خراپتر لەمانەی نەکردن.*

## کوشتاری ڕۆژی سەن بارتلمی

کاترین دومەدیسی کە هێشتا بە دوای ئاشتکردنەوەی دوو گروپەکەدا بوو، پێشنیاری کرد کە کچەکەی مارگرێت (کە کاتۆلیك بوو) لەگەڵ هێنری دۆناڤاردا، ژیانی هاوسەری پێك بێنن. هێنری، کوڕی جان دێ ئالبرێت و نەوەی مارگرێت دو ئانگۆلم و هۆگنۆ بوو. هەموو گیزەکان و دوژمنە هۆگنۆکانیان، بۆ زەماوەند کە لە ڕۆژی ١٨ی ئابی ١٥٧٢ ئەنجام درا، بانگێشت کران بۆ پاریس.





**کاتۆلیکە توندڕۆکان، هەزاران فەرەنسیی هۆگنۆیان لە ڕۆژی سەن بارتلمیدا، کوشتن. (٢٤ی ئابی ١٥٧٢)**

زۆر پیلانی سیاسی، بە درێژایی ئەو حەفتەیەی کە زەماوەندەکەی تێدا جێبەجێ کرابوو، ئەنجامدران و بە درێژایی ئەو ماوەیە دوك هێنری دوگیز، باوەڕی بە کاترین هێنا، کە هۆگنۆکان تا کاتی بە تەواوی بوونە پرۆتستانی فەڕەنسا و لە سەر تەخت دانیشتنی پرۆتستانێك، ڕازی نابن و هەدا نادەن. وا دەرکەوت کە کاترین ترساوە و بیری کردووەتەوە کە کاتی ئەوە هاتووە لە دەستی هەموو ڕێبەرانی هۆگنۆکان، ڕزگاری ببێت. ئەو پاشای گەنج، برای مێردەکەی، باوەڕ پێهێنا، کە هۆگنۆکان لە هەوڵی ئەوەدان هەر دووکیان بکوژن.

لەسەرەتاکانی بەیانی ڕۆژی ٢٤ی ئابی ١٥٧٢دا_ ڕۆژی سەن بارتلمی ـ پیلانگێڕەکان، لە ژێر فەرمانی پاشا شارلی نۆیەمدا، هێرشیان کردە سەر ڕێبەرانی هۆگنۆکان، لە پاریس و شوێنەکانی تردا. مرۆڤە خراپ و بەڕەڵڵاو بێ سەرەو بەرەکانیش، چوونە پاڵ ئەم توندوتیژییەوە و هەزاران هۆگنۆ کوژران. بارودۆخە لەمەش خراپتر بوو. دادگای پاشایەتی بە پێکهێنانی ڕێوڕەسمی شوکرگوزاری ئەم کوشتارەی کردە جێژن. کاردانەوەی پاپا گریگۆریۆسی سێزدەیەمیش نەگونجاو بوو. ئەو لە وتارەکەیدا، لە بەر سەرکەوتنی کوشتارکارەکان، شوکری خوای کرد و فەرمانی دا کە بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕووداوەکە، مەدالیایەك دروست بکەن.

## پاریس قوداسێک دەهێنێ

هۆگنۆکان زیاد لە هەر کاتێکی تر، سووربوون لەسەر بەرگری کردن لە بەرامبەر سزاکانی کاتۆلیکەکان و شەڕ بۆ ماوەی پازدە ساڵی تر، بە شێوەی پچڕ پچڕ درێژەی کێشا. لە ١٥٧٤دا، شارڵی نۆیەم بە بێ ئەوەی میراتگرێك بەجێ بهێڵێ کۆچی دوایی کرد؛ پاشای دواتری فەرەنسا، براکەی شارڵ، هێنری سێیەمیش بە بێ ئەوەی کە ئەویش منداڵێك بەجێ بهێڵێ، لە ١٥٨٩دا کۆچی دوایی کرد دوای ئەو تاج و تەختی پاشایەتی گەیشت بە هێنری دوناڤار (هێنری چوارەم) کە ژنهێنانەکە بەر لە رۆژی کوشتاری سەن بارتلمی، ئەنجام درا.



گوندییەکان گاڵتە بە هۆگنۆ فەرەنسییەکان دەکەن، کە تا چەندین ساڵ دوای کوشتاری (سەن بارتلمی)ش، لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا بوون. پرۆتستانیزم، بە هەبوونی وەها کردەوەگەلێکیش، هەر وەك مەزهەبێك مایەوە.

هێنری بە پێی هەلومەرجی سیاسی، هەندێك جار پشتیوانی لە کالڤینیزم دەکرد، کە بە پێی بنەماکانی پەروەردە کرابوو، هەندێك جاریش پشتیوانی لە مەزهەبی کاتۆلیکی رۆمایی دەکرد. کاتێك کە گەیشت بە پاشایەتی، کاتۆلیکەکانی پاریس، ئیزنیان نەدا لە سەرتەخت دابنیشێت، هەر چەندە کە بەڵێنی دابوو سزایان نەدات. بەم پێیە، هێنری بە مەبەستی دەست گەیشتن بە تاج و تەخت، دە ساڵی لە گەمارۆی پاریسدا گوزەراند. بەرگری کاتۆلیکەکان لە ناوەوەی شار و هاوکاریی ئیسپانییەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو، پێشیان بە چوونی ئەو بۆ ناو شار گرت و سەرەنجام ئەو زانی کە قەت ناتوانێ بە زەخت و زۆر سەرکەوێ. بەشە باشوورییەکانی فەرەنسا ناوچە گەلێکی هۆگنۆنشینی زۆریان هەبوون، بەڵام زۆربەی دانیشتووانی فەرەنسا لە کاتۆلیکەکان پێکدەهات. بەم پێیە هێنری رێگایەکی دیکەی وەپێش گرت: ئەو مەزهەبی خۆی گۆڕی بۆ سەر کالڤینزم. هێنری کە مەزهەب هیچ کاتێك گرنگیەکی ئەوتۆی بۆ نەبوو، ئەم بڕیارەی بە وشەگەلێکی تەوساوییەوە راگەیاند: "پاریس



قوداسێك دەهێنێ."[٨٧] (قوداس ـ رێورەسمی قوداس بەشێك لە نەریتی مەزهەبی کاتۆلیکە ـ و. فارسی)

ئامانجی هێنری، ئاشتی بوو. لە ١٥٩٨دا، ئەو فەرمانی (تانت)ی دەرکرد، کە گەرەنتی ئازادی مەزهەبی لە فەڕەنسادا دەکرد. لە هەموو ناوچەکانی فەڕەنسا مافی ژیان درا بە هۆگنۆکان:" بەدوور لە هەر جۆرە زەختێکی باوەڕداریی (پشکنینی بیروباوەڕ)، تەنگ پێهەڵچنین یا ناچارکردن بە ئەنجامدانی هەر کارێك، بە پێچەوانەی ویژدانیان". ئەم فەرمانە هەر دوو گرووپەکەی، لە تەعمیدکردنی بە زۆریی منداڵەکان بۆ سەر دینی خۆیان، ئاگادار کردنەوە کە لەخۆگری سزایەکی زۆر توند بوو. گرنگتر ئەوەی کە هۆگنۆکان ئیزنیان وەرگرت کە"بگەن بە هەر پایە و پلەیەك لەم قەڵەمڕەوەدا". هەروەها بە پێی ئەم یاسایە، "هیچ هەڵاواردنێك لە نێوان قوتابییەکاندا بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆ یان کۆلیج یا قوتابخانەکان و یا وەرگرتنی نەخۆش و بێکەسەکان لە نەخۆشخانە و هەژارخانە یا دامەزراوە خێرخوازییەکاندا، نییە."[٨٨] ئەم دەربڕینە نیشاندەری جۆری ئەو هەڵاواردن و ئازارەیە کە لە بەر جیاوازییەکان لە باوەڕە مەزهەبییەکاندا هەبوون.

## بۆچی ئەشکەنجە؟

بۆچی مەسیحییەکان لەگەڵ هاوئایینەکانی خۆیان شەڕیان دەکرد؟ بۆچی ئەشکەنجەیان دەکردن و دەیانکوشتن؟ بە دڵنیاییەوە ئەمە بۆ بەرگریکردن لە باوەڕی ئازادیی خواپەرستی نەبووە. تیۆدۆر بێزا، چاکسازیخوازی کالڤینیست گوتی کە ئازادی مەزهەبی" ئەهریمەنیترین دەمارگرژییە (باوەڕ)، چونکە بەو مانایەیە کە دەبێت ئیزن بدرێت، هەر کەسێك بە هەر جۆرێك کە دەیهەوێ بڕواتە جەهەننەم."[٨٩] هەر گرووپێکی مەزهەبی بۆ ئازادی خۆی شەڕی دەکرد، نەك بۆ ئەوانی تر. هەریەکەیان، بە توندی باوەڕی وابوو، کە رێگاکەی ئەو راستە و تەنیا رێگای گونجاوە. ئەڵبەتە ئەوەی کە دەتوانین بە مەبەست و هاندەرە سەرەتاییەکان ناویان ببەین ـ تێبینییە سیاسییەکان، چەسپاندنی دەسەڵات و بەرژەوەندی ماددی ـ بە زۆری رۆڵی خۆیان دەگێڕا.

(رۆلاند بەین تۆن)ی مێژوونووس، سێ بەشی هۆی حەز کردن بۆ ئازاردانی ئەوانی تر، دیاری دەکات: " مرۆڤ دەبێت باوەڕی بە حەقانیەتی خۆی هەبێت. مەسەلەی جێی پرسیار گرنگی هەبێت و هەروەها ئەوەش کە بەکارهێنانی زەبروزەنگ، کاریگەر بێت"[٩٠] هەر

گرووپێکی مەزهەبی وای هەست دەکرد، کە ئەو هەقە و ئەو راڤەیەی کە ئەو لە کتێبی پیرۆزی کردووە، هەر ئەوەش مەبەستی خوا بووە و بەم پێیە، هیچ کەسێك رێگایەکی نییە جگە لە پەسەندکردنی.

لەبارەی خاڵی دووەمیشەوە هیچ پرسیارێك نەبوو: باسەکانی رزگاری گرنگ بوون. باوەڕ لەسەر ئەوە بوو کە ((چارەنووسی ئەزەلی مرۆڤ سەرەڕای سلامەتی کۆمەڵایەتی ئەو))، پەیوەستە بە پابەندبوون بە کەنیسەی راستەقینەوە.[91] ئەم روانینە بە درێژایی زیاد لە هەزار ساڵی مەسیحیەت پێی گرتبوو و کەنیسە و کۆمەڵگا بە شێوەیەکی قووڵ پێکەوە بەسترابوون. کەسێك کە باوەڕی بە کەنیسە نەبوو، دەیتوانی تەواوی کۆمەڵگا تێك بدات. ئازاردان و تەنانەت کوشتنی کەسێك کە بە دوای تێکدانی نەزمی کۆمەڵایەتییەوە بوو، دەتوانین بە بڕینی باسکێك و رزگارکردنی لاشە لێی ، بچوێنین. خاڵی سێیەم، ئەوەیەکە سزادەرەکانی سەدەی شازدەیەم بە توندی باوەڕیان بە ناچارکردنی خەڵك بوو، بۆ گۆڕینی رێڕەوەکەیان (ئەگەر نەڵێین باوەڕەکەیان). مرۆڤگەرایەکی ئەو سەردەمە گوتبووی:"ئەو مەسەلەیە کە ئەوانەی لەبەر مەزهەب دەکوژرێن گوناهکارن یا بێگوناه، لە بەرامبەر ترساندنی خەڵکدا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە."[92] بەڵام ئازار و ئەشکەنجە، شەهیدگەلێکیشی بەدی دەهێنان. وەکو ئەوانەی کە لە نووسراوە بەناوبانگەکەی جۆن فاکسدا دا هاتوون، ئەڵبەتە ریاکارگەلێکیشی ئاشکرا دەکردن: هێنری چوارەم، پاشای فەڕەنسا. چاودێرێکی ئیتاڵیایی لە سەدەی شانزەمدا نووسی:" کەسێك کە لە هەوڵی ناچار کردنی خەڵکدا بێت بۆ پێڕەوی کردن لە مەزهەبێك، وەکو دەبەنگێکە کە بەرمیلێکی گەورەی لەگەڵ شەرابێکی کەمدا هەیە و بۆ زیادکردنی، ئاوی تێدەکات. بەڵام لە باتی زۆرکردنی شەرابەکە، ئەوەشی کە هەیبووە خراپی دەکات."[93]



***فرمانی نانت، ١٥٩٨***

*ئەم رێککەوتنە لە نێوان هێنری چوارەم لە فەرەنسا و هۆگنۆکان، بۆ ماوەی هەشتا ساڵ بەردەوام بوو، تا ئەوەی کە لوویی چواردەم هەڵی وەشاندەوە. هەندێك لە بەندەکانی کە لە کتێبی (بەڵگەکانی کەنیسەی مەسیحی) نووسینی بتنسۆندا هاتوون، لێرەدا دەخرێنە پێش چاو.*

*III. ئێمە رادەگەیەنین کە باوەڕەکانی کاتۆلیك، پرۆتستان و رۆمایی، لە هەموو ناوچە و شوێنەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ئێمەدا، کە لە ئەنجام دانیان رێگری دەکرا، دووبارە بگەڕێنەوە، جێگیر بکرێن و بە ئازادی و لە هێمنیدا، لەو ناوچانەدا جێبەجێ بکرێن...*

*VI- و بۆ ئەوەی کە ئیمکانی بەدی هاتنی کێشە یا هەڵاواردن لە نێوان ژێر دەستەکانماندا، بەدی نەیەت: ئێمە بە وانەی کە سەر بە مەزهەبێکن کە بە چاکسازیخواز بەناوبانگن، ئیزن دەدەین تا لە تەواوی شار و ناوچەکانی ژێر دەستی ئێمە، بە دوور لە هەر جۆرە پشکنین و زەختێکی باوەڕداری، تەنگ پێهەڵچنین یا ناچارکردن، بە جێبەجێکردنی هەر کارێکی مەزهەبی کە پێچەوانەی ویژدانیان بێت... لە حاڵێکدا کە ئەوان لە بنەماکانی ئەم فەرمانە پەیڕەوی بکەن.*

*XIII . ئێمە بەتوندی، رێگە لە لایەنگرانی ئەم مەزهەبە بۆ ئەنجامدانی کردە مەزهەبییەکان، رێکخستن، فێرکردنی گشتی بۆ منداڵەکانیان لە قەڵەمڕەوی خۆیان، بێجگە لەوشوێنانەی کە لەم فرمان نامەیەدا ئیزنیان پێ دراوە، دەگرین.*

*XIV. بەکار بردنی ئەم مەزهەبە لە دادگا و رێکخستنەکانی ئێمە دا و لە چوارچێوەی دەرەوەی کێوەکان، لە شارەکەمان پاریس، یا لە چوارچێوەی پێنج بەشەکەیدا، قەدەغەیە.*

*XXI. کتێبە پەیوەستەکانی ئەم مەزهەبە، بێجگە لە شارەکان و ئەو ناوچانەی کە ئیزنی ئەنجام دانی رێورەسمی ئەم مەزهەبە بە شێوەیەکی گشتی دراوە، ئیزنی چاپ و بڵاوکردنەوەیان بۆ فرۆشتن نییە.*

*XXII. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم مەزهەبەدا، هیچ هەڵاواردنێك لە نێوان قوتابییەکاندا نییە، بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆ، کۆلێژ یا قوتابخانەکان و یا وەرگرتنی نەخۆش و بێکەسەکان لە نەخۆشخانە و هەژارخانە یا دامەزراوە خێرخوازییەکاندا.*

*XXVII. ئەندامەکانی ئەم مەزهەبانە ئیزنیان هەیە، کە هەر پۆست و پلە و پایەیەك، لەم قەڵەمڕەوەدا بە دەست بێنن.*

# (۷)

## وەڵامی کاتۆلیکەکان: دژایەتی لەگەڵ چاکسازی

سەرەڕای ئەو تۆمەتانەی کە لە لۆسەر، تسوینگلی و چاکسازیخوازەکانی تریان دەدا، بەڵام کەنیسەی کاتۆلیك لە سەدەی شانزەمدا، هەستی بە پێویستی چاکسازی دەکرد. زانا مرۆڤگەراکان، بەر لەوە بەدوای ڕێگەگەلێکەوە بوون کە بەهۆی کاری دەروونییەوە، کەنیسە بگەڕێننەوە سەر ڕێی ڕاست. ئەوان دەیانویست کە پاپ و ئۆسقۆفەکان زیاتر گرنگی بە مەعنەویات بدەن تا ماددیات. ئەوان داوایان لە راهیبەکان دەکرد کە پێڕەوی لەیاساکان بکەن. ئەوان دەیانویست قەشە ناوچەییەکان ببنە خاوەنی خوێندەوارییەکی باش و باش وتار بدەن، تا خواپەرستان بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکان هان بدرێن. ئەوان نەیاندەویست یا چاوەڕانییەکی ئەوتۆیان نەبوو، کە گۆڕانگەلێکی بنەڕەتی لە بنەماکانی کەنیسەدا بەدی بێن.

(چاکسازیی) گەلێکی زۆر، بە درێژایی ئەو ۱۵۰۰ساڵەی کە لە ژیانی کەنیسە دەگوزەرا، روویان دابوو. زۆربەی ئەم چاکسازییانە، بەهۆی هەبوونی زانایانی گەورە، یا ژن و پیاوی لێهاتوو و هاندەر، بەدی هاتبوون. لە رابردوودا، بزووتنەوە چاکسازییەکان، بە زۆری دەربڕینگەلێکیان لە پێکهێنانی فەرمانەکانی مەزهەبی نوێدا گونجاندبوو: فەرمانەکانی بانگەشەکاری بچووك(فرانسیسیانەکان)، دوومینیکانەکان و هی تر بەم شێوەیە پێکهاتبوون.

### فرمانەکانی چاکسازیخوازی

لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەم و سەرەتاکانی سەدەی شانزەمدا، هەندێك لە چاکسازیی خوازەکان، بڕیاریان دا کە لە چوارچێوەی هەمان کەنیسەدا کە هەیە، کەنیسەیەکی باشتر بەدی بهێنن. ئەم چاکسازیی خوازانە، باوەڕیان وا بوو کە چاکسازیی، هەر بەو جۆرەی کە فیلیپ هوگز، دەڵێت:" بەتەواوی خودسازییەکی سەرلەنوێیە."(۹۴)

ئەوان باوەڕیان وابوو، کە بە چاوەدێری کردنی نەخۆش و بێ کەسەکان، بڵاوکردنەوەی وتەکانی خوا بۆ خەڵك و سادە ژیان، دەتوانن لە خزمەتی خوادا بن.

گرووپێك لە قەشەکان کە باوەڕیان بەم شتانە هەبوو، (تێئاتینەکان)یان پێ دەگوتن، کە ئەم ناوەیان لە ناوی یەکێك لە گەورەکانی خۆیانەوە بەناوی (گائیتانۆ دا تینە) وەرگرتبوو.



**بەرنامەی یەسوعی**

*ئیگناتیۆس ئەی لویولا ، دامەزرێنەری ئەنجوومەنی مەسیح، لە ساڵی ١٥٥٤دا، لەم نامەیەدا کە لە کتێبی( چاکسازیی: کورتە مێژوویەکی چیرۆکی) دا هاتووە، چەند میتۆدێکی بۆ وەستاندنی پرۆتستانیزم پێشنیار کردووە.*

*بیدعەکاران (پرۆتستانەکان) بۆچوونە دیینیە هەڵەکانی خۆیان، بە جۆرێك دەربڕیون کە لە ئاستی تێگەیشتنی هەموو خەڵکیدان. ئەوان بۆچوونەکانیان لە نێو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە و لە قوتابخانەکاندا دەرس دەڵێنەوە و نامیلکەگەلێك بڵاو دەکەنەوە کە زۆربەی خەڵك توانای کڕین و تێگەیشتنی لێیان هەیە و کاتێك کە ناتوانن بە وتاردان کار بکەنە سەر خەڵك، بە نووسینەکانیان هەنگاوی بۆ هەڵدێننەوە. سەرکەوتنی ئەوان تا ئاستێکی زۆر، ئەنجامی بێ سەرنجیی کەسانێکە کە دەبوو گەلێك سەرنجیان دابایە کێشەکان؛ هۆیەکی دیکەش، هەبوونی نموونەگەلی خراپ بێ ئاگایی کاتۆلیکەکانە...*

*بەم پێیە، وا دێتە بەرچاو کە ئەنجوومەنەکەمان (یەسوعییەکان) دەبێت سوود لەو میتۆدانە وەرگرێ کە دەیانڵێم، تا پێشیان پێ بگرن و چارەیەك بۆ ئەو شەیتانانە بدۆزنەوە کە لە ڕێگەی ئەم لادەرانەوە (بیدعاکارانەوە) کەنیسەیان بە دەستەوە گرتووە.*

*سەرەتا... وا چاکە کە کورتەیەك لە پەروەردەی مەزهەبی بەدی بهێنرێ؛ تا باس لە بابەتگەلێك بکرێ کە گرنگییان هەیە، کە جیاوازی و دژبەرییان لە سەر نییە... لەوانەیە لایەنگەلێکی زۆرتر لەبارەی مەسەلە جیاوازەکانەوە هەبن، بەڵام دەبێت لەگەڵ پێویستییە هەنووکەییەکانی خەڵك بگونجێندرێن. دەتوانین کۆمەڵێك خولی باڵاتر کە وردەکاریی زۆرتریان تێدایە بەو خوێندکارانە ببینین، کە توانایەکی زۆرتریان هەیە... ئەنجامی سەرەکیی ئەم فێرکردنە مەزهەبییانە، دەتوانین بە شێوەی بنەمایەکی کورتی ئایین، فێری منداڵەکان بکەین.*

*میتۆدێکی باشتری دیکە بۆ کۆمەك بە کەنیسە لەم تاقیکردنەوەیەدا، زۆرترکردنی ژمارەی کۆلێژ و قوتابخانەکانە، لە زۆربەی سەرزەوییەکاندا... دەتوانین قوتابییە زیرەکەکان بۆ فێرکردنی بنەماکانی مەسیحیەت، لە رۆژەکانی یەکشەمە و رۆژەکانی جێژندا، رەوانە بکەین.. . بەم هۆیەوە، ئەوان سەرەڕای ئەوەی کە ئەم رێکارانە بە دروستی فێر دەکەن، نموونەیەکیش لە ژیانی باش دەردەخەن و بە رەواندنەوەی تەواوی رواڵەتی تەماعکاری، دەتوانن کە بەهێزترین بەڵگاندنەکانی لادەرە (بیدعەکاران)، باتڵ بکەنەوە و ئەوەش ژیانی ناخۆش و نەزانی روحانییە کاتۆلیکەکانە.*

ئامانجی ئەم گرووپە کە لە ساڵی ١٥٢٣ لە ئیتاڵیا پێکهات، ئەوە بوو کە تەنیا "ئەو قەشەیە بن، کە دەبێ بن". (٩٥) ئەوان هەموو ڕۆژێك ڕێوڕەسمی(عشاء ربانی) یان جێبەجێ دەکرد و لە شەقامەکانی شارەکانی ئیتاڵیادا دەستیان دەکرد بە وتار دان و لە نەخۆشخانە و زیندانەکاندا هاوکاریی هەژارەکانیان دەکرد و لە هەموو شوێنێکیش گوێیان ڕادەدێرا بۆ دان پێدانانەکان. ئەم قەشانە لە بەر سەرنجدانێکی جددی بۆ ئەرکەکانیان ناوبانگیان دەرکرد و بە درێژایی سەد ساڵی دواتر، زیاد لە دووسەد کەسیان، بوون بەو ئۆسقۆفانەی کە باوەڕیان بە چاکسازیی هەبوو.



ئیگناتیۆس ئەی لۆیۆلا، دوای ئەوەی کە لە ١٥٢١دا، تووشی ئاڵوگۆڕی مەزهەبی بوو، ئەنجوومەنی مەسیحی دامەزراند. ئەنجوومەنی مەسیح، گرنگترین گرووپی نوێی مەزهەبی بوو، لەسەدەی شانزەیەمدا

تاڕادەیەك هەر لەو کاتەدا، گروپێکی تر لە ئیتالییەکان، ئەم جارەیان ژنەکان، لە ژێر چاوەدێری ئەنجێلا مێریسی_دا، لە دەوری یەك کۆبونەوە و خۆیان تەرخان کرد بۆ فێرکردنی کچان. بە تایبەتی کچە هەژارەکان. ئەوان خۆیان ناو نایە (ئۆرسۆلین) کە لە ناوی (سەن ئۆرسۆلا)وە وەرگیرابوو. دوای مردنی ئەنجێلا مێریسی،( ئۆرسۆلین)ەکان وەك گروپێکی ڕاهیبیان لێهات و چالاکییەکەشیان گەیشتە فەرەنسا. جێگایەك کە تێیدا دوای شەڕە مەزهەبییەکان، وەك دەسەڵاتیکی بەهێزیان لێهات بۆ فێرکردنی بنەماکانی کاتۆلیك و چاکسازی.

لە ساڵی ١٥٢٠دا، گرووپێکی چاکسازیخوازی دیکە، لە ئیتاڵیادا، بەدی هات و ئەوەش کاتێك بوو کە پیاوێکی گەنج بە ناوی ماتئۆ داباسی، گرووپێك لە هاوڕێکانی کە بە زۆری فڕانسیسی بوون، ئەنجامدانی چالاکییە هاوشێوەکانی(تیئاتین)ەکان، ڕێبەری کرد: بانگەشەکردن لە شەقامەکان، چاودێری کردنی نەخۆش و هەژارەکان و وەبەرچاوگرتنی وەفاداریی زۆر بۆ کتێبی پیرۆز و ڕێوڕەسمی مەزهەبی.

ماتئۆ لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە فڕانسیسیانەکان بۆ ئامانجەکانی دامەزرێنەرەکەی ئەو گرووپە، ــ سەن فرانیسس ئاسیزی ــ بگەڕێنێتەوە. ئەو پێداگری لە سەر ژیان لە سەختترین هەلومەرجدا، دەکرد. ماتیۆ و هاوبیرەکانی تری، ڕیشیان هێشتبووەوە و خەرقەیەکی



سوننەتییان لە بەر دەکرد، کە ناشیرین و قاوەیی ڕەنگ بوو و کڵاوێکی چوار نووکی هەبوو. لەم کڵاوەوە، کە لە ئیتاڵیا بە کاپوتچۆ ناو دەبرا، ناوی ئەم گرووپە بەدی هات: کاپۆتچۆ یا کاپۆسین.

## یەسوعییەکان

گرنگترین گرووپێکی مەزهەبیی نوێ، کە لەسەدەی شانزەمدا بەدی هات، ئەنجوومەنی مەسیح یا بە پێی گوتەی خەڵکی، (یەسوعییەکان) بوو. (یەکەمین جار، کالڤین بە مەبەستی گاڵتەکردن بەم گرووپە، لەم ناونیشانە کەڵکی وەرگرت ـناونیشانێك کە کەوتە بەر سەرنج و ئەندامەکانی ئەنجوومەن تا ئێستا کەڵکیان لێ وەرگرتووە- ئەنجوومەنی مەسیح، لەلایەن نەجیب زادەیەکی ئیسپانییەوە. بە ناوی (ئیگناتیۆس ئەی لۆیولا) دامەزرا.

ئیگناتیۆس لە ساڵی ١٤٩١، لە باکووری ئیسپانیا لە دایك بوو. ئەو وەك سەربازێك پەروەدە کرا و لە منداڵیدا کەمی خوێندبوو. لە ١٥٢١دا، لە شەڕێکدا بریندار بوو و سەردەمی دوور و درێژی چاك بوونەوەی ، لە کۆشکێکدا تێپەڕ کرد. لەوێدا دوای خوێندنەوەی کتێبێك لە بارەی ژیانی مەسیحەوە و کتێبێکی تر لە بارەی ژیانی (قدیس)ەکانەوە، تووشی ئاڵوگۆڕێکی مەزهەبی بوو و سوێندی خوارد کە سەربازێکی دیکە بێت: سەربازێك بۆ مەسیح.

ئینگتاتیۆس، زاتەن وەك مارتین لۆسەر بوو. وەك لۆسەر نیگەرانی ڕزگاریی ڕۆحی بوو، بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم نیگەرانییە، ڕێگایەکی دیکەی وەپێش گرت. لە ١٥٢٣دا، بۆ ئەوەی کە خۆی بۆ ژیانە نوێیەکەی ئامادە بکات، دەستی دایە خوێندنەوە. لە ١٥٢٨ەوە تا ١٥٣٥ لە زانکۆی پاریسدا خوێندی، جێگایەك کە هەندێك لە هاوڕێکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشان. ئەو بەرنامەیەکی چاوەدێری و دوعای بەناو (ڕاهێنانە روحییەکان) بەدی هێنا، کە بەرنامەیەکی چوار حەوتوویی بوو، بەو ئامانجە کە بەشداربووان، ژیانی ڕۆحانیی خۆیان ڕێك بخەن و بە جۆرێکی قووڵتر، خۆیان دەروەستی پەیڕەوی کردنی کتێبی پیرۆز بکەن. ئیگناتیۆس ئەو کاتەی کە لە پاریس بوو دوو کەس لە هاوڕێکانی بە ناوەکانی فرانسوا گزاویە و پیتێر فابێر ی، باوەڕ پێهێنان کە لە ژێر چاوەدێری ئەودا، ڕاهێنانە روحییەکان جێبەجێ بکەن. ئەوان بۆ بە مەسیحی کردنی ئەوانی تر، خۆیان تەرخان کرد بۆ ئیگناتیۆس و ئامانجەکەی. لە ١٥٣٤دا، ئەم سێ کەسە هاوڕێ لەگەڵ حەوت کەسی دیکەدا، ڕێکخراوێکی نافەرمییان پێکهێنا و دەروەست بوون کە ئەوەی پاپا بە پێویستی دەزانێ بە ئەنجامی بگەیەنن. لە ١٥٤٠، پاپا پاولۆسی سێیەم، بە شێوەیەکی فەرمی ئەنجوومەنی مەسیحی دامەزراند.

یەسوعییەکان، بە وتەی یەکێك لە مێژوونووسەکان" گرووپێکی نوخبەسالار بوون و تەنیا عاقڵترین، دەروەستترین، بەهێزترین و سەرنجڕاکێشترین و لە رووی کەسایەتییەوە، جێگیرترین کەسەکانیان بۆ ئەندامەتی پەسند دەکردن."(٩٦) ئەنجوومەن، دەورەیەکی تاقەت پروکێنی پەروەردە و فێرکردنی بە پێویست دادەنا. بەم هۆیەوە یەسوعییەکان بە خێرایی بوون بە کاریگەرترین گرووپ لە کەنیسەی کاتۆلیکدا. بانگەشەکارە یەسوعییەکان، سەفەریان بۆ هەموو دنیا دەکرد تا بێدینەکان بهێننە سەر ئایینی مەسیح. ئەوان لە پێیان نایە هەر ناوچەیەك، قوتابخانە و کۆلیژگەلێکیان دامەزراندن. یەسوعییەکان لەو یەکەمین کەسانە بوون کە دەستیان دایە دۆزینەوەکان لە کیشوەری ئەمریکادا و پەیامەکەیان تا هیند و چین و ژاپۆن گواستەوە. ئەوروپییەکانی سەدەی شانزەم و حەڤدەم زۆربەی زانیارییەکانیان لە بارەی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمریکاوە لە راپۆرتی بانگەشەکارە یەسوعییەکانەوە بە دەست هێنابوو.



یەسوعییەکانیان بە گرووپێك لەو نوخبانە وەسف کردبوون کە تەنیا "عاقڵترین، دەروەستترین، بەهێزترین و سەرنجڕاکێشترین پیاوی خاوەن کەسایەتی و جێگیر" بوون.

یەسوعییەکان لە ئەوروپا هەروەها وە دوای ئامانجەکانی خۆشیان کەوتن. تەنانەت لە ئەڵمانیادا، هەندێك لە ناوچە پرۆتستانەکان، لە رێگەی چالاکی یەسوعییەکانەوە، سەر لەنوێ کەوتنەوە دەستی کاتۆلیکەکان. دوای دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە، ئیدی هیچ ناوچەیەك لە ئەڵمانیادا، نەبوو بە پرۆتستان.

## تێرێزای ئاڤێلایی

ناوێکی گرنگی دیکە کە لە مێژووی عیرفانی کاتۆلیکدا، لە سەردەمی چاکسازیدا هاتووە، تێرێزای ئاڤیلاییە، کە لە ساڵی ١٥٨٢دا، لە شەست و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە ١٦٢٢دا، گەیشتە پلەی قەدیسی. تێرێزا راهیبەی کارمێلی بوو. ئەزموونێکی عیرفانیی کاریگەری هەبوو کە لە کتێبێکدا بە ناوی (ڤیدا: ژیان) شی کردەوە و زۆر کەس بە



ئیلهام بەخشیان دانا. ئەو بۆ چاکسازیی رێنوێنی خوشکانی کارمێلی لە ئیسپانیادا کرد و بوو بە خوازیاری گەڕانەوە بۆ ئەو بەهایانەی کە مەسیح لە کتێبی پیرۆزدا، بانگەشەی بۆ کردبوون. تێرێزا باوەڕی وابوو کە هەموو مەسیحییەکان، "پێویستە عارف بن.. . عارفە هەمیشەییەکان کە خوا لە دەروونی خۆیاندا دەدۆزنەوە و بە شەوقەوە نیشانی ئەوانی تری دەدەن"(٩٧) بۆچوونی شادیبەخشی تێرێزا، لە بارەی ژیان و خواوە، لە بەرامبەریەکی ئاشکرادا بوو لەگەڵ ئەو ئاسۆ تاریك و خەمهێنەرەی کە زۆرێك لە پرۆتستانەکان نیشانیان دەدا. هەر بەو جۆرە کە مێژوونووسێك دەڵێت،" مرۆڤ وا هەڵدەهێنجێ کە ئەگەر تێرێزا لەگەڵ کالڤیندا رووبەروو دەبووەوە، زەربەیەکی لە پشتی دەدا و پێی دەگوت کە ئەوەندە جددی نەبێت."(٩٨)

## ئەنجوومەنەکان

میتۆدی باو بۆ بەدی هێنانی ئاڵوگۆڕ لە کەنیسەی کاتۆلیکدا، پێکهێنانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بوو، کە تێیدا ئۆسقۆفەکان، بۆ باس لە بابەتە جێ سەرنجەکان لە دەوری یەك کۆدەبوونەوە. حوکمە دراوەکان لە لایەن ئەم ئەنجوومەنەوە، لەوێوە کە دەربڕی زانستی بەکۆمەڵی تەواوی مەسیحیەت بوون، خاوەنی بەهایەکی بەرز بوون.(٩٩) لەساڵی ١٥١٢دا، پاپا یۆلیۆسی دووەم، بانگێشتی ئەنجوومەنی گشتی کرد، بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوە، لە باسیلیکای لاتێران، لە رۆما. لە وێوە کە ئەمە پێنجەمین ئەنجوومەن بوو کە لەو شوێنەدا کۆبوونەوەی پێکهێنابوو، بە پێنجەمین ئەنجوومەنی لاتێران، ناوبانگی دەرکرد. کاتێك کە ئەم ئەنجوومەنە کۆبوونەوکانی لەساڵی ١٥١٧دا کۆتایی پێهێنان، یۆلیۆسی دووەم کۆچی دوایی کردبوو و پاپا لیۆی دەیەم، جێگاکەی گرتبۆوە. ئەم ئەنجوومەنە تا ئازاری ١٥١٧، راست چەند مانگ بەر لەوەی کە لۆسەر، نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە، بەردەوام بوو.



پاپا لیۆی دەیەم کە بوو بە جێنیشینی یۆلیۆسی دووەم، لەکاتی حکومەتەکەیدا، حەزی لێبوو کە لۆسەر وەك هۆکارێکی وەڕەسکەر، نەك مەترسییەکی راستەقینە بخاتە پشت گوێ. کاتێك کە لیۆ لە ساڵی ١٥٢١ مرد، بزووتنەوەی پرۆتستان بە شێوەیەکی پتەو ریشەی گرتبوو.

فتوایەك کە بەر لە مردنی یۆلیۆسی دووەم پەسند کرا، نیشان دەدا کە لە راستیدا کەنیسە ئاگای لە هەندێ لەو کێشانە هەبوو کە جێی سەرنجی لۆسەر و ئەوانی تر بوون. لەم فتوایەدا هاتبوو کە ئەگەر روون بێتەوە، پاپا بۆ هەڵبژێران پارە یا بەڵێنگەلێکی هاوکاری داون، ئەوا هەڵبژاردن هەڵدەوەشێتەوە. ئەوە هەنگاوێك بوو لە رێی راستدا، بەڵام بێجگە لەمە ئەندامەکانی ئەنجوومەن تا ئاستی عینادی کردن لەگەڵ یەکتردا دابەزین و هیچ کردەیەکی گرنگ ئەنجام نەدرا.

## وەڵامدانەوەی لۆسەر

لیۆی دەیەم و پاپاکانی دوای ئەو، لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لۆسەر و چاکسازیخوازەکانی تردا تووشی کۆمەڵێك داوەریکردنی هەڵە بوون. پاپاکان کە رێبەری یەکەیەکی سیاسی واتە حکومەتی پاپاکان و هەروەها رێبەرانی کەنیسەی کاتۆلیك بوون، بە زۆری حەز و ئارەزووگەلێکی دژ بەیەکیان هەبوو، بۆ نموونە پاپا لیۆ زۆرتر بە دوای ئەوەوە بوو کە لە هەڵبژاردنی ئیمپراتۆر شارلی پێنجەمدا رۆڵێك بگێڕێت، تا ئەوەی کە لەگەڵ لۆسەردا گفتو گۆ بکات. ئەو نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەی لۆسەر و ئەو جیاوازییانەی کە لە دوایەوە هاتن، تەنها بە موجادەلەیەك لە نێو راهیبەکاندا دادەنا و لە نامەیەکدا کە بۆ (ئۆگوستینۆس)ی نارد، داوای لێکرد، تا لۆسەر کۆنترۆڵ بکات، کە ببووە هۆی ناڕەحەتی خەڵك.

کاتێك کە لیۆ لەساڵی ١٥٢١دا کۆچی دوایی کرد، بزووتنەوەی پرۆتستان لە ئارا دابوو و رۆشن بوو کە کەنیسە دەبێت بە بەڵگەوە وەڵام بداتەوە. کاردیناڵەکان، پاپا ئادریانۆسی شەشەمیان هەڵبژارد کە پێداگر بوو کۆتایی بێنێ بە هەندێك لەو کارە هەڵانەی (خراپ کەڵك وەرگرتنانەی) کە لە کەنیسەدا ئەنجام دەدران. ئەو بۆ هەندێك لە فەرمانڕەوا و ئۆسقۆفەکانی ئەڵمانیا وەهای نووسی:

*ئێمە بە چاکی دەزانین کە تەنانەت لەم قەڵەمڕەوە پیرۆزەشدا، (حکومەتی پاپا)، چەندین ساڵ کێشەگەلێکی نەفرەتهێنەر روویان داوە ـ خراپ کەڵك وەرگرتن لە بابەتە رۆحانییەکان، هێرش بۆ سەر فەرمانەکان ـ و ئەوەی کە هەر شتێك گۆڕاوە، بۆ خراپترین شێوەی خۆی. هەموومان، ئۆسقۆفەکان (کاردیناڵ و ئۆسقۆفە باڵاکان) و روحانییەکان (قەشەکان) لە رێڕەوی راست دەرچووین و ماوەیەکی درێژە کەتەنانەت یەك کەسیش کارێکی باشی ئەنجام نەداوە... ئێستا ئیدی، هەر بەو جۆرەی کە نەخۆشی لێرەوە بەرەو پێش چوو، بە هەمان شێوە، چاك بوونەوە و نوێگەریش دەبێ لێرەوە دەست پێبکا.*(١٠٠)





**لە ١٥٢١دا بزووتنەوەی پرۆتستان بە توندی لەسەر کار بوو و ئەندامەکانی سیستەمی پاپایەتی، کاریگەرییە درێژخایەنەکانیان هەست پێکرد. (چەپ) بە درێژایی ماوەی حکومەتی پاپا کلیمەنسی حەوتەم، وڵاتگەلێکی زۆر دەسەڵاتی پاپایان رەت کردەوە. (راست) پاولۆسی سێیەم هەوڵی دا کە لە گەڵ لۆسەرییەکاندا رێك بکەوێت و رێکخستنی کەنیسە لە گەندەڵی دوور بخاتەوە.**

ئۆسقۆفەکان هەستیان کرد کە وەها روانینێك، بەرژەوەندییان دەخاتە مەترسییەوە، ئەوان بەرگرییان دەکرد لە بەرامبەر هەر ئاڵوگۆڕێکدا کە لەوانە بوو ئارامییان بخاتە مەترسییەوە. ئادریانۆس هەوڵی دا کە هاوکاری لە ئەراسمۆس وەربگرێت. ئەم زانا و مرۆڤگەرا بەناوبانگە، نەخۆشتر لەوە بوو کە بێت بۆ رۆما. بەڵام ئامۆژگاری ئەدریانۆسی کرد، کە لە دەستی هەندێك لە ئۆسقۆفەکان رزگاری بێت و گرووپێك لە زانا کاتۆلیکەکان کۆبکاتەوە، کە بتوانن لەگەڵ لۆسەرییەکان گفتوگۆیەکی لۆجیکی و ئاشتییانە ئەنجام بدەن. ئەدریانۆس تەنیا دوای دوو ساڵ کە لە پۆستی پاپایەتیدا بوو، کۆچی دوایی کرد و هیچ کاتێك هەلێکی ئەوتۆی بۆ بەرەو پێشبردنی چاکسازییەکەی دەست نەکەوت.

جێگرەکەی ئەدریانۆس، پاپا کلیمەنسی حەوتەم بوو. بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەواییەکەی وڵاتگەلێکی زۆر لەگەڵ دەسەڵاتی پاپادا دژایەتییان کرد؛ نەك تەنیا هێنری هەشتەم لە بەریتانیا، بەڵکو دانیمارك، سوید و بەشێکی سەرەکی لە ئەڵمانیاش.

لە ساڵی ١٥٣٤دا، پاولۆسی سێیەم، بوو بە جێگری کلیمەنس کە وەك ئەدریانۆس، بەڕاستی لە هەوڵی بەدی هێنانی ئاڵوگۆڕ بوو لە کەنیسەدا. ئەو هەوڵی دا کۆمەڵێك چاوپێکەوتنی جۆراوجۆر لەگەڵ لۆسەرییەکان پێکبێنێ، بەڵام ئامادەکارییە سەرتاییەکانی، لەگەڵ شکستدا بەرەوڕوو بوونەوە. دواجار لە ١٥٤١دا، ئەو کاردینال گاسپارۆ کۆنتارینی، بۆ بەشداری لە کۆنفرانسێکی پێکهاتوو لە پرۆتستانەکان، نارد بۆ راتیسبۆنا (ڕێگێنسبۆرگ_ی ئێستا) لە ئەڵمانیا. ملانکتۆن وەك نوێنەری لۆسەر، لەم کۆنفرانسەدا بەشداری کرد.



فرانسوای یەکەم، پاشای فەرەنسا (لەوێنەکەدا) کە لە هێرشی شارلی پێنجەم دەترسا، دژایەتی مەزهەبی نێوان شارل و پرۆتستانەکانی پەرە پێدا، تا ئەڵمانیا ناجێگیر بمێنێتەوە.

لەراستیدا لە ڕاتیسبۆنادا هەر دوو لایەن دەستیان دایە چەند هەوڵێك بۆ ئاشتی. لە سێیەمی مایسی ١٥٤١دا، کاردینال کۆنتارینی بۆ ئۆسقۆفێکی دیکەی نووسی" سپاس بۆ خوای گەورە، کە دوێنێ زانا پرۆتستان و کاتۆلیکەکان، لەبارەی باوەڕی رزگاریی مرۆڤەوە، لەگەڵ یەکتردا ڕێککەوتن."[١٠١] هەروەها ئەوان، لەبارەی دەربڕینگەلێکی پەیوەست بە (غوسڵی تەعمید)، ڕێورەسمی وەرگرتن وەك ئەندامی کەنیسە و مەسەلەگەلێکی تریشەوە ڕێککەوتن، بەڵام نەیانتوانی راگەیاندراوێکی هاوبەش لەبارەی ڕێورەسمی (عشاء ربانی)یەوە، دەربکەن. هەر لەو کاتەدا کە ٢٥ ساڵ بە سەر نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەی لۆسەردا تێدەپەڕی، چاکسازی بە رادەیەك چەسپابوو،کە بۆ هیچ لایەك نەبوو وەها ڕێکارگەلێك بخاتە لاوە.



## سیاسەت و پاپاکان

هەر لەوکاتەدا، هەلومەرجی سیاسی مەسەلەکانی ئاڵۆزتر کردبوون. پاپا پاولۆسی سێیەم نیگەرانی ئەوە بوو، لە حاڵێکدا کە ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم گرفتی پرۆتستانەکانی نەبێت، ئەڵمانیا بکەوێتە ناو ئاشتی و یەکبگرێتەوەو پاشان سەرنجی ئیتاڵیا بدات. چەندین ساڵ ئیمپراتۆرەکان هیوادار بوون کە ویلایەتە پاپاییەکان داگیر بکەن و ببنە ڕێگر لە بەردەم دەسەڵاتی سیاسیی پاپادا. پاشا فرانسوای یەکەمیش، لەبەر هۆگەلێکی هاوشێوە، لە ئەڵمانیادا حەزی لە ئاشتی نەبوو. ئەو هەروەها لە هێرشیش دەترسا. لەراستیدا فرانسوا هیوادار بوو بۆ دوور هێڵانەوەی شارل لەگەڵ لۆسەرییەکاندا، یەك بێت. ئەو پێشنیاری بە پاپا کرد، لەبەرامبەر شارلدا پشتیوانی لێ بکات، بەو مەرجەی کە پاپا لە ڕێککەوتن لەگەڵ لۆسەرییەکان دووری بگرێت. پاولۆسی سێیەم، بۆ نەبوونی ئاشتی لەگەڵ پرۆتستانەکان، هۆی مەزهەبی هەبوون، ئەگەرچی بێگومان هۆی سیاسیشی هەبوون.

پاپاکانی دواتر (یۆلیۆسی سێیەم و مارکیلۆسی دووەم)، هیچ کارێکیان نەکرد بۆ کاریگەری دانان لەسەر هەلومەرجەکە. لە١٥٥٥دا، کاردینال (جیۆڤانی کارافا)، لە هەڵبژاردنی پاپادا سەرکەوت و ناوی پاولۆسی چوارەمی بۆ خۆی هەڵبژارد. ئەو حەفتا و نۆ ساڵ تەمەنی هەبوو بەڵام سەرەڕای زۆری تەمەنی، لە سەر باوەڕەکانی زۆر پێداگر بوو. بە وتەی باڵیۆزی فلۆرەنسا، "پاپا پیاوێکی ئاسنینە و تەواوی ئەو بەردانەی کە هەنگاویان بەسەردا دەنێت، دەدرەوشێنەوە."[١٠٢] پاولۆسی چوارەم هیوادار بوو کە لەشکرە ئیسپانییەکان و ئیمپراتۆریەت لە ئیتاڵیا دەربکات و هەر لە بەر ئەمەش چووە ناو شەڕەوە بەڵام سوپاکەی لە چاو دوژمندا زۆر بچووك بوو و شکستەکەی بە مانای کۆتایی دەسەڵاتی پاپا بوو بە سەر ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمادا.

## سانسۆر

پاولۆسی چوارەم کە ئیدی لەشەڕدا نەبوو، بیری لەوە کردەوە کە دەست بداتە قەرەبووکردنەوەی هەڵەکانی ناو کەنیسە. ئەو لە ١٥٥٩دا_ دوایین ساڵی حکومەتەکەی ـ یەکەمین پێڕست لەو کتێبە یاساغانەی بڵاو کردەوە کە هیچ کاتۆلیکێك نەدەبوو، خوێندبانییەوە. ئەم پێڕستە لەخۆگری تەواوی بەرهەمەکانی لۆسەر و وەرگێڕانگەلێکی دیکە لە کتێبی پیرۆز بوو کە بە باوەڕی کەنیسە لادەرانە (بیدعەکارانە) بوون. سانسۆری کتێبەکان مەسەلەیەکی نوێ نەبوو، بەڵام بە درێژایی ساڵەکان تەواو بە شێوەیەکی کاتی جێبەجێ کرابوو. لە ساڵی ١٥٥٩دا، پاولۆسی چوارەم، بە کاربردنی سانسۆری سپاردە لقێك لە کەنیسە کە بە دادگای پشکنینی بیرو باوەڕ (The inquisition) ناسرابوو.

ئەركی دادگای پشكنینی بیرو باوەڕ، كە لە ساڵی ١٢١٧دا پێكهاتبوو، ناساندن و سزادانی بیدعەكاران بوو، واتە كەسانێك كە باوەڕیان لەگەڵ باوەڕێكدا كە بە شێوەیەكی فەرمی جێ پەسەندی كەنیسە بوو، جیاواز بوو. ئەم كارە لە ڕێگەی تۆڕێك لە لێپرسینەوە، دادگایی كردن و زیندانەكانەوە، بەكار دەبرا. لە سەرەتاكانی ڕێنسانسدا، دادگای پشكنینی بیروباوەڕ، دەسەڵاتێكی گەورە نەبوو لە گۆمەڵگای ئەوروپاییدا. بە هەرحاڵ پاولۆسی سێیەم لە ١٥٤٢دا، دادگای پشكنینی بیروباوەڕی بە بەڕێوەبەرایەتی كاردیناڵ جیۆڤانی كارافادا، كە دواتر بوو بە پاولۆسی چوارەم، سەرلەنوێ ڕێكخستەوە.

یاساكانی كارافا بۆ ئەم دادگاییە، لەخۆگری ئەم خاڵانەی خوارەوە بوو:

١- كاتێك كە باوەڕ لە مەترسیدایە، هیچ كەمتەرخەمییەك پەسند و ڕێ پێدراو نییە. بەڵكو دەبێت لە ژێر كاریگەریی كەمترین بەدگومانی، بە خێرایی دەست بدەیە كردەگەلێكی سەخت و جددی.

٤- هیچ كەسێك نابێت بە دەربڕینی چاوپۆشی سەبارەت بە بیدعەكاران، لە هەر گرووپێك كە هەبن و بە تایبەتی سەبارەت بە پەیڕەوانی كالڤین، ناوی خۆیان نەنگین بكەن.[١٠٣]

پاولۆس پێداگر بوو كە بە هەر نرخێك ڕۆما لە شەڕی لادەری (بیدعەكاریی) ڕزگار بكات. ئەو هەندێك جار زۆر دەمارگرژ بوو. بە پێی ڕاپۆرتەكان، پاولۆس گوتوویەتی،"تەنانەت ئەگەر باوكی خۆشم لادەر دەبوو، داری پێویستم كۆدەكردنەوە، تا بیسووتێنم."[١٠٤]

## ئەنجوومەنی تێرانت

پاولۆس لە ١٥٥٦دا، كۆچی دوایی كرد. پاپای دواتر، پیۆسی چوارەم، ئیزنی دا كە دادگای پشكنینی بیروباوەڕ، درێژە بەكارەكانی بدا، بەڵام بە لێكۆڵەرەكانی ڕاگەیاند كە"ئەگەر دەیانهەوێ بكەونە بەر لوتفی ئەوەوە، چاكترە ئەركەكەیان بە نەزاكەتێكی پیاوانە جێبەجێ بكەن، تا بە توندوتیژیی ڕاهیبانە."[١٠٥] سەرەڕای ئەوە، ڕۆڵی سەرەكی ئەو لە مێژوودا ئەوەیە كە كۆتایی هێنا بە گفتوگۆیەكی هەژدە ساڵە لە نێو قەشەكاندا كە بە ئەنجوومەنی تێرانت، بەناوبانگ بوو. دوای ئەوەی كە كۆنفرانسی ڕاتیسبۆنا لەگەڵ شكستدا ڕووبەڕوو بووەوە، ئەو ئۆسقۆفانەی كە بیركردنەوەی چاكسازیخوازانەیان هەبوو، بۆ پێكهێنیانی ئەنجوومەنێكی گشتیی دیكە پێداگرییان كرد. پاپا پاولۆسی سێیەم، تارادەیەك بە بێمەیلییەوە، فەرمانی پێكهێنانی ئەنجوومەنێكی لە تێرانت (تۆرێنتۆی ئێستا لە باكووری ئیتاڵیا) دا، ئەو بە هەڵبژاردنی شارێكی ئیتاڵیایی، لە لای باشووری ئالپەوە، كە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمادا بوو، نەك تەنیا بۆ ئۆسقۆفە ئیتاڵییەكان ئیمكانی دەست پێڕاگەیشتنی ئاسانی بەرهەڤ كرد، بەڵكو ئارەزووی ئەڵمانییەكانی بۆ پێكهێنانی ئەنجوومەن، لە چوارچێوەكەی ئەواندا، بەرهەڤ كرد.





**دادگای پشكنینی بیروباوەڕ، لە سەدەی سێزدەمدا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لاداندا (بیدعەكاریی) دامەزرا. بە زۆری سزای لادان سووتاندن بوو. لە ١٥٤٢دا، (پاول)ی سێیەم، ئەم دادگایەی سەر لە نوێ ڕێكخستەوە، تا لە بەرامبەر پرۆتستانیزمدا بوەستێتەوە.**

ئەنجوومەن لە ١٥٤٥دا، بە ئامادە بوونی سی ئۆسقۆف كۆبوونەوەی بەست. پاپا بەشداری نەكرد. سەرەتا ئەندامەكان ماوەیەكیان بۆ ڕوون كردنەوەی ئەو ئامانجە كە بە دوایەوە بوون، گوزەراند: ئیمپراتۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوو كە كۆتایی بێنێ بە خراپ كەڵك وەرگرتنەكانی كەنیسە بە جۆرێك لەگەڵ لۆسەرییەكان ئاشت بێتەوە" پاپا دەیویست، پرسیارگەلێك وەڵام بداتەوە كە سەبارەت بە بنەماكان هەبوون. دواجار ئۆسقۆفەكان بڕیاریاندا كە هاوكات هەر دوو، لە دەستووری كاردا بگونجێن. ئەنجوومەنی تێرانت، لە ساڵی ١٥٤٥ەوە تا ١٥٦٣، بیست و پێنج كۆبوونەوەی پێكهێنان، كە سەدان ئۆسقۆف بەشدارییان تێدا كرد. ئۆسقۆفەكان بەو ئاكامە گەیشتن كە هەوڵدان بۆ ڕاكێشانی خۆشحاڵی پرۆتستانەكان سوودێكی نییە. تا دەیەی ١٥٥٠، پرۆتستانیزم خاوەنی وەها جۆرگەلێكی جیاواز بوو كە ئیمكانی نەبوو گرووپێك ڕازی بكەی، بە بێ ئەوەی كە گرووپێكی دیكە نەڕەنجێ. بەم پێیە، ئۆسقۆفەكان بڕیاریاندا كە ڕۆڵی خۆیان بە دەركردنی بەیاننامەیەكی یەكلاكەرەوە، لە بارەی باوەڕەكانی كاتۆلیكەوە، دەربخەن. بە تایبەتی ئەو بابەتانەی كە لە لایەن پرۆتستانەكانەوە، خرابوونە ژێر پرسیار.

### *ئاگادار کردنەوە بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەن*

*کاتێك کە پاپا پاولۆسی سێیەم، لە ساڵی ١٥٤٢دا، فەرمانی پێکهێنانی ئەنجوومەنی گشتی لە شاری تێرانتدا دەرکرد، سوودی لەم وشانە وەرگرت کە لە کتێبی (چاکسازیی: کورتە مێژوویەکی چیرۆکی)دا، هاتوون.*

*ئەگەرچی بە پێی ئایین ئێمە"هەموو پێکەوە دەبنە ڕانێك لەگەڵ شوانێك" (یۆحەنا١٦:١٠) و ئەمە بۆ پتەو کردنی کۆمەڵگای ڕەسەنی مەسیحی و هیوا بۆ بەهرەی بەهەشتییە، بەڵام یەکیەتی قەڵەمڕەوی مەسیحیەت بە هۆی دابەشکردن، جیاوازی بۆچوون و لادانەکانەوە (بیدعەکارییەکانی)، لێك پچڕاوە...*

*لە نێو ئەم تۆفانە توندەی لادان، جیاوازی و شەڕدا، داوامان لێکراوە کە بە بەرپرسایەتییەوە، هیدایەتی کەشتی پیتێر( حکومەتی پاپا) وە ئەستۆ بگرین. ئێمە"ناتوانین پشت بە توانای خۆمان ببەستین و تەواوی سەرپەرشتیی خۆمان بدەینە دەست خوا، تا لە هەڵخلیسکان و هەڵدێران، بمانپارێزێ." ( مەزامیر ٢٢٠:٥٥) و دڵەکانمان پتەو و دەروونمان بە عەقڵ، چەکدار بکات.*

*بۆمان روونە کە باب و باپیرانی رۆشنبیر و پیرۆزمان، بە زۆری لەو کاتانەی کە مەسیحیەت لە بەر هەڕەشەدا بوو، ئەنجوومەنگەلی گشتی و کۆمەڵەی ئۆسقۆفەکانیان، وەك باشترین و گونجاوترین میتۆدەکانی رزگاریی، پێکدەهێنان. بەم پێیە ئێمەش، ئیمکانی پێکهێنانی وەها ئەنجوومەنێکمان خستە بەر چاو. (لێرەدا پاپا" لە بارەی ئەو کات و شوێنانەوە قسان دەکات کە لە را بردوودا هیوادار بوو، کات و شوێنی پێکهێنانی ئەنجوومەن بن و بە هۆیەکی گونجاو، دیار نەکران.)*

*بەم جۆرە بڕیارمان دا کە ئەنجوومەنی گشتی لە یەکەمی تشرینی یەکەمی١٥٤٢دا، لەتێرات کۆبوونەوە پێك بێنێ. ئێمە ئەم شوێنە بە گونجاو دەزانین، چونکە ئۆسقۆفە ئەڵمانییەکان دەتوانن بە ئاسانی بڕۆن بۆ ئەوێ، هەر وەك ئۆسقۆفە ئیسپانی و فەرەنسییەکانیش بە بێ کێشەیەکی ئەوتۆ، دەتوانن خۆیانی بگەیەننێ. ئێمە ئەم کاتەمان دیاری کردووە، تا بەڕادەی پێویست ، کات بۆ راگەیاندنی ئەم بڕیارە بە تەواوی خەڵکی مەسیحی، هەبێت و ئۆسقۆفەکان کاتی پێویستیان بۆ سەفەر هەبێت...*

*بەم پێیە بڕیار دەدەین، رادەگەیەنین، ئاگادار دەکەینەوە، فەرمان دەدەین و حوکم دەکەین... کە لە یەکەمی تشرینی یەکەمی ١٥٤٢دا، لە شاری تێرانت، کە شوێنێکی گونجاو، ئازاد و لەبەر دەستە، ئەنجوومەنێکی پیرۆزی گشتی کاری خۆی دەست پێبکات، درێژە بدات و بە هاوکاریی خوا، لە بەرامبەر ناوی باش و شکۆی خوا و بۆ زرگاری تەواوی کۆمەڵگای مەسیحیەت، بە کۆتایی بگەیەنێت و کاملی بکات.*





هەڵکەندنێکی سەرتەختە، لە ساڵی ١٥٥٦دا، بەرنامەی (غسل تعمید) نیشان دەدا. (غسل تعمید)، هاوڕێ لەگەڵ (عشاء ربانی)، جێی پەسەندی هەر دوو کەنیسەی کاتۆلیك و پرۆتستان بوون.

تێرانت سەرلەنوێ لەسەر باوەڕی گومان هەڵنەگری کەنیسە لە بارەی گرنگیی کتێبی پیرۆز و نەریت، وەك رێگایەك بۆ رزگاری، پێداگری کرد و ئەم بە پێچەوانەی باوەڕی پرۆتستانە غەیرە ئانگلیکەکان بوو، کە تەنیا باوەڕیان بە کتێبی پیرۆز هەبوو. ئۆسقۆفەکان هەر جۆرە چاکسازیەکیان کە ببێتە هۆی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی پاپا رەت کردەوەو فەرمانیان دا کە کەنیسەی کاتۆلیك وەك تەنیا راقەکاری خاوەن دەسەڵاتی کتێبی پیرۆز دەمێنێتەوە و پێداگرییان کرد کە لەوەو بە دوا، نوسخەی لاتینی (کتێبی پیرۆز) کە لە نزیکەی ساڵی چوارسەدی زایینی، لە لایەن قەدیس(هێرۆنۆموس)ەوە وەرگێڕرابوو و بە پێداچوونەوەی وۆلگات بەناوبانگە، نوسخەی فەرمییە. زۆرتری کەنیسە پرۆتستانەکان حەوت کتێبی سەردەمی کۆن و چەند بەشێکی یۆنانی زمانی دوو کتێبی تریان، لەو کتێبە خستبووە لاوە و بانگەشەیان دەکرد کە تەزویر کراون.

ئەنجوومەن سەرلەنوێ پێداگری لە سەر باوەڕی کاتۆلیکەکان سەبارەت بە حەوت ئایینە مەزهەبییەکە کرد: (غسل تعمید)، رێورەسمی وەرگرتن لە کەنیسە، عشاء ربانی، هاوسەرگیریی، فرمانە پیرۆزەکان، تۆبە (دان پێنان) و چەورکردنی نەخۆش. زۆربەی کەنیسە پرۆتستانەکان، تەنیا دوو لەم رێورەسمانەیان پەسەند کردن:( غسل تعمید) و رێورەسمی وەرگرتن لە کەنیسە.

تێرانت لە هەڵویستی ئەنجوومەنەکانی پێشوو سەبارەت بە (عشاء ربانی) پاشگەز نەبووەوە. ئۆسقۆفەکان سەرلەنوێ پێداگرییان کردەوە لە سەر باوەڕی کەنیسە لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانی راستەقینەی نان و شەراب، بۆ لاشە و خوێنی مەسیح. ئەوان هەروەها ئەنجامە لۆژیکییەکەیان، واتە باوەڕی قوربانی بوونی مەسیحیان لە هەر ڕێورەسمێکی (عشاء ربانی)دا، لە بەر

گوناهەکانی خەڵك، پشتڕاست کردەوە. (پرۆتستانەکان لەبارەی ئەو باوەڕەوە کە مەسیح بە شێوەیەکی راستەقینە لە نان و شەرابدایە لەگەڵ یەکدا دژایەتیان هەبوو، بەڵام لەو باوەڕەدا کە (عشاء ربانی) تەنیا یادگارێکە لە قوربانی بوونی مەسیح و نەك سەرلەنوێ روودانەوەی، بە گشتی هاوڕا بوون).

لێبووردن، ئەو بابەتەی کە جێگای رامان و هەڵسەنگاندنی لۆسەر بوو، یەکێك لە درێژترین و گەرموگوڕترین گفتوگۆکانی (تێرانت)ی وروژاند ـ لۆسەر و ئەو پرۆتستانییانەی کە لایەنگری بوون، باوەڕیان وا بوو، کە باوەڕ بە تەنیایی بەسە بۆ رزگاری. کەنیسەی کاتۆلیك هەمیشە پێداگریی لە سەر ئەو خاڵە دەکردەوە کە باوەڕ بە بێ کردەوە، مردووە."[١٠٦] دژایەتی زۆر لەم پێوەندییەدا، تەنانەت لە لایەن ئۆسقۆفەکانیشەوە بەدی هات. گفتوگۆکانی تێرانت بە رادەیەك توندوتیژییان بە خۆوە بینی کە: یەکێك لە ئۆسقۆفەکان ریشی یەکێکی تری بە چنگەوە گرت و مشتێك مووی لێ کردنەوە" ئیمپراتۆر دوای بیستنی ئەم بابەتە بە ئەنجوومەنی راگەیاند، ئەگەر ئارام نەبنەوە هەندێك لە ئۆسقۆفەکان دەخاتە ناو رووبارەوە، تا ئارامیان بکاتەوە.[١٠٧]

ئەنجوومەن بە هاوکاریی فێڵێکی مانادار، توانی هەر دوو باوەڕەکە تێکەڵ بکات: تێرانت سەرەنجام لەم بارەوە، لەگەڵ لۆسەردا رێککەوت کە خوا لێبووردنی عادڵانەی خۆی بە بێ بەرتەسکی بڵاو دەکاتەوە، بە بێ ئەوەی کە مرۆڤەکان، پێشتر کارێکیان بۆ بەدەست هێنانی کردبێ. تێرانت پاشان رایگەیاند کە خەڵك رۆڵیان هەیە لە رزگارکردنی خۆیاندا: ئەوان بە بڕیاری ئازادانەی خۆیان دەتوانن، لێبووردنی خوا پەسند بکەن یا رەتی بکەنەوە و رێگای قبوڵ کردنی لێبووردنی خواوەند, لە ئەنجامی کردەی چاك و بەشداری لە رێورەسمی مەزهەبیدایە. ئەم خاڵە نەك تەنیا بە دژی بیرو باوەڕەکانی لۆسەر بوو، بەڵکو لەگەڵ بۆچوونەکانی (کالڤین)یشدا، دژایەتی هەبوو: بنەماکانی کالڤین بۆ هەڵبژاردەکان، هیچ جێگایەکیان بۆ بڕیاردانی ئازادانە، لە پەسندکردن یا رەتکردنەوەی هەڵبژاردنیان، نەهێشتبووەوە.



***ئەنجوومەنی تێرانت***

*ئەنجوومەنی تێرانت هەندێ لە شتە پەیوەندیدارەکان بە باوەڕی کەنیسەی کاتۆلیکی نیشان دان. لێرەدا هەندێکیان لە کتێبی "بەڵگەکانی کەنیسەی کاتۆلیك" نووسینی بتنسۆن_ەوە وەرگیراون.*

*"ئەنجوومەنی تێرانت... بە سەرنجدان بەو مەسەلەیەی کە ئەم حەقیقەت و دیسپلینە (واتە رێکارەکانی مەسیح) لە نووسینەکانی کتێبی پیرۆزدان و لە نەریتە نەنووسراوەکانیشدا کە هاوەڵەکان، لە زاری عیساوە وەریان گرتووە بەرچاوەکەون" یا ئەوەی کە بە تۆمارکردنی گوتەکانی (روح القدس) لە لایەن هاوەڵەکانەوە پێمان گەیشتوون... ئەم ئەنجوومەنە کەنیسەییە تەواوی کتێبەکانی (چ سەردەمی کۆن و چ سەردەمی نوێ) بە رێز و حەزێکی مەزهەبی هاوشێوەوە، هاوڕێ لەگەڵ ئەوەی کە بە (نەریت) بەناوبانگە، پەسند دەکا و رێزیان لێدەگرێ."*

*لەبارەی (عشاء ربانی)یەوە:*

*لەوێوە کە مەسیح، رزگارکەری ئێمە گوتی: ئەوەی ئەو وەك نان پێشکەشی کردبوو، لە راستیدا لەشی ئەو بوو، هەر بەو هۆیەوە کە هەمیشە لە کەنیسەی خوادا، هێشتوویانەتەوە و ئەم ئەنجوومەنە پیرۆزەش سەرلەنوێ رادەگەیەنێت، لە رێگەی پیرۆزکردنی نان و شەرابەوە تەواوی جەوهەری نان بە جەوهەری لاشەی مەسیح، خوای ئێمە و تەواوی جەوهەری شەراب بە جەوهەری خوێنی ئەو دەگۆڕێت."*

*لەبارەی تۆبەوە:*

*"تۆبە بەرنامەیەکی راستەقینە و گونجاوە لە کەنیسەی کاتۆلیکدا، کە لە لایەن مەسیح، خوای ئێمەوە، بۆ باوەڕداران دانراوە، تا هەر کاتێك کە لە دوای (غسل تعمید) تووشی گوناه بن، لەگەڵ خوادا ئاشت ببنەوە."*

## ئەنجامەکانی تێرانت

کەنیسەی کاتۆلیك، لە زۆر لایەنەوە، دوای ئەنجوومەنی تێرانت، زیاتر بە هێز بوو. تێرانت سەرەرای ئەوەی کە پێشی چاکسازی توندڕەوانەی گرتبوو، کۆتاییشی هێنا بەو خراپ کەڵك وەرگرتنانەی روحانییەکان، لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چاکسازیخوازەکان. بۆ نموونە دوای تێرانت، هیچ کەسێك نەیدەتوانی لە یەك کاتدا زیاتر لە قەڵەمڕەوێکی ئۆسقۆفی هەبێت. بەم پێیە، یەکێك لە رێگاکانی بەرتیل خۆری، بەسراـ ئەو وەسوەسەیەی کە کەسەکان سەروەت و دەسەڵاتیان لە رێگەی ئەوماڵیاتانەی کە لە ناوچە جیاوازەکانەوە وەری دەگرن، زۆرتر بکەن... یەکێك لە گرنگترین چاکسازییەکان پەیوەست بوو بە پەروەردەکردنی قەشەکان. تێرانت، چەند هێڵێکی گشتی بۆ سیستەمی فێرکردنی زانستە دینیەکانی دیاری کردن. ئەم سیستەمە لە سەر بنەمای مۆدێلی یەسوعی ـ ئەو ئەکادیمیانەی کە رێکوپێك بوون و بەڕێوەبەری باشیان هەبوون، کە قەشەی لێکۆڵەر و وردبینانەی پێدەگەیاند ـ دامەزرا. سیستەمی نوێ گەرەنتی دەکرد کە قەشەکان ـ و ئەو ئۆسقۆفانەی کە لە پلەی قەشەییەوە بەرز ببوونەوە ـ بە چاکی بخوێنن و ببن بە پسپۆڕگەلێك کە بە پەروەردەی یەکسان پێگەیشتوون.

ئۆسقۆفەکانی تێرانت، کە لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی پتەو و یەکگرتوودا بوون بە دژی پرۆتستانەکان، توانییان بنەما و شێوەی کاری کاتۆلیك پێکەوە چاك بکەن. ئەگەرچی هەندێك بابەتی فرەرەنگ کە بۆ ماوەی١٥٠٠ساڵ، بە رەگەزێکی گرنگ لە کەنیسەدا دادەنرا، بوون بە قوربانیی ناوی یەکێتی، بەڵام ئەنجوومەنی تێرانت توانی، باوەڕەکانی کاتۆلیك بە جۆرێك دەربرێت کە هەم زۆر تایبەتی بن و هەم زۆر باوەڕپێکراو. ئەم کەنیسەیە بە هەڵبژاردنی هەندێ بیروباوەڕ، شێوەکانی تری رەت کردنەوە. تەنانەت ئەوانەیش کە تا ئەوکات بە یاسایی دەهاتنە ئەژمار. هەر بەو جۆرەی کە مێژوونووسێك دەڵێت:" ئەوەی لە (تێرانت)ەوە هاتە دەرێ، (بەستەیەکی، کاتۆلیك بوو کە تا کاتی ڤاتیکانی دووەم (دووەمین ئەنجوومەنی ڤاتیکان لە دەیەی ١٩٦٠) بە شێوەیەکی یەکسان، لەلایەن کاتۆلیك و پرۆتستانەکانەوە، وەك تەنیا نوێنگەی (سیمبوڵی) کاتۆلیزمی باوەڕپێکراو ناسرابوو."

# (۸)

## چاکسازیی پەرە دەستێنێ

لە ناوەراستی سەدەی شانزەمدا، پرۆتستانیزم لە زۆربەی ناوچەکانی کیشوەری ئەوروپادا، بە تەواوی جێگیر ببوو. ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم لە ساڵی ١٥٥٥دا، بە تێگەیشتن لەو خاڵەی کە دەبێ سازش بکرێت، هەمووی بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەك لە ئاوگسبۆرك بۆ ئاشتی لە نێوان کاتۆلیك و لۆسەرییەکانی ئەڵمانیا، بانگێشت کردن. ئەوان رێککەوتن کە لە بابەتە مەزهەبییەکاندا بۆچوونگەلی جیاوازیان هەبێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان، کە لە دژایەتییە مەزهەبییەکانەوە بەدی هاتبوون، بە دوای چارەسەریدا بگەرێن.

لەم رێکەوتننامەیەدا، کە شارل حەوت مانگ دواتر پەسندی کرد و بە ئاشتیی ئاوگسبۆرگ ناوبانگی دەرکرد، هەر هەڵبژێرەرێك فەرمانڕەوا و شارێکی ئازادی ئیمپراتۆریەت، دەبوو لە نێوان لۆسەریزم و کاتۆلیزمدا، یەکێك هەڵبژێرێ. ئەو پرۆتستانانەی کە لە ساڵی ١٥٣٠دا، دان پێدانانی ئاوگسبۆرگی ملانکتۆنیان پەسند نەکرد (کالڤینستەکان، تسوینگلینەکان و ئانا باپتیستەکان)بە شێوەیەکی تایبەتی پەیماننامەی ئاشتییەکە لەخۆی نەدەگرتن. لەو قەڵەمڕەوانەی کە لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەمیر یا نەجیبزادەکانی تردا بوون، تەواوی کەسەکانی ئەو ناوچەیە دەبوو پەیڕەوی لە مەزهەبەکەی بکەن. کەسێکی کاتۆلیك لە حکومەتی لۆسەریدا، یا کەسێکی لۆسەری لە قەڵەمڕەوەی کاتۆلیکدا، تەنیا ئەو ئازادییەی هەبوو کە شمەکەکانی کۆبکاتەوە و ئەو شوێنە بەجێ بێڵێ. لە شارە ئازادەکاندا، هاووڵاتییە لۆسەرییەکان و کاتۆلیکەکان، ئیزنیان هەبوو کە ئازادانە خواپەرستی بکەن.

وا بریار بوو کە تەواوی سەرزەوییەکانی تایبەت بە کەنیسە، تا بەر لە ١٥٥٢، کە لە لایەن لۆسەرییەکانەوە داگیر کرابوون، لە دەستیاندا بمێننەوە. لە لایەکی ترەوە، هەر ئۆسقۆف، قەشە یا راهیبێکی کاتۆلیك کە دوای ئاشتی ئاوگسبۆرگ، ببووە پرۆتستان، دەبوو زەوی، ماف و داهاتەکانی دیکەی خۆی وەك غەرامە بداتە دەست کەنیسەی کاتۆلیك. دواجار ئەوەی کە ئاشتی، ئیمکانی کۆچی ئازادانەی لە نێوان سەرزەوییەکاندا بەرهەم کرد:



لە بارەی پەیڕەوەکانمانەوە، چ ئەوانەی کە سەر بە مەزهەبی کۆنن(کاتۆلیك) و چ ئەوانەی کە سەر بە دان پێدانانی ئاوگسبۆرگن، لە حاڵێکدا کە بریاری بەجێ هێشتنی ماڵ و شوێنی خۆیان بدەن بۆ نیشتەجێ بوون لە شوێنێکی دیکە، لە حاڵێکدا کە باجەکانیان لە کاتی خۆیدا، دابێت، ئەوا نابێت هیچ کەسێك ببێتە رێگر لە بەردەمیان بۆ فرۆشتنی شتەکانیان، یا بێ حورمەتییان پێ بکات.(١٠٩)

### هۆڵەندا

هۆڵەندا، لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەمدا، رۆڵێکی سەرنجڕاکیشی نواند. ئەم وڵاتە کە لە ژێر فەرمانڕەوایی ئیسپانیادا بەڕێوە دەچوو، بە بەهێزترین میللەتی کاتۆلیك دەهاتە ئەژمار و بە شێوەیەکی هاوکات، لە ژێر نفووزی پرۆتستانەکاندا بوو.



فیلیپی دووەم پاشای ئیسپانیا و حاکمی کاتۆلیکی هۆڵەندا، رایگەیاند کە "وا بە باشتر دەزانێ سەد جار بمرێت، تا ئەوەی کە فەرمانڕەوای لادەران (بیدعەکاران) بێت."

سەرزەوییە باکوورییەکانی ئەڵمانیا کە بە توندی لۆسەری بوون، لە رۆژهەڵاتییەوە بوون. بەریتانیاش هەم پرۆتستان و هەم دژە ئیسپانیایی - راست لەو لای دەریای باکوورەوە لە رۆژئاوای هۆڵەندا، هەڵکەوتبوو. فەرەنسا، لە باشووری هۆڵەندا، سەرگەرمی شەڕە مەزهەبییەکان بوو و ئیزنی بە هۆگنۆکان دابوو بۆ ئەنجامدانی چالاکی.

هۆڵەندییەکان وەك سویسراییەکان، بە شێوەیەکی مێژوویی، فکری سەربەخۆیان هەبوو. لە شارەکاندا دەژیان و خاوەنی ئابوورییەکی پتەو بوون کە لە سەر بنەمای مامەڵە و بانکداری دامەزرابوو. لە دەیەی ١٥٦٠دا، لە هۆڵەندا، دوو باڵی سەربەخۆی سیاسی هەبوون:

كاتۆلیكەكان، كە لایەنگری دەسەڵاتی پاشایەتی بوون و باڵێكی پێكهاتوو لە گەورەكانی كاتۆلیك و پرۆتستان كە لە هەوڵی كەم كردنەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ئیسپانییەكاندا بوون. باڵی دووەم، لایەنگری هەڵكردن بوو لەگەڵ پرۆتستانەكان. بەو هۆیەوە كە ژمارەیان لەوە زیاتر بوو كە بتوانرێ سەركوت بكرێن.(ئۆین چادویك)ی مێژوونووس، لەبارەی ئەم هەلومەرجەوە دەڵێ:



شازادە ویلیامی سێیەم فەرمانڕەوای ئۆرانژ، مەزهەبەكەی گۆڕی بە كالڤینیزم و رێبەریی بزووتنەوەی پرۆتستانی لە هۆڵەندادا، كرد

فیلیپی دووەم، پاشای ئیسپانیا و فەرمانڕەوای كاتۆلیكی هولەندا، فەرمانڕەوایەكی بیانی و بێ هۆش و هێز بوو. حیزبێك كە لایەنگری پێكەوە هەڵكردن بوو... بە ئاسانی وەك حیزبێكی نیشتمان پەرەست و بەرگریكار لە بەرامبەر هێزە بیانییەكانی، لێ هات. لەلایەكی ترەوە، حیزبی پاشایەتی ئیمتیازێكی هەبوو... پاشا لە توانایدا بوو، كە سەروەت و لەشكرەكانی بەهێزترین دەسەڵاتی عەسكەری ئەوكات بهێنێتە ژێر باڵی خۆی.(١١٠)

فیلیپ نەك تەنیا ماڵیاتێكی قورسی بە سەر هۆڵەنددادا سەپاند، بەڵكو راشیگەیاند،"وا بە باشتر دەزانێ، سەد جار بمرێت تا ئەوەی كە پاشای لادەران (بیدعەكاران) بێت."(١١١) لە هۆڵەنداش هەر وەكو فەرەنسا، زەختەكان بە شێوەی توندوتیژیی دەركەوتن. فەرمانڕەوای ناوچەیی، ویلیام ئۆرانژی، هەوڵی دا بۆ ماوەیەك بە میانەڕەوی بمێنێتەوە، بەڵام سەرەنجام بووە كالڤینیست و رێبەرایەتی جوولانەوەی پرۆتستانی گرتە ئەستۆ. ئەو دژی فەرمانڕەوایەتی ئیسپانیا بوو. سەرنجام وڵات دابەش بوو بۆ بەشی باكووری پرۆتستانت(كالڤینیست) و بەشی باشووری كاتۆلیك، كە دواتر یەك لە دوای یەك، هۆڵەند و بەلجیكای ئەورۆیان پێكهێنان.



## "كالڤینیزم پەرە دەستێنێ"

سەرەڕای ئەوەی كە ویلایەتە لۆسەرییەكانی ئەڵمانیا لە هۆڵەندا نزیك بوون، بەڵام بە هۆی رێكخستنی كاریگەرتری كەنیسەی كالڤینیستەكان، كالڤینیزم بە سەر هۆڵەندا و ناوچەكانی تری ئەوروپاشدا، زاڵ بوو. بە پێی مۆدێلی كالڤین، لە كەنیسەی ژنێڤ_دا، چوار گرووپی كاربەدەست هەبوون: قەشەكان، مامۆستاكان، ریش سپییەكان و خزمەتكارەكانی كەنیسە و دەستەیەكی فەرمانڕەوا، بە ناوی ئەنجوومەنی كەنیسەیی. هەر كاربەدەستێك چالاكییەكی تایبەتی لە ئەستۆ بوو: قەشەكان وتاریان دەدا و ئامۆژگارییان دەكرد و رێورەسمی مەزهەبییان جێبەجێ دەكرد، مامۆستاكان دەستووراتی دینییان دەدا بە گەنجەكان لە تەمەنەكانی خوارەوە تا تەمەنی زانكۆ، ریش سپییەكان چاوەدێری چالاكییە مەزهەبییەكانیان دەكرد و دڵنیا دەبوون كە كەسەكان پەیڕەوی دەكەن لە بنەماكان؛ خزمەتكارەكانی كەنیسەش، بەرپرسایەتی چاوەدێری نەخۆش و هەژارەكانیان لە ئەستۆ بوو. ئەنجوومەنی كەنیسەیی، پێكهاتبوو لە پێنج قەشە و دوازدە ریش سپی ، كە هەر كام بەرپرسیارێتی بەشێك لەشاریان لە ئەستۆ بوو.

ئەم سیستەمی رێكخستنە، بوو بە هۆی كۆمەڵێك رێكخستنی سەربەخۆی كەنیسە كە هەر یەكەیان لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆیی هەبوو. كالڤینیزم بە بەراورد لەگەڵ لۆسەریزم، بۆ خەڵكی ماندوو و وشكی شاری، خاوەنی سەرنجڕاكێشانی زیاتر بوو. سەرەڕای هۆڵەندا، كالڤینیزم لە ناوچە رۆژهەڵاتییەكانی ئەورووپاش، بەتایبەت پۆڵەندا و هەنگاریا لایەنگری پەیدا كردن، بەڵام پاشا بەهێز و بانگەشەكارە یەسوعییەكان تا كۆتایی ئەو سەدەیە، ئەو ناوچانەیان گەڕاندنەوە سەر كاتۆلیزم.

## سكۆتلەندیی كەللەڕەق

گەورەترین سەركەوتنی كالڤینیزم لە سكۆتلەندا و پاشان لە ئەمریكای باكوور بە دەست هات. سكۆتلەندا، چاكسازی درەنگ ئەزموون كرد. لۆسەریزم ئەگەرچی لە سەرەتاكانی دەیەی ١٥٢٠دا، لە سكلۆتلەندا باو ببوو، بەڵام لەلایەن پاشا هێنری پێنجەمەوە سەركوت كرا. زەماوەندی پاشا لەگەڵ ماری دولۆرن (مێری ئۆف گیز) كە براكانی، گیزەكانی فەرەنسا بوون، ببووە هۆی ئەوەی كە حكومەتی پاشایەتی سكۆتلەندا، پەیوەست بوونێكی زۆری هەبێت بە فەرەنسای كاتۆلیكەوە. دوای مردنی جیمز لە ١٥٤٢ ماری دولۆرن بووە جێگرەوەی پاشا (نایبولسەلتەنە)، چونكە كچەكەی كە دواتر، بە ماری شاژنی سكۆتلەندا ناو دەبرا، هێشتا شیرەخۆرە بوو. ماری گەنج لە فەرەنسا بە رێكاری (رێنماییەكانی) كاتۆلیكی فێر كرابوو.

لە ١٥٤٦دا، جۆرج ویشارتی فەرمانڕەوای پرۆتستان، بە هـۆی لادان (بیدعـەکاریی)، لەلایـەن کاردینالّ(دەڤید بیتۆن)ی سکۆتلەندییەوە، سووتێنرا. چەند مانگ دواتر، هەندێك لـە هاوڕێکـانی (ویشارت)، (بیتۆن)یان کوشت و کۆشکەکەیان لە سەن ئاندرۆز داگیر کرد و بۆ ماوەی یەکسالّ لـە دەستیاندا بوو. یەکێك لە پەیڕەوەکانی ویشارت کە پێشتر قەشە بوو، مامۆستایەك بـوو بـە نـاوی (جۆن نۆکس) کە بە (سکۆتلەندیی کەللەڕەق) بەناوبانگ بوو.

لەشـکرە فەڕەنـسییەکان، کـە بـۆ هاوکـاریی شـاژنی جێگـرەوەی پاشـا هـاتبوون، نـۆکس و شۆڕشگێڕەکانی تریان گرتن و هەموویان ناردن بۆ فەڕەنسا، تا وەك کۆیلە لە کەشتیدا کار بکەن.

***سکۆتلەندیی کەللەڕەق***

*سێر پیتێر یانگ، (جۆن نۆکس) لەم هەڵبژاردەیە لە نامەیەك کـە لـە ڕێکـەوتی ١٣ی تـشرینی دووەمـی ١٥٩٧دا کە لە کتـێبی (چاکـسازی: کورتـە مێژوویـەکی چیرۆکی) نووسـینی (هلـیر برانـد)دا، هـاتووە، بـە بانگەشەکەری (کالڤینیستی)، تیۆدۆر بێزا، دەناسێنێ.*



**ڕێبەری چاکسازی جۆن نۆکس بە گەرموگوڕییەوە لە سکۆتلەندا، وتار دەدا.**

*لە ڕووی قەڵافەتەوە، تا ڕادەیەك کورتتر بوو لە ئاسـتی سروشتی. ئەندامەکانی ساف و گونجـاو بـوون؛ ناوشـانێکی پانی هەبوو، پەنجەکانی، تـا ڕادەیـەك درێـژ بـوون. سـەری مامناوەندی بوو و پرچی ڕەش بوو؛ ڕوومەتی (سەوزە) بوو، بەڵام ناشیرین نەبوو. ڕوومـەتی کـە جـددی و وشـك بـوو، توندوتیژ نەدەکەوتە بەرچاو و خاوەنی شکۆیەکی سروشتی و سـیمایەکی دەسـەڵاتدارانە بـوو؛ لـە کـاتی تووڕەییـدا تووڕەییەکەی حاڵەتێکی خـۆ بـە زل زانانـەی پێدەبەخـشی. برۆکانی لە ژێر تەوێڵی باریکیدا، لە شێوەی دەرپەڕینێکـدا دەرکەوتبوون؛ گۆناکـانی سـوور تاڕادەیـەك پـڕ بـوون، بـە جۆرێك کە دەتگوت چاوەکانی قووڵ هەڵکـەوتوون.. خـودی چاوەکانی شینێکی تۆخ بوون؛ پڕ لە شەوق و خرۆش.*

*ڕومەتی کەمێك درێژ بوو، لەگەڵ لووتێکی درێژ، دەمێکی گەورە و لێوی ئەستور؛ لێوی سەرەوەی کەمێك ئەستوورتر بوو. ڕیشی ڕەش بوو، پەڵەی خۆڵەمیشی پێوە بوو و زۆر و بست و نیوێکیش درێژ بوو.*



نۆکس لە ١٥٤٩دا هەڵات بۆ بەریتانیا، بەڵام کاتێك کە ماری کاتۆلیك لە ١٥٥٣دا، چووە سەر تەختی پاشایەتی بەریتانیا، هەڵات بۆ ژنێڤ. ئەو کە عاشقی شـاری کالڤینیـستی ژنـێڤ بوو، لە ساڵی ١٥٥٦دا لە بارەی ئەم شارەوە نووسی:" کـامڵترین کۆمـەڵگای مەسـیحی، کـە دوای ڕۆژگاری هاوەڵەکان، لە جیهاندا پەیدا بووە.[١١٢]

نۆکس لـە سـاڵی ١٥٥٨دا، هـەر لـەم شـارەدا (یەکـەمین ئـاوازی کـەڕەنا بـە دژی ڕەوی ترسناکی ژنان)ی نووسی کە لەخۆگری ڕەخنەیەکی توند بوو لە هەرسێ ماری: مـاری دوبـۆرن، کچەکەی ماری شاژنی سکۆتلەندا و ماری کچی هێنری هەشتەم شاژنی بەریتانیا. ئەو نووسی:

هاندانی ژنێك بۆ حوکمڕانی، سەرکەوتن، فەرمانڕوایی یا ئیمپراتـۆری بەسـەر قەڵـەمڕەوێك، میللـەت یـا شار، بە شێوەیەکی سروشتی شتێکی بێزارکـەرە، سـووکایەتیکردنە بـە خـودا، شـتێکە کـە لەگـەڵ خواسـتی ئاشکرای ئەو و فەرمانی پەسندکراوی ئەودا، بە تەواوی دژایەتی هەیە و دواجار ئەوەی کە لە ناوچوونی نەزم یا تەواوی یەکسانی و عەداڵەتە.[١١٣]



**جۆن نۆکس کە بە سکۆتلەندیی کەللەڕەق بەناوبانگ بوو، بۆ پێڕەوەکانی گوتاری هاندەرانە (بریقەدار) دەدا.**

نـۆکس لـە سـاڵی ١٥٥٩دا، دوای داوای پرۆتـستانە سـکۆتلەندییەکان، گەڕایـەوە بـۆ سکۆتلەندا. لە ساڵی ١٥٥٧دا، گرووپێك لە ڕێبەرانی پرۆتستان لە ئەنجوومەندا، کە خۆیان بـە ڕێبەرانی ئەنجوومەنی (عیسای مەسیح) دادەنا، ((یەکەمین پەیماننامەی سکۆتلەند))یان ئیمـزا کردبوو، کە داوایەك بـوو بـۆ ((چاکـسازیی دیـن و دەوڵـەت)). ئـەم پەیماننامەیـە، داوای لـە

جێگرەوەی پاشا دەکرد کە ئیزنیان پێ بدا " لە مەزهەب و ویژداندا، دەبێ بە جۆرێك كار بكەین کە وەڵامدەری خوا بین."[١١٤] بەم جۆرە رێبەرانی ئەنجوومەن بەڵێنیان دا بە نۆكس، لە حاڵێکدا کە بگەڕێتەوە بۆ ئەدنبۆرگ و لەوێ دەست بکات بە بڵاوکردنەوەی باوەڕی چاکسازیی، ئەوا پشتیوانی لێدەکەن.

نۆکس لە گەڕانەوەدا، لە رێوڕەسمێکی مەزهەبیدا، بە دژی بتپەرستی(پەرستنی شتەکان وەك خودا) دەستی كرد بە وتاردان، و هەروەها لە بارەی رێوڕەسمی (عشاء ربانی) كاتۆلیکیشەوە کە هاندەری توندوتیژییە، قسەی کردن. کاتێك کە قەشە لە حاڵی ئەنجامدانی رێوڕەسمی (عشاء ربانی) بوو، پیاوێکی گەنج کە قسەکانی نۆکسی بیستبوون، هاواری کرد کە ئەمە بتپەرستییە. بە گوتەی نۆکس، قەشەکە پاشان: مستەکۆڵەیەکی چاکی لە روومەتی گەنجەکە دا و گەنجە تووڕەکەش بەردێکی بەرەو قەشەکە هاویشت، کە وەبەر پەرستگاکە (زەرفێك —قاپێك- بۆ نانی پیرۆزی عشاء ربانی) کەوت و پەیکەرێکی شکاند. دوای ئەوە هەموو ئامادەبووەکان، کەنیسەکەیان بەردباران کرد و میحرابەکەیان بە هەموو ئەو شتانەوە کە ئاماژە بوون بۆ بتپەرستی، تێکدا.[١١٥]

***وتارەکانی جۆن نۆکس***

*جۆن نۆکس لە کتێبی (کورتە مێژووی چاکسازی لە سکۆتلەندا ١٥٨٦)دا، چەندین مادەی لە باوەڕەکانی، لە بارەی کەنیسەی سکۆتلەندەوە، دەربڕیون. ئەم نوسخەیە لە لایەن (هێری ئەمێرسۆن فۆسدیك)ەوە، لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناو نیشانی (هەڵبژاردەیەك لە هاوارەکانی چاکسازی)، هاتووە.*

*١ـ یەکەم ئەوەی کە نابێت وێنە هەڵگرین و نابێت دەست بدەینە پەرستنیان .*
*٢ـ نابێت پەرستشی بەرهەمی قەدیسەکان بکەین.*
*٧ـ دوای پیرۆزکردن لە رێوڕەسمی (عشاء ربانی)دا، ئەوەی دەمێنێتەوە نانە و لاشەی سروشتی عیسای تێدا نییە.*
*١٠ـ هەر پیاو یا ژنێکی باوەڕدار، بۆخۆی قەشەیەکە.*
*١٥ـ پاپا و ئۆسقۆفەکان خەڵك بە لێبووردن دەخەڵەتێنن.*
*١٦ـ نابێت بۆ بەشداری لە شەڕ (شەڕە سەلیبییەکان) لێبووردن بدرێت بە خەڵك .*
*٢١ـ لە هیچ حاڵەتێکدا سوێند خواردن، یاسایی نییە.*
*٢٢ـ قەشەکان دەتوانن لە سەر بنەمای هەلومەرجەکانی یاسا، هاوسەرگیریی بکەن.*
*٣٢ـ پاپا لە سەرەوەی کەنیسەی دژە مەسیح دایە.*
*٣٣ـ پاپا و بانگەشەکارەکانی، قاتیلن.*
*٣٤ـ کەسانێك کە بە گەورەی کەنیسە دەژمێردرێن، دز و گیرفانبڕن.*



گیزەکان لە فەرەنساوە بە ناردنی لەشکر، چوون بۆ هاوکاریی ماریی خزمیان، تا شۆڕشی پرۆتستانەکان سەرکوت بکات. رێبەرەکانی ئەنجوومەن چوون بۆ هاوکاری کردنی ئەلیزابێت، کە تازە ببووە جێنشینی زرخوشکەکەی ماری، وەك شاژنی بەریتانیا. لەوانەیە نۆکس لە هەندێك لە وتەکانی کە لە بارەی (ئاوازی کەڕەنای) حاکمانی ژنەوە گوتبوونی، پەشیمان ببووەوە، چونکە ئەو و ئەلیزابێت رێککەوتن. ماری، شاژنی سکۆتلەندا، تازە ببووە شاژنی فەرەنسا و داوای مافی پاشایەتی بە سەر بەریتانیادا دەکرد. نۆکس و ئەیلیزابێت، هیچ کام نەیاندەویست شاهیدی پاشایەتیی کاتۆلیکێکی بەهێز بن لە سکۆتلەندا. ئەلیزابێت بۆ پێشگرتن لە وەستانی کەشتییە فەرەنسییەکان لە کەنارەکانی سکۆتلەندا، کۆمەڵێك کەشتی ناردن بۆ ئەوێ.

ماری دولۆرن لە ساڵی ١٥٦٠دا، کۆچی دوایی کرد. کەمێك دواتر کچەکەی، ئەنجوومەنی مەزهەبی و نوێنەرانی فەرەنسا و بەریتانیا، پەیماننامەی (ئێدێنبۆرگ)یان ئیمزا کرد. بە پێی مادەکانی ئەم پەیماننامەیە، زۆربەی لەشکرکانی فەرەنسا دەبوو لە سکۆتلەندا بچنە دەرەوە؛ هیچ فەرەنساییەك نەیدەتوانی پۆستگەلێکی بەرز وەئەستۆ گرێت. ماری ستوارت وەك شاژنی سکۆتلەندا دیاری کرا، بەڵام لە داواکەی بۆ پاشایەتی بەسەر بەریتانیا، دەستی هەڵگرت و رێی لێ گیرا لە ئەنجامدانی هەر جۆرە شەڕ یا ئاشتییەك، بە بێ ئیزنی نەجیبزادەکانی سکۆتلەندا، کە ئێستا ئیدی زۆربەیان پرۆتستان بوون. ئێستا، سەرەڕای ئەوەی کە سکۆتلەندا شاژنێکی کاتۆلیکی هەبوو، بەڵام دەسەڵاتەکەی بەتوندی بەرتەسك کرابۆوە.

لە مانگی ئابی١٥٦٠دا، ئەنجوومەن دان پێدانانی باوەڕی (ئیمان) پشتڕاست کردەوە، کە راپۆرتێکی بەڵگەیی (دیکیۆمێنتی) بوو و رەشنووسەکەی لەلایەن نۆکس و پیرەوەکانییەوە ئامادە کرابوو. ئەم دان پێدانانە، بە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی پاپا و هەڵوەشاندنەوەی رێوڕەسمی (عشاء ربانی)، بوو بە راگەیاندراوێکی رەسمی لەبارەی باوەڕ و رێکخستنەکانی کەنیسەی نوێی سکۆتلەندا. لەم دان پێدانانەدا، تەنیا دوو رێوڕەسمی مەزهەبی گونجێندرابوون، غسل تعمید و عشاء ربانی. ئەم دان پێدانانە، ئەنجامدانی رێوڕەسمی کەنیسەی چاکسازی تێداکراوی (لەسەر بنەمای باوەڕی کالڤینیستەکان) کردە ئیجباری.

شێوەی سکۆتلەندی کالڤینیزم بە پرێسبیتێریانیزم ناسراوە، کە ناوەکەی رۆڵی سەرەکی پرێسبیتێرەکان، یا ڕیش سپییەکان لە رەوتی مەسەلەکانی رۆژانەی کەنیسە، نیشان دەدا. بە بەراورد لەگەڵ پرێسبیتێرەکان، کە لە بنەما و رێکخستندا، وێکچوونێکی زیادیان لەگەڵ کاتۆلیکەکاندا هەیە، کەنیسەی بەریتانیا بە کەنیسەیەکی ئۆسقۆفی دادەنرێت. واتە رۆحانییە

بالاّکانی، بە ئۆسقۆف ناو دەبەن. ڕۆحانییە ئانگلیکانەکان لە سەدەی حەڤدەمدا، هاوڕێیەتی ئەندامەکانی کەنیسەی بەریتانیایان کرد لە سەفەر بۆ ئەمریکای باکوور و لە سەدەی هەژدەمدا، کەنیسەی ئۆسقۆفی پرۆتستانییان لە ئەمریکا پێکهێنا؛ لەساڵی **۱۹۷۳**دا، وشەی (پرۆتستان) لە ناوی ئەم کەنیسەیە. لە باکووری سنووری ئەمریکا لەگەڵ کەنەدادا، گرووپێکی مەزهەبی کە لە کەنیسەی بەریتانیاوە جیابووەتەوە، بە کەنیسەی ئانگلیکانی کانادا بەناوبانگە.

## پیورتانەکان (رازێنەران)

یەکێك لەکاریگەرترین گرووپە چاکسازیخوازە دژە ئۆسقۆفییەکان، پیورتانی (Puritans) ناو بوو. ئەوان پرۆتستانگەلێکی بە ڕەگەز بەریتانی بوون کە دەیانویست، کەنیسەی بەریتانیا لە هەرشتێك کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، پاپایی یا کاتۆلیکی ڕۆماییان پێدەگوت،پاك بکەنەوە. ئەوان باوەڕیان بە بنەماکانی کالڤینیزم هەبوو، وەك (جەبر و ئیختیار). لە **۱۵٦۳**دا، پیورتانەکان هەوڵیان دا بۆ پێشگیری لە ڕێوڕەسمی ڕۆمایی گەلاڵەیەك لە ئەنجوومەن پەسند بکەن. ئەوان دژ بە لەبەرکردنی جلوبەرگی تایبەتی قەشە (جلوبەرگی ڕەسمی پان و پۆڕی قەشەکان), لە خاچ دان، جێژن گرتنی ڕۆژەکانی قەدیسین و کەڵك وەرگرتن لە مۆسیقا بوون، لە ڕێوڕەسمی کەنیسەدا. ئەم گەلاڵەیە پەسند نەکرا، بەڵام پیورتانەکان نەترس بوون و پێداگرییان لە سەر حاکمیەتی ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز دەکرد. لۆسەری و ئانگلیکانەکان، باوەڕیان وا بوو کە دەتوانن هەر کارێك کە لە کتێبی پیرۆزدا ڕێی لێ نەگیراوە ئەنجام بدەن، لە حاڵێکدا کە پیورتانەکان لە سەر ئەو باوەڕە بوون، کە تەنیا ئیزنیان هەیە دەست بدەنە کردەگەلێك، کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە کتێبی پیرۆزدا باسیان لێوە کراوە یا ئیزنیان دراوە. بە هەرحاڵ لە کتێبی پیرۆزدا، پارادۆکسی یەکجار زۆر هەبوون و هەندێ جار پیورتانەکان لە ڕاڤەی ڕێنوێنییەکانی، جیاوازی بیروڕایان هەبوو.

پیورتانەکان حەزیان لێبوو کە شاژنە ئەلیزابێت وەك سەرۆکی کەنیسەی بەریتانیا بە ڕەسمیەت بناسن؛ ئەڵبەتە تا کاتێك کە ئەمە بە مانای دوور هێشتنەوەی پاپا لە ژیانی مەزهەبیی ئەوان بوو. بەم حاڵەوە، هەر بەو جۆرەی کە ویل و ئاریێل دۆرانت دەڵێن: "ئەوان لە ناخی دڵەوە دژی هەر جۆرە کۆنترۆڵ کردنێکی مەزهەب بوون لە لایەن دەوڵەتەوە و سەودای کۆنترۆڵ کردنی دەوڵەتیان لە لایەن مەزهەبەوە، لە سەردا بوو."[۱۱٦]





**پیورتانە بەریتانییەکان، بۆ ڕزگاربوون لە ئازار و ئەشکەنجە، بەرەو لای ئەو کەشتییانە دەچن، کە بۆ ئەمریکا دەیانبەن.**

هەندێك لە پیورتانەکان، لە بەریتانیا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کەنیسەیی لە جۆری پرێس بیتێری، بە هەمان ئەو مۆدێلەی کە نۆکس کەنیسەی سکۆتلەندی بەدی هێنابوو، پێداگریان کرد. ئەوانیتر دەیانویست کە تەواوی دەسەڵات بدەنە دەستی کۆمەڵە مەزهەبییە جیاوازەکان. ئەم گروپەیان بە سەربەخۆییخواز، یا لایەنگری سەربەخۆیی کەنیسە ناوچەییەکان ناو دەبرد. لە حاڵێکدا کە زۆربەی پیورتانەکان، درێژەیان دا بە خواپەرستی لە کەنیسە پەیوەندیدارەکان بە کەنیسەی بەریتانیاوە، سەربەخۆییخوازەکان بە خواپەرستیکردن لە کەنیسەکانی خۆیاندا، سەرپێچییان لە دەوڵەت کرد. ئەلیزابێت، مەزنیی و ئیرادەی پیورتانەکانی وەك مەترسییەك بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی و هەوڵەکانی بۆ کۆتاییهێنان بە تێکهەڵچوونە مەزهەبییەکان لە بەریتانیا دانا و سەرەنجام، زۆرێك لە پیورتانەکان دەرچوون بۆ هۆڵەندای دان بەخۆداگرتوو و پاشان ئەمریکاش.

## باپتیستەکان، کویکرەکان و جیابوونەوە پیورتانییەکانی تر



**جۆرج فۆکس ڕێبەری مەزهەبیی بەریتانییەکان لە سەدەی حەڤدەهەمدا، ئەنجوومەنی هاوڕێیانی لە بەریتانیا دامەزراند. کویکرەکان لە بەر دژایەتی لەگەڵ کەنیسەی ڕێکخراو و بەرنامە مەزهەبییەکان، دەکەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەوە.**

پێداگریی پیورتانەکان لە سەر ڕاڤەی کتێبی پیرۆز، بوو بە هۆی کۆمەڵێك دابەش کردنی قووڵتر و بەرفراوانتر، لە ناوخۆی ئەو گرووپەدا. وا دەکەوتە بەرچاو کە هەر کاتێك گرووپێك بە ڕاڤەیەکی دژەوە، لەگەڵ ڕاڤەی پێشوودا ڕووبەڕوو دەبووەوە، گرووپێکی نوێ بەدی دەهات. بە درێژایی سەدەی حەڤدەم جیابوونەوە پیورتانییەکان، کە بە زۆری بەریتانی بوون، بە خێرایی پەرەیان سەند. بە وتەی نووسەرێکی ئەو سەردەمە، لە ساڵی ١٦٤١دا، ٢٩ گرووپی سەربەخۆ لە بەریتانیادا هەبوون. پێنج ساڵ دواتر، نووسەرێکی تر لە پێرستەکەیدا، ١٨٠ گروپی جۆراوجۆری ناو بردن. گەورەترین و گرنگترین گرووپەکان، باپتیستەکان و کویکرەکان بوون.

زۆربەی باپتیستەکان، باوەڕگەلێکی هاوشێوەی پیورتانە چاکسازیخوازەکانیان هەبوو، بەڵام وەك ئانا باپتیستەکان، باوەڕیان بە (غسل تعمید) کردنی منداڵەکان نەبوو. ئەوان لە کتێبی پیرۆزدا، تەنیا بەڵگەگەلێکیان بۆ(غسل تعمید) کردنی گەورەکان، دۆزیبوونەوە. هەندێك) باوەڕیان بە (جەبر) بوو و ئەوانی تر باوەڕێکی ئەوتۆیان نەبوو. باپتیستەکان کە لە نیوەی سەدەی حەڤدەمدا ژمارەیان زۆر ببوو، لە چاو بەریتانیا ئەمریکای باکووریان بە پەناگەیەکی باشتر، کەوتە بەر چاو.

یەکەمین کویکرەکان، پەیڕەوەکانی وتاربێژێکی لێهاتوو بە ناوی جۆرج فۆکس بوون. کویکرەکان تا ڕادەیەك تەواوی تەشریفات و ڕێوڕەسمە مەزهەبییە نەریتییەکانیان وەلا نان و لە باتی پەیڕەوانی کەنیسە ناوی (ئەنجوومەنی دۆستان)یان لە خۆیان نا. لە ڕاستیدا، ئەوان لە سەر



ئەو باوەڕە بوون کە تاکەکان لەگەڵ خوادا پێوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە و پێویستیان بە هاوکاریی قەشە، کەنیسە یا هەر شتێکی تر نییە.

پیورتانەکان و ئانگلیکانەکان، هەردووکیان لە لایەن کویکرەکانەوە، هەستیان بە مەترسی کرد. تەواوی شێوە مەوجودەکانی مەسیحییەت، وابەستەبوون بە قەشە و کەنیسەکانییەوە، تا کتێبی پیرۆزیان بۆ ڕاڤە بکەن و بە خەڵك بڵێن کە چاوەڕوانی چ هەڵس و کەوتێکیان لێدەکرێ. لە ساڵەکانی دەیەی ١٦٥٠دا، کویکرەکان بە ژمارەیەکی زۆر، بەریتانیایان بەجێ هێشت و کۆچیان کرد بۆ ئەمریکای باکوور و دورگەکانی دەریای کارائیب.

***ڕێکارەکانی کویکر***

*جۆرج فۆکس، دامەزرێنەری ئەنجوومەنی دۆستان (کویکرەکان) لەم دەقەدا، کە لە نووسینێکدا لە دەوروبەری ساڵی ١٦٥٥ هەڵبژێراوە و بە ناوی(مەسیحییەت و شۆڕش: شاهیدییە توندڕەوەکانی مەسیحی) نووسراوەو (لاوێل ئێچ زوك) پێیداچووتەوە، کورتەیەك لە ڕێکارەکانی کویکرەکان، نیشان دەدا.*

*ئێستا کە خوا و کوڕەکەی، عیسای مەسیح، منیان نارد بۆ دنیا تا بانگەشە بۆ کتێبی ئاسمانی و قەڵەمڕەوی بێ پایانی ئەو بکەم، من ڕاسپێرام تا خەڵك بەرەو لای ئەو نووری دەروونییە، بۆ ڕۆح و جوانی، ڕێنوێنی بکەم... تەنانەت ئەو ڕۆحە خواییەش کە ئەوان بەرەو لای تەواوی حەقیقەت ڕادەکێشێت... دەبوو خەڵکم لەو ڕێگایانە دوور کردبانەوە کە خۆیان بۆ گەیشتن بە مەسیح لە پێشیان گرتبوون... و ڕێنوێنم کردبان لەو کەنیسانەوە کە مرۆڤەکان دروستیان کردبوون، بۆکەنیسەی خوایی... و من دەبوو خەڵکم لە داهێنانە مرۆییەکان... لەگەڵ ئەو قوتابخانانەی کە بۆ پەروەردە کردنی قەشە بەدی هاتبوون... و لە تەواوی وێنە و خاچەکانیان و(غسل تعمید)ی شیرەخۆرەکان و تەواوی ڕۆژە بەناو پیرۆزەکان دوور کردبانەوە.... و من چوومە سەر ئەوەی کە بە دژی تەواوی ئەمانە کار بکەم.*

# کۆتایی

## سیمای نوێی ئەوروپا و جیهان

هیچ ڕووداوێك، بەوجۆرەی کە نووسراوە ٩٥ مەسەلەییەکەی لۆسەر، سەرەتای چاکسازی دەستنیشان کرد، کۆتاییەکەی دیار ناکات. هەر وەك دیتمان، بە درێژایی سەدەی شانزەم و تا سەدەی حەڤدەم، شێوەگەلێکی نوێ لە پرۆتستانیزم بەدی هاتن و بەرە بەرە ، لەلایەن خەڵکەوە پەسند کران. ئەم ڕەوتە تا سەدەی هەژدەم و دوای ئەویش هەر بەردەوام بوو. کەنیسەی کاتۆلیك کە لە ئەنجوومەنی تێرانت، سەرلەنوێ ڕێکخرابووەوە، هەندێك لە قەڵەمڕەوە لە دەست چووەکانی سەرلەنوێ بەدەست هێنانەوە و ژمارەی پێڕەوەکانی لەگەڵ نوێ ئایینەکان لە ئاسیا، هیند و ئەمریکا، پەرە پێدا.

لەساڵی ١٦٠٠دا، ئیسپانیا، ئایرلەند، ئیتاڵیا، نەمسا و زۆربەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بە کاتۆلیکی مابوونەوە. سکۆتلەندا، چەند بەشێك لە فەڕەنسا، هۆڵەندای ئێستا، سویسرا، چەند بەشێك لە باکووری ئەڵمانیا و هەنگاریا کالڤینیست بوون. سکاندیناڤیا، چەند بەشێك لە هۆڵەندا و زۆربەی ئەڵمانیا لۆسەری بوون. بەریتانیا و باکووری ئایرلەند، بە زۆری ئانگلیکان بوون. لە چەند بەشێکی ئەڵمانیا، بەلجیکا، لۆگزامبۆرگ و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ئانا باپتیستەکان هەبوون.

## ئاڵوگۆڕە بەردەوامەکان

دنیای دوای چاکسازی تایبەتمەندیگەلێکی جۆراوجۆری هەن، کە لە دنیای بەر لە چاکسازی جیای دەکەنەوە. یەکێك لەم تایبەتمەندییانە، دەست پێڕاگەیشتنی خەڵکی ئاساییە بەکتێبی پیرۆز. بۆ دەست پێڕاگەیشتنی هاووڵاتییەکان بە کتێبی پیرۆز لە تەواوی ناوچەکان، پیشەسازیی چاپ، وادەکەوتە بەرچاو کە بەس بێت، بەڵام باوەڕ و گەرموگوڕی چاکسازیخوازەکانیش کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بڵاوبوونەوەی کتێبی پیرۆز دانا. وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بە هەموو زمانە زیندووەکان، پێداگریی لە سەر ڕاڤەی تاکەکەسی و ئەو مانایەی کە هەموو باوەڕدارەکان قەشەن، بوون بە هۆی بڵاوبوونەوەی کتێبی پیرۆز لە هەموو ئەوروپا.





مارتین لۆسەر هەمیشە وەك زانایەکی ئایینی بەرجەستە و ڕێبەرێکی بەجۆش، لە بیرەوەرییەکاندا دەمێنێتەوە.



دوای چاکسازی، کەنیسە گەورە و رازاوەکانی کۆتاییەکانی سەدەکانی نێوەراست، وەك سەن پیتەر (لە وێنەکەدا) جێگای خۆیان دا بە بیناگەلێکی سادەتر

هەروەها هەندێك لە وەرگێڕانەکانی کتێبی پیرۆز، شاکاری ئەدەبی بوون. وەرگێڕانی ئەڵمانی لۆسەر، هاوکاریی شکڵگرتنی زمانی ئەڵمانی ئەوڕۆیی کرد. هەروەها، نوسخەی ئینگلیزی پاشا جەیمز (چونکە جەیمزی یەکەم، جێنیشنی ئەلیزابێت، ئیزنی چاپی پێدا، کە دواجار بەم ناوەوە، بەناوبانگ بوو) زۆر کاریگەری لەسەر زمانی ئینگلیزی هەبوو؛ بە جۆرێك کە دەربڕینەکانی نزیکەی چوارسەد ساڵ لە دنیای ئینگلیزی زماندا، بە شێوەیەکی تەواو، شیاوی تێگەیشتن بوون.

تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی دیکەی دنیای دوای چاکسازیی، ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی کەنیسەیە. کەنیسەی مەزن و پڕ نەخش و نیگاری کۆتاییەکانی سەدەکانی نێوەڕاست جێی خۆیان دا بە بیناگەلی بچووکتر و کەم بە باق و بریقتر. لە روانگەی کاتۆلیکەکانەوە ناوەندی سەرنجی مەزهەب، بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی (عشاء ربانی) یە“ بەم پێیە ئەو میحرابەی کە تێیدا رێوڕەسمی مەزهەبی( عشاء ربانی) بەڕێوە دەبرێت، هەمیشە لە ناوەندی کەنیسە و لە بەرامبەر خەڵکدایە. پێداگریی پرۆتستانەکان لە سەر کتێبی پیرۆز و وتاردان، بوو بە هۆی بەدیهاتنی بینای کەنیسەگەلێك کە ناوەندەکەیان مینبەری روحانییەکان بوو— سەکۆیەکی باریك کە قەشە لە سەری رادەوەستێ و ئینجیل دەخوێنێتەوە بۆ خەڵك وتار دەدا. ئەو کەنیسە سادە و دارینە زۆرانەی کە لە (نیو ئینگلەند) و چەند بەشێك لە ئەمریکادا هەن، راستەوخۆ نیشاندەری باوەڕی پیورتانی و کالڤینیزمن، لە سادەبوون و پێویستی دوورکەوتنەوە لە بتپەرستی.

بەر لە چاکسازیی، مەسیحییە ئەوروپاییەکان بۆ مەرجەعیەت، روویان دەکردە پاپا. لە بەرامبەردا، پرۆتستانەکان روویان کردە مەرجەعییەتی کتێبی پیرۆز و دواتر دابەش بوونە سەر گرووپگەلێکی زۆر، کە هەر کامیان راڤەیەکی جیاوازی لە کتێبی پیرۆز هەبوو. بەڵام پرۆتستان و کاتۆلیکەکان هەر دووکیان تێگەیشتن کە بە کەم کردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی کەنیسە، دەسەڵاتی سیاسی ناوچەیی زۆرتر دەبێت. دەوڵەت یا میللەتەکان، بە کەم بوونەوەی دەسەڵاتی کەنیسەی جیهانی پێشوو، گرنگییەکی زۆرتریان پەیدا دەکرد.



## ئەمریکا

ئەزموونی ئەوروپایی چاکسازیی کاریگەریی جێ سەرنج و بەردەوامی لە سەر سەرزەوییەکانی ئەوروپای باکوور، بە تایبەت لە ناوچەیەکدا کە دواتر بوو بە ئەمریکا، بەجێ هێشت. زۆر لە کۆچبەرە سەرەتاییەکان، بەو مەبەستە ئەوروپایان بەجێ هێشت تا شوێنێك بدۆزنەوە کە بتوانن بە ئازادی و بە دوور لە ئازار و ئەشکەنجە، پێڕەوی لە مەزهەبەکەیان بکەن. ئەو کۆچەرانەی کە لەساڵی ١٦٢٠دا، لە تاشەبەردی پلیمۆت گیرسانەوە، ئەو سەربەخۆییخوازانە بوون کە سەردەمێك لە بەریتانیاوە بۆ هۆڵەندا، کۆچیان کردبوو. ئەوان هیوادار بوون، بە دامەزراندنی کۆچەرنشینێك خۆیان تەرخان بکەن بۆ خوا و راڤەیەکی تەواوی کتێبی پیرۆز. دراوسێ نزیکەکانیان پیورتانەکان بوون کە کەمتر توندڕەو بوون و لە کۆچەرنشینی کەنداوی ماساچۆسێتدا دەژیان. سەرەنجام هەموو گرووپەکان تێگەیشتن کە بۆ ئەوەی کە ئازادی مەزهەبی بۆخۆیان بپارێزن، دەبێ هەر ئەم مافە بۆ ئەوانی تریش بە ڕەوا بزانن.



کۆچبەرەکان لە ئەوروپا، بۆ گەیشتن بە ئازادیی مەزهەبی، پێ دەنێنە ناو کەنارەکانی ئەمریکا.

راجێر ولیامز، پیۆرتانێکی خەڵکی کەنداوی ماساچۆسێت بوو کە دەیهەویست، کەنیسە بە تەواوی لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەربکات. مێژوونووسەکان ئەم تیۆرەیان روون کردووەتەوە: "هەر وەك چۆن کەنیسەی رەسەن دەبێت لە رێکخستنی مەزهەبی گەندەڵ جیا بێتەوە، ئاوا کەنیسەش دەبێت لە دەوڵەت جیا بێت."[١١٧]

راجێر لە نێوان بێدەنگی لە بارەی باوەڕەکانی و دەرکردن لە ماس چۆسێت، هەڵاتن بۆ شوێنێکی هەڵبژارد کە لەو ساڵەدا واتە ١٦٣٦، بە رۆدئایلەند، ناو دەبرا. ئەو کۆچەرنشینەکەی خۆی لە سەر بنەمای ئازادی ویژدان و جیایی کاملی کەنیسە لە دەوڵەت بنیات نا. ئەو رایگەیاند:" هەر کەسێك دەتوانێ بە جۆریك کە ویژدانی رازی دەکات

هەنگاو هەڵێنێتەوە، هەرکەسێك بەناوی خوای خۆی."[١١٨]

رودئایلەند، هەروەها وەك ماڵێکی کاتی لێهات بۆ کویکرەکان، کە ئەوروپایان بە مەبەستی دورگەکانی کارائیب لە باربادۆسدا بەجێ هێشتبوو و دواتر بڕیاریان دا کە لە نیوئینگلەنددا، نیشتەجێ بن. سەرەنجام کویکرەکان لە ژێر چاوەدێری ویلیام پێن دا، کۆچەرنشینێکیان پێکهێنا کە ئەورۆ پەنسیلڤانیای پێدەڵێن.

مێریلەند، وەك شوێنی ژیانی کاتۆلیکە رۆمییەکانی لێهات کە لە کۆچەرنشینە پرۆتستانییە دەمارگرژەکاندا، بە باشی پێشوازییان لێ نەدەکرا. لە ١٦٤٩دا، مێریلەند، بوو بە یەکەمین کۆچەرنشین کە ئازادیی مەزهەبی دا بە هەمووان ـ لانی کەم تەواوی مەسیحییەکان ـ لۆسەرییەکان سەرەتا لە (دێلاوەر) و پاشان لە بەشەکانی سەرەوە و ناوەندی رۆژئاوا لە دەوری یەك کۆبوونەوە. کەنیسەی چاکسازیخوازی هۆڵەندا، لە نیۆریۆرك بەهێز بوو.

بە پێی راپۆرتێك، لەساڵی ١٦٦٠دا، هەفتا و پێنج کەنیسەی سەربەخۆییخواز لە کۆچەرنشینەکانی ئەمریکادا هەبوون: چل و یەك کەنیسەی ئانگلیکان، سێزدە کەنیسەی چاکسازیخوازی هۆڵەندا، دوازدە کەنیسەی کاتۆلیك، پێنج پرێسبیتێری و چوار کەنیسەی لۆسەری و باپتیست . لە کاتی شۆڕشدا، نزیکەی بیست لەسەدی کۆچەرنشینەکان سەربەخۆییخواز، نۆزدە لە سەد پرێسبیتێری، حەڤدە لەسەد باپتیست، شازدە لە سەد ئۆسقۆفی (ناوی نوێی ئەمریکی بۆ کەنیسەی ئانگلیکان) و دوو لەسەد کاتۆلیك بوون.



***ئازادی مەزهەبی لە پەنسیلڤانیا***

*کۆچەرنشینەکانی ئەمریکا، بە چاکی ئاگاداری مەترسییەکانی دەمار گرژی مەزهەبی بوون. ئەم پارچەیە لە (ئیمتیازنامەی تایبەتی پەنسیلڤانیا) کە لە رێکەوتی ٢٨تشرینی یەکەمی ١٧٠١دا نووسراوە، لە کتێبی (بەڵگەکانی مێژووی ئەمریکا)، لە نووسینی هێنری ستیل کۆماگێر، وەرگیراوە.*

*لەویۆە کە هیچ کەسێك، تەنانەت لە هەلومەرجێکیشدا کە لە ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بە تەواوی سوود وەرگرێت، لە حاڵێکدا کە لە ئازادیی ویژدان، مەزهەب و خواپەرستی مەحروم بێت، ناتوانێ بە راستی شاد بێت... من (ویلیام پێن، حاکمی سەرزەویی پەنسیلڤانیا) لێرەدا رادەگەیەنم کە هیچ کەس یا کەسانێك لەم سەرزەمینەدا، یا ناوچە پەیوەستەکانی، کە خوای باڵادەست و یەکتا بە خوڵقێنەر و فەرمانڕەوای جیهان دادەنێن و خۆیان دەروەست بە ژیانی ئارام لە ژێر حکومەتی مەدەنی دادەنێن، نابێت بە هیچ جۆرێك لەبەر باوەڕ، یا ئەرکی ویژدانی، خۆیان یا ملکەکانیان بکەونە بەر ئازار و هەڵاواردن. هەروەها نابێت ناچار بکرێن بە ئەنجام دانی خواپەرستی، بە پێچەوانەی باوەڕەکەیان، یا بە ئەنجامدانی کارێك بە دژی باوەڕی مەزهەبییان ناچار بکرێن.*

## وڵاتێکی نوێ

لەکاتی ئامادەکردنی رەشنووسی یاسای بنەڕەتی ئەمریکا، لە دەیەی١٧٨٠دا، روون بوو کە لە کۆچەرنشینەکاندا، شێوەیەکی یەکگرتوو لە مەسیحیەت، باڵادەست نییە. هەر بەو جۆرەی کە (مارك نۆڵ)ی مێژوونووس دەڵێت: "هەر هەوڵێك لە راستای چەسپاندنی مەزهەبێکی تایبەت، دەبووە هۆی نارەزایەتی توندو تیژانە لەلایەن پەیڕەوانی مەزهەبەکانی دیکەوە." سەرەڕای ئەمەش، کۆچەرنشینەکان بە زۆری پرۆتستان بوون و وەفادار بوون بەو تیۆرە کە باوەڕ بەشێکی گرنگ لە ژیانە. نووسەرەکانی یاسای بنەڕەتی هەوڵیان دا، کە بە تەواوی چاوپۆشی بکەن لە بابەتی مەزهەب. (نۆڵ) کێشەی پێشڕەوی ئەوانی وەها کورت کردووەتەوە: "لە حاڵێکدا کە ئەوان دەیانەویست، یاسای بنەڕەتی بۆ هەموو خەڵك بەرهەڤ بکەن، دەبوو بە جۆرێك، دەوڵەتیان لە مەسەلەی مەزهەب جیا کردبایەوە."[١١٩]

رێگاچارەی ئەم مەسەلەیە، لە پەیماننامەی مافی هاووڵاتیاندا هاتووە. یەکەمین پاشکۆی یاسای بنەڕەتی وەها دەست پێدەکات:" کۆنگرە هیچ یاسایەك سەبارەت بە پێکهێنانی مەزهەبێك یا پێشگیری لە ئەنجام دانی ئازادانەی ئەو مەزهەبە، پەسند ناکات."

## دنیایەکی دان بەخۆداگرتر

ئەورووپای بەر لە چاکسازیی بە مەزهەبێکەوە، گۆڕا بۆ ئەروپایەکی فرە مەزهەب و جیایی هەرچی زیاتری دین و دەوڵەت. مەزهەب زۆر زیاتر، تایبەتمەندییەکی ناوچەیی و میللی پەیدا کرد؛ ئەم بابەتە لە کۆچەرنشینە نوێیەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی تەواو بەرهەست، شیاوی هەست پێکردن بوو. ئەگەرچی هەندێك جار دژایەتییەکان دەبوون بە هۆی دەمارگرژیی، ئازار و ئەشکەنجە و شەڕ؛ کێشەگەلێك کە هێشتا تاعوونێکن بۆ کۆمەڵگای ئەورۆیی سەرەڕای ئەمەش بەڵام توانای هەڵکردن لەگەڵ جیاوازییەکان، کەم کەم چووە سەرێ.



# پەراوێزەکان

### بەشی یەکەم: ئەوروپا لە کاتی چاکسازیی ئاییینیدا


1. Will Durant, *The Reformation*, vol. 6 of *The Story of Civilization*. New York: Simon & Schuster, 1957, p. 6.
2. Philip Hughes, *A Popular History of the Reformation*. Garden City, NY: Image Books, 1957, p. 13.
3. Harold J. Grimm, *The Reformation Era, 1500-1650*, 2nd ed. New York: Macmillan, 1973, p. 6.
4. Myron P. Gilmore, *The World of Humanism, 1453-1517*. New York: Harper & Row, 1952, p. 204.
5. Pico della Mirandola, *On the Dignity of Man*. Translated by Charles Glenn Wallis. New York: Bobbs Merrill, 1940, p. 22.
6. Quoted in Hughes, *A Popular History of the Reformation*, p. 48.
7. Durant, *The Reformation* p. 8.
8. Quoted in Durant, *The Reformation*, p. 9.
9. Hughes, *A Popular History of the Reformation* p. 101.
10. Quoted in Durant, *The Reformation*, p. 34.
11. Quoted in Durant, *The Reformation*, p. 165.


### بەشی دووەم: مارتین لۆسەر: "ناتوانم کارێکی دیکە بکەم"


12. Quoted in Durant, *The Reformation*, p. 343.
13. Quoted in Hans J. Hillerbrand, *The World of the Reformation*. New York: Charles Scribner's Sons, 1973, p. 14.
14. Quoted in Hughes, *A Popular History of the Reformation*, p. 95.
15. Roland Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century*. Boston: Beacon Press, 1952, p. 24.
16. Rom. 1:17 Authorized (King James) Version.
17. Quoted in Hans J. Hillerbrand, ed., *The Reformation: A Narrative History Related by Contemporary Observers and Participants*. New York: Harper & Row, 1964, p. 44.
18. Quoted in Durant, *The Reformation*, p. 338.
19. Quoted in Durant, *The Reformation*, p. 339.

20. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 339.
21. Martin Luther, *Works,* gen. ed. Helmut T. Lehmann. Philadelphia: Muhlenberg Press, 1957-1962, vol. 41, p. 234.
22. Luther, *Works,* vol. 31, pp. 26-33.
23. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 348.
24. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 352.
25. Luther, *Works,* vol. 44, pp. 141-142.
26. Luther, *Works,* vol. 36, p. 18.
27. Luther, *Works,* vol. 31, p. 361.
28. Quoted in Hughes, *A Popular History of the Reformation,* p. 113.
29. Quoted in Grimm, *The Reformation Era,* p. 109.
30. Durant, *The Reformation,* p. 357.
31. Quoted in Grimm, *The Reformation Era,* p. 113.
32. Luther, *Works,* vol. 32, p. 110.
33. Luther, *Works,* vol. 32, p. 113.
34. Luther, *Works,* vol. 32, p. 113.
35. Quoted in Luther, *Works,* vol. 32, p. 115.
36. Luther, *Works,* vol. 48, p. 202.

### بەشی سێیەم: ((کێشەی گەورە))ی پاشا: چاکسازی لە بەریتانیا

37. Quoted in M. St. Clare Byrne, ed., *Letters of King Henry* VIII. New York: Funk & Wagnalls, 1936, p. 62.
38. Quoted in J. J. Scarisbrick, *Henry VIII.* Berkeley: University of California Press, 1968, p. 181.
39. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 528.
40. Quoted in Byrne, *Letters of King Henry* VIII, p. 63.
41. *The Famous History of the Life of King Henry VIII,* act 2, scene 2, The Cambridge Edition Text. Garden City, NY: Garden City Books, 1936.
42. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 551.
43. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 532.
44. Quoted in W. E. Campbell, ed., *The Last Letters of Blessed Thomas More.* St. Louis, MO: Herder, 1924, p. 28.
45. Quoted in Scarisbrick, *Henry VIII,* p. 290.
46. Quoted in Hughes, *A Popular History of the Reformation,* p. 169.
47. Quoted in Henry Bettenson, ed., *Documents of the Christian Church.* London: Oxford University Press, 1963, p. 218.
48. Quoted in Bettenson, *Documents of the Christian Church,* p. 218.
49. Hughes, *A Popular History of the Reformation,* p. 171.
50. Quoted in Bettenson, *Documents of the Christian Church,* p. 227.

### بەشی چوارەم: چاکسازیخوازەکان دەبنە پرۆتستان

51. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 386.
52. Quoted in Owen Chadwick, *The Reformation.* New York: Penguin Books, 1968, p. 62.



53. Chadwick, *The Reformation,* p. 62.
54. Quoted in Bettenson, *Documents of the Christian Church,* p. 211.
55. Psalms 19:12AV.
56. Grimm, *The Reformation Era,* p. 148.
57. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 408.
58. Grimm, *The Reformation,* p. 153.
59. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 463.
60. Quoted in Hillerbrand, *The World of the Reformation,* p. 75.
61. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 465.

### بەشی پێنجەم: ئەوروپا لە حاڵی گۆڕاندا: کۆمەڵگا لە سەردەمی چاکسازیدا

62. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 866.
63. Raymond Sokolov, *Why We Eat What We Eat: How the Encounter Between the New World and the Old Changed the Way Everyone on the Planet Eats.* New York: Summit Books, 1991, p. 13.
64. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 159.
65. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 159.
66. Quoted in Lewis W. Spitz, *The Protestant Reformation,* 1517-1559. New York: Harper & Row, 1985, p. 89.
67. Quoted in Spitz, *The Protestant Reformation,* p. 90.
68. Spitz, *The Protestant Reformation,* p. 91.
69. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 358.
70. Spitz, *The Protestant Reformation,* p. 360.
71. Luther, *Works,* vol. 44, pp. 142-143.
72. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 778.
73. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 786.
74. Quoted in Luther, *Works,* vol. 54, p. 359.
75. Quoted in Natalie Z. Davis, *Society and Culture in Early Modern France: Eight Essays.* Stanford, CA: Stanford University Press, 1975, p. 92.
76. Luther, *Works,* vol. 54, p. 8.
77. Luther, *Works,* vol. 41, p. 154.
78. Davis, *Society and Culture in Early Modern France,* p. 92.

### بەشی شەشەم: شەڕە مەزهەبییەکان و ئەشکەنجە

79. Quoted in Hillerbrand, *The Reformation: A Narrative History,* p. 125.
80. Luther, *Works,* vol. 49, p. 179.
81. Quoted in Spitz, *The Protestant Reformation,* p. 161.
82. Durant, *The Reformation,* p. 580.
83. Quoted in Spitz, *The Protestant Reformation,* p. 278.
84. Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century,* p. 165.
85. Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century,* p. 169.
86. Quoted in Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century,* pp. 169-170.
87. Quoted in Chadwick, *The Reformation,* p. 164.

88. Quoted in Bettenson, *Documents of the Christian Church,* p. 216.
89. Quoted in Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century,* p. 211.
90. Quoted in Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century,* p. 214.
91. Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century,* p. 218.
92. Quoted in Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century,* p. 224.
93. Quoted in Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century,* p. 226.

### بەشی هەفتەم: وەڵامی کاتۆلیکەکان: دژایەتی لەگەڵ چاکسازی

94. Hughes, *A Popular History of the Reformation,* p. 83.
95. Hughes, *A Popular History of the Reformation,* p.83.
96. Spitz, *The Protestant Reformation,* p. 304.
97. Quoted in Anthony E. Gilles, *The People of Anguish: The Story Behind the Reformation.* Cincinnati: St. Anthony Messenger Press, 1987, p. 168.
98. Gilles, *The People of Anguish,* p. 168.
99. Durant, *The Reformation,* p. 9.
100. Quoted in Gilles, *The People of Anguish,* p. 102.
101. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 920.
102. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 922.
103. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 925.
104. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 925.
105. Durant, *The Reformation,* p. 926.
106. Jas. 2:26. AV.
107. Durant, *The Reformation,* p. 929.
108. Gilles, *The People of Anguish,* p. 116.

### بەشی هەشتەم: چاکسازیی پەرە دەستێنێ

109. Quoted in Bettenson, *Documents of the Christian Church,* p. 215.
110. Chadwick, *The Reformation,* p. 169.
111. Quoted in Spitz, *The Protestant Reformation,* p. 230.
112. Quoted in Spitz, *The Protestant Reformation,* p. 280.
113. Quoted in Marvin A. Breslow, ed., *The Political Writings of John Knox.* Washington, DC: Folger.Books, 1985, p. 42.
114. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 615.
115. Quoted in Durant, *The Reformation,* p. 616.
116. Will and Ariel Durant, *The Age of Reason Begins, vol. 7 of The Story of Civilization.* New York: Simon & Schuster, 1961, p. 23.

### کۆتایی: سیمای نوێی ئەوروپا و جیهان

117. Charles H. Lippy, Robert Choquette, and Stafford Poole, *Christianity Comes to the Americas.* New York: Paragon House, 1992, p. 276.
118. Quoted in Lippy, Choquette, and Poole, *Christianity Comes to the Americas,* p. 277.
119. Mark A. Noll, *A History of Christianity in the United States and Canada.* Grand Rapids, MI: Eerdmans,1992, p.145.



## زاراوەکان

Apostolik: پەیوەست بە هاوەڵان، یەکەمین پەیڕەوەکانی عیسا.

Bishop(ئۆسقۆف): یەکێك لە کاربەدەستە باڵاکانی کەنیسە ـ بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوەبردنی چوارچێوەیەکی تایبەتی بە ناوی (قەڵەمڕەوی ئۆسقۆفی) لە ئەستۆدایە.

Cardinal(کاردیناڵ): یەکێك لە گرووپە بچووك و پلە یەکەمینەکانی ئۆسقۆفەکان، کە بەرپرسی هەڵبژاردنی پاپان.

Clergy: کەسانێك کە بۆ خزمەتی مەزهەبی دیاری کراون ـ قەشەکان و ئەوانی تر.

Clerical: پەیوەست بە Clergy.

Eucharist Communion (عشاء ربانی): ڕێوەڕەسمی مەزهەبی وەرگرتنی نان و شەراب، کە مەسیح لە بارەیەوە گوتوویەتی: ئەمە لاشەی منە، ئەمە خوێنی منە". ڕاڤەگەلێکی یەکجار زۆر جیاواز لە بارەی پێوەندی نان و شەراب لەگەڵ لاشە و خوێنی ڕاستەقینەی مەسیحدا هەن.

Confession (دان پێدانان)“ هەروەها بە ڕێوەڕسمی مەزهەبی ئاشتی یا تۆبەش بەناوبانگە؛ کردەیەك کە تێیدا مرۆڤ گوناهەکانی بۆ قەشەیەك کە ئیزنی وەرگرتووە لێبووردن ببەخشێ، دەڵێت، یا دانیان پێدادەنێت.

Diet: کۆبوونەوەی فەرمی شازادە و فەرمانڕەواکانی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆما.

Electors(هەڵبژێرەران): ئەو شازادە، ئەمیر و(دوك)ـانەی کە سەرپەرستی قەڵەمڕەوەکانی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمایان لە ئەستۆ بوو؛ ئەوانە بەرپرسی هەڵبژاردنی ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما بوون.

Eucharist (عشاء ربانی): ڕێوەڕەسمی مەزهەبی عشاء ربانی، وەرگیراو لە وشەی یۆنانی بۆ سوپاسگوزاری.

excommunication(تەکفیر): تەمبێیەکی فەرمی یە کە کەسێکی تایبەت لە بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی مەزهەبی و ژیانی کەنیسەیی مەحروم دەکات.

heresy (لادان-بیدعەکاریی): هەر گوتە یا کردەیەك، کە دژ بە ڕێکارەکانی کەنیسە بێت.

heretic (لادەر-بیدعەکار): کەسێك کە بیدعەکاریی دەکات.

Holy roman Empire (ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆما): کیانێکی سیاسی بوو لە ئەوروپای ناوەندیدا، وەك فیدراسیۆنی پەرتەوازە کە پێکهاتبوو لە ویلایەتە ئەڵمانی زمانەکان، ئیسپانیا و چەند بەشێك لە باکووری ئیتاڵیا.

Humanism (مرۆڤگەرایی): بزووتنەوەیەکی فەرهەنگی و رۆشنبیری رێنیسانس کە پێداگریی لەسەر مرۆڤ و پێویستیی و بەهاکانی ئەو بوو. بنەماکەی، خوێندنەوەی ئەدەبیات، هونەر و شارستانیەتەکانی یۆنان و رۆمای کۆن بوو.

humanist (مرۆڤگەرا): زانای رێنیسانس کە خۆی تەرخان کردبوو بۆ مرۆڤگەرایی.

Indulgence (ئاسانکاری): بەڵگەیەك کە تێیدا، رزگار بوون لە سزاکانی خوا، بۆ گوناهەکانی مرۆڤ دەدرێت، دوای ئەوەی کە خاوەنەکەی لەلایەن قەشە یا ئۆسقۆفێکەوە دەبەخشرێ.

mass (عشاء ربانی): ناوی ئاسای (باو)ی بۆ رێورەسمی کەنیسەی کاتۆلیك، کە هەمیشە لەخۆگری جێژن گرتنی رێوەرەسمی (عشاء ربانی)یە.

monk (راهیب): پیاوێك کە ئەندامی گرووپێکی برایەتییە و لە دێرێکدا دەژیت یا راپۆرتی پێدەدات و پەیرەوی لە دیسپلینێکی تایبەت دەکات؛ راهیب لە وانەیە قەشە بێت (واتە ئیزنی جێبەجێکردنی رێورەسمی مەزهەبی هەبێت) یا نەبێت ـ بەستراوە بەوەوە کە چەندە خوێندوویەتی.

Papacy: شوێنی فەرمانڕەوایی پاپا.

Papal:پەیوەست بە پاپا.

Papal states (ویلایەتی پاپایی): گرووپێك لە قەڵەمڕەوە ناوەندییەکانی ئیتاڵیا کە لە ساڵی ٧٥٤ەوە، تا ساڵی ١٨٧٠، لە ژێر فەرمانڕەوایی پاپاکان دا بوون.

Penance (تۆبە): کردەیەکی ئارەزوومەندانە، بۆ نیشاندانی خەم وکۆڤان، لەبەر ئەنجام دانی گوناه، یا کردەی هەڵەی دیکە. هەروەها رێورسمی مەزهەبی دان پێدانان.

Pope (پاپا): ئەمرۆ، سەرۆکی کەنیسەی کاتۆلیکی رۆمایە. لە رۆژگاری بەر لە چاکسازیی پاپا لە سەرەوەی کۆمەڵگای مەسیحیەتی ئەورووپا بوو.

Prelate(ئۆسقۆف): ئەندامێکی باڵای کەنیسە.

Sacrament (بەرنامەی مەزهەبی): شێوەیەکی دیار لە بەخشراوە نادیارەکان (نەبینراوەکان)، کە لە لایەن عیسای مەسیحەوە دانرا. کەنیسەی کاتۆلیك حەوت شێوەی بە فەرمی دەناسێت، هەر یەکەیان رێوشوێن و تایبەتمەندیی خۆی هەیە: غسل تعمید، رێورەسمی وەرگرتن وەك ئەندامی کەنیسە، عشاء ربانی، ئاشتی(دان پێدانان)، فەرمانە پیرۆزەکان، هاوسەرگیریی و چەورکردنی نەخۆش. زۆربەی کەنیسە پرۆتستانەکان، تەنیا دوو دانەیان بە فەرمی دەناسن: غسل تعمید، عشاء ربانی.

Salvation (رزگاریی): هەلومەرجێك کە لێی رزگار دەبن، لەگوناه و کاریگەرییەکانی رزگار دەبن و لەگەڵ خوادا ئاشت دەبنەوە، بەتایبەتی دوای مردن لە بەهەشتدا، دەستیان دەگاتە ژیانێکی نەمریی.



## سەرچاوەی زیاتر بۆ خوێندنەوە


Robert Bolt, *A Man for All Seasons: A Play in Two Acts.* New York: Vintage Books, 1960.

شانۆیەکی راکێشەرە دەربارەی ناکۆکیی نێوان هێنریی هەشتەم و تامس مۆر لەسەر حەزی پاشا بۆ جیابوونەوە لە هاوسەری و وازهێنان لە کلێسا.
ئەم شانۆیە بووە فیلمێك کە لە ١٩٦٤ دا خەڵاتی ئوسکاری بردەوە. تیایدا پاوڵ سکۆفیڵد- رۆبەرت شۆ دەوریان گێڕا.

Catherine Bush, *Elizabeth I.* New York: Chelsea House, 1985.

تەشکیلاتی پتەوی کلێسای ئەنگلیکەن لە سەردەمی دەسەڵاتی ئێلزابێتدا هاتەدی، هەروەك پیۆرتانەکان (رازێنەران) لەوکاتەدا سەریان هەڵدابوو. ئەم ژیاننامەیە وەکو بەشێك لە ژیانی و دەسەڵاتداریێتی شاژن ئێلزابێت ئەم بابەتانە تاوتوێ دەکات و وێنەگەلێکی جۆراوجۆری تێدا هەن.

Trevor Cairns, *The Birth of Modern Europe.* Minneapolis: Lerner Publications, 1975.

لە باردۆخی گۆڕانکارییەکانی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئەورووپای نێوان ساڵانی ١٥٠٠-١٧١٥ دا لە چاکسازیی دەکۆڵێتەوە.

Leonard W. Cowie, *The Reformation.* New York: John Day, 1967.

راپۆرتێکی راشکاوانەیە لە بارەی سەردەمی چاکسازییەوە. لە خۆگری وێنەگەلێکی رەش و سپییە.

Frank Dwyer, *Henry VIII.* New York: Chelsea House, 1988.

ئەم ژیاننامەیە پڕژاوەتەسەر وردەکاریی کێشەکانی هاوسەرگیریی هێزیی هەشتەم و جیابوونەوەی لە کلێسای کاتوولیکی رۆم.

Winifred Roll, *Mary I: The History of an Unhappy Tudor Queen.* Englewood Cliffs, NJ: Prentice - Hall, 1980.

ئەم کتێبە کە تارادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای نامە و بەڵگەکانی سەدەی شازدەم نووسراوە، دیرێکی بێلایەنانەیە بۆ ژیان و دەسەڵاتی کورتخایەن و پڕ کێشەی ماریی یەکەم.

Edith Simon and the Time - Life Books editors, *The Reformation,* Great Ages of Man Series. Alexandria, VA: Time - Life Books, 1966.

تاوتوێکردنێکی خێرا و نایابە لە سەردەمەی چاکسازیی. وێنە و پەراوێزگەلێکی زۆر لەم بارانەوە لە خۆ دەگرێ. وەکو چاپ، هونەر و بانکداری.

# بەرهەمەسوود لێوەرگیراوەکان


Roland Bainton, *The Reformation of the Sixteenth Century*. Boston: Beacon Press, 1952.

کارێکی کلاسیکە لە بارەی سەردەمی چاکسازی لەلایەن مێژووزانێکی پرۆتستانتەوە.

Henry Bettenson, ed., *Documents of the Christian Church*. London: Oxford University Press, 1963.

کۆمەڵەیەکی هۆژێنەر و فێرکارانەیە لە بەڵگەنامە سەرەکییەکان، لە دەستپێکی سەردەمی کڵێساوە تاکو ئەمڕۆ.

Owen Chadwick, *The Reformation*. New York: Penguin Books, 1968.

روانگەیەکی بیلایەن و دادپەروەرانەیە بۆ گشت سەردەمی چاکسازی.

Natalie Z. Davis, *Society and Culture in Early Modern France: Eight Essays*. Stanford, CA: Stanford University Press, 1975.

دەیڤیس لەم کۆمەڵە وتارەدا سەرنجێکی تایبەت دەداتە ژیانی رۆژانە و خەڵکی ئاسایی، بەتایبەت ئافرەتان. ((ئافرەتە شارییەکان و گۆڕانکاریی ئایینی)) یەکێکە لە وتارە گرینگەکانی.

Will Durant, *The Reformation. Vol. 6* of *The story of Civilization*. New York: Simon & Schuster, 1957.

تاوتوێکردنێکی توێژینەوەیی و سەرگەرمکەرە لە بارەی سەردەمی چاکسازی تا ناوەڕاستی سەدەی شازدەمی زاینی. دۆرانت راپۆرتێکی هاوسەنگ لە رووداوە دوولایەنییەکانی پرسەکە، پرۆتستانتەکان و کاتولیکەکان، دەخاتەڕوو.

Will and Ariel Durant, *The Age of Reason Begins. Vol. 7* of *The Story of Civilization*. New York: Simon & Schuster, 1961.

هەرچەندە ئەم بەرگە لە مێژووی شارستانییەت دۆرانت دا لەسەر سەردەمی رۆشنگەریی چڕ بووەتەوە، بەڵام رووداوەکانی سەردەمی چاکسازی لەنیوەی سەدەی شازدەم بەدواوەشەوە لەخۆدەگرێت.

Anthony J. Gilles, *The people of Anguish: The Story Behind the Reformation*. Cincinnati: St. Anthony Messenger Press, 1987.

لەم کۆمەڵە کتێبەی مێژوویدا کە لەلایەن مێژووزانێکی کاتولیکەوە نووسراوە باس لە مێژووی کلێسا کراوە و قەبارەیەکی جێی پەسەندی هەیە.

Myron P. Gilmore, *The World of Humanism, 1453 - 1517*. New York: Harper & Row, 1952.

راپۆرتێکی توێژینەوەیی لەبارەی جیهان لە دەسپێکی سەردەمی چاکسازیدا.





Sally Stepanek, *John Calvin*. New York: Chelsea House, 1987.

ژیاننامەیەك راشکاوانە و خۆش و سەرگەمکەرە لەبارەی یەکێك لە زانا ئاینییەکان و رێبەرانی چاکسازی.

Sally Stepanek, *Martin Luther*. New York: Chelsea House, 1986.

تاوتوێکردنێکی تەواو، بێلایەنانە و راکێشەرە لەژیانی مارتین لۆتەرتینگی رێبەری گرینگی چاکسازی.

Sally Stepanek, *Mary, Queen of Scots*. New York: Chelsea House, 1987.

بەشێکی زۆری سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ماری، لەدەوری ناکۆکی نێوان کاتولیزم و پروتستانیزمدا دەخولایەوە. ئەم ژیاننامەیە، لە ناوەڕۆکی ژیانی شاژندا ئەم ناکۆکییە دەخاتەڕوو.

Time - Life Books editors, *The European Emergence: TimeFrame AD 1500 - 1800*. Alexan - dria, VA: Time - Life Books, 1989.

باس لە چاکسازی و ئاسەوارەکانی لە ئەورووپادا دەکات. هەروەها بە شێوەیەکی زۆریاش باس لە باقی جیهان لە سەدەکانی شازدەم و هەڤدەم، بەتایبەت رووسیا، ئیمپراتۆریی عوسمانی و هندستان و چین دەکات. لە خۆگری وێنە و نەخشەگەلێکی زۆر نایابە.

Jane Yolen, *Friend: The Story of George Fox and the Quakers*. New York: Seabury Press, 1972.

ئەم ژیاننامەیە لەلایەن نووسەری خاوەن خەڵات ((جەین یۆلێن)) بەسەرهاتی جۆرج فاکس کوێکر دەگێڕێتەوە کە یەکێك بوو لەکەسایەتییە سەرنجڕاکێشەکانی سەردەمی کۆتایی چاکسازی.

Harold J. Grimm, *The Reformation Era, 1500-1650.* 2nd ed. New York: Macmillan, 1973.

یەکێکە لە تەواوترین و بێلایەنانەترین روانگەگان بۆ سەردەمی چاکسازی. جگە لەوەش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر خۆش و سەرگەرمکەرە.

Hans J. Hillerbrand, *The World of the Reformation.* New York: Charles Scribner's Sons, 1973.

هیلێربراند لەسەر رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی چاکسازی و چۆنیەتی کارتێکردنی لەسەر ژیانی خەڵك جەخت دەکاتەوە.

Hans J. Hillerbrand, ed. *The Reformation: A Narrative History Related by Contemporary Observers and Participants.* New York: Harper & Row, 1964.

کۆمەڵەیەکی دڵپەسەند لەو راپۆرتە تازانەی لەبارەی رووداوەکانی دەورپشتی چاکسازی نووسراوە. هیلێربراند یەك بەیەکی ئەم راپۆرتانە دەناسێنێ و لە رووی مێژوویییەوە تاوتوێیان دەکات.

Philip Hughes, *A Popular History of the Reformation.* Garden City, NY: Image Books, 1957.

هوگێز کە مێژووزانێکی جوولەکەی ناسراو و رێزدارە، چاکسازی گۆشە نیگای کاتولیکەکانەوە دەخاتەڕوو.

Charles H. Lippy, Robert Choquette, and Stafford Poole, *Christianity Comes to the Americas.* New York: Paragon House, 1992.

کاریگەرییەکانی مەزهەبی کوتولیك و پرۆتستان نەسەر کیشوەری ئەمریکا، لەنێوان سالانی ١٩٤٦ تاکو ١٧٧٦ ، پیشان دەدات.

Martin Luther, *Works.* General editor Helmut. T. Lehmann. 55 vols. Philadelphia: Muhlenberg Press, 1957 - 1962.

ئەم بەرهەم قەبارە گەورەیە کە لەلایەن زۆر لە ئێدیتەر (ئەوانەی پێداچوونەوە دەکەن) و وەرگێڕەکانەوە بەرهەم هێنراوە نیشاندەری قەبارەی گەلێك زۆری ئەو بەرهەمانەیە کە مارتین لۆتەرتینگ بەدرێژایی ژیانی بەدیهێناون بابەتەکان هاورێن لەگەڵ پێشەکی و یاداشتگەلێکدا کە شوێنگە و بارودۆخیان لە هەلومەرجی ژیان و کاری لۆتەردا پیشان دەدات.

Mark A. Noll, *A History of Christianity in the United States and Canada.* Grand Rapids, MI: Eerdmans, 1992.

ئەم کتێبە تاوتوێی پێشینەی ئەوروپایی ئەو گرووپە مەزهەبییە جیاوازانە دەکات کە لە ئەمریکای باکووردا نیشتەجێ بوون.

J. J. Scarisbrick, *Henry VIII.* Berkeley: University of California Press, 1968.

ژیاننامەیەکی خۆش و سەرگەرمکەر و تەواوە.

Raymond Sokolov, *Why we Eat What We Eat: How the Encounter Between the New World and the old Changed the Way Everyone on the Planet Eats.* New York: Summit Books, 1991.

کورتە مێژوویەکی سەرنجڕاکێش و خۆشە لەبارەی خۆراکەوە کە جەخت دەکاتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەدەی شازدەمدا دۆزینەوەییەکانەوە هاتنە پێش.

Lewis W. Spitz, *The Protestant Reformation, 1517 - 1559.* New York: Harper & Row, 1985.

ئەم مێژووزانە ناودارەی پرۆتستان، بە نووسینێکی باش و لێکۆلەرانە، راپۆرتێکی لەبارەی نائارامترین و گەرموگوڕترین سالەکانی چاکسازی خستووەتەڕوو.




## ئەم کتیبەنانەش ئامادەدەکرێن بۆ چاپ:

١- چینی کۆن

٢- شۆڕشی فەرەنسا

٣- شۆڕشی کوبا

٤- چاخی دۆزینەوەکان

٥- سەدەی فیودالیزم

٦- ئیمپراتۆریەتی مەغۆل

٧- ئەمریکای دێرین

٨- شۆڕشی شکۆمەند

٩- رێنێسانسی ئیتالیا

٩- سەرهەڵدانی مەسیحیەت

١٠- گەشتەکانی مارکۆ پۆلۆ

١١- شارستانییەتی مایا

١٢- رووداوە گرنگەکانی مصری کۆن

١٣- رۆژهەلاتی نزیك - ی کەونار

١٤- ژاپۆنی ئەمرۆ

١٥- مێژووی کۆیلەداری